KURDISTAN



کۆمەڵێک وتار، نووسراوە و لێدوانەکانی

هاوڕێ مەجید حەقی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

پێڕست:

١- پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ..... دیمانە: ڕحمان نەقشی ٤
٢- قووڵایی ستراتیژی ئێمە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان بێت..... ٧
٣- کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە..... ١٠
٤- شەبەحی تێرۆر و کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کورد..... ١٣
٥- کۆماری ئیسلامی و تێرۆریزمی سایکۆلۆژی ١٦
٦- ئاپارتایدی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد..... ٢٣
٧- ڕێگەی ڕزگاری لە یەکسانیی ڕەگەزییەوە تێدەپەڕێت..... ٣١
٨- دیپلۆماسیی سایبری پێویستییەکی هەنۆکەیی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان..... ٣٤
٩- پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ٣٦٠ پلەیی نەتەوەیی لە پێناو پەرەپێدانی گوێگرتن و چارەسەری دیپلۆماسی نێوخۆیی..... ٣٩
١٠- تێرۆریزمی نێونەتەوەیی ئێران، جیهان کەی وەخەبەر دێ؟..... ٤٢
١١- شەڕی کۆتایی..... ٤٦
١٢- شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و ئەو دەنگانەی نەبیسران!..... ٥١
١٣- ئێران هەموو ڕیسەکەی لێ بووەتەوە خوری..... ٥٤
١٤- ڕێبەری بێ بەرپرسایەتی..... ٦١
١٥- بەیاننامەی یادی هۆلۆکۆست: وانەکان لە میژوو و دۆخی نالەباری خەڵکی کوردستان..... ٦٤
١٦- مۆسیقای کوردی ناخ دەهەژێنێ..... ٦٦
١٧- بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم مانەوەیان لە دەسەڵاتدا لە هەموو شتێک گرینگترە.....
..... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ٦٩
١٨- دوای سێ ساڵ، لە دروشمەوە بۆ ستراتیژی..... ٧٤
١٩- د. قاسملوو، کوردبوون و ئێرانییبوون..... ٧٩
٢٠- تەنیایی ستراتیژیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست..... ٨٣

کۆمەڵێک لێدوان لە "تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک"....لاپەڕەی ٩٣

١- ئەوەی دەبێ لە رێبەرانمان فێر بین.....
٢- رێبەری ئامازەیی.....
٣- یازدە رەشەمە رۆژێک بۆ دێموکرات، رۆژی دێموکرات.....
٤- قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەیی.....
٥- قاسملوو؛ بەهایەک بۆ ئاشتی و خۆشەویستی.....
٦- لە سەر پێویستی باسکردنی مژاری رێبەری.....
٧- ڕژێمی ئیسلامی ئێران شکستی هێنا، بەڵام "ئۆپۆزیسیۆن" سەرکەوتوو نەبوو.....
٨- رێبەری ئەخلاقی و کاردانەوەی لە سەر ژینگەی ئەخلاقی رێکخراو.....
٩- پێشەکی بۆ نامیلکەی قاسملوو هەروا رێبەری ڕووداوەکانی کوردستانە.....
١٠- پێشەکی و سپاسی فراوان.....
١١- دەردی دڵێکی هاورێیانە لە گەڵ بەرێزانی رێبەری حیزبی دێموکرات.....
١٢- بوێری لە هیوادا.....
١٣- شەرەفکەندی رێبەری هەلومەرجەکان.....
١٤- ڕۆژی کەمئەندامانی کوردستان پیرۆز بێت.....
١٥- چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەسەر کانالی The Amargi.....
١٦- حیزبی دێموکرات لە دوێنێوە بۆ سبەی.....
١٧- ٢٨ی گەلاوێژ رۆژێک کە کورد بە "کافر" راگەیەنرا.....
١٨- کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی نوێ لە پەرتووکی تەمەنم هەڵدەمەوە.....
١٩- چیرۆکی پیرەمێرد و مار.....
٢٠- لەژێر سێبەری بێدەنگیدا.....
٢١- جەژنی خاوەنکار پیرۆز بێت.....
٢٢- یادکردنەوەی تێکۆشەر و ژنە پێشمەرگەی کوردستان خاتوو حەلیمە قادری.....
٢٣- کوردستان لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەکانی فینلاندا.....
٢٤- وانەیەک لە ئەزموونی نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادە.....
٢٥- «ئینتگراسیۆنی - دێموکراتیک» نامۆ لە گەڵ مافی دیاری کردنی - چارەنووس.....

پرسیار: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

دیمانە: ڕحمان نەقشی



یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات کۆتایی نیە، بەڵکوو خاڵی دەسپێکی کردنەوەی قۆناغێکی نوێیە لە هەموو بوارەکانی خەبات لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا دیپلۆماسی، دیاسپۆرا و خەباتی شاخ و شار

وەڵام: بۆ هێژام کاک ڕەحمان نەقشی، گەلێک سپاس بۆ بەسەرکردنەوەتان و ورژاندنەوەی ئەو پرسیارە. هەوڵ دەدەم زۆر بەکورتی بۆچوونی خۆم لە مەڕ پرسیاری ئێوە بنووسم. بەو هیوای ڕووی مەجلیسی هەبێت و بە ڕادەی دڵۆپێکیش بێت خزمەت بە بەهێزکردنی دیواری بڕوا و پەرەسەندنی یەکیەتیی نەتەوایەتیمان بکات.

لە ماوەی شانزدە ساڵی ڕابردوودا قەیرانی بڕوا دیاردەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاو و ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەکۆی کێشەکان و تێکهەڵچوونەکانە، لەو جوغرافیایەدا بەداخەوە ڕێکخراوەکان، مرۆڤەکان و تەنانەت دەوڵەتەکانیش زۆر خێرا تووشی لەبەرامبەر یەکتر ڕاوەستان دەبن بەڵام زۆر زۆر بەدەگمەن پێک دێن و ئاشتی دەکەن.

کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی تێکشکاوە .(Broken society) بۆیە زۆر خێرا بچووکترین کێشە دەتوانێت ببێتە هۆی لێکدابڕان و دوور کەوتنەوە. لە ماوەی شانزدە ساڵدا نەوەیەکی لێکدابڕاو پەروەردە کراوە کە لە هەموو بوارێکەوە لەژێر شۆێندانەری قەیرانی بڕوادا بوو. لەوەها هەلومەرجێکدا ڕێبەرایەتی لایەنەکانی حیزبی دێموکرات دوای ماراتۆنێکی دوور و درێژ سەر ئەنجام بە پێچەوانی شەپۆلی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکەدا جووڵانەوە و بەبێ بەشداری لایەنی بەرامبەر پڕۆسەی یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکراتییان بە خالی کۆتایی گەیاند.

یەکەم کارتێکەریی ئەم دیاردەیە گەشانەوەی هیوایە، بەهێز بوونی هێزی بڕوا بەخۆ بوون و چاندنی تۆی کولتووری وێگگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو ریزەکانی بزاڤی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. پڕۆسەی یەکگرتنەوە پڕۆسەیەک بوو ئەوەی لانی کەم لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا ڕێز لە جیاوازییەکان و پلۆرالیزمی ناوخۆیی بگیرێت و بە دانپێنان بەو جیاوزییانە، ئەو فرەڕەنگییە بکرێتە هەوێنی کۆبوونەوە لە دەوری بایەخە هاوبەشەکان و ئامانجی گەورەتر. پڕۆسەیەک بوو بۆ فێربوونی ڕاهاتن و گفتگۆ و دیالۆگ کردن لە گەل ئەوی دیکە. ئەوی دیکەیەک کە لەوانەیە وەک خۆمان بیر نەکاتەوە. ئەمە خاڵی جەوهەری و سەرکەوتنی ئەو پڕۆسەیەیە. چونکە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و هەوڵدان بۆ وێگگەیشتوویی جڤاکی دەبێتە هۆی توانەوەی سەهۆلی بێبڕوایی و لەناوچوونی قەیرانی بڕوا. چونکە تا ڕۆژێک قەیرانی بڕوا هەبێت، داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەمان دەتوانن ئەو قەیرانە بکەنە سووتەمەنی تێکشکاندن و سووتاندنی بنەماکانی هێز و بڕوای یەکبوونەوەمان.

کارتێکەریی دیکە ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆرتر لە چوارچێوەی حیزبێکی گەورەتردا سازماندەدرێت و سەرمایەی مرۆڤی، هزری و ماددی کۆمەڵگا لە یەک سەنگەردا لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکان بەکار دێن و بەوە لەلایەک لە ئاستی گشتی کوردستاندا ڕۆژهەڵاتی کوردستان قورسایی خۆی بەدەست دێنێت و شوێنی شیاوی خۆی لە جوغرافیای سیاسی ناوچەدا دەدۆزێتەوە و لەلایەکی دیکەوە لە ئاست ناونەتەوەییدا دەتوانێت ببێتە دەسپێکێک بۆ بەرەو پێشبردنی دیپلۆماسی نەتەوەیی و ڕزگاری خوازنە بە جیاتی دیپلۆماسی حیزبی.

یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکرات دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و شەپۆلی یەکگرتنەوە لە ناو خودی وڵاتیشدا گەشە پێبکات و لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی و هێزی گەورەتر و بەرفراوانتر کۆ بنەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە هیوادارم بۆ ئەوەی هاندەرێک بێت حیزب و ڕێکخراوەکانی لێکدابڕاوی دیکە بەتایبەت کۆمەڵەکانیش یەکگرتنەوەی خۆیان بەدەست بێنن و ئەمە ببێتە دەسپێکی کۆتایی لەت لەت بوونی کۆمەڵگا.

بەشی دووهەم

هەر لەوکاتەدا ئەو یەکگرتنەوەیە دەتوانێت هەستی بەرپرسایەتی چالاک و بەرپرسانی سیاسی ناو حیزبەکان زیاد بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگای سیاسی کوردستان بە دانپێنان بە پلۆرالیزمی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لە هەوڵی پێکهێنانی کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان تەنانەت لە دواڕۆژدا پەرلەمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بێت بۆ ئەوەی سیاسەتە گشتیەکانی نەتەوایەتی و خەباتی ڕزگاری خوازانەمان نەتەنیا لە ئاستی کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرەی حیزبەکان بەڵکوو لە ئاستێکی نشتیمانیدا بڕیاری لەسەر بدرێت و ببێتە هەوێنی یەکیەتی نەتەوایەتی و سازماندانی بەرفراوانتر لە بازنە و ڕێکخراوەکانی حیزبی.

یەکگرتنەوە لە گەڵ خۆی زۆر پێویستی تازە دەخولقێنێت، بۆیە بە بڕوای من یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات کۆتایی نیە، بەڵکوو خاڵی دەسپێکی کردنەوەی قۆناغێکی نوێیە لە هەموو بوارەکانی خەبات لە ڕاگەیاندنەوە بگرە تا دیپلۆماسی، دیاسپۆرا و خەباتی شاخ و شار.

سەرچاوە: نامیلکەی کۆمەڵێک دیمانە؛ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

قووڵایی ستراتیژی ئێمە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان بێت



خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، خەباتێکە لەپێناو ئازادی نیشتمان و گەیشتن بە سەروەریی سیاسی و خەباتێکی سێکۆلار بە واتای ڕاستەقینەی وشەیە. بەو واتایە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان "سێکۆلار"ن و ئایینیان وەک کەرەسەی سیاسی بەکار نەبردووە؛ بەڵام ئەرکدارن قووڵایی ستراتیژیی خۆیان پێناسە بکەن. قووڵایی ستراتیژیی هەر بزاڤێک دەبێ پێکهاتە و تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە لەپێناویدا خەبات دەکات.

کوردستان پەلکەزێرینەی ئایین و نەریتە جیاوازەکانی ئایینییەکانە. جیا لەوە لە نێو کوردستاندا ئازەری، ئەرمەنی و ئاسووریش دەژین کە بەشێکن لە خەڵکی کوردستان و بێگومان ڕزگاریی کوردستان بە واتای ڕزگاریی ئەوان و ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مافانەی ئەوانیشە کە لە جارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و دەبێ بنەمای ئەخلاقی و سیاسەتی بەڕێوەبەری جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازنە بێت.

بە شێوەی نەریتی دەسپێکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە ناوچەکانی ورمێ و موکریان بووە و دواتر بەرەو

بەشەکانی دیکەش پەرەی ئەستاندووە. زۆربەی خەڵکی کورد لەو ناوچانەدا پێڕەوی مەزهەبی سوننەن. بۆیە بەشێوەی نەریتی سەرەڕای ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان سێکۆلارزمێک لە جۆری سوننەن. بەرهەمی ئەو جۆرە کولتوورە هەست بە هەڵاواردنی یارسانییەکان لەنێو بزاڤی نەتەوایەتی و لەوانە حیزبە کوردستانییەکاندا بووە و جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە چالاکانی یارسانی لە حیزبەکان و دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوەی تایبەت بە یارسانەکان لێکەوتەی ئەو ڕوانگەیە بووە. تایبەتمەندیی کۆمەڵگە تێکشکاوەکان ئەوەیە لە سەر کەرت و گرووپی جیاواز دابەش دەبن و وەک شیشەی وردوخاشکراو بە زۆری پێکەوە لکێندراون و بە بچووکترین لێگەر لێک جیا دەبنەوە. ئەمەش دەرفەت بە نەیاران و دژمنان دەدات زۆر بەئاسانی دەستێوەردان لەنێو کاروباری نێوخۆیی ئەو کۆمەڵگەیانەدا بکەن و قەیرانی نێوخۆیی بخوڵقێنن و ئەو کۆمەڵگەیانە بە کۆمەڵگەی "بدوی" تاوانبار بکەن.

لە ڕابردوودا هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت، داگیرکەرانی کوردستان جیاوازییە خێڵەکی، ئایینی، مەزهەبی و تەنانەت زاراوەییەکانی کوردستانیان بەدژی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بەکار بردووە و بەهۆی تێکشکاویی کۆمەڵگەی کوردستان لەو سیاسەتەشدا تا ئاستێکی زۆر سەرکەوتوو بوون. بەڵام شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" هەلومەرجێکی تازەی خوڵقاندووە، هەلومەرجێک کە لەودا جیاوازییەکان نەتەنیا هەڕەشە نین، بەڵکوو هۆی یەکگرتنەوەن. ئەگەر تا پێشتر بە هۆی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەنتەری بزاڤی نەتەوایەتی تەنیا ناوچە "سوننیەکان"ی کوردستان بووە، ئیتر ئەمڕۆ پانتایی خەباتی نەتەوایەتی هەموو ناوچەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە و بگرە کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی کوردستانیش خۆیان بەبەشێکی گرینگ لە بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان پێناسە دەکەن.

کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی سیاسەتی دووبەرەکی خستنەوەی نەیارانی کوردستان لە سەدەی پێوەندییەکان و تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا لەبەرانبەر گەورەترین مەترسیی و لێکترازان هەڵکەوتووە. وێگەیشتنی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی هەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردستانە و ئەمەش بە واتای زانیاری و شارەزایی لەمەڕ چۆنیەتیی و یەکخستنەوەی جیاوازییەکان لە چوارچێوەی خەونە هاوبەشەکانە.

بزاڤی ڕزگاریخوازانە ئەگەر بیهەوێ سەرکەوتوو بێت و ئامانجەکانی بپێکێت، دەبێ هەمەگر (inclussive) بێت. جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە بەفەرمی بناسێت و ڕێز لەو جیاوازییانە بگرێت. جیاوازییەکان بکاتە هەوێنی هێزبەخشین بە بایەخە هاوبەشەکان و لەگەڵ ئەمەش ئەو جیاوازییانە بە دەوڵەمەندیی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی بزانێت. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قۆناغێکی هەستیار تێپەر دەکات، قۆناغی لەبەرانبەر یەکتر ڕاوەستانی بایەخە تونداڕۆ و دژبەرەکان. لەوەها کەشێکدا ئەو بیروباوەڕ و سیاسەتە دەبیاتەوە کە بتوانێت خاوەندارێتی لە هەموو بایەخە کۆلێکتیڤە

بەشی دووهەم

کۆمەڵایەتییەکان بکات و خۆی بپارێزێت لە بوون بە هێزێکی ئایدیۆلۆژیی تەک ڕەهەندی و نوێنەرایەتیی تەنیا چینێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

دانپێدانان و ڕێزگرتن و بەفەرمیناسینی جیاوازییەکانی کوردستان یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی بایەخە هاوبەشەکان کە کۆمەڵگەی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانی لە دەوری ئامانجی هاوبەشدا کۆ بکاتەوە. پێشکەوتوویی بەواتای دژایەتی لەگەڵ بیروباوەڕی خەڵکدا نییە، بەڵکوو بەواتای خوڵقاندنی کەشێکی هێمن و کۆکەرەوەیە کە هەموو خەڵک تێدا هەست بە ئارامی بکات و لە مەترسی پەراوێز خران نەبێت.

سەرمایە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد دەرفەت و پۆتانسیەلی بەهێزن بۆ یەکگرتنەوە و بەهێزکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوایەتی و بەهێزکردنی یەکگرتوویی لە ڕێگەی مکانیزمە دێموکراتیکەکاندا. کاتی ئەوە هاتووە جیاوازییەکان لە دەوری خاڵە هاوبەشەکان کۆ بکرێنەوە و هەڵاوردن لە هەموو ئاستەکانی کولتووری سیاسی، ڕێکخراوەیی و هزری ئێمەدا نەمێنێت. هەڵاوردنە نەبینراوەکان دەتوانێت زیاتر لە هەڵاوردنی ئاشکرا و بەرچاو ببێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوە و لێکترازانی کۆمەڵگە. شتێک کە لە ڕابردوودا زۆر بە جوانی ڕێژێمە داگیرکەرەکان "کۆنترۆلیان" کردووە و هەرکات پێویست بوو بێت دژی بزاڤی نەتەوایەتی بەکاریان بردووە.

ئەمڕۆ ئێمە لە هەمووکاتی زیاتر پێویستمان بە سازکردنی پردی بڕوای کۆمەڵایەتی و وێکگەیشتنی سیاسی و جڤاکی هەیە و ئەمەش بە واتای بەرفراوانترکردنی ئاسۆی سیاسیمان و بەهێزکردنی قوواڵایی ستراتیژیکی نەتەوەییمانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ژێکەوتی: ٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە



هیچ نەتەوەیەک و هیچ ڕەوتێک یەک شەوە لەدایک نابێت. هەموو ئەوانەی "ئیدعای" خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی دەکەن و هەموو ئەوانەی خۆیان بە "شۆڕشگێڕ" دەزانن ئامانجی سەرەکیان ڕزگاری نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤی نەتەوەی کوردە. لەو ڕووەوە هیچ بۆچوونێک نە لە بۆچوونی دیکە "پیرۆز"تر و نە لە بۆچوونی دیکە ڕاستترە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سااڵنێکە بەدەست دەردێکی مێژوویییەوە دەناڵێنێ کە بە "دەردە کورد" ناو دەبرێ و قووڵایی ئەو قەیرانەش کاتێک دەردەکەوێت کە جیابیری لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵدا هەبێت؛ ئەوکات نەیاری سەرەکی لەبیر دەچێت و کورد و بزاڤی سیاسی کورد دەکەوێتە گیانی یەکتر و خۆخۆری.

دەسپێکی شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" کە بەشیوەی هاودەنگ و هاوئاهەنگ بەڕێوە دەچوو، هیوایەکی زۆری بە هەموو خەڵکی کوردستان بەخشی. کوردستان ببوو بە هێمای یەکگرتنەوە و سەرچاوەی هێزوەرگرتن و ئیلهامبەخشین بۆ هەموو بەشەکانی ئێران. حیزبە لێکدابڕوەکانی کوردستانی بەخێرایی یەکگرتوویی حیزبیان ڕاگەیاند و دیالۆگێکی نەتەوەیی خەریکی پەرەسەندن بوو. لێ مخابن مانگی هەنگوینی یەکگرتوویی کورد زۆری نەخایاند. کەشی نابڕوایی زوو هێرشی کردە سەر یەکگرتووییە ناسکەکەی کوردستان و بە دەسپێکی گفتگۆ و ڕاگەیاندنی مەنشووری "جۆرج تاون" مەودای نێوان هێزەکانی

پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری حیزبە کوردستاییەکانی کوردستانی ئێران دوور کەوتەوە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هێرش بۆ سەر یەکتر داگیر کرا. وەک ئەوەی پرۆژەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا ئامانجی پێکهێنانی لێکدابڕان و ڕووخاندنی دیوارەکانی یەکگرتوویی کورد بووبێت. بڵێێک کە بە مەنشووری جۆرج تاون (مەهسا) و لە کەشی میدیایی فارسی زمانی ناوەندگەرادا پێک هات، هەوڵی دا ئەو مەنشووڕە بە تاقانە ئاڵترناتیو لەقەڵەم بدات و دوای ماوەیەکی کورتیش بە هەمان خێرایی پێکهاتنی، بەرەبەرە پێکهێنەرانی مەنشوور ڕیزی خۆیان لە یەکتری جیا کردەوە.

مەنشووری مەهسا نەتەنیا بوو بەهۆی لێکترازانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تا ئاستێکی زۆریش بەلاڕێدابردنی خەبات و سەرنجی گەلانی ئێران، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بوو بە هۆی لێکدابڕانێکی دیکە لەنێو کوردستاندا. ساردییەکی سامناک بەسەر پێوەندییەکانی نێوان حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا سەپا، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران تووشی لێکدابڕان بوو و، لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سەرەتایی ئەو لێکدابڕانەدا بەداخەوە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە گیانیان لەدەست دا و؛ ئەنجام قەیران و برینێکی دیکە بە جەستەی قەیراناوی کورد و کوردستان زیاد بوو.

سەرەڕای ئەوەی لێرەولەوێ حیزبە کوردستانییەکان کۆنفڕانس و سمیناری هاوبەشیان پێک هێناوە و، سەرەڕای ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان پێداگری لەسەر دیالۆگ و پێکەوە کارکردن دەکەن، بەڵام بەکردەوە بەهۆی ڕووداوەکانی دوای کۆبوونەوەکەی جۆرج تاون کەشی داسەپاو بەسەر بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان شایەتی جۆرێک لێکترازانە و ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هاوپەیمانییەکانی نێوخۆی کوردستان بنەماکانیان زۆر لاوازن. هۆ: نەبوونی ستراتێژییەکی ڕوونی نشتیمانی و هاوبەش لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا و دیارنەبوونی هێلەسوورەکانی نشتیمانی. بەمجۆرە دەرکەوت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوپەیمانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا دەبێ وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچە ببیندرێت و هاوپەیمانییەکان نابێ ببێتە هۆی لەمەترسی خستنی یەکیەتیی نەتەوەیی .

یەکێک لە گرینگترین ئەزموونی شۆرشی ژینا ئەوەیە: کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی دابەشکراو و پلۆرالە و چارەسەرەکانیش زیاتر لە یەک دانەن، واتە هیچ بۆچوونێکی بەتەنیا ناتوانێت ئاڵترناتیڤ بێت. ئەوەی یەکمان دەخاتەوە بایەخە نەتەوایەتی، ئاواتەکانی بەرزی نیشتمانی و ئازادیی نەتەوەییە. مێتۆد و جۆری گەیشتن بەو ئاواتە لەوانەیە جیاواز بێت، بەڵام جیاوازیی بیرکردنەوە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کوردستان وەک تەواوییەتێکی یەکگرتوو لەبەرچاو نەگیرێت و هاوپەیمانە تاکتیکییەکان زیان بە ستراتێژی نەتەوەیی بگەیەنن. قووڵایی ستراتێژیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوەکانی بندەستی ئێرانن و هەر هاوپێمانییەک کە فرەنەتەوەییبوونی ئێران و نەتەوەبوونی کورد ببانە ژێر پرسیار نەتەنیا سەر ناکەوێ بەڵکوو زیان بە تەواویەتیی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێت.

کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە بیر بکەینەوە. پێکەوە دەست بکەینەوە بە دیالۆگێکی نەتەوایەتی بۆ گەیشتن بە یەکگرتوویەکی نەتەوایەتی و بەکارهێنانی هەموو تواناکانی نێو کۆمەڵگە. پێکەوە بیرکردنەوە کارێکی ئاسان نییە، زۆر لە ئێمە نەک ئامادە نین بیر لەو ڕێگایە بکەینەوە، بگرە دەمانهەوێ بە "حەزف" و لە مەیدانەدەکردنی لایەنەکانی دیکە تەنیا بۆخۆمان بیر بکەینەوە؛ ئاکامی ئەوەش لەنێوبردنی هەموو هێزەکانمان دەبێت.

لە زانستی فیزیکدا فێر کراوین "مادە" لە ئەتۆم پێک هاتووە. ئەتۆمەکانیش بە ڕادەیەکی یەکمیلیارد بچووکتر لەو ئاستەن کە تەنانەت بە میکرۆسکۆپیش ببینین. ئەتۆمەکان لەنێو مادەدا بە خێرای دەجووڵێن و جاری وایە وێک دەکەون و مادە تووشی تەقینەوە یان گۆڕانی شیمیایی دەکەن. هەمان وێنە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردا دەبیندرێت، خێرایی کێشەکان و قووڵایی کێشەکان بە ئاستێکە کە مرۆڤی کورد بەئاسانی لێک دەکەون. کاتێک دوو مادە لێک دەکەون ئەنجامەکەی دەبێتە بەریەککەوتن و ئەم بەریەککەوتنەی نێو کۆمەڵگە دەبێتە هۆی لەبەرانبەر یەک وەستانی کۆمەڵگە و دواجار بەفیرۆچوونی هێز و تواناکانمان.
ئێمە تاک و ڕێکخراوە کوردییەکان چۆن فێری جۆرە چالاکی و خەباتێک بین کە دیالۆگ و وێکگەیشتنمان زیاتر بکات؟ چۆن دەتوانین ئێکۆلۆژیی سیاسی خۆمان بەرەو ژینگەیەکی سالمی پرگەشەونەشە بگۆڕین؟ چۆن دەتوانین پێشی گەڕانەوە بۆ دواوە و ژیان لە ڕابردوودا بگرین؟

هەنگاوی یەکەم بۆ دەسپێکی پرۆسەیەکی وا بریتیە لە:

۱- هەڵسوکەوتی لۆژیکی و دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژی و گەشەسەندنی توانایی هەڵسوکەوت و کردار بە شێوەیەکی نوێ و جیاواز لە ڕابردوو؛ چونکە ئەو شێوازە وەڵامدەر نەبووە.
۲- گەشەپێدانی نەرمی‌نواندن و گوهەربارتر بۆ تێگەیشتن لە یەکتر بەبێ ئەوەی پێویست بە تاوانبارکردن و قەزاوەت بێت.
۳- مەجال و دەرفەتی شیکردنەوە و شرۆڤەکردن بۆ یەکتر بەجێ بێڵین بۆ ئەوەی نەبینە قوربانیی کەشی هەست و ئیحساساتی لەنەکاو.

سەرمایەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و مرۆڤیی ئێمە گرینگتر و خاوەن ڕێزتر لەوە دەبێ بن کە ئێمە بەدەستی خۆمان بیانڕووخێنین. جۆری بیرکردنەوەی ئێمە شێوازی قسەکردن و دەربرینی ئێمە دیاری دەکات. ئێمە دەبێ هەموومان توانای پێکەوە بیرکردنەوەمان گەشە پێ بدەین و بتوانین لە نەخۆشی و شێرپەنجەی خۆخۆری و یەکتر شکاندن ڕزگارمان بێت. ئەو نەخۆشیە گشتیە هەموو هێز و توانای لە ئێمە ئەستاندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ۱ی خەرمانانی ۲۷۲۲

شەپەحی تێرۆر و کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کورد



بە بۆنەی سیهەمین سالڤەگەڕی تێرۆری میکۆنووس

سەدەی بیستەم تەنیا وەک سەدەی دەسکەوتە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان، کۆتایی شەڕی سارد و ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە بیر نامێنێتەوە؛ لەو سەدەیەدا کوشتاری بەکۆمەڵی گەلان، ژینۆسایدی نەتەوەی کورد و تێرۆری ڕێبەرانی ئەو نەتەوەیە لە یاد ناچێت. لە ماوەی ساڵی ۱۹۷۹ بۆ ۲۰۰۰، سەدان جینایەت لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دژی نەتەوەی کورد ئەنجام دراون. ژینۆسایدی ڕێژیمی ئێران دژی نەتەوەی کورد دەتوانێت لە ڕووی چۆنیەتی و شێوازەوە لە سەر کۆمەڵگای کوردستان، بە کۆمەڵکوژیی هۆلۆکۆستی نازییەکان، کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، ڕواندا و تیموری ڕۆژهەڵات و یۆگۆسلاڤی بەراورد بکرێت. ڕەنگە وەک ئەو کۆمەڵکوژییانەی باسیان کرا هەموویان لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام نەدرابن، بەڵام شێواز و ئاکاری ئەو جەهادەی خومەینی لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۹۷۹دا دژی نەتەوەی کورد ڕاگەیاند هەموو نیشانەکانی کۆمەڵکوژی پڕ دەکەنەوە.

جارنامەی کۆمەڵکوژی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە بەو شێوەیە تاوانی کۆمەڵکوژی پێناسە دەکات: "کردەوگەلێک کە ببێتە هۆی لەناوچوونی تەواو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، ڕەگەزی و ئایینی" لە ڕێگەی کوشتنی ئەندامانی ئەو گرووپە، کە ببێتە هۆی زیانی جەستەیی و دەروونیی کۆمەڵگا، ڕێگە لە منالبوونیان بگرێت یاخود

ببێتە هۆی جێبەجێکردنی بە زۆریی منالەکانیان بۆ گرووپێکی دیکە". ڕێژیمی داگیرکەری ئێران زۆربەی هەرەزۆری ئەو تاوانانەی دژی نەتەوەی کورد جێبەجێ کردووە.
ئەم کۆمەڵکوژییە ئایدیۆلۆژییە بەشێکی جیانەبووە لە ستراتیژی و سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بووە و تەشەنەی سەندووە لە ناسیۆنالیزمی فارسیشدا.

پەراوێزخستنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەرئەنجامی هەوڵە مێژوویییەکانی ناسیۆنالیزمی فارس بۆ گۆشەگیرکردن و تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە. لە ماوەی مێژووی "ئێرانی مۆدێرن"دا هەموو هەوڵی ناسیۆنالیزمی فارس ئەوە بووە نەتەوەکانی بندەست لەوانە خەڵکی کوردستان لەناو فەرهەنگ و ناسنامەی فارسی و شیعەی "اثنی عشری" بتوێنێتەوە. بەرهەڵستبوونەوە و بەرخودانی نەتەوەی کوردیش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی ئەوەی ئەوان ژێنۆسایدی نەتەوەیی بە هەموو شێوەکانی مومکین جێبەجێ بکەن.

داگیرکەران بۆ جێبەجێکردنی پلانی خۆیان، پێنج ستراتیژیی سەرەکییان ڕەچاو کردووە: تیرۆر و لە ناوبردنی ڕێبەران، زەختی ئابووری لە سەر خەڵکی کوردستان، پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پاکتاوکردنی کولتووری، لەناوبردنی ژینگەی کوردستان.

تیرۆری سمکۆی شکاک، لەسێدارەدانی قازی محەممەد، تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دریژەی هەمان ستراتیژییە کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی پەهلەوییەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بە میرات ماوەتەوە. جیا لەو ڕێبەرانە بە دەیان چالاک و ڕێبەری دیکەی خەڵکی کورد لە دەرەوە و ناوخۆی وڵاتدا تیرۆر کراون کە دواییین نموونەی تیرۆری بەکۆمەڵی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ٢٠١٨ بوو.

ئێروین ستاب(Ervin Staub) لە پەرتووکی ڕیشەی شەیتان، کۆمەڵکوژی و توندوتیژییەکانی دیکەی بە کۆمەڵدا دەڵێت: "بۆ دروستکردنی کەشی لەبار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی گرووپی و کۆمەڵکوژی چەندین هۆکاری جۆراوجۆر پێویستن. ئەنگیزە و هاندەری چالاک بۆ زیان گەیاندن بە کۆمەڵگایەک لە ڕێگەی بەردەوامی لاوازکردنی هێزی بەرهەڵەستیان لە ڕێگای کوشتن، زیانگەیاندنی بە کۆمەڵ، خوڵقاندنی کەشێک کە کۆمەڵگا لە کاتی بەرەوڕووبوون لەگەڵ سەختییەکاندا بەرهەڵستی "جیهانی ئەخلاقی" خۆی ببێتەوە (وەک دیاردەی جاشایەتی لە کوردستان)، بەرنامەڕێژی بکرێت و بەشێوەیەکی سازماندراو دژی ئەو کۆمەڵگایە توندوتیژی بەڕێوە بچێت و بەوە کۆمەڵکوژی و ژێنۆسایدی نەتەوەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

باربارا هارف (Barbara Harff) و تێد ڕۆبێرت کۆر لە (Ted Robert Gurr) لە کتێبی "پێشمەرجەکانی ژینۆساید" و "سیاسەت کوژی" دا بەو ئاکامە گەیشتوون کە ژینۆساید و کۆمەڵکوژی زۆرتر دوای ئەوە ڕوو دەدات کە بەهۆی شکستی دەوڵەتی پێشوو یان شۆڕشەوە جاری وایە گۆڕانێکی لەناکاو ڕوو دەدات. بە بڕوای ئەوان ئەو بوویەرە کاتێک ڕوودەدات کە ڕێبەرانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو یان پاوانخوازن یان بەهۆی ئەوەی کە بەهۆی ئایدیۆلۆژییانەوە ناتوانن خەڵکانێکی زۆر بۆ ماوەی درێژخایەن بکەنە پێڕەوی خۆیان، یان بە هۆیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە یا خود هەڵومەرجی تایبەتی نێونەتەوەییەوە و تا ڕادەیەکی زۆریش نەبوونی توانا لە چارەسەری پێوەندییە ئابووریپەکانەوە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لایەنگری خوێندنەوەیەکی بەرتەسکی ئایینی و لە ڕووی نەتەوەییەشەوە لەنێو ناسیۆنالیزمی فارسدا تواباوونەوە و کورد و جووڵانەوەی کوردیان وەک هەڕەشەیەک بەسەر ڕێگەی جێبەجێبوونی پڕۆژەی ئێرانی شیعە – فارسدا دەبینی بۆیە فەرمانی جەهادیان ڕاگەیاند و تیرۆری ڕێبەرانی کوردیش درێژەی ئەو ستراتێژییە بوو. کوردەکان لە ئێران تووشی چارەنووسێکی وەک جووەکانی ئوروپای سەردەمی نازییەکان هاتوون، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە دوژمنی خوا ناو دەبردرێن. وەک کۆمۆنیستەکانی ئارژانتینی کە لەلایەن ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە لە کۆمەڵگا بێبایەخ کرابوون و وەک ڕۆشنبیرانی کامبۆجی سەردەمی پۆلپۆتەکانن کە بە دوژمنایەتی لە گەڵ پرۆلتاریا تاوانبار دەکران. هەرچەند زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان موسوڵمانن و ڕێز لە بنەماکانی ئایینی ئیسلام دەگرن، بەڵام لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە خەباتی خەڵکی کورد وەک دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسلام پێناسە کراوە و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە لێگەڕێک لە بەرانبەر ئایدئۆلۆژیی ناوەندگەرای شیعەی خۆیان دەزانن.
ئەمرۆ ئەو لاوەی کورد کە لە ساڵی ١٩٩٨دا لەدایک بووە بەبێ ئەوەی کە ڕۆژێک ئەزموونی شەڕی بەرگریی چەکداری بینیبێت، بەبێ ئەوەی کە ئاگای لە ئاکامی دادگای میکۆنووس بووبێت، تەنیا بە تاوانی کوردبوون و داوای مافە مرۆییەکانی خۆی تووشی زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام و شێوەکانی دیکەی تۆندوتیژی دەبێت و شەبەحی تێرۆر و کۆمەڵکوژی هەروا هەڕەشە لە ژیانیان دەکات و هەر کەسێک کە پۆتانسیەلی ڕێبەریی لە ناو کۆمەڵگادا هەبێت هەوڵ دەدرێت بەزوویی بەتەواوی لە پەراوێز بخرێت یان لەناو ببرێت.

بۆ گەلی کورد سی ساڵ دوای تێرۆری میکۆنووس ژینۆسایدی ئایدیۆلۆژی هەروا درێژەی هەیە و ئەمرۆ زیاتر لە هەموو کات پێویستە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەوڵێکی جیددی بدات بۆ کۆتاییهێنان بە تاوان دژی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

Ervin Staub, The Roots of Evil: The Origins of Genocide and Other Group Violence 1989
Barbara Harff, Ted Robert Gurr, Preconditions of genocide and politicide, 1995

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٢

کۆماری ئیسلامی و تیرۆریزمی سایکۆلۆژی



فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی دەسەڵات بریتییە لە: "النصر منالخوف" سەرکەوتن لە ترسدایە. ئەمە بناغەی زۆربەی کردەوەکانی تونددوتیژی ڕێژیمی تاران دژی ڕەخنەگران، ئۆپۆزیسیۆن و خەباتکاران و مافخوازانی جوغرافیای سیاسیی ئێرانە. دوای دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، بۆ ئەوەی ڕێژیم بتوانێت کۆنترۆڵی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی نێوخۆی وڵات بکات، پەنای بردووە بەر تیرۆری سایکۆلۆژی.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرلە ساڵڤەگەری کوژرانی ژینا بەدەست ڕێژیمی ئێران و دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، ڕێژیمی ئێران دەستی کرد بە کۆمەڵێک هەڕەشە. لەوانە دەرکردنی مامۆستایان لە زانکۆکاندا و دامەزراندنی "مەداحەکان" وەک مامۆستای زانکۆ، دەرکردن و لێپرسینەوە لە خوێندکارەکان، گوشار بۆ سەر سەربنەماڵەی شەهیدانی شۆرشی ژینا و ڕێگرتن لە کۆری بیرئانینی ئەوان. زەختی هەرە ڕژد و تووندی ڕێژیمی ئێران دژی کوردستان بوو لە ڕێگەی گوشار بۆ سەر دەوڵەتی عێراق و هەریمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بەناو پەیماننامەی ئاسایشی سنووری و جووڵاندنەوەی هێزی چەکداری بۆ سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان.

ئامانجی سەرەکیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی چاوترسێن کردنی خەڵکە. کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیەنە

بەشی دووهەم

گشتییەکان و کەرەسەکانی گشتیی پێوەندی ڕۆژ بە ڕۆژ ئاست و پانتایی تێرۆریزمی دەوڵەتیی خۆی لە شێوازەکانی جۆراوجۆردا قووڵتر و بەرینتری کردووە. ترساندن و خوڵقاندنی کەشی تۆقاندن لە زۆر بڕگەدا یارمەتیی دەسەڵاتی ئێرانی داوە بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەی و دوورخستنەوەی خەڵک لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی. ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی تێرۆریزمی سایکۆلۆژییەوە دەیهەوێ بە ترساندن و تۆقاندن خەڵک ناچار بە فەرمانبەری لەخۆی بکات و بە شێوەیەکی بێبەزەیانە کەشی ترس و بێمتمانەیی لەسەر خەڵک دەسەپێنێت. سیاسەتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک هەست بە نائارامی و بێهانایی بکات.

تێرۆری سایکۆلۆژی یان دەروونی بریتییە لە زنجیرە کردەوەیەک کە سەرنج و "تەمەرکەزی" کردەوەکە لە سەر دۆخی زێهنی، سۆزداری دەروونی کۆمەڵگە دەدات بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ترس و دڵەڕواکێی ئەندامانی کۆمەڵ و خەڵک هەست بە هێمنی، ئاسایش نەکات و بە هۆی بێقەڕاری و ترسەوە کۆنترۆڵی ژیانی ئاسایی خۆی لە دەست بدات و بترسێت لە پێوەندی لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوێست دەربببڕێت. لە تێرۆری دەروونیدا کەشی حاکم بەسەر کۆمەڵگە کەشی ترس، ناخۆشی و بێ هیواییە. ئامانجی تێرۆری سایکۆلۆژی پێکهێنانی ترس لە ڕێگەی ترسەکانی دەروونناسانە و عاتفی گشتی دەستبردن بۆ سەر تاریکترین بەشی دەروونی مرۆڤە کە دەبێتە هۆی گومان، بێمتمانەیی، گومان لەخۆ و پارانۆیا لە کەسانی دیکە و خۆ و جیهان.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تێرۆری سایکۆلۆژی سەرنجدان و وردکردنی گرووپ و چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن ئەوەندە هەست بە ناهێمنی و ترس بکەن، لە ترسی دەرکران و "نان بڕین" وەی ئەوەیان نەبێت خۆ لە قەڕەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان بدەن. نموونەی ئەو جۆرە کارانە دەرکردنی بەکۆمەڵی مامۆستایانی زانکۆ و هێنانی "مەداحەکان" بەجیاتی ئەوان یان ئەستاندنەوەی مافی خوێندن لە زۆر لە خوێندکارانی زانکۆکانن. لە پلەبەندیی پێویستییەکانی ماسلۆ، یەکێک لە پێویستییەکان پێویستی هەست بە هێمنایەتی کردن و ئاسایشە. کاتێک ئەمە لە مرۆڤ دەستێندرێت بەرە بەرە پێویستییەکانی دیکە لەوانە پێویستی فیزیکی دەکەوێتە مەترسییەوە.

شوێندانەریی تێرۆری سایکۆلۆژی لەسەر تاکەکەس لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانی تەندوروستی (٢٠٠٨) بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی و پرۆسەی سیاسیدا بۆ تەندروستی و خۆشبژێویی تاکەکان پێویستە. بەشداریکردن لە کاری کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی بەرپرسایەتی مرۆڤ لە بەرامبەر خۆشبژێوی تاکەکەس و کۆمەڵگەدا. تێرۆری سایکۆلۆژی ڕێژیمی ئێران کە لە ڕێگەی

توندوتیژی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت دەبێتە هۆی ئەوەی تواناکانی تاکەکەس بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا تێک بچێت و متمانەیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەمێنێت. ئەنجامی ئەم کارە دەبێتە هۆی دابڕان و کشانەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگە و متمانەیان بە کاری سیاسی و بەشداریی سیاسی نامێنێت. ئەمەی کە کۆماری ئیسلامی تا ئەمڕۆ لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە ئەنجامی داوە ئامانجی ئەوە بووە کە بەشداری کۆمەڵگە لە پرسە سیاسییەکاندا بە لانی کەمی خۆی بگات و تەنیا لە ڕێگەی ڕانتەوە کەسانی گرێدراو و وەفادار بەو ڕێژیمە - جا ئەم وەفادارییە چ بە هۆی ئایدیۆلۆژی بێت و چ بە هۆی بەرژەوەندیی دارایی- بە دەوریەوە دەمێنن. لە گەڵ ئەمەش تێرۆری سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی لەدەستدانی هیوای تاکەکان بۆ هەرجۆرە گۆڕانکارییەک لە ولاتدا.

بێمتمانەیی و گۆشەگیری و کشانەوە دەرئەنجامی تۆندوتیژیی سیاسی و تێرۆری سایکۆلۆژین. تێرۆری سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان نەتوانن لە پێوەندییەکی کۆلێکتیف و گشتیدا بن لە مەڕ پرسە گشتییەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەکەیان. بەهۆی تۆندوتیژیی سیاسی و تێرۆری سایکۆلۆژی ڕێژیم تەنانەت جیناحەکانی نێوخۆیی ئەو ڕێژیمە وەک "ئیسلاح تەڵەبەکان"یش کە پشتیوانی سەرەکی و یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین پاشەکشەیان کردووە لە چالاکی سیاسی و بەکردەوە لە ڕۆڵ خوڵقاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەریک کەوتوون. تۆێژینەوەکانی ڕێکخراوی تەندوروستی جیهانی (WHO) دەسەلمێنن کە تێرۆری سایکۆلۆژی و تۆندوتیژی سیاسی دەبنە هۆی ڕووخانی تواناییەکانی تاکەکەس و لەدەستدانی متمانە بۆ داوای یارمەتیی کۆمەڵایەتیکردن لە ژینگەی خۆیاندا.

تێرۆریزمی دەروونی ڕێژیم دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ متمانەی خۆی بە قەوارەی ئەخلاقی کۆمەڵگە و هەموو جۆرە دامودەزگایەکی دەوڵەتی لەدەست بدات و هەموو سیستەمە ئیدارییەکان بە نەیار و دژبەری خۆی بزانێت و تەنانەت بڕوا بە پرۆسە ئیدارییەکانیش نەکات. تێرۆری سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ویستی تاکەکان بۆ بەشداری لە چالاکییە سیاسیەکان لەوانە ڕێکخستنی کۆمەڵگە کەم بکاتەوە. ڕێژیم بۆ ئەوەی تاکەکان لە بەشداریکردنی سیاسی دوور بخاتەوە چالاکان و زیندانیانی سیاسی ئەشکەنجە دەدات و بە "اعتراف اجباری" لە تەلەڤیزیۆنەکاندا هەوڵ دەدات تاکەکان ناچار بکات خۆیان بەدەستەوە بدەن و تەسلیمی ویستی ڕێژیم بن. لە زۆر لە لێپرسینەوەکان و کاتی "بازجویی" و ئاگادارکردنەوەی تاکەکان وێرای ترساندنیان بۆ ئەوەی تاک لە کۆمەڵگە تەریک کەوێتەوە، ڕێژیم پێشنیاری دەرکەوتن لە ولاتیان پێ دەدات و هانیان دەدات ڕوو بکەنە ولاتانی ڕۆژئاوایی. ئەم ئەشکەنجە بەکۆمەڵەی ئەندامانی کۆمەڵگە تراوما و نەخۆشی درێژخایەن لە تاکەکەسدا بەجێ دێڵن کە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان تا ساڵەهای ساڵ هەست بە لێئەستاندنەوەی مرۆڤایەتییان بکەن.

کاریگەری تێرۆریزمی سایکۆلۆژی لەسەر کارکردنی کۆمەڵگە

کۆمەڵگە بەگشتی وەک تۆڕێک لە پێوەندییەکان پێناسە دەکرێت، کە لە شوێنێکی فیزیکیدا کۆ بۆتەوە و خاوەنی بیروباوەڕ، بارودۆخ، نیگەرانی و ئاسۆ و پێوەندی هاوبەشن. هێز و توانای پێوەندیگرتن بۆ تەندوروستی تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێویستییە سەرەکییەکانن، بەتایبەت ئەوکاتەی ئەوان دەکەونە بەر تراومـا و تراژیدییای قووڵ. توێژینەکان پێشنیار دەکەن بە هۆی تواناییەکانی کۆلێکتیڤ و بەکۆمەڵی کۆمەڵگەکان کە بریتین لە تێکەڵییەک لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و تواناییەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە توانایی کۆ وەک "یەکەیەکی" یەکگرتوو دەبێتە هۆی گۆڕان و شوێندانەری بۆ چاکەی گشتی و ئەندامانی نێو کۆمەڵگەش. لە بەرامبەردا تێرۆریزمی سایکۆلۆژی نەتەنیا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تواناییەکانی تاکەکان بۆ کارکردن لە کۆمەڵگەدا بەڵکوو دەبێتە هۆی لاوازکردنی بنەماکانی جڤاتی کۆمەڵگەش. تێرۆریزمی سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی قەوارە کۆمەڵایەتییەکان و مێژوو، باوەڕ و بایەخەکانی کۆمەڵگە لاواز دەکات و زۆرجار دەبێتە هۆی سەرلێشێواویی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەکانی ڕێکخراوی تەندوروستی جیهانی دەسەلمێنن کە زیانگەیاندن بە جڤاک وەک شوێنی فیزیکی هاوبەشی خەڵک دەبێتە هۆی تێکچوون و لاوازبوونی کولتوور و ناسنامەی هاوبەش. تێرۆریزمی دەروونی دەبێتە هۆی لەکارخستنی توانایی کۆمەڵگە و بەهێز بوونی ترس و دڵەڕاوکێی بەکۆمەڵ و تانوپۆی چالاکییەکانی بەکۆمەڵی جڤاتەکان تێک دەدات.

لە سەرەتای ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨وە تا ئەمرۆ لە ڕێگەی کوشتارە بەکۆمەڵەکانی خەڵک، تێرۆر و بۆردمانی گوندەکانی کوردستان و بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت کەمپی پەنابەران لە باشوور، ڕێژیمی ئێران پێشانی داوە کە ئامانجی لەنێوبردنی هەموو کۆمەڵگەی کوردستانە و لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمە کوردی باش کوردی مردووە. لە شۆرشی ژینادا دەرکەوت کە بۆ ڕێژیمی ئێران تەنیا تاکەکان وەک دوژمنی خۆی نابینێت بەڵکوو دوژمنایەتی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ تەواویەتی کۆمەڵگەی کوردستانە. لێکۆڵینەوەکان پێوەندیدار بە تونـدوتیژیی سیاسی لە وڵاتانی دیکە وەک ئیرلەند، بۆسنی، سریلانکا، پێرۆ، ئێلسالوادۆر و زیمبابوێ دەسەلمێنن کە تونـدوتیژیی سیاسی دەرئەنجامی بەردەوامی هەیە لەسەر کۆمەڵگە و بەتایبەت دەبێتە هۆی لاوازی پەروەردەی گشتی و کۆمەڵگە ناتوانێت ڕێبەرانی داهاتوو لە خۆیدا پەروەردە بکات و لە ئەنجامدا کۆمەڵگە ئاسۆیەک بۆ دواڕۆژ لە بەرانبەر خۆیدا نابینێت.

ژینگە فیزیکییەکان کۆمەڵگەکان پەروەردە دەکەن لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ بەراوردی هێمنایەتی، ئاسایش و ناسنامەی

کۆلێکتیڤ، مێژوو و شانازییەکان. ئەمانە دینامیکی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکەس و ژینگە پێک دێنن. تێکدانی ژینگەی فیزیکی تووندوتیژی سیاسی و تێرۆری سایکۆلۆژی هەستی یەکیەتی و یەکگرتوویی ئەندامانی کۆمەڵگە لەنێو دەبات. وێرانکردنی ژینگەی فیزیکی پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ تێکدانی کولتووری خەڵک. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دەسەڵاتی خۆیدا تا ئەمڕۆ بە هەموو شێوەیەک ویستوویەتی لە ڕێگەی تاڵانکردنی کانگا ژێرزەوییەکانی کوردستان و دروستکردنی بەندەاوە دوور لە پێوانە ژینگەیی و زانستییەکان و بەتاڵانبردنی سەرچاوە ئاوییەکان ژێرخانی ژینگەی کوردستان لەنێو ببات. دواییش ئەوانە بەکردەوە وشککردنی گۆمی ورمێیە. تا ئێستا هیچ تۆژینەوەیەک لەسەر شۆێندانەڕیی وشککردنی گۆمی ورمێ لەسەر ژیان و پێوەندییەکانی مرۆڤ بە ژینگە نەبینراوە بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئاسەواری وێرانکاری ژینگە لە شەڕی ڕواندا، لە وڵاتانی بالتیک و کۆسۆڤۆ دەردەخات کە وێرانکردنی ژینگەی فیزیکی چ شۆێنەوارێکی کارەساتباری بۆ کۆمەڵگە هەیە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ڕێژەی بێکاری ١٥٪ لە کاتێکدا ڕێژەی بێکاری لە ئاستی گشتی ئێران ٩٪ و لە پارێزگا فارسییەکاندا ئەو ڕێژەیە تەنیا ٧ ٪. بە پێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران لە پارێزگاکانی کوردستان واتە ئیلام، کرماشان، لوڕستان، سنە و ورمێ، ساڵانە بە تێکڕا ٩ کەس لە هەر ١٠٠ هەزار کەس بە هۆی خۆکوشتنەوە گیان لەدەست دەدەن، لە کاتێکدا ڕێژەی سەرانسەری لە سەدا پێنج و لە پارێزگا فارسییەکانی وەک تاران، شیراز و ئیسفەهان، ئامارەکە ٥.٤ لە هەر ١٠٠ هەزار کەسە.

کۆنترۆلکردنی ژینگەی فیزیکی یەکێکی دیکە لە شێوازەکانی تێرۆریزمی سایکۆلۆژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. لە یەکەم ساڵڤەگەری شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وێرای میلیتاریزەکردنی شاری سەقز و شارەکانی دیکەی کوردستان، بە تانکی شەڕ دەوری گۆڕی ژینایان داگیر کردبوو. ئەمە جیا لەوەی نیشانەیەک لە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ڕێژیمی ئێرانە لە کوردستان نیشانەیەک لە ڕاگەیاندنی شەڕەنگیزی دژی خەڵکی کوردستان. تێرۆریزمی سایکۆلۆژی ڕێژیم دەبێتە هۆی گۆڕانی کەشی گشتی و کرداری کۆمەڵگە لە ڕێگەی هاندانی هەستی بەکۆمەڵی کەشی گشتیی ترس. تۆژینەوەکانی تووندوتیژی لە وڵاتانی نیکاراگوا، کۆلۆمبیا، گواتەمالا، بێرمە و ئێلسالڤادۆر دەسەلمێنن کە تووندوتیژیی سیاسی و تێرۆریزمی سایکۆلۆژی شۆێندانەڕییان هەیە لەسەر توانایی و پۆتانسیەلی ئاشتی کۆمەڵگە و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ تووندوتیژیی سیاسی. ترسی بەکۆمەڵ و لێکدابڕانی بەکۆمەڵ دەبێتە هۆی دژبەری و تووندوتیژی نێوخۆی کۆمەڵگە، ئامانجێک کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی تێرۆریزمی سایکۆلۆژییەوە هەوڵی بۆ دەدات. ڕێژیمی ئێران تێرۆری سایکۆلۆژی بە شێوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ کۆنترۆلی کۆمەڵگە و یەکێک لە ڕێکارەکانی تووندوتیژی سیاسی بەکار دەبات.

کۆنترۆلکردنی شۆێنە گشتییەکان و لەنێوبردنی هەستی ئارامی گشتی لەنێو کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی کۆنترۆلی بازار، دووکانەکان و ڕێگرتن لە خەڵک بە ناوی "بدحجابی" و "جۆری پۆشین" شێوازێکی دیکەی تێرۆریزمی سایکۆلۆژیی ڕێژیمی

بەشی دووهەم

ئێرانە. ئاکامی ئەم جۆرە تووندوتیژییە لەنێوبردنی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان و گەشەکردنی "دژە بایەخەکان" لەنێو کۆمەڵگەدایە. دیاردەیەک کە لە ئامارەکانی ئێراندا بەڕوونی دەبیندرێت. بەپێی ئامارەکانی ڕۆژنامەیی تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێراندا بووتە ١٤ ساڵ، تەمەنی خواردنەوەی ئەلکۆل لە وڵاتدا بە ١٥ ساڵ گەیشتووە.

سەرئەنجام تێرۆریزمی سایکۆلۆژی کۆماری ئیسلامی دەبێتە هۆی لەنێوبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەمبوونی ژمارەی ڕێکخراوە شوێندانەرەکان لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەندامانی کۆمەڵگە لەبەرانبەر کۆمەڵ هەست بە بەرپرسایەتیی خۆیان لەدەست دەدەن و لە زۆر بواردا واز لەو ڕێکخراوە دەوڵەتییانەش دێنن کە ئەرکی سیاسیان نییە و تەنیا بۆ خزمەتگوزاری دامەزراون. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی دەرکردن و بەزۆر خانەنشینکردنی مامۆستایان و هەروەها زەخت خستن بەسەر زانکۆکانی کوردستان و دوورخستنەوەی مامۆستا و خوێندکارانی چالاک وەک ڕێبەرانی پۆتانسیەلی نێو کۆمەڵگە، هەوڵ دەدات تاکەکان و کۆمەڵگە لە یەک تەریک بخاتەوە.

کارکردی دەزگاکانی دەوڵەتی لە خزمەت تێرۆریزمی سایکۆلۆژیی ڕێژیم

لە کۆمەڵگەی دێموکراتیکدا ئازادییە بنەماییەکان، پلۆرالیزم و فرەڕەهەندی، بەرپرسایەتی و بڕوا بەیەکتر دەبێتە هۆی گەشەی تاکەکەس و خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی، لە بەرانبەردا تووندوتیژیی سیاسی و تێرۆریزمی سایکۆلۆژیک خولقێنەری قەیرانی گشتی و کۆمەڵایەتیە. لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا تاکەکان پشت بە پێکهاتەی حکوومەتییەکان دەبەستن بۆ دابینکردنی دەرفەت و بەشداریکردنی واتادار بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی تەندوروستی، خۆشبژێوی وەک سیستمی وەڵامدانەوەی فریاگوزاری، ئاو، پاکوخاوێنی، تەندوروستی و خوێندن. تێرۆریزمی سایکۆلۆژیکی ڕێژیمی ئێران پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ئاست و چۆنیەتیی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی. تێرۆری سایکۆلۆژیی ڕێژیم نەتەنیا زیان بە تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێت،

بەڵگوو دەبێتە هۆی

١- تێکچوونی سیستەمی ئیداری کە پێویستن بۆ ژیانی ڕۆژانە،

٢- لاوازیی کەرتی گشتی و

٣- لەنێوچوونی هەستی بەرپرسایەتی لە مەڕ ملکی گشتی لەلایەن تاکەکانەوە. ئەو سیستەمە خزمەتگوزارییە کارایەکان تەندوروستی مرۆڤ مسۆگەر دەکەن، بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی بەختەوەری جیهان (Global Happiness Center) لە ساڵەکانی ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٣ ئێرانییەکان لە ڕیزی سێ وڵاتی هەرە تووڕەی جیهاندان. ئەمە بەرهەمی تێرۆریزمی سایکۆلۆژی و تۆندوتیژیی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دژی دانیشتووانی ئێرانە .

تۆندوتیژیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دژی نەتەوەی کورد، ڕەشبگیری و بۆردمانی بنکەکانی ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی لە باشووری کوردستان، بۆردمانی بنکەکانی حیزبەکان و تێرۆری مووشەکی نیشانەی ئەوەن کۆماری ئیسلامی ئامانجی تەنیا لەنێوبردنی تاکەکەسەکان نییە، بەڵکوو دوژمنایەتییەکی قوولی هەیە بەرانبەر نەتەوەی کورد و ئامانجی سەرەکی ئەو لەنێوبردنی بەکۆمەڵی هەموو خەڵکی کوردستانە. لەو پێناوەشدا لە ڕێگەی تێرۆریزمی سایکۆلۆژی هەوڵ دەدات ئاسۆی خەلکی کورد بۆ داهاتوو لێل بکات بە تێرۆر و لەنێوبردنی چالاکڤانان و ڕێبەرانی مەیدانیی کۆمەڵگە و تواناییەکانی کۆمەڵگە بۆ وێناکردن یان بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو تووشی مەترسی بکات. ڕێژیمێک کە بتوانێت گەنجێک بەهۆی "بێحیجابی" بکوژێت کۆمەڵکوژییش دەکات.

بۆردومانی قوتابخانە و داینگە خزمایەتی نزیکیان هەیە لەگەڵ کۆمەڵکوژی و ژێنۆسایدە. لەنێوبردنی فیزیکی ژینگەی کوردستان پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ لەنێوبردنی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

ئاپارتایدی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد



ناماژە:

ئاپارتاید (Apartheid) لە ڕوانگەی فەرهەنگی وشەوە بە واتای جیاکردنەوە و جیاوازیدانانە، کە لە سیاسەتیشدا بە هەمان واتا دێت. "ئاپارتاید" زۆرتر بۆ ئەفریقای باشووری لە مەڕ بەکاربردنی سیاسەتەکانی ڕەگەزپەرەستانە دژی ڕەشپێستەکانی ئەو وڵاتە بە شێوەی دەوڵەتی، سیستماتیک و یاسایی بەکار دەهات. دەرئەنجامی ئەو هەڵاواردنە ڕەگەزپەرەستانەیە سەرهەڵدانی جووڵانەوەی دژی ئاپارتایدی بوو کە سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٩٠ دوای چەندین ساڵ خەبات و تەریکەوتنەوەی ڕێژیمی ڕەگەزپەرەستی ئەفریقای باشووری، نێلسۆن ماندێلای خەباتکاری ڕێگەی ئازادی دوای ٢٧ ساڵ لە بەندیخانە ئازاد کرا و کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا ساڵی ١٩٩٤ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا. نێلسۆن ماندێلا تا ساڵی ١٩٩٩ وەک سەرۆک کۆماری ئەفریقا باشووری هەڵبژێردرا و بوو بە هێمای خەبات دژی ڕەگەزپەرەستی و ئازادی و لە ٥ی دێسەمبری ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد.

هەمان سیاسەت و کردەوە لە ئێراندا دژی نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکان جێبەجێ دەکرێت. هەرچەند بۆ جیهانی

ڕۆژاوا و لەوانەیە بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکانی سەر بە نەتەوەی سەردەست ئەم ڕاستییە نەبیندرێت. ئاپارتاید زۆرتر وەک "ڕەگەزپەرەستی" ناسراوە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئاپارتاید بەرگێکی دەوڵەتی، سیستماتیک و یاسایی و ئایینی بەخۆیەوە پۆشیوە.

ئێمە بۆیە باس لە "ئاپارتاید" لە ئێراندا دەکەین، چونکە بەشێکی زۆر لە هەڵاواردنەکان لە ئێراندا هەم لە دستووری و لە سەر بنەمای یاساکانی پەسەندکراوی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و بڕیارنامەکانی دەوڵەتی بەڕێوە دەچن. لە ڕاستیدا هەڵاواردن (تبعیض) لە ئێراندا بە شێوەیەکی یاسایی و ڕێکخراو بەڕێوە دەچێ.

ئاپارتاید لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا:

ئاپارتاید لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا لە دستووری ئەو وڵاتەوە دەست پێ دەکات. "کۆماری ئیسلامی" کۆمارێک کە نە مرۆڤی بەڵکوو ئایینیە و ئایینەکەش "ئیسلامە" و بەپێی ماددەی ١٣ی دستووری ئێران مەزهەبی ڕەسمیی ئەو وڵاتە "شیعەی اثنی عشری"یە و ئەم ئەسڵە "هەتاهەتایی و نەگۆڕە". واتە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا شتێک بە ناوی مرۆڤ نییە، هەروەک چۆن لە ئەفریقای باشووری ئەوە "مرۆڤ" نەبوو کە مافی هەبوو بەڵکوو "ڕەگەز" و "سپی پێستە"کان بوون کە خاوەنی هەموو مافێک بوون.

ئاپارتاید لە یاساکانی ڕێژیمدا بە ڕوونی دیارە: دەوڵەتی ئێران ئەندامی بەشێکی زۆر لە کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤە کە دەبێ بە شێوەی سروشتی لە ڕووی یاساییەوە پابەندی ئەو پەیماننامانە بێت و جێبەجێیان بکات. بەشێک لەو پەیماننامانە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو و بەشێکیان دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی واژۆ و پەسەند کراون. ئێران ئەندامی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت پەیماننامەی مافی مرۆڤ (جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، و کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی)ی نەتەوە یەکگرتووەکانە و یاساکانی وڵاتی ئێران دەبێ لە چوارچێوەی ئەو پەیماننامانەدا ڕێک بخرێن. لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێژیمە، هەم دستووری وڵات و هەم یاساکانی دیکەی ڕێژیم پێچەوانە و تەنانەت دژی نێوەرۆکی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانن. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێژیمی پێشوو پەیماننامەکانی بەبێ مەرج قبووڵی کردووە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش دوای هاتنەسەرکار لە پەیماننامەکان نەکشاوتەوە و بەوپێیە ئەرکدارە بە جێبەجێکردنی نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانە.

یاسای بنەڕەتیی ئێران، یاسایەکی "مەکتەبی و ئیسلامی"یە. واتا لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەک داڕێژراوە و هەموو بڕگەکانی دستوور و یاساکانی ئێران پێڕەوی لەو بنەمایە دەکەن. بەو واتایە بەپێی یاسای ئێران کەسانێک کە ئینتیما و گرێدراویی "مەکتەبی"یان نەبێ، بۆ نموونە شیعەی ١٢ ئیمامی نەبن و بڕوایان بە "وێلایەتی موتڵەقەی فەقیە" نەبێ، بە هاووڵاتیی پلە یەکی ئێران دانادرێن و لە زۆربەی مافەکانی هاووڵاتیبوون بێبەش دەبن. دستووری ئێران نەتەنیا بووەتە هۆی هەڵاواردن و ئاپارتایدی سیستماتیک دژی ژنان، ئایین و تەنانەت ئایینزاکانی دیکەی ئیسلامیش، نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان، بەڵکوو بووەتە هۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان دەزگا جۆراوجۆرەکانی نێو دەسەڵاتی ڕێژێمیشدا؛ بە هۆی ئەوەی کە هەرکام لە لایەنەکان بەپێی تێگەیشتنی خۆیان لە ئایین یاساکانی کۆماری ئیسلامی شی دەکەنەوە. گرینگترین ناوەندێک کە مافی ئەوەی هەیە دستوور و یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران شی بکاتەوە "شوڕای نیگابان"ە، کە هەموو بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو لەلایەن "ولیی فەقیە" واتە خامنەییەوە دیاری دەکرێن.

نێوەرۆکی دەستووری ئێران نێوەرۆکێکی ناپارتایدی بەواتای هەڵاواردن لە نێوان شارۆمەندانی ولاتە. هەموو بەرپرس و کاربەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە خوارەوە بۆ سەرێ دەبێ "شیعە" بن و بڕوایان بە "وێلایەتی موتڵەقەی فەقیە" هەبێت. بەو پێیە ئایینداڕەکانی دیکە و لەوانە سوننییەکان و ئەو شیعانەی کە بڕوایان بە "وێلایەتی فەقیە" نییە، ناتوانن بەشداری بن لە پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبەریی وڵاتدا. بەپێی ماددەی ٤ی یاسای بنەڕەتیی ئێران هەموو یاسا و ڕێساکانی وڵات دەبێ لە سەر بنەما و پێوەرەکانی ئیسلامی دابڕێژرێ و بەپێی ماددەی ١٢ی یاسای بنەڕەتی دەبێ یاساکان لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعەی "جعفری اثنی‌عشری" دادەڕێژرێن.

ئەرتەش و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هێزی چەکداری و مەکتەبین. واتە ئەرکی ئەرتەش تەنیا پارێزگاری لە سنوورەکانی وڵات نییە، بەڵکوو ئەو دوو هێزە وەک پارێزەری شۆڕش ئەرکیان سەرکوتی "دوژمنانی خوا و ئیسلامە" کە مەبەست لێی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی دژی دەسەڵات بن. بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران ئەرتەش و سپاس لەسەر بنەمای ئەو ئایەتەی قورعان- وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لا تُظْلَمُونَ- واتە:

"هەر هێز و توانایەکتان بێت لە دژی ئەوان ئامادە بکەن و بۆ ئەوەی بەو هیزە دوژمنی خوا و دوژمنەکانتان و هتد لە ناو ببەن" ئەرکدارن دوژمنانی خوا لە نێو ببەن. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ئایەتوڵلا خومەینی بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد دژی نەتەوەی کورد، ئەو نەتەوەیەی بە کافر و دوژمنی خوا ناو برد. لەو ڕووەوە دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەتەنیا لەسەر بنەمای فەرمانی جەهادی خومەینی و "ولی فقیه"ە، کە دەسەڵات و فەرمانەکانی بالاتر لە یاساکانن بەڵکوو بە

بەشی دووهەم

پێڕەوی لە ئەسڵی "ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە" دوژمنایەتی نەتەوەی کورد دوژمنایەتییەکی سیستماتیک و دستوورییە.

سیستەمی دادی (قضایی) ئێران بەپێی دستووری کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای پێشگیری لە "لادانەکانی نێو ئومەتی ئیسلامی" دامەزراوە. بەو پێیە هەموو زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان و کوشتن و تەنانەت تێرۆری دژبەرانی ئەو ڕێژێمە بەتایبەت چالاکانی کوردستان بە بەشێک دەبیندرێت لە پاکڕاگرتنی "ئومەتی ئیسلامی" جێبەجێ کردنی دادپەروەرییە و بە وتەی خۆیان پێڕەوی کردن لەو ئایەتەی قورعانە "و إذا حکمتم بین الناس أن تحکموا بالعدل."

ئاپارتایدی ئابووری

بەپێی بەندی سێزدەهەمی ئەسڵی سێهەمی دستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەرکی دەوڵەت "داڕشتنی ئابووریەکی دروست و دادپەروەرانە و بەپێی بنەماکانی ئیسلام لە پێناو دامەزراندنی خۆشبژێوی، بنەبڕکردنی هەژاری و لەناو بردنی هەرجۆرە بێ بەشی و مەینەتی لە پێوەندی لە گەڵ بوارەکانی خۆراک، نیشتەجێبوون، کار، تەندوروستی و گشتاندنی بیمەیە." کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای یاسای بنەڕەتیی خۆی، بە شێوەی سیستماتیک هەڵاواردنی ئابووری دژی کوردستان و نەتەوە بندەستەکان لەوانە بەلووچستان جێبەجێ دەکات. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٤٠٠ دا دوای سیستان و بەلووچستان نرخی هەژاری لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەوەی ئاستی نیشتمانی ئێرانە. نرخی نیشتمانی هەژاری لە ٣١,٤ لە سەدە. لە سیستان و بەلووچستان ئەم ڕادەیە ٦٢ ٪ و لە پارێزگاکانی کوردستان واتە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ نرخی هەژاری بە شێوەی نیشتمانی ٤٢٪ بووە. هەمان نرخ بۆ پارێزگارە فارسنشینەکان بە شێوەی نیشتمانی ١٧,٣ لە سەد بووە. بۆ نموونە لە تاران نرخی هەژاری ١٩ و لە سمنان و یەزد ١٧ و ١٦٪ بووە. بەرزبوونەوەی دابەشبوونی هەژاری بەشێوەیەکی سیستماتیک لە پارێزگاکانی کوردستان و سیستان و بەلووچستان سەرەڕای بوونی سەرچاوەکانی زێڕزەمینی و کۆمەڵگەیەکی گەنج و خوێندەوار بۆ چەند ئامانج دەگەڕێتەوە:

یەکەم: کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دابەشکردنی هەژاری بەسەر کوردستاندا دەیەوێ گەنجان و هێزی کاری کوردستان ناچار بکات ڕوو بکەنە نیشتمانی ئێران و بەوە کوردستان لە هێزی کاری و لاو و دینامیک کە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاوەدانی هەرێمەکە بێ بەش بکات. لە لایەکی دیکەوە ڕێژێمی ئێران بەکردەوە ڕێگەی وەبەرهێنانی بۆ بەرهەمهێنان لە کوردستان بەربەست کردوە و قەدەغەکرانێکی ڕاستەوخۆی سەرمایەدارانی بەسەر کوردستاندا سەپاندوە، بۆیە چاکترین بەرهەمهێنەر و سەرمایەدارەکانی کوردستان ڕوویان کردۆتە دەرەوەی کوردستان بۆ نموونە لە تاران و ناوچەکانی ناوەندی ئێران خاوەنی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی دیکەن.

دووەم: بەچۆل کردنی کوردستان وکۆچ بۆ ناوەندی ئێران، پلانی ئاسیمیلاسیۆنی سیستماتیکی دەوڵەتی دژی زمان و چاندی کوردی بە شێوەیەکی پرۆسەیی نێوان نەوەکانەوە جێبەجێ دەکرێت و هەستی کوردایەتیی ڕۆڵەکانی کورد دادەمرکێت و پرۆسەی بەفارسکردنی خەڵکی کورد لەنێو ئێراندا خێراتر جێبەجێ دەبێت. ئەمە جۆرێک لە پاکتاوکردنی نەتەوەیی پێی دەگوترێت.

سێهەم: هاوکات لەگەڵ چۆڵکرانی کوردستان لە هێزی لاو و گەنج، تەمەنی نێونجی بەسالاچوویی لە کوردستان بەرز دەبێتەوە و نەوەیەک نامێنێت بۆ بەرهەڵەستکردن و بەڕێوەبردنی خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاری کوردستان و بەوە پرۆسەی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک فەرهەنگ و یەک ئاڵای ئێران کە لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەوییەوە بەشێوەیەکی سیستماتیک بەرنامەی بۆ دارێژراوە بە شێوەیەکی نەرم جێبەجێ دەبێت.

ئەو کەسانەی کە ئامادە نین کوردستان بەجێ بێڵن، ناچارن مل بدەنە ئەو کارانەی بۆیان پەروەردە نەکراون و لەڕاستیدا گەنجان و بنەماڵەکان دوای تەمەنێک سەرمایەگوزاری بۆ خوێندن و پەروەردە هەست بە فیڕۆچوونی تەمەن دەکەن. ئەمەش نرخی نەخۆشییە دەروونییەکان و خۆکوژی لەنێو خەڵکی کورددا بەرزتر لە بەشەکانی دیکەی ئێران دەکات. ئەوانەی کە ڕوو لە کاری پڕچەرمەسەری و پرمەترسیی کۆڵبەری دەکەن لەپێناو بژێوی وەڵامدانەوەی پێویستییە ئابووریەکانی بنەماڵەیان ناچارن گیانی خۆیان بخەنە مەترسی. بەراورد دەکرێت ڕۆژانە یەک تا سێ کۆڵبەری کورد لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران دەکوژرێن و بریندار دەبن. ئەمە جگە لە ئاماری کەوتنەخوار لە بەرزایی یان ڕەقبوونی کۆڵبەران لە سەرمای زستاندا و قڕکردنی ئەسپ و بەتاڵانبردنی بار و کەلوپەلەکانیان کە لە ساڵدا پتر لە سەدان میلیارد تمەنە.

بەرهەمی گشتی نێوخۆیی (GDP) وەک پێوەرێکی کاریگەر بۆ پێوانی ئاستی خۆشبژێوی و دابەشکردنی ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدایە. بەپێی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی گشتی نێوخۆیی چاوەڕوانی ئەمەیە کە ئاستی خۆشبژیوی خەڵکیش زیاد بکرێت. بۆیە زیادکردنی بەرهەمی گشتی نێوخۆیی وەک یەکێک لە ئامانجە هەرە گرینگەکانی وڵاتان لە سیاسەتدا دادەنرێت. بە بەراوردکردنی ئاستی ناوەندی بەرهەمی گشتی وڵاتی ئێران و پارێزگافارسەکان و پارێزگاکانی کوردستان دەبیندرێت کە سیاسەتی گشتی و ستراتیژیی دەوڵەت هەژارکردنی خەڵک و ڕێگەنەدانە بە گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی لە کوردستان. بەپێی لێکۆلینەوەکانی زانکۆی تاران(۱) لە ساڵی ۱۴۰۲ دا ئاستی نێونجی بەرهەمهێنانی گشتی لە پارێزگاکانی کوردستان تەنیا ۱،۳۸۸ لە سەد بووە لە کاتێکدا پارێزگاکانی فارسنشین ئاستی بەرهەمهێنانی گشتی ۱۳،۵۹۳ و ئاستی ناوەندی سەرانسەری وڵات ۳،۲۲۵ بووە. واتە ئاستی بەرهەمهێنانی گشتی کوردستان نیوەی ئاستی ناوەندی هەموو وڵات بووە. لەو بەراوردەدا بەرهەمهێنانی نەوت کە لە هەموو وڵاتدا دابەش نەکراوە لە بەرچاو نەگیراوە.

بەشی دووهەم

لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی تاران دەسەلمێنن کە کۆچبەری لە پارێزگاکانی نەتەوە بندەستەکان لەوانە کوردستان و بەلووچستان بەرەو "ناوەند" یەکێکی دیکە لە گەشەی بەرهەمی گشتی نێوخۆییە. هەر لەو توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی داوە پۆتانسیەلە ئابووریەکانی کوردستان لەناو ببات و ڕێگە نەدات گەشەی هاوسان و پایەدار بکات و پۆتانسییەلە ئابووریەکانی لەپێناو خۆشبژیوی خەڵک بەکار بهێندرێت.

ئەسڵی نۆی (٩)ی دستووری ئێران بەناوی پاراستنی "تەواویەتیی ئەرزی ئێران" بەکردەوە باسکردن لە هەرجۆرێک مافی نەتەوایەتی لە نەتەوەکانی ئێران قەدەغە دەکات. هەروەها یاسای سزای ئێران (قانون مجازات تبلیغ تبعیض نژادی مصوب ٣٠ - ٤ - ١٣٥٦) بەکردەوە باسکردن لە هەڵاواردنی ئایینی، ڕەگەزی و نەتەوەیی قەدەغە دەکات و هەروەها یاسای "چاپەمەنی"یش بەکردەوە باسکردن لە جیاوازییە نەتەوەییەکان و ستەمەکانی کۆمەڵایتی و نەتەوایەتی بە دژایەتی لە گەڵ "تمامیت ارضی"ی وڵات دادەنێت. بەوە ستەمی نەتەوایەتی و چەوساندنەوە لە ئێران لە ڕێگەی پرۆسەیەکی یاساییەوە بەڕێوە دەچێت و کەسیش مافی نییە دژی ئەو ستەمانە دەنگ هەڵبڕێت. چونکە دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو ستەمانە بەواتای لە مەترسی خستنی "ئاسایشی نەتەوەیی" (بڕ. قانون حدود قصاص) و "تمامیت ارضی" وڵات (بڕ ئەسڵی ٩ی قانون اساسی جمهوری اسلام) لە قەڵەم دەدرێت.

ئاپارتایدی زمانی

ئاپارتایدی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی زمان و شوناسی نەتەوەیی خەڵکی کوردیش دەبینەدرێت: ناوە کوردییەکان بە گشتی لە ئێراندا تۆمار ناکرێن یان ئەگەریش تۆمار بکرێن دەبێ ناوێکی عەرەبی (ئیسلامی) لەگەڵ خرابێت. ساڵی ١٣٩٩ بودجەی "ادب فارسی" لە ئێراندا ٢٦ میلیارد تمەن بوو. بۆ سازکردنی هەر وشەیەکی فارسی دەوڵەت ١١ ملیۆن تمەنی بەکار دەهێنا. لە کاتێکدا زمانەکانی دیکەی جوغرافیای سیاسی ئێران بریتی لە تورکی ئازەربایجانی، کوردی، تورکمانی، گیلەکی، عەرەبی، بەلووچی و زمانەکانی دیکە نەتەنیا هیچ بوودجەیەکی بۆ بەرچاو نەگیراوە بەڵکوو چالاکانی فەرهەنگی ئەو زمانانە کە بەشێوەیەکی دڵخوازانە و لەسەر حیسابی خۆیان لە پێناو گەشەی زمانی خۆیاندا چالاکییان دەکرد دەستگیر و زیندانی دەکرێن. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی زمانی کورد، تورک و گیلەک و بەلووچی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندان و بە تاوان جیاوازی خوازی و پەرەسەندنی "نژادپرستی" لە ئێراندا سزا دراون. زارا محەممەدی نموونەی هەرە ناسراوی ئەو بوارەیە کە ساڵی ١٣٩٩ پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرابوو. بوودجەی دەوڵەت لە ساڵی ١٤٠١ دا بۆ گەشەی زمانی فارسی لە جیهانی مەجازیدا ٦٥٣ ملیۆن تمەن بووە و هاوکات ڕێژەیمی کۆماری ئیسلامی پێشگیری دەکات لە دامەزراندن و گەشەکردنی زمانەکانی دیکە بەتایبەت کوردی لە ئاستی جیهانی مەجازیدا.

ئاپارتایدی سیاسی

بەکاربردنی تونـدوتیژی لە ئاست کـۆمەڵگەدا یەکێکی دیکە لە دیاردەکـانی پرۆسـەی ئاپارتایـد دژی نەتەوەی کـوردە. لە وتـاری "تیرۆریزمی دەروونی" (رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٥٦)دا تونـدوتیژییەکانی سیاسی و دەروونیی رێژیم دژی نەتەوەی کورد ئاماژەی پێ کراوە. بە کورتییش بێت تەنیا لە ماوەی شۆڕشی ژن ژیـان ئازادیـدا دوای کـوژرانی ژینـا ئەمینی لە لایەن رژێمی ئێـرانەوە ٥٦٪ی کوژراوەکـانی خۆپێشـاندانەکان لە کوردسـتان و بەلووچسـتان بـوون. بەپێـی ئامارەکـان زیـاتر لە ٧٠٪ رێژەی زیندانیە سیاسییە ئێعدامکراوەکان کوردن و زیـاتر لە ٥٠٪ی زیندانیانی سیاسی سەرانسەری ئێران کوردن. لەکاتێکدا کورد تەنیا ١٤٪ لە دانیشتووانی ئێران پێک دێنێت.

لە گۆڤاری "فصلنامه مطالعات دفاعی استراتژیک" سەر بە زانکۆی سـەربـازی "دفـاع ملی" دا زیـاد بـوونی ژمـارەی دانیشـتووانی "سوننە" (بخوێننەوە نەتەوەکانی نافارس) وەک هەڕەشەیەکی ئاسایشی ناوبراوە. لەو ڕووەوە کۆمـاری ئیسلامی ئێـران هەوڵـی داوە لە ناوچەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیستانی بەلووچستان کارێک بکـات کە پادەی مردن، خۆکوژی، کـوژرانی بە ڕووداوی هـاتووچۆ و کوشـتنی کـۆڵبەر و "سـوخت بـر" پێشـی زیـادبوونی ژمـارەی دانیشـتووانی ئەو نەتەوانە بگرێـت. بەپێـی تـوێژینەوەکـانی دەزگـاری بەرێـوەبەری تـوێژینەوەکـانی وەزارەتـی تەندوروسـتی (معاونـت تحقیقـات وزارت بهداشـت) ئاسـتی شێرپەنجەی کۆئەندامی سەرەوەی گەدە و ڕیخۆڵە بەتـایبەتی گەدە و سـورێنچک لە پارێزگاکـانی کوردسـتان لە هەمـوو ئێـران بەرزتـرە. لە کاتێکـدا دەرمـانی ئەو شـێرپەنجەیە لە کوردسـتان ئەگەر نـاومکین نەبێـت زۆر زەحـمەتە و تووشـبووانی ئەو نەخۆشییە دەبێ ڕوو بکەنە شارەکانی تەورێـز، تـاران و ئیسفەهان. هـۆی سـەرەکی ئەو شێرپەنجەیە دەگەڕێـتەوە بـۆ زەختـی ئابووری و سیاسی و لە ئەنجامدا بلاو کردنەوەی سیستماتیکی مادەهۆشبەرەکان لە ناو خەڵکی کوردستاندا.

ئاپارتایدی یاسایی دژی کەمایەتییەکان لە ئێران

جیا لە بابەتەکانی سەرەوە ئاماژە کراو دستووری کۆماری ئیسلامی ئێران ئاپارتایـدی سیاسـایی و سیسـتماتیک بە شێوەکانی خوارەوە جێبەجێ دەکات: جیاوازیی نێوان موسوڵمان و ناموسوڵمان، جیاسازی ناموسوڵمانەکان (بـۆ نمـوونە: مەسیحی، جـوو، زەردەشتی، یارسنای و بەهایی و بێئایین)، جیاوازیی مەزهەبی شیعەی اثنی عشری و مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلام، جیاوازی موسوڵمانانی جەعفەری اثنی عشری بە خوێی و ناخوێی، جیاکردنەوەی ژن و پیاو و لەوانەشدا جیاوازیخستن لە نێوان ژن و مێردی موسوڵمان و ژن و مێردی ناموسوڵمان، ....

بەشی دووهەم

ئایدیۆلۆژی پاکتاوکردنی شوناسەکانی جگە لە شوناسی فەرمی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێش لەویش ڕژێمی پاشایەتی بۆخۆی لە ئامانج داناوە بەشێوەیەکی سیستماتیک و یاسامەند بەڕێوە دەچێت، ئەو ئەو سیاسەتەی کە لە ئەفریقایش باشووریش دژی ڕەشپێستەکان بەڕێوە دەچوو. هەموو یاساکانی پێوەندیداری کۆماری ئیسلامی ئێران دژی پەیماننامەکان و جارنامەکانی مافی مرۆڤن کە ئێرانیش واژۆی کردوە و لە ڕووی یاساییەوە دەبێ پابەندی بێت.

ئێران بۆ یاساکانی خۆی هەوڵی داوە بیانووی "فقهی" و "شەرعی" بۆی بدۆزێتەوە و لەو ڕێگەیەوە ئاپارتاید بکاتە ڕەوتێکی ئایینی و بەشێک لە "جیهادی بە ئیسلامی کردنێ" نەتەوەی کورد. کاتێک ڕێبەری ڕژێمێک دژی نەتەوەیەک فەرمانی جەهاد دەردەکات، ئەوا بە واتای دەرکردنی ئەو نەتەوەیە لە ئایینی ئیسلام دێت و ئەرکی ئوممەتی ئیسلامییە یان ئەو نەتەوەیە لەسەر گۆی زەوی پاک بکاتەوە یان بە زۆر بیکاتە موسوڵمان.

۱- (محمد مولائی قلیچی؛ مجید ڕمضانی مهریان؛ حمیدرضا طهوری:، سطح‌بندی استان‌های ایران بر مبنای سهم آن‌ها در تولید ناخالص داخلی منطقه (GDPR) با روش CoCoS ، انتشار آنلاین از تاریخ ۱۸ خرداد ۱۴۰۲

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

ڕێگەی ڕزگاری لە یەکسانیی ڕەگەزییەوە تێدەپەڕێت



لەم ساڵانەی کۆتاییدا سێ دیاردە بوونەتە هۆی باسکردن لە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا: قەیرانەئابووریییەکانی جیهان، قەیرانی کار و پێویستیی بە هێزی کاری پسپۆڕ لە هەموو جیهاندا و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەشداریی پڕڕەنگی ژنانی کوردستان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی و بەتایبەت ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی ژینادا و خەبات و ویستی ژنانی ئێران بۆ هەڵگرتنی حیجابی زۆرەملی و مافە مرۆڤییەکانیان، خەباتی بەرچاوی ژنانی ئێرانی دژی تووندوتیژیی ڕەگەزی لە ئێراندا کە بەشێوەیەکی سیستماتیک و قەوارەیی بەرێوە دەچێت. ئەم سێ دیاردەیە مژاری سەرەکیی بەشێکی زۆر لە ڕاگەیەنە گشتییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سمینار و کۆنفڕانسی جۆراوجۆر لەلایەن چالاکانی کورد، ئێرانی و نێونەتەوەیی بووە. ئێستا ئێمە بینەری دیاردەیەکین لەسەر ئاستی گشتی کە باس لە کاریگەری و پەیوەندیی گەشەسەندنی یەکسانیی ڕەگەزی دەکات لە سەقامگیری و ئارامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیدا.

کۆمەڵگەی ماندوو، پرتووکاو و شەڕخوازی پیاوسالار چی دیکە ناتوانێت گەشە بە جیهان بدات و داهاتوویەکی گەش بۆ مرۆڤایەتی بەرهەم بێنێت. پیاوسالاری بووەتە هۆی شەڕ و وێرانکاری و لەدەستدانی هیواکان و سەدان ساڵە میلیۆنان مرۆڤی لە جیهاندا کردۆتە قوربانی. جیهانی ئەمڕۆ پێویستی بە پەرەپێدانی قوتابخانەیەکی نوێ هەیە. قوتابخانەیەک کە ئامانجی پەرەپێدانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یەکسانی لە نێوان

هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بێت.

بۆ ئازادیخوازان و خەباتکارانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دەبێ جێی پرسیار بێت کە بۆچی ئاستی ژیان و خۆشبژێوی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە یەکسانیی ڕەگەزی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری چەسپاوە، بەرزە؟ تۆڕێنەوەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەوانە وڵاتانی سکاندیناڤی و ژاپۆن، دەریدەخەن لەو کۆمەڵگەیانەی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بڕیاری سیاسی لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەرییە، مرۆڤ دڵخۆشترە، تەندروستیی گشتی باشترە، سەقامگیریی کۆمەڵایەتی زیاترە و متمانەی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکاندا پتر‌ە. لەو وڵاتانەدا ویستی گشتی و هاوبەش هەیە بۆ بەڕەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو جۆرە لێگەر و تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی. لە تۆڕێنەوەکانی پێوەندیدار بە پەیوەندیی نێوان یەکسانی ڕەگەزی و تەندروستی و باشتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتیدا، تێبینی دەکرێت تا ئاستی یەکسانیی ڕەگەزی بەرزتر بێت، ئاستی تەندروستیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی ئەندامانی کۆمەڵ بەرزتر دەبێتەوە. بۆ نەتەوەیەک کە لەپێناو ڕزگاری نیشتمانیدا خەبات دەکات، پەرەپێدانی یەکسانی و تەندروستیی کۆمەڵایەتی بە واتای بەهێزکردنی هێزە خەباتکارەکان و زیادکردنی هێزی بەرگەگرتن لەدژی دیکتاتۆرییە.

لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستانیدا، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دیاسپۆرا، زۆر کەس تەندروستی کەسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بە جۆری داهاتەوە دەبەستنەوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم بابەتە پەیوەندییەکی ڕێژەیی لەگەڵ ئاستی داهات و پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەو کۆمەڵگەیانەی لەسەر بنەمای پێوەندی کۆی گشتیی سفر دامەزراون، ناتوانن پێگە و ئاستی کۆمەڵایەتیی خۆیان باشتر بکەن.

پرسی یەکسانی ڕەگەزی تەنها پەیوەست نییە بە ڕێگەدان بە ژنان بۆ بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسییەکان بە بەدەستهێنانی چەند کورسییەک لەنێو پیاوان، بەڵکوا ئەم بابەتە پێشمەرجێکە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەر هەموو ئاستەکان و پەرەپێدانی کوالیتیی ژیانی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە لەگەڵ پیاوان. لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا وڵاتانی پێشکەوتوو شاهیدی باشتربوونی ئاستی ژیان و بەختەوەریی کۆمەڵایەتی بوون بەهۆی هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یەکسانیی ڕەگەزی. ئەمڕۆ شاهیدی ئەو ڕاستییەین کە تەنانەت کاریگەریی گەرمبوونی گۆی زەوی نەیتوانیوە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە بوەستێنێت و ئەم وڵاتانە لێبڕاوانەتر لە پێشوو بۆ بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبەری و ڕێبەریی کۆمەڵگەدا هەوڵ دەدەن.

هۆکاری سێیەمیش پێوەندی هەیە بە پرسە ئابووری و بازرگانییەکانەوە: کۆمەڵگەیەک کە یەکسانی بەرەوپێش ببات و

بەشی دووهەم

پەرەی پێ بدات، خولقێنەری دەرفەتی ئابووریی زیاترە. ژمارەی ئەو دۆزینەوە و داهێنانانەی لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و یەکسانەکاندا تۆمارکراون زۆر زیاترە لە کۆمەڵگە ناپێشکەوتوو و نایەکسانەکان. تەنانەت لە ڕوانگەی بەرژەوەندی پیاوانیشەوە پەرەپێدانی یەکسانیی ڕەگەزی لەبەر ئەم سێ هۆکارەی خوارەوە پێویستە:

یەکەم: نایەکسانی دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ماتریالیزم و لەدەستدانی بەها ڕۆحی و مرۆڤییەکان.

دوو: کۆمەڵگە یەکسانەکان هەستێکی هاوبەشیان هەیە بەرامبەر بە هەڕەشە دەرەکییەکان. ئەمەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە خۆبەخشانە چارەسەری کێشە و لێگەڕە هاوبەشەکان بکات.

سێ: لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن لەو کۆمەڵگەیانەی ڕێز لە یەکسانیی ڕەگەزی دەگیرێت، سەرکردەکانیان زیاتر گرنگی بە پرسی ژینگە و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەدەن.

لە دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە، زۆر باس و بابەت لەبارەی پێویستی گۆڕینی پارادایمی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا دەکرێن. زۆر قسەی جوان و سەرنجڕاکێش لە زمان ڕێبەرانی سیاسییەوە لەبارەی پاڵپشتیکردنیان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی گوتراون؛ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەبێ گەشەپێدانی سیستماتیک و پلان بۆ داڕێژراو و ئامانجدار بۆ یەکسانییەکی ڕەگەزی بەواتای تەواوی وشە، گەشەسەندنی خەباتی نەتەوەیی تا هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا مسۆگەر نابێت. پەرەپێدانی یەکسانی تەنیا بە ژمارەی ئەندامانی ژنان لە دەستەی ڕێبەریی ڕێکخراوەکان بەدی نایەت، بەڵکو پێویستیی بە ڕاهێنان و بەرەنگاربوونەوە و بەتاوانناساندنی هەر جۆرە تووندوتیژییەکی ڕەگەزی لە ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە.

ئێمە زۆر بە دەگمەن دیالۆگێکمان بینیوە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان گەشەپێدان و یەکسانی ڕەگەزی. داننان بەم پەیوەندییە بەردی بناغەی گۆڕینی پارادایمی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و کردنەوەی دەرگا بۆ بەشداریکردنی هەموو لایەنەکانی ژنان لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و خێراکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە.

ژێدەر:

Equality, Sustainability and the Quality of Life. BMJ2010;341:c5816

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

دیپلۆماسیی سایبری پێویستییەکی هەنۆکەیی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان



دیپلۆماسی مەجازی یان سایبێری بەواتای جێبەجێ کردنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لەڕێگەی کەشی سایبرییەوە، دەرفەتێکی زێڕینە کە بزاڤی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان - ئەگەر بەجوانی بەکاری بێنێت - دەتوانێت دەرفەتە لەدەستچووەکانی ڕابردووی پێ قەرەبوو بکاتەوە. دیپلۆماسیی مەجازی یان سایبریی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا و ئالوگۆڕە جیهانییەکان و بە لەبەرچاوگرتنی پرسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پێوەندییە ستراتێژیکەکانی پرسی کورد بە پرسە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان، بە هۆی ئەوەی نێوەرۆکی خەباتی نەتەوەی کورد خەباتێکی مرۆڤ سەنتەرە، و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی کارکردی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕینی پارەسەنگی هێز لە جیهاندا، لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەوەیە کە لە پێوەندی و دیالۆگی ڕاستەوخۆدا بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتی.

گرینگە بزانین کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر بەشێوەی گونجاو بەکار ببردرێن، دەتوانن ببن بە سەنگەریکی گرینگی دیپلۆماسی بۆ ناساندنی پرسی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەڕاستیدا بەهۆی شوێندانەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەرچێ کەمتر لەو جیهانەدا بوونمان هەبێت، داگیرکەرانی کوردستان دەرفەتی زیاتر دەدۆزنەوە بۆ سڕینەوەی پرسی کورد و پەرەدانی تێرۆری سایبری دژی نەتەوەکەمان. کۆماری ئیسلامی و هێزە نەیارەکانی کورد خاوەنی کۆمپانیا و دامودەزگای گەورەن لە کاتێکدا بزاڤی نەتەوایەتیی کوردستان تەنیا خاوەنی هێزێکی بەبڕوا و نشتیمانپەروەر و کەسانی دڵسۆز و

خۆبەخشە. ئەم شەڕە نابەرامبەرە سەرەرای ئەوەی لە ڕوانگەیەکەوە بە قازانجی نەیارانی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان دەبیندرێت، بەڵام بەهۆی دەوڵەمەندیی کۆمەڵگەی کوردستان خاسمایی لە دیاسپۆرا و خاوەن هێزی نشتیمانپەروەر و گەنج، ئەم بزاوتە خاوەنی تواناییەکانی جۆراوجۆرە کە ئەگەر بە شێوەی گونجاو، یەکگرتوو و لە چوارچیوەی ستراتێژییەکی نەتەوەیی بەکار ببردرێت، دەتوانێت ببێتە خاڵی بەهێزی ئەو بزاڤە.

سەرەرای گەشەی زۆری مرۆڤایەتی و سیستەمە نێونەتەوەییەکان، سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێستاش نەیتوانیوە بەشێکی زۆر لە پرسە نێونەتەوەییەکانی جیهان لەوانە شەڕ و خوێنڕێژی و چەوساوەیی نەتەوە بندەستەکان چارەسەر بکات و ئاشتیی جیهانی وەدی بێت. سەرەڕای ئەمانە دیپلۆماسی وەک یەکێک لە گونجاوترین ڕێگەکان دەزانرێت بۆ چارەسەری پرسەکانی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی. پێبەپێی گەشەی تەکنۆلۆژیی پێوەندیی نێونەتەوەییەکان سنوورە نەریتییەکانی خۆی تێپەڕ کردوە و ئێستا نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە جاران زیاتر دەتوانن لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی لە پێوەندیدا بن و بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری خەڵکی جیهان، ویستی چارەسەری کێشە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە پەسەنتر. دیپلۆماسی وەک کەرەسەی سیاسەتی دەرەوەی وڵات یان بزاڤێک بە واتای هونەری بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوت لەگەڵ جیهانی دەرەوە لەلایەن دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانەوە. دیپلۆماسی لە واتای کلاسیکی خۆی بریتییە لە سێ ئەستوونی سەرەکی واتە ئەستوونی سیاسی، ئابووری و ئەمنیەت. دواتر بەپێی گەشەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ئەستوونێکی دیکەی پێوە زیاد بوو بە ناوی ئەستوونی کولتووری.

ئەمڕۆ بەگشتی ئەم چوار ئەستوونە لە دیپلۆماسیدا ڕۆل دەگێڕن، بەڵام لەگەڵ ئەمەش زۆر ستوونی لاوەکی دیکەش لە دیپلۆماسیدا کاریگەرییان هەیە بۆ نموونە: دیپلۆماسیی بەرگری، دیپلۆماسیی ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیی کۆمەڵایەتی و هتد. گۆڕینی خێرای هەلومەرجی سیاسی جیهان و سەرهەڵدانی هۆکاری نوێ لە پێوەندییە نەتەوەییەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتان تەنیا بیر لە دیپلۆماسیی نەریتی کە بریتی بێت لە پێوەندیی تەنیا لەنێوان دەوڵەتان نەکەنەوە و فاکتەرەکانی دیکەی سیاسیش لە پێوەندییەکاندا لەبەرچاو بگرن. لە ڕاستیدا شۆڕشی پێوەندییەکان و بەرفراوانبوونی کەرەسەی پێوەندییە گشتییەکان لەلایەک و بەهێزبوونی چالاکیی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کۆمپانیا بازرگانییەکان بوونەتە فاکتەرێکی بەهێز لە پێوەندییە نێونەتەوەیی و بڕیارە گشتییەکاندا. بۆیە تەنیا پێوەندییە نەریتییەکان ناتوانن وەڵامدەری پێویستییەکانی ئەمڕۆی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بن. هاوکات بەپێی گەشەی تەکنۆلۆژیی پێوەندییەکان و ئێستاش شۆڕشی هۆشی دەستکرد کە لەوانەیە زۆرکاریگەرتر لە شۆڕشی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بێت، کەشی مەجازی زۆرتر لە هەموکات شوێندانەرە لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دەکرێ وەک یەکێک لە فاکتۆرە ستراتێژیی و دیاریکەرەکان لە بەرچاو بگیرێت.

لە ئێستادا دیاردەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە بەخیرایی گەشە دەکات، کە هەڕ ڕۆژێ لاپەڕەیەکی نوێی پێوە زیاد دەبێت و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ لە خۆی دەگرێت. ئەم جۆرە دیپلۆماسییە ڕوو بە داهاتوویە، دیپلۆماسییەک کە نەوەی ئەمرۆ واتە نەوەی Z و نەوەی دوای ئەو واتا نەوەی ئالفا نوێنەرایەتیی دەکەن. دیپلۆماسیی سەرکەوتوو ئەو دیپلۆماسییەیە کە بتوانێت لە کەرەسە نوێیەکان بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرێت و سەنگەریکی دیکەی خەبات بۆ نەتەوەی کورد بکاتەوە. ئێمە پێویستمان بە دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو و کاریگەر هەیە کە بتوانێت بە پێی پێویستی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی سیاسی ناوچە ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بەرەو پێش ببات. شتێک کە تەنیا لە ڕێگەی کەلکوەرگرتنی باس و پرسوود لە تەکنۆلۆژیی پێوەندییە گشتییەکانی و داهێنانی زانیاریی وەدێ دێت.

تێگەیشتن لە دیپلۆماسیی سایبری (Cyber Diplomacy) بۆ بزاڤی نەتەوەیی کوردستان حەوجێیەکی ستراتێژیکە و بەبێ تێگەیشتن لە جیهانی نوێ و تایبەتمەندییەکانی نەوەی ئەمرۆی جیهان لەوانەیە دیسان دۆڕاوی دەرفەتە مێژوویییەکان بین. لۆژیکی دیپلۆماسیی سایبری لۆژیکیکی سێ ڕەهەندییە: بەدەستهێنانی بڕوا و جووڵە لەسەر شەپۆلی بیروڕای گشتی لە پێناو وەدیهێنان و دەستەبەری بەرژەوەندیی نەتەوەیی.دووەم: بڕوا بە هێزی خەڵک وەک ڕێبەرانی مەیدانی و نوخبەکانی کۆمەڵگە کە دەتوانن شوێندانەر بن لەسەر بیروڕای گشتی و؛ سێهەم پێکهێنانی ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوەکان بۆ ئاشنایی لەگەڵ دیپلۆماسیی سایبری و پەروەردەی سامانە مرۆڤییەکانی ئەو بواڕە.

ئاستی پیوەندییەکانی سایبری زۆر بەرفراوانە و هەر تاکێک لەو جیهانەدا دەتوانێت وەک باڵیۆزێکی پرسی نەتەوەیی خۆی کار بکات. بۆیە دیپلۆماسیی سایبری دەتوانێت سەرچاوەیەکی هێز بێت بۆ بزاڤی نەتەوەیی. لە ڕوانگەی جۆزێف نای (Joseph Nye)؛ بیرمەندی سیاسیی ئەمریکی و باوکی هێزی نەرم، هێز بە واتای توانایی شوێندانەری لەسەر هەڵسوکەوتی کەسانی دیکەیە بە شیوەیەک کە ببێتە هۆی ڕوودانی ئەو شتەی ئێمە خوازیارین. بەواتایەکی دیکە هێز بە واتای شوێندانەری لە ڕ هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی ئاکامە دڵخوازەکانە.

لەو پێناسەیەدا هێز یان دەسەڵات بەسەر دوو جەمسەردا دابەش دەبێت: هێزی نەرم واتە نرخ و بەهاکان، کولتوور، سیاسەت، دەزگا مەدەنی و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی ئەولەوییەتەکان و ڕاکشانی سەرنجی بەردەنگ و هێزی ڕەق واتە هێزی سەربازی و ئابووری. بەو پێیە کەشی سایبری کەرەسەی دەسەڵاتی نەرم و هێزی نەرم سەرچاوەی داهێنانی کەشی مەجازییە. بە بڕوای مانوئێل کاستێل داهێنەری تیۆریی هێزی ڕایەڵکە ئەو هیز و گرووپانەی دەستیان بە تەکنۆلۆژی پێوەندییەکانی نوێ دەگات و شارەزای شێوازی بەکارهێنانی ئەون، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە ئاڵۆگۆڕەکان کۆنترۆل بکەن. ئەگەر ئەو هێزانە

بەشی دووهەم

خاوەنی ڕایەڵکەی بەهێزی پێوەندییەکانی سایبری بن، دەتوانن وێنەیەکی جوانتر لە خۆیان بە جیهان نیشان بدەن. کەوابوو هێزی جیهانیی هەر ڕێکخراوێک پیوەندی هەیە بە توانایی دیپلۆماسیی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی و بۆیە بزاڤێکی نەتەوەیی و هێزە کوردستانییەکان پێویستیان بە سیاسەتێکی نێونەتەوەیی نیشتمانی هەیە کە پێکەوە بتوانن دیپلۆماسیی سەرکەوتوانە لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە دیاردە جیهانییەکانەوە پرسی نەتەوەی کورد بکەنە پرسی کۆمەڵگەی جیهانی.

دەرفەتەکان

دیپلۆماسیی سایبری ئەم دەرفەتانەی خوارەوە بۆ بزاڤی نەتەوەیی کوردستان دەخوڵقێنێت:

- ئاسانکاری بۆ پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرفراوان لە نوخبە و ئیلیتە شوێندانەرانی جیهان و خێراکردنی کاروباری دیپلۆماسی و ڕێکارەکان و بەشداری لە بۆنە دیپلۆماسییەکانی مەجازی بە تێچوویەکی کەمەوە.

- دەرفەتی ناسینی ڕیکخراوەکانی هاوئامانج و خاوەنی بایەخی هاوبەش و کەڵکوەرگرتن لە تواناییەکانی هێزی گەنج و دیاسپۆرا.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆخی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی بە هۆی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق، دیپلۆماسیی سایبری دەرفەتیکی زێرینە بۆ پێوەندی بە بنکە و بنیاتەکانی نێونەتەوەیی دیکە کە پێشتر بەهۆی پێوەندییە تەک ڕەهەندییەکانی حیزبەکانەوە نەناسرابوون.

یەکێک لە کارو تایبەتمەندییەکانی پرۆژەکانی دیپلۆماتیک بەتایبەت نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان بەدواداچوون و لێکدانەوە و ناسینی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانە بۆ ئەوەی بە تێگەیشتنێکی دروست هەنگاوە دیپلۆماتیکەکانی خۆیان هەڵگرن، دیپلۆماسیی سایبری دەبێتە هۆی خوڵقاندنی توانای نوێ بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و ئاڵوگۆڕی ڕاپۆرت لە نێوان نوێنەرایەتی بزاڤی نەتەوەیی و دیپلۆماتەکانی وڵاتان و دەرفەتێکە بۆ مامەڵەی سەردەم لەگەڵ جیهان و دۆزینەوەی بەرژەوەندیی هاوبەش.

هەڕەشەکان

تایبەتمەندی کەشی مەجازی، خێرایی و ئاسانیی پێوەندیگرتنە. کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەیارانی بزاڤی نەتەوایەتی لە

بەشی دووهەم

ڕێگەی دامودەزگاکان و بەکرێگیراوانی خۆیانەوە دەتوانن بە تێرۆریزمی سایبری ببنە هەڕەشە بۆ سەر ڕێگەی دیپلۆماسیی مەجازی بزاڤی کوردستان.

دەستکاری کردن و دزینی زانیاری و گۆڕینی ڕاستییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە هۆشی دەستکرد هەڕەشەیەکی دیکەی سەر ڕێگەی بزاڤی نەتەوەیی کورده.

بە بڕوای نووسەری ئەو دێرانە، بۆ ئەوەی دەرفەتەکانی دیپلۆماسی مەجازی بە شێوەیەکی باش و بێهینەیی بەکار بهێنرێت، پێویستە هێزە کوردستانییەکان بە هاوکاری ڕێکخراوە مەدەنییەکانی دەرەوەی وڵات و پسپۆران و نوخبەی کورد لە دیاسپۆرا پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی پێک بێنن، بۆ داڕشتن و بەرێوەبردنی ستراتیژی دیپلۆماسیی سایبریی هۆشمەند لە ڕێگەی دیاریکردنی سازوکاری پێویستی، هاوئاهەنگی و دابەشکردنی ئەرک و کارەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەهێزکردنی هاوکاری و وێکگەیشتنی نەتەوەیی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ٣٦٠ پلەیی نەتەوەیی لەپێناو پەرەپێدانی گوێگرتن و چارەسەری دیپلۆماسیی نێوخۆیی



شۆرشی ژینا لە کوردستان و ئێراندا، کاتالیزۆرێک بوو بۆ ڕوونبوونەوەی پۆتانسیەل و هەڕەشەکانی بەردەم کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هەم لە ئاستی ئێران و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییدا. شۆرشی ژینا دەری خست کە مخابن، یەکگرتوویی و هاوپەیمانییەکانی ڕابردووی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردی لەسەر بنەمای ستراتیژیک و بەرنامەبۆدارێژراو نەبووە و زۆرتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی تاکتیکی پێویستییەکانی پێکهێنەرانی ئەو "هاوپەیمانیانە" بووە. سەلمێنەری ئەو ئیدعایەی من شتێک نیە جگە لە لێکدوورکەوتنەکان و شەڕی نەرمی دوای واژۆی "مەنشووری مەهسا - جۆرجتاون" و خۆ بەبەرپرسنەزانینی لایەنەکان بەرامبەر بە هەڵەکانیان و دوورکەوتن لەو بنەمانایانەن کە سەردەمانێک لایەنەکان بۆخۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد. هەوڵەکانی لایەنەکانیش تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە جارێ بەکردەوە نەبووتە هۆی نزیکبوونەوەیەکی ستراتیژیک و دروشمەکان نەیانتوانیوە شکڵێکی مادی بە خۆیانەوە بگرن.

بۆ ئەوەی جیهان لێمان تێ بگات و پشتیوانیی جیهانی بۆ پرسی نەتەوەیی خۆمان بەدەست بێنین، پێویستمان بە یەکریزی و یەکگرتوویی هەیە. بۆ ئەوەی یەکڕیزی بەدەست بێنین، پێویستمان بە تێگەیشتنێکی ورد و تەواو هەیە لەوەی کە کێ و

چی وێنەی نەتەوەیەک پێک دەهێنێت. ئێمە مخابن خاوەنی تۆڕێنەوەیەکی وا نین، کە چوارچێوەیەکی تیۆریک و میتۆدۆلۆژیانە بۆچوونی خەلکی بیانی لە سەر وێنەی سیاسی ئێمە بزاڤی نەتەوەیی کورد شی بکاتەوە. لێکۆلینەوەیەکی نێوخۆیی خۆشمان نییە لە مەڕ ئەو خەسارە دەروونی، کۆمەڵایەتی، مرۆڤی و ژینگەییانەی کە بەهۆی پەرتەوازەیی و لێکترازانەکانی نێو بزاڤی کوردستان. بزاڤی سیاسی کوردستان پێویستە هەست بە گرینگی چەمکی ڕای گشتی و پێکهێنانی وێنەی بنەتەوە بکات و مۆدێلێکی پێوانەکردن لە بەرچاو بگرێت بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی خۆی.

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستیمان بە ئامرازێکی نوێ و داهێنەرانە هەیە بەناوی گوێگرتن لە پێناو ناسینی ئاواتە گشتییەکانی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی دیپلۆماسیی نیوخۆیی. تەنیا داننان بە فرەڕەنگیی کۆمەڵگە و پلۆرالیزمی سیاسیی کوردستان ناتوانێت ببێتە هۆی وێکگەیشتوویی بەڵکوو دەبێ مۆدێلێکی کاری داهێنان بکرێت کە لەودا پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان وێنەی نیشتمان پێک بێنن و لەو چوارچێوەیەدا بایەخە گشتییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان شی بکرێنەوە. ئەم شێوازە ڕێگە بە شیکاریی ستراتیژیک دەدات کە چۆن پێوەندییەکانی دیپلۆماسی نێوخۆیی و جیاوازییەکان دەتوانن بەشداری بکەن لە پێکهێنانی وێنەیەکی ئەمرۆیی لە کوردستان. ئێمە پێویستمان بە تۆڕێنەوە و گفتگۆ هەیە لەسەر پێوەندی نێوان لایەنەکان لە ڕووی چەندی و چۆنیەتییەوە، پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو پێوەندییانە و تەواویەتی بزاڤی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. جیا لەوە پێویستمان بە سازکردنی مۆدێلێکە بۆ وێناکردنی بزوێنەرەکانی بایەخە هاوبەشەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بتوانین وێنەی گشتیی کۆمەڵگە لە وێکگەیشتوویەکی هارمۆنێکدا وێنا بکەین. ئەو هەنگاوانە دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە بتوانین هەڵسەنگاندنێکی ڕیئالیستیانە لە کۆمەڵگەی خۆمان بەدەست بێنین و گرینگی "گوێگرتن" لە پێکهێنانی بایەخە هاوبەشەکان هەست پێ بکەین.

گرتنەبەری سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی زۆر هەستیار و پێویستی بە پێوەندی، بەرێوەبەری و پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە هەیە کە دەتوانێت سەکۆی بازدان لە ڕابردووی پڕ لە کێشەدا بەرەو داهاتوویەکی چارەسەرهێنەر بێت. سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی یەکێک لە ئامرازە ساناکانە بۆ تێگەیشتن لە شوێندانەریی هەڵوێست و کردارەکانمان لە سەر خەڵکانی دیکە و شێوەی تێگەیشتنی ئەوان لە هەڵسوکەوتمان. دەروونناسی یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ ناسینی خۆی. بەڵام ڕەچاوکردنی سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ ئەوەی خۆمان بەو شێوەیەی کە خەڵکانی دیکە دەماننناسن بناسین. لە ڕێگەری سیاسەتی ٣٦٠ پلەییدا ئێمە دەتوانین بەوەی پێی دەگوترێ "جام جهان‌نما" (ئەرێنی: ئاگادار، ئەرێنی: نائاگا، نەرێنی: ئاگادار، نەرێنی: بێئاگا) بگەین وەک پەنجەرەی "جۆهاری"، بەڵام گرینگی دەداتە جیاوازییە هەستکردنەکان (ادراکی) لە مێحوەرەکانی کەمێک جیاواز بەکار دەهێنێت بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان. پەنجەرەی جۆهاریی بریتیە لە مۆدێلێک لە

بەشی دووهەم

وێناکردنی ئاستەکانی وشیاری لە ڕەفتاری مرۆڤدا. ئەو مۆدێلە پێوەندی مرۆڤێک لەگەڵ مرۆڤێکی دیکە لە چوارچێوەی خانووەدا نیشان دەدات کە هەریەکیان خانوویەکی پەنجەرەیەکی گەورەیە. قەبارەی هەر ماڵێک نوێنەرایەتی هۆشیاری - لەلایەن کەسەکە خۆیەوە یان لەلایەن کەسانی دیکەوە - لە ڕەفتار و هەست و پاڵنەرەکانی دەکات.

گرتنەبەری سیاسەتی ٣٦٠ پلەیی یاریدەری ڕێبەرانی سیاسی دەدات، لە گەشەکردنی تواناییە ڕێکخراوەکانیان، هاوکاری و لە دۆزینەوەی دەرفەتە نوێیەکان بۆ هاوکاری کردن و گەشەی پایەداری ڕێکخراوەیی و سیاسی و بەرەوپێش بردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی. لەو ڕێگەیەدا تێگەیشتنی هاوبەش لە دۆزینەوەی بایەخە هاوبەشەکان و یەکگرتوویی لە پلۆرالیزمدا بەدەست بهێنرێت.

گرتنەبەری سیاستی ٣٦٠ پلەیی خولّقێنەری دەرفەتە بۆ هەموو ئەکتەرەکانی سیاسی کوردستان و وەک چۆنێک لەتە بازنەیەکی ٣٦٠ پلەیی لە کەوانە جۆراوجۆرەکان پێکهاتووە، بازنەی سیاسیی کوردستانیش بە بوونی ئەکتەرە کانی نێو کۆمەڵگەی سیاسییەوە تەواو دەبێت. لەوەها کەشێکدا حیزبەکان نەک ڕکەبەری یەکتر نین، کە بگرە دەبنە تەواوکەری یەکتری. واتە بوونی ئەوی دیکە نەتەنیا هەڕەشە نیە بۆ بوونی خۆمان، بەڵکوو بوونی ئەو پێویستییەکە بۆ مانەوە و تەواوبوونی خۆمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

تیرۆریزمی نێونەتەوەیی ئێران، جیهان کەی وەخەبەر دێ؟



ڕۆژێک دوای هێرشی درۆنی و مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، دەیوید کامێرۆن (David Cameron) وەزیری دەرەوەی بریتانیا دوای سەردانی بۆ ئیسرائیل ڕایگەیاند ئێستا هەموو جیهان نێوەرۆکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەناسێ و دەزانێ کە ڕێژیمی ئێران، ڕێژیمێکی شەڕئەنگیز و مەترسیدارە. چەندین ساڵ بەرلەوەی ئێران لە ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، ڕێژیمی ئێران هێزی مووشەکەکانی خۆی لە ڕێگەی تیرۆریزمی دەوڵەتی و هێرش بۆ سەر بنکەی پەنابەرانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و بارەگانی حیزبە کوردستانییەکان و جاروباریش هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە نێوخۆی عێراق و باشوور تاقی کردبۆوە. بەڵام هیچکام لەو هێرشانە کە بوونە هۆی کوژران و بریندارببوونی دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات و ژمارەیەک لە خەڵکی باشووری کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بە شێوەی جیددی وەرنەگیرا.

هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئاشتیی جیهانی لەو ڕۆژەدا دەرکەوت کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی جەهادی دژی نەتەوەی کورد ڕاگەیاند. ڕێژیمی ئێران هەرلەو ساتەدا نیشانی دا شتێک ناناسێت بەناوی پەیمانە نێونەتەوەییەکان و جارنامەکانی مافی مرۆڤ کە دەوڵەتی ئێرانیش واژۆکاری ئەو پەیمانانە بووە. یان داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ و دواتر چەند جار هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەکانی بریتانیا و

عەرەبستانی سعوودی دەریخستووە کە ئەم ڕێژیمە پێملی هیچ پڕەنسیپ و یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی نییە.

لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا جیا لە ئاپارتایدی سیستماتیک دژی نەتەوەی کورد، تۆڕەکانی تیرۆریستیی ئێران لە هەر جێگەیەک بۆیان لوابێت خۆیان لە ئەنجامی تاوانی دژی مرۆڤی نەپاراستوە و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی کوردستانی و ئەندامانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لەلایەن تیرۆریستانی سەر بە ئێران کوژراون و بریندار بوون کە بەرچاوترینیان تیرۆری ڕێبەرانی کورد - د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، و د. سادق شەرەفکەندی - لە هاوینی ساڵەکانی ١٣٦٨ و ١٣٧١ی هەتاوی بووە.

هێرشی ٢٥ی خاکەلێوە بۆ سەر ئیسرائیل ڕاستییەکی شاراوەی بۆ جیهان ئاشکرا کرد. لە ئاوریلی ٢٠٢٢دا دوو مانگ دوای هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، سەرانی ناتۆ لە کۆبوونەوەی بەرزی خۆیاندا دەوڵەتی ڕووسیەیان وەک هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دێموکراسی و ئاشتیی جیهانی و حکوومەتی چینیان وەک مەترسییەکی جیددی بۆ داهاتوو لە قەڵەم دا. چین دووەمین ئابووریی جیهان دوای ئەمریکا، خاوەنی پێوەندییەکی ئابووریی بەهێزە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا، بەتایبەت یەکیەتیی ئوروپا. ئەمە کە چین و ئەمریکا لەسەر پرسی تایوان ناکۆکییان هەیە و ڕکەبەری یەکترن لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیی سەربازی و ئابووریدا شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەڕەشەی چین بۆ سەر تایوان و پابەندیی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ بەرگریکردن لەو وڵاتە "شەبەحی" شەڕی جیهانیی سێهەم دەخاتە ڕوو. بەڵام ئێستا دەتوانین بێژین ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێت هەرکات بیهەوێ جیهان بەرەو وێرانکاری ببات .

جیهان ئەمرۆ دەبێ تێگەیشتبێت کە سەرەرای ئەوەی چین هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا، بەڵام چین ئاگاداری ئەو ڕاستییەشە کە ئەگەر کێشەکانی لەگەڵ جیهان لە ڕادەیەک زیاتر قووڵ بێتەوە، ئەوا زەرەرمەندی یەکەم لەو نێوەدا خۆی دەبێت. دوای ئەوەی چین لە دێسامبری ساڵی ٢٠٠١دا بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی جیهانیی بازرگانی، سەدان میلیۆن کەس لە خەڵکی چین لە هێڵی هەژاری ڕزگاریان بووە و ئابووری و ژیانیان بەرەو باشتربوون چووە. چین ئەمرۆ عەمباری هەموو کاڵاکانی جیهانە. کەوابوو لە ڕووی ئابوورییشەوە بێت ڕۆژاوا و چین ناتوانن کێشەکانی خۆیان زۆر قووڵ کەنەوە. بۆ حیزبی کۆمۆنیستی چین مادام خەڵکەکەی کاریان بە سیاسەت و ڕەخنە لە دەوڵەت نەبێت، خۆشبژێوی ژیانی خەڵک زۆر گرینگە و نایهەوێ هێزی ئابووریی خۆی فیدای ئایدیۆلۆژیی سیاسی بکات؛ بەڵام ئێران!

ئێران خاوەنی ٩٪ی سەرچاوە ژێرزەوییەکانی جیهانە و ژمارەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە نزیک ١٪ی هەموو جیهانە. بەپێی ڕاپۆرتی سندۆقی جیهانیی پووڵ لە سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئابووریی ئێران کەمتر لە نیو لە سەدی

ئابووریی جیهانە. بەو پێیە کۆماری ئیسلامیی ئێران شتێکی نییە بۆ دۆڕاندن. ئێستا بۆ هەموو جیهان دەرکەوتووە کە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکانیش دەرفەتن بۆ ئەوەی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی و هەڕەشەئەنگێزانەی خۆی لە ناوچەدا پەرە پێ بدات و ببێتە هۆی کێشە و سەرئێشەی پتر لە جیهاندا. وڵاتێک کە خاوەنی ٩٪ سەرچاوەی ئابووریی جیهان بێت، سەرمایەی ئەوەی هەیە لە ڕێگەی پرۆکسییەکانی خۆی و پشتیوانی لە هێزە تێرۆریستییەکان ببێتە هەڕەشە بۆ سەر هەر هەموو جیهان. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئانقەست گفتگۆکانی بە هێنانەگۆڕی داخوازی نەشێن (ناموکین) بە چەقبەستوویی هێشتووە، بۆ ئەوەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان ئێران بتوانن پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ئاستی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بەردەو پێش بەرن. بەوە ئەوان دەتوانن هەم لەلایەک ئیدیعا بکەن کە ئێران وڵاتێکی ئەتۆمی نییە و جارێ پابەندە بە پەیمانی قەدەغەی گەشەکردنی چەکی ناوکی و لەلایەکی دیکەوە دەستی بەسەر پەلاپێتکە بێت بۆ هەڕەشەکردن لە جیهان.

لەو سەردەمەی ئێمە تێدا دەژین، کەمتر وڵاتێک هەیە بە ئاست کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاشتیی جیهان. زۆرترین وڵاتانی ڕکەبەری جیهان لە ڕکەبەرییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی خۆیان لانی کەمی نۆرمەکانی یاسای نێونەتەوەیی ڕەچاو دەکەن. لەو نێوەدا ئێران سیمای تاریکی هەموو حکوومەتەکانی جیهانە و نەتەنیا هەڕەشەیە لەسەر خەڵکی ئێران، بەڵکوو ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە هەموو وڵاتانی جیهان دەکات. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر هەموو وڵاتانی هاوسێی خۆیشی و ئەگەر ڕۆژێک پێی بکرێت بە مووشەکە دوورهاوێژەکانی خۆی دڵی ئوروپا و ئەمریکاش دەکاتە ئامانج.

سیاسەتی بەردەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوا هەتا ئێستا لە سەپاندنی گەمارۆکان و سزادانی ئابووریی کۆماری ئیسلامیدا کورت کراوەتەوە، بەڵام گەمارۆکانی تا ئێستای ڕۆژاوا لەسەر ڕێژیمی ئێران کاریگەر نەبوون و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان نەوەستاندوە. ڕێژیمی ئێران و سپای پاسداران وێرای دەوڵەتە پاوانخوازەکانی دیکە بە کەلکوەرگرتن لە دۆخی ئاڵۆزی نێونەتەوەیی فێری ئەوە بووە گەمارۆکان بۆخۆی بکاتە دەرفەت، هەم بازیان بەسەردا لێ بدا هەم و دوور لە چاوەدێریی نێونەتەوەیی گەشە بدات بە تواناییە چەکداری و سەربازییەکانی خۆی و هێزی ماسوولکەیی خۆی بۆ سەرکوتی نێوخۆیی و هەڕەشە لە جیهان پەروەردە بکات. لەو نێوەدا کەمایەسییەکی دیکە ئەوەیە کە ڕۆژاوا هێز و توانای نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی پشتگوێ خستووە. بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەزاڵەهاتوو لە ڕێژیمی ئێران، نەتەوە بندەستەکانی ئیران باشترین دەرفەتن و دەتوانم بێژم تاقانە هێزن کە ڕێژیمی ئێران لێیان دەترسێ و نیگەرانی بەهێزبوونیانە. ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەبوا هەتا ئێستا بۆیان دەرکەوتبا پشتیوانیی سیاسی لە خەباتی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە کە ئێران ناچار بە گۆڕانی ڕەفتاری خۆی دەکات لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

هەڵوەمەرجی دوای هیرشێ ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، دەرفەتێکی تازەی بۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی ئیران خوڵقاندوە. فرەچەشنی نەتەوەیی لە ئێران وای کردوە کە لە ئێراندا هیچ هێزێکی سەرانسەری نەبێت و بەکردەوە کۆکردنەوەی سەرنج بۆ سەر هێزە بەناو سەرانسەرییەکان - کە بە بڕوای نووسەری ئەو دێرانە هێزی ناوەندگەرا و پاوانخوازن هەتا سەرانسەری - خوڵقاندنی دەرفەتە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێستا کە نێوەرۆکی شەڕەنگیزانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان ناسراوە، پێویستە قووڵایی خەباتی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی نەتەوە بندەستەکان بەتایبەت نەتەوەی کورد بەرینتر بێتەوە. کاتی ئەوە هاتوە لە تەنیشت بەرزکردنی دۆسیەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزە سیاسیەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران، دۆسیەی ئاپارتایدی سیستماتیکی نەتەوەکان، هەڕەشەکانی هاوبەشی ئێران دژی نەتەوە بندەستەکان و جیهانی بخرێتە گەڕ و پۆتانسیەلی خەباتی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان زەق بکرێتەوە.

ڕووی قسەی من لە هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە: ئێمە ناتوانین تەنیا بە پێرەوی کردن لە شێوازی ڕابردووی دیپلۆماسی و پێوەندییەکان پرسی نەتەوەیی خۆمان بەو ئاستەی کە پێویستە بەرز بکەینەوە و پشتیوانیی جیهان بەرەو لای خۆمان ڕاکێشێن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بایەخەکان، دروشمەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە چوارچێوەی ستراتێژییەکی نەتەوەییدا دابڕێژرێت و دیپلۆماسیی نەتەوەیی جێگەی دیپلۆماسی پەرتەوازە و بێ دوورەدیمەن بگرێت. بەوە لەوانەیە جیهان دەنگی ئێمە ببیزێت و لە پەراوێزەوە ببین بە فاکتەری دیاریکەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی جۆزەردان ٢٧٢٤

شەڕی کۆتایی



دوای کوژرانی "ئیسماعیل هەنیە"، رێبەری رێکخراوی حەماس لە تاران رێژیمی ئێران هەست بە شکستێکی قوونڵی ستراتیژیک و ئەمنییەتی دەکات. میوانێکی زۆر خۆشەویستی خامنەیی لە ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆککۆمارە نوێیەکەی لە دڵی تاراندا کوژرا و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران نەیانتوانی بیپارێزن. بە دوای ئەودا خامنەیی و کاربەدەستانی سەربازی و سیاسی ئێران هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەیان لە کوژرانی "میوانی ئازیز"یان لە ئیسرائیل کرد و ئاستی ئالارمی لەشکەری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەرزترین ڕادەی خۆی گەیشت. هەڕەشەکانی ئێران هاوکات لە گەڵ ئەو دەستوەشاندنە یەک لە دوایی یەکەکانی ئیسرائیل بوون بۆ سەر "بەرەی مقاومەت" و بەوە رێژیمی ئێران کە مەکۆی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی و سەرچاوەی دارایی، ئایدیۆلۆژی و پەروەردەیی تێرۆریزمە ئێسقانەکانی لە ژێر زەختی ئەو شکستانە کەوتنە قرچە قرچی شکان.

وڵاتانی ڕۆژئاوا نیگەران لە ئاکامەکانی شەڕی "لەوانەیی" لە نێوان ئێران و ئیسرائیل کە دەتوانێت ببێتە شەڕێکی ناوچەیی لە هەموو کانالەکانی دیپلۆماسی و پێوەندی خۆیان کەڵک وەرگرت بۆ پێشگیری هێرشی تۆڵەستێنانەی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل. دواین جار وڵاتانی بریتانیا، فەرانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، ئەمریکا و تەنانەت ئیسرائیل

ئێرانیان لە ئاکامی هێرشێکی لەوچەشنە وریا کردەوە. عەلی خامنەیی ڕۆژی ٢٤ی گەلاوێژ ئەو ئاگادارییانەی بە شەڕی "دەروونی" ناو برد و گوتی ئامانجی ئەو شەڕە ڕەوانییە ترس و پاشەکشەپێکردن بە ئێرانە. خامنەیی گوتی ئێمە پاشەکشە ناکەین، پاشەکشە چ لە مەیدانی سیاسی و چ لە مەیدانی نیزامیدا دەبێتە هۆی "غەزەبی ئیلاهی". بەڵام داخۆ ئەمە بە واتای خۆ ئامادەکردنی ئێران بۆ شەڕە؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێژیمی شەڕە، بەبێ شەڕ و ئاژاوە و سەرکوتی بێبەزەیانەی نێوخۆیی ئەو ڕێژیمە کە لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ویستی خەڵک بێتوانایە ناتوانێت درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. هەموو ئاماژەکان ئەوە دەڵێن کە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران، حیزبوڵلا و ئیسرائیل زۆرە. لە کاتی ڕوودانی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ بیهەوێ و چ نەیهەوێ ناچار بە بەشداریی شەڕ و پشتیوانی لە ئیسرائیل دەبێت. هەرچەند ئێران لە ڕووی یاسای نێونەتەوەییەوە هیچ پاساوێکی حقووقیی نییە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. چونکە ئیسرائیل دانی بە کوشتنی ئیسماعیل هەنیە دانەناوە. لەگەڵ ئەوەش هەرچی مێژووی هێرشی "تۆڵە ئەستێنانەی" ئێران وەدرەنگتر بکەوێت، بەجیاتی ئەوەی بە واتای پاشکەشەی ئێران بێت، دەتوانێت بە واتای ئامادەبوونی ئێران بۆ شەڕ بێت. شەڕێک کە لە مێشکی سەرانی کۆماری ئیسلامیدا "کۆتا شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" یان تەنانەت دواپین شەڕ بێت.

ئیسرائیلی سەردەمی ڕێبەریی بنیامین نێتانیاهوو، وا دەردەکەوێت خۆی ئامادە کردوە بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبوڵلا و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش. ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ نێتانیاهوو بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤دا ئەم وڵاتە بۆ شەڕێک پەلکێش بکات کە بە هیچ شێوەیەک ناخوازێت تێوەی بگلێت. بە هۆی گۆڕانی کەشی هەڵبژاردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای پاشەکشەی "جۆ بایدن" لە ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکان و هاتنی "کامیلا هەریس" وەک کاندیدی دێموکراتەکانی ئەو وڵاتە، ئەگەری دۆڕانی دۆنالد ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا چووەتە سەرێ. ئەگەر بایدن کاندیدی سەرۆککۆماری بمایە، بەو هیوایەیەی ترامپ دەیباتەوە و پشتیوانی لە نەتانیاهوو دەکات، لەوانەبوو نەتانیاهوو پێی خۆش بوایە شەڕ لەگەڵ حیزبوڵلا بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا وەدرەنگ بخات. بەڵام ئێستا کە لە ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بەرگەکە گۆڕاوە، نەتانیاهوو دوور نییە بەرلە هەڵبژاردن هێرش بکاتە سەر حیزبوڵلا و بەمە ئێرانیش ناچار بکرێت بە بەرگریکردن لە ستراتیژیکترین هێزی پرۆکسیی خۆی لە ناوچەدا.

ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئەگەری سەرکەوتنی کامیلا هەریس، لەوانەیە ئەمریکای ژێر ڕێبەریی هەریس چیدی ئامادە نەبن باجی هەموو سیاسەتەکانی نەتانیاهوو و دەوڵەتە ڕاستگەراکەی بدەن. بۆیە هەلومەرجی شەڕ لەگەڵ حیزبوڵلا یا خود ئێران ئێستا لەبارترە بۆ نەتانیاهوو هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکا. لە لایەکی

دیکەوە کۆماری ئیسلامی بەکردەوە گەمارۆی ئیسرائیلی داوە. لە باشووری ئیسرائیل حەماس و جەهادی ئیسلامین کە تاوانی ٧ی ئۆکتۆبریان خوڵقاند و گەورەترین کوشتاری جووەکانیان لە دوای هۆلاکۆست لە یەک ڕۆژدا ئەنجام دا. لە باکوور حیزبوڵڵای لوبنان هەیە کە لەسایەی پشتیوانی و هاوکارییەکانی لۆجیستیکی ڕێژیمی ئێران خاوەنی دەیان هەزار مووشک و درۆنن و توانیویانە زۆر جار قەڵای ئاسنینی ئیسرائیل تێک بشکێنن و ببنە هۆی ئاوارەیی زیاتر لە سەد هەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە. تەنانەت بەندەری حەیفاش لەژێر هەڕەشەی هێرشی حیزبوڵڵادایە و بەکردەوە لەژێر ئەو هەڕەشەیەدا کارامەیی بازرگانی و هاتووچۆی جارانی خۆی نەماوە. لە باشووریش حۆسییەکانی یەمەنن کە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا بەردەوام خەریکی مووشەکبارانی ئیسرائیل بوون و تەنانەت توانیویانە بە درۆن هێرش بکەنە سەر تلاڤیڤی پایتەختی ئەو وڵاتە. لە لایەکی دیکەوە حەشی شەعبی عێراق بە پشتیوانیی ئێران ماوە بە ماوە هێرش دەکاتە سەر ئیسرائیل.

هەر چەند ئیسرائیل دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی فەڵستینی لە ناوچەی غەزەدا کوشتوە، بەڵام ئەو وڵاتە ئێستاش لە شۆکی ٧ی ئۆکتۆبردا دەژیت و تووشی تراوما و حەپەسانێکی زۆر قووڵ بووە. لەژێر هەڕەشەکانی حیزبوڵڵای لوبناندا بوونی زیاتر لە سەد هەزار ئاوارەی نێوخۆیی لە ئیسرائیل و بنەماڵەی بارمتەکان بوونەتەوە زەختێکی نەتەوەیی و سەرانسەری بۆ سەر حکوومەتی نەتانیاهوو. ئێستا لای خەڵکی ئیسرائیل پرسیارە داخۆ دەوڵەت و ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ ناتوانن ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێنن؟ ئەم زەختە بووەتە هۆی ئەوەی دەوڵەت، بیروڕای گشتی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەش بەو ئاکامە بگەن: ئێمە ناتوانین هەتا هەتایە لەژێر هەڕەشەی حیزبوڵڵادا بین و خەڵک نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆیان. بۆیە دەبێ سەرەنجامێک بۆ ئەو هەڕەشانە هەبێت و هێرش بکرێتە سەر حیزبوڵڵا بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاریی ئەو هەڕەشەیە و دەستەبەری ئەمنییەتی خەڵک لە باکووری ئیسرائیل. بۆ ئیسرائیل هێرش بۆ سەر حیزبوڵڵا و تەنانەت ئێرانیش باشترین دەرفەتە. بۆ ئیسرائیل شەڕی ماندووکەرەوە (فەرسایشی) پرۆکسییەکانی ئێران دژی ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی ماندوویی و لەنێوچوونی هێزیان و ئەمە دەبێتە ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر بوونی وڵاتەکەیان. لە حاڵەتێکی وادا لەوانەیە کۆماری ئیسلامی نەوێری ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە حیزبوڵڵا بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی یەکجاری حیزبوڵڵا. ئەگەر ئێران بۆ پشتگیری لە حیزبوڵڵا بەشداری شەڕ بێت، ئەوا لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە باشترین دەرفەتە بۆ لەنێوبردنی ئێران و هەڕەشەکانی هەمیشەیی. چونکە بەراوردی ئیسرائیل ئەوەیە ئەمریکا لە شەڕێکی وادا پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکات و بەوە ئیسرائیل دەتوانێت تەنانەت هەڕەشەی ناوکیی ئێرانیش لە سەر خۆی لە نێو ببات. کاربەدەستانی ئێرانی لە ماوەی ڕابردوودا چەندین جار هەڕەشەی گۆڕینی دۆکتۆرینی ئەتۆمیی خۆیان کردوە. لە کاتێکی وادا ئێران ئەگەر دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات، دوور نییە هێرشی ڕاستەخۆ بکاتە سەر ئیسرائیل. بۆیە سروشتیە ڕێگە نەدات وڵاتێک کە ستراتێژییەکەی لەنێوبردنی خۆیەتی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

بەشی دووهەم

لەو دیوی دیکەشدا حیزبوڵڵاش خۆی بۆ هێرشی تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی فەرماندەی خۆی "فواد عەلی شکر" بە دەست ئیسرائیل ئامادە کردوە و لەوانەیە هاوکات لەگەڵ هێرشی ئێران بە تۆڵەی کوژرانی هەنیە بۆ سەر ئیسرائیل هێرشی خۆی دەست پێ بکات. بە قسەی حەسەن نەسروڵلا ئێران و حیزبوڵلا ئەرکدارن بە تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی ئەو دوو کەسە.

وڵاتانی ڕۆژاوا و لەوانە دەوڵەتی بایدن بە تەواوی دژی شەڕی لەوانەیی نێوان ئێران و ئیسرائیل و تەنانەت شەڕی لە گەڵ حیزبوڵڵان. دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ مسۆگەرکردنی ئاگربەسێک لە نێوان حەماس و ئیسرائیل و کۆتایی‌هێنان بە شەڕی غەزە کە بووتە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی فەڵستین. نەتانیاهوو زۆر لایەنگری ڕاوەستانی شەڕ نییە، چونکە لەلایەک کۆتایی شەڕ و ئاگربەست بە واتای سەرکەوتنی حەماس دێت و لەلایەکی دیکەوە کۆتایی شەڕ دەتوانێت کۆتایی ژیانی سیاسی نەتانیاهوو و دەوڵەتە ڕاستگەڕاکەی بێت. لەگەڵ ئەمەش سەرەڕای دژایەتیی کۆشکی سپی لەگەڵ سیاسەتەکانی نەتانیاهوو لە ئەگەری هەرجۆرە شەڕێکی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، ئەمریکا بۆ بەرگری ئەو وڵاتە بەشداری شەڕ دەبێت. شەڕێک کە دەتوانی کۆتا شەڕ بێت. سەرەڕای هەموو ڕەخنەکانی کۆشکی سپی لە نەتانیاهوو، ئەو وڵاتە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی و یارمەتیی وڵاتی ئیسرائیلی داوە و هێزێکی زۆری دەریایی و بەرگری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەریاکانی ناوچە جێگیر کردوە کە نەک هێزی پێشگیرانە، بەڵکوو دەکرێ بێژین هێزی هێرشبەرن.

کورد لە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل؟

دوای هێرشی درۆنی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، دەیوید کامێروون، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی بریتانیا گوتی: "ئێستا هەموو جیهان نێوەڕۆکی تیرۆریستی و هێرشبەرانەی ڕێژیمی ئێران دەناسێت". ئەو مووشەکانەی ڕۆژگاریک ڕێبەری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەکردە ئامانج، ئێستا بە ئیسرائیل دەگەن و دوور نییە ئەگەر پێشی ئێران نەگیرێ مووشەکەکان دەروازەکانی ئوروپاش بکەنە ئامانج.

ستراتیژی بەرەی ناسراو بە "مقاومەت" لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو دەنگانەیە بیر لە داهاتوویەکی ئاشتیخوازانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکەن. شەڕ بەدوای خۆیدا ماڵوێرانی دێنێت، شەڕێک کە نەتەوەی کورد نە بەشدار، نە هۆ و نە دەستپێکەریەتی. شەڕێک کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە نییە. دەرفەتە نێونەتەوەییەکانیش زۆر بەدەگمەن بە قازانجی کورد دەبن. لەو لاشەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو شێوازەکانی ئاپارتایدی سیستماتیک و ژێنۆساید کەڵکی وەرگرتووە بۆ لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان. لەکاتێکی وادا سروشتییە کورد

بەشی دووهەم


دەرفەتە نێونەتەوەییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیدا بقۆزێتەوە.

دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا دەنگی "ژن ژیان ئازادی" سنوورەکانی کوردستانی تەنیەوە و ویستی خەڵکی کورد بوو بە ویست و داوایەکی گشتگیر. لەگەڵ ئەمەش بە هۆی دووبەرەکی و نەبوونی ستراتیژییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی، کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی دەستکەوتێکی ئەوتۆی بەرچاو و مخابن لە کاتێکدا ئێمە لە سێهەمین ساڵڤەگەری دەسپێکی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە، حیزبەکانی کوردستانی دەگەڕێنەوە سەر قۆناغی بەرلە شۆڕشی ژینا. ئێستا دەرفەتە نێونەتەوەییەکان ئەوەمان لێ دەخوازن کە بزاڤی کوردستان بەرفراوانتر لە سنووری حیزبی بیر بکاتەوە و ستراتیژییەکی نەتەوەیی ڕەچاو بکات. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هێزە سیاسی، مەدەنی و ئێلیتی کورد لە چوارچێوەی کۆنفرانسێکی نەتەوەییدا هێڵە ستراتیژییەکانی خۆی بە شێوەی یەکگرتووانە شی بکاتەوە و ئارایشێکی نوێی نەتەوەیی بەخۆیەوە ببینێت.

قوولایی کێشەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە ئاستێک گەیشتوە کە کورد دەتوانێت خۆی وەک یەکێک لە ئەکتێرەکانی شوێندانەر لەسەر گۆڕینی سیاسەتەکانی ڕێژێمی ئێران و تەنانەت پارسەنگی هێز نیشان بدات و ببێتە "بەردەنگ"ی ئەکتەرەکانی شوێندانەر لەو ناوچەیەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی خەرمانانی ٢٧٢٤

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و ئەو دەنگانەی نەبیسران!



لە کاتی ناشتنی تەرمی ژینا لە ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١دا گڕکانێکی ناڕەزایەتی بە دروشمی "ژن، ژیان. ئازادی" دەستی پێ کرد کە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەنیەوە و پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش هاویشت. لە سۆنگەی ئەو بزووتنەوە بەربەرینەوە دەنگی مافی خوازی کوردستان لە تاران بیسرا، بەلووچستان ببوو بە هاوسەنگەر و ئازەربایجان هاوسۆزی کوردستان هەبوو. ترسی لاوان لە ئێران لە بەرانبەر پۆلیس، گەشتی ئیرشاد، بەسیج و هەموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم شکا و کۆماری ئیسلامی گەیشتبووە لێواری ڕووخان.

ئەوەی لە شۆڕشی ژینا دا ڕووی دا تەنیا کاردانەوە بە کوژرانی ژینا ئەمینی نەبوو، بەڵکوو شەپۆلێک بوو لە هەست و تووڕەیی لە سەرکوتی سیستماتیکی خەڵک کە دەیان ساڵ بوو لە دەست کۆماری ئیسلامی دەیانچێشت. سەرهەڵدانێک کە بەپێچەوانەی ڕاپەرینەکانی ڕابردوو دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، خۆجێی و لۆکال یان بە پانتایی قەیرانە ئابووریەکان، یان تەنانەت وەک جووڵانەوەی سەوز بۆ شەڕی نێوان جیناحەکانی ڕێژیم نەبوو. بەڵکوو ڕاپەرینێک بوو بۆ گۆڕانی تانوپۆی دەسەڵات بۆ نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوە. چ چەوسانەوەی نەتەوەیی بێت لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی و هزری داگیرکاری، چ چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ بێت یان سیستەمی باوکسالاری و پیاوسالاری. "ژن، ژیان، ئازادی"

بە قەوڵی شێکسپیێر ئاوردانەوەیەکی پرتووڕەیی بوو لە هەموو ڕابردووی پڕ لە ستەم و چەوسانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی هەست بە شتێکی کەمتر لە وشیاری دەبیندرێت، بەڵام شۆڕشی ژینا سەلماندی کە، بە بەرێوەبەرییەکی هۆشمەندانە دەکرێ هەستەکان بە شێوەکی ئامانجدار ڕێک بخرێن. کاتێک هۆی هەستەکان کێشەیەکی چارەسەر نەکراو بێت. کێشەگەلێک کە دەبێتە بەربەستی ژیانی ئاسایی مرۆڤ، کاتێک ئێمە زیان دەبینین، کاتێک دەترسێین، کاتێک تووڕەین یان کاتێک شتێک وەک شێرپەنجە ڕۆح و جەستەی نەتەوەیەک لەنێو دەبات، بەرلەوەی کە "وشیار" بین؛ ئەو ئازارانە بە گۆشت و خوێنی خۆمان هەست دەکەین، ئەو هەستانە دەبنە سەرچاوەی کردەوە. سات بە سەر سات ئەو هەستانە لە سەریەک کۆڵەکە دەبن و دەبنە بڵێسە و شکڵی هۆشیاری بەخۆی دەگرێت و بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەیەک بکات و برینەکان سارێژ بکاتەوە.

شۆڕشی ژینا سنوورەکانی حیزبی و ڕێکخراوەیی تێپەڕاند و، بوو بە هۆی ئەوەی نەوەیەکی نوێ پێ بنێتە گۆڕەپانی خەبات و جوغرافیای سیاسی - ڕێکخراوەیی کوردستانی گۆڕی، تەنانەت کاریگەری کردە سەر گۆڕانی هزری سیاسی و ڕێکخراوەیی لە بزاڤی سیاسی کوردستاندا. شۆڕشی ژینا بووە لێگەر و ئالەنگاری لەهەمبەر هەموو نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕێکخراوەیی و پرسی "ڕێبەریی ژنان" لە پەراوێزەوە بوو بە سەنتەری باسەکان.

دینامیکی بزاڤی ژینا وشیاری نەبوو بەڵکوو هەستی هاوبەش بوو. وشیاری شتێکە کە لەسەرەوە بۆ خوارێ لە ڕووناکبیر و ئێلیتی ڕۆشنبیرەوە بۆ نێو کۆمەڵگە دێت، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا ئەمە بەپێچەوانە بوو. ئەوە هەستی خەڵک بوو کە ڕووناکبیران و ئێلیتی سیاسیی جووڵاند و هەستی مرۆڤەکان بوو شکلی مادی بەخۆیەوە گرت بوو و شەپۆلی خوڵقاند. هەستێک کە لە دڵی مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە، لە چاوێکەوە بۆ چاوی دیکە و لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەی دیکە شەپۆلی دەدا. کاتێک دایک و باوکان لەسەر گۆڕی ڕۆڵەکانیان سروودی شۆڕشگێرانەیان دەخوێندەوە، کاتێک دایک و باوکی شەهیدان بە جیاتی ڕەشپۆشی لە ناشتنی ئازیزانیان، دیلانی شانازییان دەگێڕا، ئەوە هەستەکان بوون ببوونە بڵێسەی ئاگری شۆڕشێک کە بوو بە هۆی دەسپێکی خۆوشیاری بۆ گۆڕانی بنەڕەتی.

شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) دەبێ لە ڕوانگەی سیاسەتی بەریەککەوتن سەیر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە بە وتەی ئەندی مەریفیلد Andy Merrifield) 1960) لە کتێبی سیاسەتی بەریەککەوتن (The Politics of the Encounter) ئەم شۆڕشە وەک دلۆپەکانی هاوتەریبی باران وا بوون. دلۆپەکانی باران لە هەورەکانەوە بەشێوەی هاوتەریب دەجوولێن، تا کاتێک دلۆپێک، تەنیا و تەنیا بۆ جارێک لە هێڵە هاوتەریبەکان دەردەکەوێت ل گەڵ دلۆپەکەی دیکە بەریەک دەکەون

و ئەم لە هێڵ دەرکەوتنەی تاقە دلۆپێک دەبێتە هۆی زنجیرەیەک لە بەریەک کەوتنەکان و ئەوم لەبەریەککەوتنانە دەبنە هۆی خوڵقاندنی شتێکی نوێ، نەزمێکی نوێ کە بنەماکانی ئەو خەباتی بەکۆمەڵ و هاوبەشە. جووڵانەوەی ژینا بەریەککەوتنی دلۆپەکان لەنێو دلۆپە هاوتەریبەکان بوو.

جووڵانەوەی ژینا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دیمەنێکی نوێ لە سیاست و سیاسەت کردن. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەنگی گەلانی ئێرانی بیست. نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی کرد بە دامەزراندنی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی ڕاستییەکان لە مەڕ جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران. تەنانەت هیوا بە گۆڕانی بنەڕەتیی وەهای دروست کرد کە بەشێک لە حیزبەکان و چالاکانی سیاسی چ لە ئاستی حیزبە ناوەندگەراکانی ئێرانی و چ لە ئاست حیزبە کوردستانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ تووشی "کوێری خێرایی" بن و پەلە بکەن لە ڕکەبەری گەیشتن بە دەسەڵات. ئاکامی ئەوەش مەنشووری جۆرج تاون بوو، کە بوو بە سەرەتایەک بۆ لێکترازان و شەپۆلی هێزی نەرێنی لە نێو شۆڕشدا. شۆڕشێک کە دەیتوانی ببێتە هێزی گۆڕان و کوردستان لە پەراوێزەوە بکاتە سەنتەری ڕێبەریی بزاڤی دادپەروەرانە و مافخوازانەی گەلانی بندەستی ئێران بوو بە قوربانی دەسەڵاتخوازییەکی بەپەلە و جێنەکەوتوو. کوردستانی یەکپارچە بەرەبەرە بەرەو لێکترازان چوو.

دووساڵ دوای شۆڕشی ژینا و دوای ڕووداوی ١٣ی ئاقڕیلی ٢٠٢٤، ئێستا جیهان لە هەموو کاتێک زیاتر نێوەڕۆکی ڕێژیمی ئێران دەناسێت و بە بوێریەوە دەتوانم بڵێم کە هیچ کاتێک دەرفەتێکی وا گونجاو لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهاتووەتە پێش. بەڵام بەهۆی لێکترازانێک کە مخابن کۆتاییەکی بۆ نابیندرێت دەرفەتەکان هەموو ڕۆژێ لە دەست دەچن؛ و لەکاتێکدا کە دەبێ پانتایی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی هۆشی دەستکرددا ببنە مەکۆی سەرەکی خەبات دژی داگیرکاری و لەپێناو بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان، ئەم پانتاییە بووتە مەکۆیەک بۆ یەکلا کردنەوەی کێشە ڕێکخراوەیی، تاکەکەسی و سیاسی ناوخۆیی ماڵی کورد.

دەرفەتێکی زێرین لە مەترسیی دۆراندایە، ئەگەر بێت و حیزبە سیاسیەکان دەنگی شۆڕش بەو شێوەیەی کە هەیە نەبیسن، یان هاواری نەوەی زێد (Z) و ئالفا (Alpha) بە گوێیان نەگات و نەتوانن ژنان، لاوان و نەوەی نوێ بکەنە ڕۆڵگێڕی سەرەکی بڕیارە سیاسیەکان و بەشداری سیاسیان و نەتوانن بە زمانی سەدەی هۆشی دەستکرد بدوێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤

ئێران هەموو ڕیسەکەی لێ بووەتەوە خوری



ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەر (یەکی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤) کۆماری ئیسلامی ئێران، دووەمین هێرشی ڕاستەوخۆی بۆ ئیسرائیل ئەنجام دا. ئەم هێرشە بە ناوی ڕەمزی هێرشێ "وعدە صادق ٢" دوای ئەوەی ئیسرائیل لە چەند قۆناغدا سەرەتا لە ڕێگەی تەقاندنەوەی پەیجەرەکان و دواتر بیسیمەکان و ئەوجار کوشتنی فەرماندەکانی پلە یەک و دووی گرووپی تیرۆریستی حزب اللە و سەر ئەنجام کوشتنی حەسەن نەسرۆڵلا، ڕێبەری ئەو گرووپە و چەندین ئەندامی ریبەری دیکەی حیزبوڵلا، زەربەیەکی کاریگەری لە جەستەی حیزبوڵلا کە بە سیپەری کۆماری ئیسلامی ئێران دژی ئیسرائیل دەناسرا وەشاند.

ئیسرائیل لە ماوەی دوو هەفتەدا هەموو ئەو سەرمایەگوزارییانەی کە ئێران بۆ بەهێزکردنی حزب اللە کردبوو، مایە پووچ کرد. ئێران ماوەی زیاتر لە سی سالێ رابردوودا نزیکەی ٣٠ ملیارد دۆلاری خەرجی پەروەردە، ڕێکخستن و تەیارکردنی حزب اللە ی کردووە. سەرمایەیەک کە دەیتوانی بەشێکی زۆر لە کێشەکانی ئابووری، ژینگەیی، هەژاری و بێکاری لاوانی ئێران چارەسەر بکات.

ئەمەکە ناوی هێرشی ئەمجارەش "وعدە صادق"ە بەواتای درێژەی هێرشەکەی ١٣ی مانگی نیسانی ئەمسالّەیە و ئاماژەیە بە

بەشی دووهەم

هەوڵی درێژخایەنی ئێران بۆ لەناو بردنی وڵاتی ئیسرائیل. ئێران بەو هێرشەی خۆی ئامانجێکی دیکەش دەپێکا: ناچار کردنی ئیسرائیل بۆ هەڵسەنگاندنی ریسکەکانی لەوانەیی هەرجۆرە هێرشێک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێران. جارێ تا کاتی نووسینی ئەو بابەتە بەتەواوی شوێندانەری ئەو هێرشەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل دەرنەکەوتووە. بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ ئێراندا نزیک بە تەواوی وڵاتانی ڕۆژاوایی و لەوانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئوروپا ڕەواییان داوە هێرشی لەوانەیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. تا لێرە ئێران یەکەم دۆراوی ئاستی ناونەتەوەیی ئەو هێرشە بوو.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەوانەیە وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگای ناونەتەوەیی دوای ئەو هێرشەی ئێران بیر بکەنەوە، گۆڕانی ستراتێژی ئێرانە بە کەڵک وەرگرتن لە پۆتانسیەلی ئەتۆمی خۆی بۆ خوڵقاندنی شەبەحی ترس لە بەرامبەر بەهێزی سەربازی و هێزی بەگری ئیسرائیل. بەواتایەکی دیکە لەوانەیە ئێران لە ژێر سایەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین و شەڕی یەک سالّی ڕابردووی غەزە دوور لە چاوی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی ئامادەیی ئەتۆمی خۆی بە ئاستێکی وا گەیاندبێت کە بتوانێت ببێتە هەڕەشە دژی وڵاتانی ناوچە و ئیسرائیل.

هاوکێشەی نوێ؟

بە درێژایی سالّانی ڕابردوو هەرەشەکانی ئێران دژی ئیسرائیل لە سەر بنەمای دوو پایەی سەرەکی بووە: جبەخانەی مووشەکی و فرۆکە بێ فرۆکەوانەکان و هێزەکانی پرۆکسی وەک حیزبوڵڵە لە لوبنان و حەماس لە غەزە. ئەم ستراتێژیە کە بە دۆکتۆرینی بەرگریی پێشوەختەی ئێران ناسراوە، بەدوای ئەوەدا بوو بە بەهێز نیشاندانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی لە گەڵ نەیارانی خۆی بەڕەوڕووبێتەوە بە بێ ئەوەی بۆخۆی پێویست بکات ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕ بێت. ئەم ستراتێژیە دوای لە ماوەی یەک سالّی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حزب الله لوبنان و لەناو بردنی ناوەندەکانی ڕێبەری و فەرماندەیی حیزبوڵلا بەرە بەرە لە گەڵ شکست بەرەو ڕوو بوو.

هێرشی سێزدەی مانگی نیسانی ئەمسالّ دوای ئەوەی کە چەندین فەرماندەی ئێران لە دیمەشق کوژران. لەو هێرشەدا ئێران بە سەدان مووشەک و فرۆکەی بێفرۆکەوان هێرشی کردە سەر ئیسرائیل - گەورەترین ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئێران بوو دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق. بەدوای ئەودا سەردار حسێن سەلامی، فەرماندەی گشتی سپای پاسداران ڕایگەیاند: "بڕیارمان داوە هاوکێشەیەکی نوێ دروست بکەین... لەمەودوا ئەگەر ڕژێمی زایۆنی لە هەر شوێنێک هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندی و سەروەت و سامان و کەسایەتی و هاووڵاتیانمان، ئەوا بە دژە هێرش بەرەوڕوو دەبێتەوە". بەهێرش کردنی

ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی دا پێشی هێرشەکانی داهاتووی ئیسرائیل بگرێت و ڕێگری بکات لە کوژرانی سەرداران و فەرماندەکانی رژێم، وەک ئەوەی لە یەکی نیسانی ٢٠٢٤ لە دیمەشق ڕووی دا.
یەکەم نیشانەکانی شکستی ئەو ستراتیژییەی ئێران لە ٣١ی مانگی ژووئیە بوو. ئیسرائیل لە هێرشێکی ئاسمانیدا بۆ سەر بەیرووت "فواد شکور" یەکێک لە گرینگترین فەرماندەکانی حزب اللە ی لە ناو برد. کوژرانی فواد شکور کە بە "ڕۆحی شاراوە"ی حیزبوڵلا ناسرا بوو، زەربەیەکی چارەنووس ساز بوو لە سەر پەیکەرەی حیزبوڵلا. دواتر تەنیا چەند کاتژمێر دوای دەستبەکار بوونی مەسعوود پزیشکیان وەک سەرۆک کۆماری رژێم، ئیسماعیل هەنیە ڕێبەری حەماس لە ناو تاراندا کوژرا. هێرشێک کە، زۆر کەسی تووشی سەرسوڕمان کرد و بوو بەهۆی تراومایەکی دەروونی بۆ رژێمی ئێران. هەرچەند بە شێوەی فەرمی ئیسرائیل بەرپرسایەتی کوژرانی ئیسماعیل هەنیەی بە ئەستۆ نەگرتووە، بەڵام ئێران وەک هێرشەکەی ١ی ئاوریل ئیسرائیلی بە تێپەرکردنی هەموو هێلەسوورەکانی تاوانبار کرد.

لە حەفتەکانی دوای ئەو ڕووداوە، ئێران هەڕەشەی هێرشی دەکرد بۆ سەر ئیسرائیل، لە گەڵ ئەوەش بە بیانووی گفتگۆکانی بۆ ئاگربەس لە نێوان ئیسرائیل و حەماس هەوڵی دا لە ڕێگەی کانالەکانی دیپلۆماسیەوە پێشی هێرشی زیاتر ئیسرائیل بگرێت بۆ سەر بەناو "بەرەی مقاومت"، بۆ ئەوەی تێچووی خۆیان لەو بەرەیەدا بە ئاستی هەرە کەمی خۆیان بگەیەنن. ڕاست پێچەوانەی ئیسرائیل ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشەی بە بەرەی "مقاومت" کرد.بە شێوەیەک زۆر کەس لە ناو ئێران پێیان وابوو ئیسرائیل خەریکی هاندانی ئێرانە بۆ قووڵتر کردنەوەی ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ناوچەدا.

لە کۆتاکانی مانگی ئووت (ئاگۆست) دا حزبوڵڵە بە ئاراستەکردنی زیاتر لە ٣٠٠ مووشەک بۆ ئیسرائیل لە تۆڵەی کوژرانی "فواد شکور"، بوو بە هۆی دەسپێکی خەستتر کردنی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حیزبوڵڵە.

بەڵگەی دیکە لە مەڕ وەدی نەهاتنی "هاوکێشەی نوێ"ی جێی ئیدعای ئێران هێرشی ئیسرائیل لە ٢٧ی سێپتەمبر بۆ سەر بنکەی ناوەندی ڕێبەری حزب اللە و لەناو بردنی " حسن نصراللە" سکرتێری گشتی حزب اللە و کوژرانی سەرتیپ عەباس نیلفرۆشان جێگری فەرماندەی عەمەلیاتی سپای پاسداران بوو. حسن نصراللە بە دڵنیاییەوە گرینگترین و بەرچاوترین سیمای پرۆکسی ئێران بوو کە دەکرێ وەک ئاڵقەی پێوەندی ئێران و هەموو بەرەی "مقاومت" ناو ببرێت. ئیسرائیل هێڵێکی سووری دیکەی ئێرانی تێپەر کرد.

هەڵوێستەکانی ئەو کاتی ئێران نیشانەی بێ مەیلی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی ململانێیەکان بوو. عەلی خامنەیی ڕای گەیاند کە "محور مقاومت" بێ نەسرولاهیش درێژەی دەبێ. لە گەڵ ئەمەش ئێران کەوتبووە ناو دوو ڕێیانەیەکی سەخت.

هێرش بۆ سەر ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی سەخت لە گەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا کە خاوەن تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی بەرگری و هێرشن. لە لایەکی دیکەدا خۆپاراستن لە هێرش دەبووە هۆی لەناو چوون و لاوازی متمانەی هاوسان لە لای هاوپەیمان و دوژمنانی ئەو وڵاتە. لە کاتێکدا ئێران دەیتوانی هێزەکانی دیکەی خۆی لە "محور مقاومت" بۆ نموونە ملیشا شیعەکانی عێراق، سووریا و یەمەن بۆ هێرش بە سەر ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکایی بە کار ببات، بەڵام لە دەستتدانی سەرۆکی حزب اللە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر "بەرەی مقاومت" کردبوو کە توانایی و وڕەی سەرانسەری "بەرەی مقاومت" ئێرانی لاواز کردبووە.

لەناوچوون و لاوازی لەنەکاوی حیزب للە بوو بە هۆی ترسی ئەوە لە ناو دەسەڵاتدارانی ئێرانی کە دوای لوبنان، سووریا و دواتر عێراق و لە کۆتایی نۆرەی ئێران دێت. دەسەڵاتدارانی ئێران بەو بڕوایە گەیشتبوون کە شەڕ شتێکی حەتمییە و بۆیە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە دەستپێشخەری باشترین بەرگریە. بۆیە بە جیاتی ئەوەی بە نائامادەیی و لەناکاو تووشی هەڕەشە بین، دەست بە کردەوەی پێشگیرانە ڕووبەڕووی هەڕەشەکە ببنەوە.

لە ناوخۆی ئێراندا تونددڕەوانی رژێم ڕەخنەی تونديان دەگرت لە دیپلۆماسی ڕواڵەتیی (ظاهری) ئێران لە گرتنەبەری دیپلۆماسی نەرم و "تەعامول" لە گەل رۆژاوادا. لێکدانەوەیان ئەوەبوو کە ئەگەر لە کاتی خۆیدا تۆڵەی کوژرانی ئیسماعیل هەنیە بکرایە، ڕەنگە ڕێگری لە مەردنی " حسن نصرالله" دەگیرا. هەڕەشەی پۆتانسیەلی ئێران بە هۆی جبەخانەی مووشەکی و هێزەکانی "نیابەتی"یەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز ببوو و ئیسرائیل یەک سالّ دوای هێرشی تیرۆریستی ۷ی ئۆکتۆبر یەک بە دوای یەک ڕێبەرانی "بەرەی مقاومەی" لە ناو دەبرد و دەرکەوت کە هێرشی سێزدەی نیسانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کاریگەری نەبووە و بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیسرائیل سووتربێت لە سەر سزادانی نەیارانی خۆی. "حزب اللە" یەک کە سەردەمێک قەڵای ئێران دژی ئیسرائیل لە قەڵەم دەدرا لە ماوەی چەند هەفتەدا تا ئاستی لەناو چوون لاواز بوو.

وعده صادق ۲

لە یەکی مانگی ئۆکتۆبر دا سەر ئەنجام ئێران هێرشی تۆڵە ئەستێنی خۆی دەست پێ کرد. ناوەرۆکی ئەو هێرشە لە گەڵ هێرشی سێزدەی نیسان زۆر جیاواز بوو. ئێران ئەمجارە نزیک ۲۰۰ مووشەکی بالستیک کە لە ماوەی چەند خولەک دا دەیانتوانی ئامانجەکانیان لە ئیسرائیل بپێکن. هاوکات ئێران پێشکەوتووترین مووشەکی خۆی واتە "فتاح ۱" بەکار برد. لێکدانەوە سەرەتاییەکان نیشان دەدەن کە هێرشی ئەمجارە خەساری زۆرتریان بە ئیسرائیل گەیاندبێت. لە گەڵ ئەمەش زیانەکانی ئیسرائیل زۆر کەمن و تەنیا کەسێک لە "ئەریحا" کوژرا و دوو کەسیش لە تێل ئاڤیو بریندار بوون.

بەشی دووهەم

کاربەدەستانی ئێرانی لە ئامانجی خۆیان لە هەردوو هێرشەکەی سێزدەی نیسان و یەکی ئۆکتۆبر دا هاوسانی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە دەمیشق و تارانیان ناو برد. بە ئیدعای کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو رژێمە نایهەوێ شەڕ و ململانێ لەوە زیاتر تەشەنە بکات. ئێران هەروەها ئیدعا دەکات کە هێرشی یەکی ئۆکتۆبر لە سەر بنەماکانی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرگری لە خۆ بووە و ئیدعایەک کە ئێران هەوڵی دا لە رێگەی نوێنەری خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا پیداگری لە سەر بکات.

ئێران لە دوو ڕێیانەی ستراتێژیکدا

ستراتێژی ئێران بۆ سازکردنی هێزی ڕێگریکاری (بازدارندگی) لەوانەیە ئاکامی پێچەوانەیی بدات. تەنیا هەڵدانی مووشەک بە شێوەی ئۆتۆماتیک ڕێگرییەکی کاریگەر دروست ناکات. بەڵکوو بەلەبەرچاو گرتنی ئەو پشتیوانیە ناونەتەوەییەی ئیسرائیل بەدەستی هێناوە، ئێران تونتر لە هێرشەکانی مانگی نیسان تۆڵە بکاتەوە. دژکردەوەی ئەو جارەی ئیسرائیل لەوانەیە ببێتە هۆی زیانی گەورەتر و بەرفراوانتری ڕاستەوخۆ بە ئێران. دەست بە جێ دوای هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ سوێندی خوارد کە تۆڵەی توند لە ئێران بکاتەوە و ڕایگەیاند، "ئێران ئەمشەو هەڵەیەکی گەورەی کرد- و باجی ئەوە دەدات. ڕێژیم لە ئێران لە ئیرادەی ئێمە بۆ بەرگریکردن لە خۆمان و تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکانمان تێناگات."

ئیسرائیل چ هێرش بکاتە سەر بنکە ناڤۆکییەکانی ئێران، یا خود پاڵاوتەکانی نەوتی ئێران و ببێتە هۆی گەیاندنی زیانی ئابووری یان بنکەکانی مووشەکی ئێران، دەتوانێت ببێتە هۆی لاوازییەکی بەرچاوی ئێران بێی ئەوەی کە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی دژایەتی بکات. ئیسرائیل ئێستە بە پێی مادەی ٥١ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بەرگری لە خۆی هەیە و هێرشی ئەمجارەی بە ئاشکرا بەواتای لاواز کردنی ئێران نەتەنیا لە باری سەربازی و ئابووری و ناونەتەوەیی دەبێت، بەڵکوو دەبێتە هۆی تراومایەکی دەروونی قوول بۆ هەموو "بەرەی مقاومت."

وا دابنێین ئیسرائیل ناچار بێت باجی ئەو هێرشەی بۆ سەر ئێران بدات. درێژەی بێتوانایی ئێران لە بەرگری شوێندانەر لەر بەرامبەر ئیسرائیل دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی پرۆکسی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچەدا لاواز تر بن. دەتوانین بێژین هێرشی " وعده صادق ٢" بە دەسپێکی مەرگی حزب الله دابنێین. چونکە ئێران ئەمجارە ئەو ڕۆلەیێ بینی کە ئەرکی حزب الله بوو. هێرشی ١ ئۆکتۆبر هەرچەند بەهێزتر لە هێرشی مانگی نیسان بوو، بەڵام نیشانی دا کە بۆ گۆڕینی هاوکێشەی هێز بوونی مووشەکی دوور هاوێژ ڕەنگە بەس نەبێت بۆ هاوسەنگکردنی توانا سەربازییەکانی ئیسرائیل یان تێکەوتن لە

شەڕێکی تەواو و درێژخایەندا.

بەرنامەی ناڤۆکی ئێران بێگومان یەکێک لە پاشخانە کانی بەهێزی بڕیاری هێرشی وعدە صادق ٢ بوو. ئێران وەک وڵاتێک کە لەبەردەم ساز کردنی چەکی ئەتۆمیە، خاوەنی پێکهاتە سەرەکییەکانی چەکی ناڤۆکی بریتی لە مادەی دابەش بوو (fissile material)، شارەزایی تەکنیکی و سیستەمی گەیاندنی دامەزراوەکان بۆ چەکی ئەتۆمییە. سەرەرای ئەوەی ئێران ئیدعا دەکات کە پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئامانجێکی ئاشتی خوازانەی هەیە، بەڵام ئەو وڵاتە ئێستا خاوەنی ئەو پۆتانسیەلەیە کە هەنگاوی کۆتایی بۆ سازکردنی چەکی ئەتۆمی هەڵگرێت. لە گەڵ ئەوانەش نازانرێ داخۆ ئێران بیری لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیلیان کردۆتەوە بۆ سەر بنکەکانی ئەتۆمی کە پڕە لە ئۆرانیۆمی پیتێنراو بە سانتریفۆژی پێشکەوتوو؟

هەڵوێست و هەڵسوکەوتی یەکسانەی رابردووی کاربەدەستانی ئێران نیشان دەدات کە ئێران خێراتر لەوەی ڕۆژاوا بیر دەکاتەوە خەریکی بەرز کردنەوەی ئاستی هێزی ئەتۆمی خۆیانن. رێک لە ڕۆژی ١٠ی خەزەلوەردا بەشێک لە ئەندامانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئێران باسی گۆڕینی دۆکتۆرینی بەرگریی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی دەکرد. ئەم باسانە تەنانەت ئەگەر تەنیا وەک دروشمیش بن، نیشانەی ئەوەیە کە ئێران بەرە بەرە خەریکی ئاشکرا کردنی نیەتی ڕاستەقینەی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ پرۆژەی ئەتۆمییەکەی دایە بۆ ئەوەی لانی کەم لەو ڕێگەیەوە هێزی "بەرگریکاری"خۆی بەرز بکاتەوە.

ئێران جارێ ڕێگەیەکی زۆری ماوە تا ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی خۆی، بۆیە دوور نیە ئیسرائیل ڕێک ئەو دەرفەتە بەکار بێنێت بۆ ئەوەی گوریسی کۆماری ئیسلامی بکاتە ڕیس و ئەزموونی عێراق و سووریا دووپات بکاتەوە. ئەگەر ئێران هەروا بە هێرشی موشەکی خۆی درێژە بدات و ئیسرائیلش هەرجارێ تونددتر لە جاری پێشوو تۆڵە بکاتەوە، لەوانەیە لە درێژخایەندا هەموو هێزی پۆتانسیەلی "ڕێگریکاری" ئێران لە گەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو بکات.

"حزب الله"یش دوای ئەو شکەستە یەک بەدوای یەکەکانی سەرەرای ئەوەی کە هەروا لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت و خاوەنی جبەخانەی گەورەتر بووە لە سوپای لوبنان و زۆر لە وڵاتانی عەرەبیش، لەمەو بەدوا زۆر زەحمەتە بتوانێت سەر هەڵبداتەوە و ببێتە هێزێکی جیددی بەرگریکاری بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

کۆماری ئیسلامی ئێران دوای شکست و لە دەست دانی حزب الله دوو ڕێگەی لە پێشدایە: یان بەڕەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و قبوولْ کردنی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردەیە یا خود هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی سیاسی و وازهێنان لە دروشمی لەناو بردنی ئیسرائیل. بە قسەی ئیسرائیل کاتز وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بۆ خامنەیی" نیابەتییەکانی خۆت هەڵگرە و

لوبنان بەجێ بهێڵە."

دەرفەتێک بۆ بزاڤی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

هێرشی ئێران بۆ سەر ٣ ئیسرائیل، هیچکام لە بنەماکانی مادەی ٥١ مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان پڕ ناکاتەوە:

١- ئیسرائیل دانی پێدا نەهێناوە کە ئیسماعیل هەنیەی کوشتبێت و ئێرانیش هیچ بەڵگەیەکی نیشان نەداوە لە مەڕ کوژرانی هەنیە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە. جیا لەوە هەنیە شارۆندی ئێران نیە، تا ئەو وڵاتە مافی هەبێت بە تۆڵەی کوژرانی میوانە ئازیزەکەی هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی دیکە.

٢- کوژرانی نەسروڵلا لە ڕووی یاسای ناونەتەوەییەوە هیچ پێوەندییەکی بە ئێرانەوە نیە و ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی هێرش بکرێتە سەر وڵاتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان

٣- پاسدار عباس نیلفروشان نە لە باڵیۆزخانە و نەش لە کۆنسۆل و نەش لە سەر خاکی ئێران کوژراوە، بەڵکوو لە کاتی کۆبوونەوە لە گەل تیرۆریستانی حزب الله لە لوبنان کوژراوە.

گەر هەڵومەرجی جیهانی بە هۆی شەڕی ئۆکراین و ڕکەبەری نێوان ئەمریکا و چین نەبوایە، دوور نەبوو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت بڕیارنامەیەک دژی ئێران دەر بکات و هێرشەکانی لەوانەیی ئیسرائیل ڕەوایی ناونەتەوەیی بەدەست بێنن. هێرشەکانی نیسان و ئۆکتۆبری ئێران بۆ سەر ئیسرائیل ناوەرۆکی هێرشکارانە وشەرئەنگێزانەی ئێرانی بۆ کۆمەڵگای جیهانی ئاشکراتری کردووە.

ئێستا کە دەرفەتێک بۆ گۆڕانی هاوسەنگی و پشتیوانی جیهانی بۆ بەڕەو ڕووبوونەوە لە گەل ئێران پێک هاتووە، هێزە کوردیەکان و بزاڤی سیاسی کورد جێی خۆیەتی هەست بە بەرپرسایەتی بکەن بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی گشتگر بۆ ئەوەی بتوانێت بە دیپلۆماسییەکی چالاک و داهێنەرانە ئەو دەرفەتە ناونەتەوەییە بەکار بهێنێت. هەنگاوی یەکەم پێکهێنانی کۆنفرانسی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

ڕێبەری بێ بەرپرسایەتی



عەلی خامنەیی لە ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەرکات بڕیاردان سەخت بێ یان لەوانەیە بەرپرسایەتییەکی بەدواوە بێت، خۆی لە بەرپرسایەتی لا دەدات و ئەو ئەرکە بە کاربەدەستانی دیکە دەسپێرێت. دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بۆ زۆر کەس بووەتە جێی پرسیار داخۆ ئێران وەڵامی هێرشەکەی ئیسرائیل دەداتەوە یا نا؟ بەرلەوە هەموو جارێ خامنەیی هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە و لەگەڵ خاک یەکسانکردنی تەلئاڤیڤ و شارەکانی ئیسرائیلی دەکرد.

دوا بەدوای هێرشی ڕۆژی شەممە ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ بۆ سەر بنکە سەربازی و بەرگریی هەوایی ئێران، ڕێژێمی ئێران سەرەتا هەوڵی دا ڕووداوەکە بچووک نیشان بدات، بۆ ئەوەی ناچار نەبێ وەڵام بداتەوە. بێدەنگیی فەرماندەکانی سپای پاسداران و دەسەڵاتدارانی ڕێژێم لە سەرەتادا و بەتایبەت ڕاگەیاندراوی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دوای ئەو هێرشە ئەم گریمانەیە بەهێز کردبوو کە لەوانەیە ئێران بەتەما نەبێت وەڵامی هێرشەکەی ئیسرائیل بداتەوە و شەڕی ئێران و ئیسرائیل لەو سۆنگەیەوە کۆنترۆل بکرێت.

بەڵام قسەکانی ڕۆژی دواتری خامنەیی بوو بە هۆی خوڵقاندنی کەشی شک و دوودڵی لەنێوان دەسەڵاتدارانی ڕێژێم.

خامنەیی لە قسەکانیدا بە ڕوونی باسی تۆڵەسەندنەوەی لە ئیسرائیل نەکرد. بەڵکوو تۆپەکەی فڕێ دایە مەیدانی "شوڕای بەرزی ئاسایش" و دەوڵەت و بەرپرسایەتی بڕیاردانی بەوان سپارد.

خامنەیی کە لای وانەبوو هەمووان بە قووڵایی زیان و خەسارەکانی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە سەربازییەکانی ئێران دەزانن، وای دانابوو گەر بێت و شوڕای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی (شورای عالی امنیت ملی) ئێران و دەوڵەت بڕیار بدەن وەڵامی ئیسرائیل بدەنەوە و ئێران تووشی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا ببێت. خامنەیی لە داهاتوودا خۆی لەو بەرپرسایەتیە دەپارێزێ و دەڵێ ئەمە بڕیاری بەرپرسان بووە و ئەو هیچ ڕۆڵێکی نەبووە. بەڵام ئەگەر بێت و بڕیارەکە ئەوە بێت کە وەڵام نەدرێتەوە، خامنەیی بە لایەنگرانی تونداژۆی خۆی دەڵێ کە ئەوە دەوڵەتە بڕیار نادات، دەنا من خۆم ئامادەی شەڕی لەنێوبردنی ئیسرائیلم.

خامنەیی وا ڕاهاتوە لە کاتە سەختەکاندا هەمیشە بەرپرسایەتی بخاتە ئەستۆی کاربەدەستان و خۆی بێبەری بکات لە هەڵەکان و بەرپرسایەتییەکان. ئەو بڕیار و بەرپرسایەتییانەی بەبێ مۆڵەتی ئەو هیچکات نادرێن و جێبەجێش ناکرێن.

بەپێی دستووری ئێران بەرپرسایەتیی ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی لەگەڵ وڵاتێکی دیکە بە ئەستۆی ڕێبەری وڵاتە، بەڵام خامنەیی هەوڵی داوە لە هەردوو لاوە مەیدانی کایە بۆخۆی ساز کات و لە بەرپرسایەتی هەڵبێت. خامنەیی پێشتریش ئەو جۆرە کردارانەی لە خۆی نیشان داوە، ساڵی ١٣٩٨ لە سەردەمی سەرۆککۆماری ڕۆحانی دوای ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە هۆی گرانی لەنەکاوی بەنزین کە بوو بە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە خەڵکی ناڕازی، خامنەیی بێبەرییوونی خۆی لەو بوارەدا ڕاگەیاند و گوتی بەرپرسانی دەزگاکانی دەسەڵات ئەو بڕیارەیان داوە. هەمان جۆر لە کرداری لە خۆی نیشان دا کاتێک دۆنالد ترامپ بڕیاری دا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پەیمانی بەرجام دەرکەوێت. ئەوکات خامنەیی وتی کە لە سەرەتادا دژی ئەو پەیمانە بووە بەڵام "بەرپرسان" گوێیان بە هۆشدارییەکانی ئەو نەداوە. لەکاتێکدا هەموو دەزانن هیچ بڕیارێک بەبێ ڕەزامەندی خامنەیی نادرێت و هیچ پەیمانێک بێ ئەرێ کردنی ئەو واژۆ ناکرێت. بەڵە دەسپێکی دەوڵەتی ڕۆحانی لە سەردەمی ئەحمەدی نژاد گفتگۆکانی بەرجام لە سەر بڕیاری خامنەیی بە شاراوە دەستی پێ کردبوو و دواتریش حەسەن ڕۆحانی و محەممەد جەواد زەریف بە مۆڵەتی ئەو لە گەڵ ئەمریکا گفتگۆیان کرد و لە هەموو قۆناغەکانی گفتگۆکاندا ڕاپۆرتیان بە خامنەیی داوە.

نموونەکانی سەرەوە نیشان دەدەن کە چۆن خامنەیی لە کاتە هەستیارەکاندا خۆی لە بەرپرسایەتی دەدزێتەوە و بڕیارە سەختەکان کە لەوانەیە دواتر لە ڕوانگەی ڕژێمەوە سەرکەوتوو نەبن و ئەو بتوانێت بەرپرسانی خۆی سەرکۆنە بکات و خۆی

بەشی دووهەم

بە لایەنگری مافی خەڵک نیشان بدات.

دوای هێرشێ ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبری ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، خامنەیی لە سەرەتادا بە هۆکارێکی گرینگ وبستی خۆی لەو بەرپرسایەتییە دەربـاز بکـات. ئەو کە هەستی بە هێـزی کـاریگەری ئیسـرائیل کـردووە، سـەرەتا بڕیـاردانی لە مەڕ "تـۆڵە ئەستاندنەوە"ی سپارد بە "ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی"، بەڵام کاتێک ئەوەی بـن بەڕە هـاتە سـەر بەڕە و زانـدرا کە ئیسڕائیل چ گورزێکی کوشندەی لە ناوەندە سەربازییەکانی ئێران داوە و مێدیا بیانییەکـان و ناوەنـدە هەواڵگرییەکـان بە بەڵگەوە هەموو وردەکانیان ئاشکرا کرد، جارێکی دیکە هاتەوە پشت تریبوون و ئەمجارەیان هەڕەشەکانی دەست پێ کردەوە. هەڵـبەت خـۆ ئەگەر خـامنەیی بەرەوڕووی ئەو دۆخەش نەبووبـایەوە و بڕیـارەکە لەلایەن شـوڕای بەرزی ئەمنییەتـی میللیـی ئێـرانەوە درابـا، تەوفیرێکی ئەوتـۆی نەدەبـوو. چونکی هەمـوو ئەنـدامانی ئەو شـوڕایەش لەلایەن خودی خـامنەییەوە دیـاری کراون.

لە ئێستادا خامنەیی لە کاتێکدا جارِی شەڕ دەدا و باس لە تۆڵەکردنەوە دەکات، کە خەڵکی ئێران بە تەواوی پشتیان لە کۆماری ئیسلامی کردوە و خامنەیی و ڕێژیمەکەی بە هۆکاری هەموو شەڕ و قەیرانەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانـن و نەک هەر ڕیزەکـانی خۆیـان لە ڕێـژیم جیـا کـردووەتەوە، بەڵکـوو ڕاستەوخۆ لە سـەنگەری دژ بە خـامنەیی و ڕێژیمەکەیدا جێیان گرتوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

بەیاننامەی یادی هۆلۆکۆست: وانەکان لە میژوو و دۆخی نالەباری خەڵکی کوردستان

لە ڕۆژی یادکردنەوەی هۆلۆکۆستدا، بە ڕێزەوە ڕێز لە یادی ئەو ملیۆنان کەسە دەگرین کە لە هۆلۆکۆستدا لە شەڕی جیهانی دووەمدا بوونە قوربانی. ئەم ڕۆژە بیرهێنانەوەیەکی بەهێزە بۆ دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی ڕق و بێبەزەیی و تووندوتیژی سیستماتیکی. هەروەها بانگەوازێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەکردەوە لە بەرامبەر نادادپەروەری و ستەم و ژێنۆسایدە لە هەموو شێوەکانی خۆیدا.

لە کاتێکدا بیر لە وانەکانی هۆلاکۆست دەکرێتەوە، زۆر گرینگە جیهان لە بەرامبەر ئەو زوڵم و چەوساندنەوە سیستماتیک و بەردەوامانەی گەلی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهاندا بەرەوڕووی دەبێت بێ دەنگ نەبێت. بارودۆخی نالەباری خەڵکی کورد لە چوارچێوەی ولاتانی وەک ئێران، تورکیا و سووریا وێکچوونێکی زۆری هەیە لە گەڵ ئەو سەرکەت و ژینۆسایدانەی لە میژوودا دووپات کراونەتەوە. کولتوور، زمان و مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامدا ماونەتەوە و خەڵکی کورد بە شێوەیەکی سیستماتیک لە پەراوێزخراو و تووندوتیژیی بەردەوام دژی خەڵکی کوردستان بووتە ژیانی ڕۆژانەی ئەو خەڵکە.

سەرکوتی سیستماتیکی کورد: ڕابردوو و ئێستا

گەلی کورد لە ئێران بەڕەوڕووی ناپارتایدی سیستماتیکی و سڕینەوەی کولتووری بووە. فەرمانی جیهادی خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩وە بووتە سووتەمەنی ئەو سیاسەتە و هەڕەشە لە مانەوەی کورد دەکرێت. ئەمڕۆ کوردەکان زۆرینەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران پێک دێنن. ڕژیمی ئێرفان بە شێوەیەکی سیستماتیک زمان و کولتووری کوردی سەرکوت دەکات، کورد لە توانای دەربڕینی تەواوەتی شوناس و خودموختاری خۆی بێبەش دەکات.

لە تورکیا گەلی کورد بە هۆی سیاسەتی دەیان ساڵە بە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی کورد کورد کەوتۆتە ژێر چەوسانەوەی تووندەوە. سنووردارکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی، سەرکوتکردنی دەربڕینی کولتووری و هێرشە سەربازییەکان کە باکوور و باشووری کوردستان دەکەنە ئامانج، تیشک دەخاتە سەر هەڵوێستی هەڵاواردنانەی حکومەتی تورکیا. دەوڵەتی تورکیا وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی کورد بۆ مافە بنەڕەتییەکانی سیاسی و کولتووری بە سەرکوت و پەراوێزخستن وەڵام

دەداتەوە.

لە سوریا، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژاڤا، کورد لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ڕووبەڕووی هەڵاواردنی سیستماتیکی ببووە، لەگەڵ لەشکرکێشییە سەربازییەکانی ئەم دواییەدا. کورد لە سوریا ناچار بووە لە پاشخانی ململانێی بەردەوامدا خەبات بکات بۆ مانەوەی خۆی، کە زۆرجار بە هۆی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی لایەنەکان. بە هۆی هەڕەشەکانی تورکیا و دەسەڵاتی نوێی سووریا. هەوڵەکانی خەڵکی کورد بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و گشتگیر لە ڕۆژاڤا لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامدایە.

وانە لە هۆلۆکۆست و بانگەواز بۆ کردەوەی خێرا

هۆلاکۆست بەڵگەیەکە لە شکستی مرۆڤایەتی لە هەڵسوکەوتی دژی ستەم و ژێنۆسایدی سیستماتیک. هەروەها هۆشداربییەکی تونده بۆ بیروڕای جیهانی: بێدەنگی و بێکردەوەیی لە بەرامبەر نادادپەروەریدا ڕێگە بە ڕووداو و بەردەوامی درندەیی دژی مرۆڤایەتی دەدات. دەیان ساڵە گەلی کورد کەوتۆتە ژێر سیاسەتێکەوە بە ئامانجی سڕینەوەی ناسنامەی خۆی و ئینکاری مافە سەرەتاییەکانی.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەرە دان بنێت بەو ستەم و زوڵمانەی گەلی کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەنگاوی کۆنکرێتی بۆ پاراستنی چارەنووسی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بنێت. دانان و ڕوبەڕوبونەوەی پەراوێزخستنی سیستماتیکی گەلی کورد تەنیا بابەتی دادپەروەری نییە بەڵکو هەنگاوێکی چارەنووسسازە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی مێژوو.

بە ڕێزگرتن لە یادی قوربانیانی هۆلاکۆست و پابەندبوون بە وەستانەوە لە دژی هەموو جۆرە ستەمێک، دەتوانین داهاتوویەک بنیات بنێین کە ڕیشەی لە دادپەروەری و یەکسانی و مرۆڤایەتیدا هەبێت.

ناوەندی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (NNRK)

٢٧ی ژانویەی ٢٠٢٥

مۆسیقای کوردی ناخ دەهەژێنێ



نووسەر: کاری سالمینێن(Kari Salminen)

وەرگێڕی بۆ سەر زمانی کوردی: مەجید حەقی

ڕۆژنامەی فینلاندیی Turun Sanomat

هۆڵی ساین سالی (Sign Sali)، ئێوارە کۆنسێرتێکی سەرنجڕاکێشی بەڕێوەبرد کە بۆ مۆسیقای کوردی تەرخان کرابوو. ئەو بەرنامەیە لە ناوجەرگەی جیهانێکدا کە ئەمڕۆ هیچ هەواڵێک لە ئاشتی تێیدا بەدی ناکرێ، تەنیا لە پێناوی ساتێک بۆ هاوپێوەندیی کولتووری و دڵخۆشیی مرۆڤەکان ئامادە کرابوو. بەشداریی ئامادەبووان بۆ وتنەوەی گۆرانییەکان سەرقاڵکردن نەبوو، بەڵکوو بەشێکی جیانەکراوە لە کۆنسێرتەکە بوو.

کۆنسێرتەکە وەرچەخانێک بوو بۆ دیاسپۆرای نەتەوەیەک کە لە چەندین لاوە لە ژێر هێرشدایە. بە ڕوونی، موسیقا بۆ

کوردەکان زۆر گرینگە و لەوانەیە لە ناو هونەرەکاندا گرینگترینیان بێت. مۆسیقا و گۆرانیی کوردی جگە لە ئاهەنگ و گۆرانی و چیرۆکی ڕابردوو، زیندووکردنەوەی جەستەیە.

"دەنگبێژ"، گۆرانیبێژێکی نەریتی و ڕەسەنە. لە ڕاستیدا ئەو کەسێکی ئەوتۆیە کە چیرۆکێک بە گۆرانی دەگێڕێتەوە. بابەتی مەقام و بەستەکان بریتین لە چیرۆکی خۆشەویستی، گێڕانەوەی شەڕی قارەمانان و وەرچەرخانە میژووییەکان کە بەسەرهاتی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کوردن.

دەنگبێژ میراتی زارەکی لەگەڵ کولتوور، بیرەوەری و بایەخەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزێتەوە. گۆرانییەکان پڕ لە سحر و ئاگری سۆزداری مرۆڤە خۆنەویستەکانن.

من لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانیشتبووم. خانمێک لە لادەستی چەپەمەوە بە جلی کوردی و چۆپی بەدەست سەمای دەکرد. لە لای ڕاستەوە پیاوێک لە بەر خۆیەوە بەبێ وشە، گۆرانییەکانی بە میلۆدیی ڕۆژهەڵاتی دووپات دەکردەوە. ئەم دیاردە جوانە تێی گەیاندم کە کوردەکان بەو شێوەیە لەگەڵ مۆسیقادا دەژین. لە ڕاستیدا ئەوان لە نێو مۆسیقاکەدا تواونەتەوە.

دەنگبێژ داب و نەریت و گەلێک سەربردەی سەدەکانی ڕابردوو بە شێوەی زارەکی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. بیسەر ڕاپەڕینەکان، خەباتی ڕزگاریخوازانە و ڕووداوە سیاسی و میژووییەکانی ئەو گەلە لە دووتوێی ئاواز و میلۆدییەکاندا دەبیستێ. تەنانەت گۆڕانکاری و پچران و نووچدانەکان لە وردەکاریی گۆرانییەکاندا بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێن.

مۆسیقای کۆنسێرتەکە بە شێوەیەکی زیاتر ستاتیک و خۆماڵیانە ئامادە کرابوو. ئامێری سێتار، کەمانچە، نایە و دەف بنەمایەکی ئەوتۆیان خوڵقاندبوو کە ئاوازی گۆرانییەکانیان لەگەڵ بگونجێ.

نشتیمانی کوردەکان کە کوردستانە وەک بەشێکە لە وڵاتانی عێراق، ئێران، سووریە و تورکیە. ئەو شێوە دابەشکردنە سەبارەت بەو وڵات و کولتوورە، هەستێکی پڕ لە خەم و حەسرەتی لای من دروست کردووە.

مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی کەشوهەوایەکی هەستبزوێنی هەیە. لە پەیژەی نزمەوە بۆ ناوەڕاست تا دەگاتە چڵەپۆپە، سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لە نێو شەپۆلەکانی مۆسیقا و لە ساتەوەختێکی ئارامدا لە ناکاو میلۆدییەکە بەرز دەبێتەوە و دووبارە دەگەڕێتەوە. جووڵە لە مۆسیقای کوردیدا شەپۆل دەدا.

بەشی دووهەم

قادر ئەڵیاسی، پیاوە بەتەمەنەکە بە شێوەی گۆرانی و ئاواز، چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە. شادی فەتحی، پووپا خۆشڕەوش و مانی خۆشڕەوش یارمەتیی ئەویان دەدا. کەمانچە بنەمای مووزیکی گرووپەکەی دادەنا، سێتار و کەمانچە بەسۆزترین تەکنەوازییان پێشکەش دەکرد. دەفیش ئەو کاتەی کە پێویست بە جووڵە بوو، هەموو هەستەکانی دەبزواند.

بۆم زەحمەتە بێژم ئاوازەکان چەندە عیرفانی بوون، بەڵام هەست دەکەم بەهۆی ئەوەی کە ناوەرۆکیان سەبارەت بە ئەڤین، خۆشەویستی و مێژوو بوون، زۆرتر سروشتی دەکەوتنە بەر گوێ. بە واتایەکی تر بەرهەمگەلێکی نزیک بە هەستی ئەهووراییی بوون. بەرهەمگەلێک کە لە بەر ئەوەی لە ناخی مرۆڤەکاندا ڕۆ دەچوون و ڕۆحیان دەبزواند، ئاراستەی هەوا و میلۆدییەکانیان ڕۆژهەڵاتیتر بە گوێچکەدا دەچڕپاند.

ماوەتەوە بێژم: ئەو ئێوارە کۆنسێرتە کە هەواگەلێکی ستایش ئامێزی لە خۆ گرتبوو، خۆشی و گەشاوەیی بە ژیان دەبەخشی و بوونی شتگەلێکی گەورەتر لە ژیانی ڕۆژانەی بۆ ئێمە لەگەڵ خۆی هێنابوو.

***

نووسەر: کاری سالمینێن(Kari Salminen)

وەرگێڕی بۆ سەر زمانی کوردی: مەجید حەقی

تێبینی:

ئەم کۆنسێرتە ڕۆژی شەممە، ٢٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤ی کوردی بەرامبەر بە ١٩ - ١٠ - ٢٠٢٤ی زایینی لە لایەن کۆمەڵەی کولتووریی ئاڤای شاری تۆرکۆ لە وڵاتی فینلاندەوە ڕێک خرابوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم مانەوەیان لە دەسەڵاتدا لە هەموو شتێک گرینگترە



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

بەهۆی بێئاکامبوونی دانوستانەکانی ئەمریکا لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم، و هەروەها هەوڵە چڕوپڕەکانی ڕێژیم بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، ئیسڕائیل و ئەمریکا لە دریژەپێدان بە دانوستانەکان نائۆمێد بوون، بووە هۆی ئەوەیکە ئیسڕائیل ڕاستەوخۆ فەرمانی هێرش بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیی و نیزامییەکانی ڕێژیم بدات. بەجۆرێک کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم هێرشانە بەردەوامن و تەنانەت تا ئاستێک چوونەتە پێش کە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت. لەم وتوویژەدا لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیار وەکوو: ئایا ئەم شەڕە بە مەبەستی ملکەچکردنی بەرپرسانی باڵای ڕێژیمە بۆ دانوستان، یان ئامانجەکە گۆڕینی ڕێژیمە؟ ئایا ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتوویژ لە ئارادایە؟ لە ئاکامی بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە لە ئێران، ئایا ئیمکانی تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش هەیە؟ داهاتووی ئەم شەڕە چۆن دەبێ؟ و... ڕووبەڕوو دەبینەوە کە "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە وتوویژێکی لەگەڵ د. مەجید حەقی، شرۆڤەکاری سیاسی کردوە.

شەهرام سوبحانی: کاک مەجید بەپێی هێرشە بەربڵاوەکانی ئیسڕائیل بۆ سەر دامەزاوە نیزامیی و ئەتۆمییەکانی ڕێژیم لەم چەند

بەشی دووهەم

ڕۆژەدا، بەڕای بەڕێزتان ئایا ئەم شەڕە بە مەبەستی ملکەچکردنی بەرپرسانی باڵای ڕێژیمە بۆ دانوستان، یان ئامانجەکە گۆڕینی ڕێژیمە؟

د. مەجید حەقی: بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو هێرشانە پێویستە چاوخشاندنێکی خێرا بکرێتە سەر ڕووداوەکانی ناوچەیی و ناونەتەوەیی دوای هێرشی تێرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە لەودا هێزەکانی حەماس بە هێرشێکی بەربڵاو بۆسەر باشووری ئیسرائیل زیاتر لە ١٢٠٠ کەسی بێتاوانیان کوشت. ئەم هێرشە لە ئیسرائیل هاوشێوەی هێرشی"١١ی سێپتامبر" بینراوە و خاڵگۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە سیاسەتی ئەمنییەتی دەوڵەتی ئیسرائیل. بە دوای ئەودا ئیسرائیل نەتەنیا حەماس و غەزەی کردە ئامانجی هێرشەکانی خۆی، بەڵکوو لەنێوبردن و لاوازکردنی هەموو هێزەکانی پێوەندیدار بە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبر بریتی لە ئێران و ئەو هێزانە بوون کە بەناوی "مێحوەری مقاومت" دەناسران. ئیسرائیل هاوکات لەگەڵ شەڕی غەزە چەندین جار هێرشی کردە سەر بنکەکانی ئێران و هێزەکانی سەر بە ئێران لە سووریە و عێراق. دوا بەدوای شکستی حیزبوڵڵا لە لوبنان و بەچۆکداهاتنی حەماس لە غەزە لە دێسەمبری ٢٠٢٤دا حکوومەتی ئەسەد ڕووخا و بەوە ئێران تووشی شکستێکی ستراتێژیک لە ئاستی ناوچەییدا بوو. لەو ماوەیەدا و هەروەها گفتگۆکانی ناوکی نێوان ئەمریکا و ئێران کە بە نێونجیگەری عەمان بەڕێوە دەچوو سەرەڕای هەوڵەکانی ئەمریکا نەیتوانی بە ئاکام بگات. هاوکات لەگەڵ بنبەستی دیپلۆماسی "شوڕای حوکام"ی ڕێکخراوی وزەی ناوکی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە بەپێی ئەو بڕیارنامە ئێران هەموو مەرجەکانی پەیماننامەی "NPT" لەژێرپێناوە و پێتاندنی ئۆرانیۆمی بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لەوەیکە لە بەرجام و "NPT" دا ڕێگەپێدرابوو بەرهەمی هێناوە. شوڕای حوکام لە بڕیارنامەی خۆیدا نیگەرانیی جیددی خۆی لە بوونی بنکەی شاراوەی پێتاندنی ئەتۆم دەربڕی. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ڕێک هەفتەیەک پێش کۆبوونەوەی شوڕای حوککام، ئایەتۆڵڵا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەنێوبردنی ئیسرائیل وەک پەڵەیەکی شێرپەنجەی ناوچەیی چەند بارە کردەوە.

لە هەلومەرجێکی وادا هێرشی لە ناکاوی ڕۆژی سێزدەی ژووئیەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران فرە ڕەهەندە. ئیسرائیل لە ئەنجامی دەیان هێرش بۆ سەر بنکەکانی ناوکی، مووشەکی، و فەرماندەیی هێزەکانی چەکداری ئێرانی تووشی زیان و زەرەرێکی زۆر کردوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرماندەکانی باڵای سوپای تێرۆریستی پاسداران و زانایانی ئەتۆمی لەناو بردوە. هەرچەند کاربەدەستانی باڵای ئیسرائیل بەتایبەت سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بێنیامین نێتانیاهوو ڕایانگەیاندوە کە ئامانجیان ڕووخانی ڕێژیمی ئێران نیە و ئەوە ئەرکی خودی خەڵکی ئێرانە، بەڵام ئەو هێرشە دەتوانێت بەهۆی لاوازبوونی ڕێژیم، دەرفەت بۆ خەڵکی ئێران بڕەخسێنێت کە یەکگرتووانە ئەو ڕێژیمە بڕووخێنن. ئەو هێرشانەی ئیسرائیل درێژەی شەڕێکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە ڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی خۆیەوە بەسەر ئیسرائیلیدا سەپاندوە. بۆیە ئەو هێرشانە هەم تاکتیکین و هەم ستراتێژیک.

ئیسرائیل لە ڕێگەی ئەو هێرشانەوە دەیەهەوێ دوو هەڕەشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر خۆی کەم بکاتەوە:

یەکەم: کۆتایی هێنان بە پڕۆژەی ئەتۆمی ئێران کە مەترسییەکی جیددی و پۆتانسیەلە بۆ سەر مان و نەمانی ئەو ولاتە.

دووهەم: لەنێوبردنی پڕۆژەی مووشکە دوورهاوێژەکانی ڕێژیم. چونکە لە ڕاستیدا ئیسرائیل دەیەهەوێ توانایی بەرگری ئێران بە ڕادەیەک لاواز بکات کە ناچاربێت بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ بۆ قبوولکردنی مەرجەکانی ئەمریکا. ئەگەر ئێران کە تا ئێستا لە هەموو بوارێکەوە شکستی خواردووە ئەو مەرجە قبوول نەکات، لەوانەیە گۆڕینی ڕێژیم و کوشتنی ڕێبەرانی سیاسیی ڕێژیم بکرێتە بەرنامەی داهاتووی ئیسرائیل.

شەهرام سوبحانی: ڕێژیمی ئێران هەڕەشەی کشانەوەی لە "NPT" پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدان بە چەکە ئەتۆمییەکان کردووە، ئایا ئەم هەنگاوەی ڕێژیم ڕێگا خۆشکەر نیە بۆ ئەوەیکە ئەمریکا و ئوروپا بە ئاشکرا هێرش بکەنە سەر ڕێژیم و لەنێوی ببن؟

د. مەجید حەقی: پەیمانی NPT (پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ناوکی) یەکێک لە بنەماکانی سەرەکیی سیستەمی ئاسایشی جیهانییە لە بواری وزەی ئەتۆمیدا کە سێ بنەمای سەرەکی هەیە کە بریتین لە بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی، داماڵینی چەک و بەکارهێنانی ئاشتییانەی وزەی ئەتۆمی. بەڵام لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا پرسی ئەتۆمی ئێران چەندین جار ناوەندی ناکۆکی نێودەوڵەتییەکان بووە. ئێران وەک وڵاتێکی واژۆکاری ئەو پەیماننامەیە، بەڵێندارە کە بەدوای چەکی ناقۆکی دا نەڕوات و چالاکییەکانی خۆی لەژێر چاوەدێری ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ناوکی بەڕێوە ببات. هیچ وڵاتێکی جیهان نیە کە ئامانجی سەربازی نەبێت و پیتاندنی ئۆرانیۆمی خۆی تا ئاستی ٦٠٪ بەرز بکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژی بەسەرکارهاتنی ئەو ڕێژیمە، کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی لەنێو بردنی ئیسرائیلی کردوە و لە شاری تاراندا ڕۆژ ژمێری لەناوچوونی ئیسرائیلی چەقاندوە. ئەمەش لە ڕاستیدا یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکانی ئیسرائیل بوو بۆ هێرش بۆ سەر ئێران. دوا بە دوای دەرچوونی بڕیارنامەی شورای حوکام، ئێران ئەو هەڕەشەیەی دووپات کردەوە. ئێستا دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێژیم پێی وایە بەو هەڕەشەیە دەتوانێت پاشەکشە بە ئیسرائیل و ئەمریکا بکات. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: ئەگەر ئێران بەڕاستی بیەهەوێ لە NPT دەرکەوێت، چی ڕوو دەدات؟! لەوانەیە لە ڕوانگەی "مافی نێونەتەوەییەوە" دەرکەوتن لە NPT بە "پێشێلکردنی یاسا" دانەندرێ.

بەشی دووهەم

بەڵام لە جیهانێکدا کە لە سەر بنەمای ڕیئال پۆلیتیک بەڕێوە دەچێت دەرکەوتنی ئێران لەو پەیمانە دەتوانێت چەندین دەرئەنجامی هەبێت:

- ڕەوایی نێونەتەوەیی بۆ هێرشی هێزە هاوپەیمانەکان بەتایبەت ئەمریکا بۆ سەر ئێران.

- ڕەوایی سیاسی و گوشاری بیروڕای گشتی. چونکی لە ئەگەری دەرکەوتنی ئێران لە NPT لەوانەیە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان خێراتر بڕیاری مکانیزمی ماشە (Snapback) چالاک بکات و وەک چۆن بۆ عێراق لە دەیەی ١٩٩٠ مۆڵەتی ئەوە بدات بە هێزەکانی هاوپەیمان هێرش بکەنە سەر ئێران. هەرچەند لەوانەیە ڕووسیە و چین دژی ئەو بڕیارنامەیە بن، بەڵام ڕەوایی سیاسی بۆ تەریککەوتنی ئێران زۆرتر لە هەمووکات دەبێت.

- لە هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکی ئێستا، یەکیەتیی ئەمریکا و ئوروپا دەتوانن کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە جاران تەریک بکەن و هەموو دەروازەکانی پێوەندییە ئابووریەکانی لەگەڵ جیهانی ئازاد داخەن.

شەهرام سوبحانی: بەپێی ئەو بارودۆخە پڕ ئاڵۆزەی کە ئێستا ئێران و ناوچەکەی گرتۆتەوە، ئایا ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ لە ئارادایە؟

د. مەجید حەقی: بەڵێ، ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ هەیە، بە مەرجێک ئێران مەرجەکانی ئەمریکا بۆ وتووێژ قبووڵ بکات. لەو هەلومەرجەدا بەهۆی ئەوەیکە ئێران لە لاوازترین دۆخی خۆی دایە ناچارە نەتەنیا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی مووشەکی و هێزەکانی پرۆکسی خۆی گفتگۆ بکات. کەوابوو ئێران دەبێ واز لە پیتاندنی ئەتۆمی لە نێوخۆی ئێراندا بێنێت. مووشەکە دوورهاوێژەکانی خۆی لەناو ببات و مەودایان کورت بکاتەوە. ئێران دەبێ واز لە هێزە نیابەتییەکان بێنێت و دەست تێوەردان نەکات لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچە و هەڕەشە لە ئیسرائیل نەکات. لە وەها دۆخێکدا لەوانەیە ڕێگەی دیپلۆماسی دووبارە دەست پێ بکرێتەوە.

شەهرام سوبحانی: ئیسرائیل بە فەرمی ڕایگەیاند: کە خەڵکی ئێران خۆیان لە شوێنە نیزامییەکانی ڕێژیم بە دوور بگرن و تەنانەت باسی ئەوەش کرا کە تاران چۆڵ بکەن، ئایا ئەم پەیامە بە واتای بەرینبوونەوەی شەڕەکە نییە؟

د. مەجید حەقی: بەڵێ، ئەم هۆشداریە دەبێ وەک نیشانەیەکی ڕوونی پەرەسەندنی شەڕەکە ببیندرێت، بەتایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە مووشەکی باڵستیک و فرۆکە بێفرۆکەوانەکان هێرش دەکاتە سەر شوێنە نیشتەجێیەکانی ئیسرائیل لەوانە تەلاڤیڤ و حەیفا. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل کوژراون و سەدان کەسیش بریندار بوون. ئەم هێرشانە سنوورەکانی شەڕی بەزاندووە و زیانی

بەشی دووهەم

ڕاستەخۆی بە خەڵکی ئاسایی و مەدەنی گەیاندووە. لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا، ئیسرائیل هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوەندە مووشەکییەکان و ئەتۆمییەکان، بنکە سەربازی و ئابووریەکان و بەڵکوو هۆشداری داوە کە دوور بکەون لە بنکە نیزامی، پادگانەکان و پایگا مووشەکییەکان و تەنانەت ناوندە توێژینەوەکانی سەربازی و تەکنۆلۆژی سەربازی. ئەم ئاگادار کردنەوە لە ئەدەبیاتی سەربازی و "حقوق جنگ" بە واتای ئامادە سازی بیروڕای گشتییە بۆ دەستپێکی قۆناغێکی قووڵتر و تووندتری شەڕەکان کە دەتوانێت ناوەندە ستراتێژیکەکانی ڕێژیم لە قووڵایی خاکی ئێران و لەناو شارەکان بکاتە ئامانج. بەوە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی کوژرانی کەسانی مەدەنی لە ئێران دەکەوێتە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەهۆی ئەوەیکە بنکە سەربازییەکانی خۆی لەناو خەڵکدا ساز کردووە.

شەهرام سوبحانی: پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، لە ئاکامی بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە لە ئێران، ئایا ئیمکانی تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش هەیە؟

د. مەجید حەقی: بە دڵنیاییەوە ئەگەری تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش لەو شەڕەدا هەیە. ئەمریکا تا ئێستا ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕەکەدا نەکردووە، هەرچەند پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماتیکی کردووە لە هێرشەکانی ئیسرائیل. وڵاتانی ئوروپایی خوازیاری نێونجی گەرین. بەڵام ئەگەر بێت و ئێران ئامادە نەبێت بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ و هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو لەوانەیە هەم ئەمریکا و هەمیش وڵاتانی کەنداو و تەنانەت وڵاتانی ئوروپاییش بگلێنە نێو شەڕەکە.

شەهرام سوبحانی: کاک مەجید بەم پرسیارە کۆتایی بە وتوویژەکە دێنم، ئەوەیش ئەوەیە کە داهاتووی ئەم شەڕە چۆن دەبینن؟

د. مەجید حەقی: لە ڕاستیدا داهاتووی ئەم شەڕە گرێدراوە بە بڕیارەکانی ئەکتەرە سەرەکییاکەنی ناوچە و لە هەمووان گرینتر بڕیاری خامنەیی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران مانەوەی ڕێژیم لە هەموو شتێک گرینگترە، بۆیە بە دووری نازانم ڕێژیم بەرلەوەیکە تووشی بەرفراوانتر بوونی شەڕ و بەشداری وڵاتانی دیکە بێت، بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ و مەرجەکانی ڕۆژاوا قبوڵ بکات. هەڵبەت ئەگەر زۆر درەنگ نەبووبێت.

شەهرام سوبحانی: کاک مەجید سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن.

د. مەجید حەقی: سپاس بۆ جەنابیشتان، ئێوەش ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

دوای سێ ساڵ، لە دروشمەوە بۆ ستراتیژی



سێ ساڵ لەو ڕۆژەوە کە ناوی ژینا ئەمینی بوو بە ئاڵای "ژن، ژیان، ئازادی" تێپەڕ دەبێت. سێ ساڵێک کە بە ڕادەی یەک نەوە، زمانی سیاسی و ئەخلاقی گشتی جێبەجێ بووە. ئەمڕۆ ئەگەر ڕاستگۆ بین، ئێمە جارێ لە دەستپێکی هەنگاوەکانی یەکەمی یەکگرتوویی نەتەوەیین. ئەمڕۆ ئیتر پرسیاری سەرەکی "ڕادە و چڕی ناڕەزایەتییەکان" نیە، بەڵکوو پرسیارەکە ئەمەیە داخۆ دەتوانین سەرمایە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو جووڵانەوەیە بگۆڕینەوە بە ستراتیژییەکی پێوانەدار، پایەدار و خۆڕاگر لەهەمبەر سەرکوتەکاندا؟

لە مانگەکانی سەرەتایی شۆڕشی ژینادا، هێزەکانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوئاهەنگییەکی بەرچاو دەرکەوتن و هاوکات بۆ یەکەمجار ئیرادەی خەڵکی کوردستان سنووردارەکانی تێپەڕ کرد و بوو بە ئیرادە و ویستی هاوبەشی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش. ساتێکی دەگمەن لە "وێگگەیشتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی". بەڵام بەردەوام نەبوو. ئەو مشتومڕانەی کە لە دەق و جارنامەکانی وەک "مەنشووری جۆرج تاون"ەوە سەریان هەڵدا، هەروەها نەبوونی "پرۆژەیەکی یەکگرتوویی نشتیمانی و ئاڵتێرناتیڤێکی ڕوون" کە بتوانێت هێزەکانی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران لە دەوری کەمترین ویستە هاوبەشەکان یەک بخات، ئەو یەکگرتووە سەرەتاییەی لەبار برد. ماشێنی سەرکوتی ڕێژیمی ئێران – بە کوشتن و گرتنی بەکۆمەڵ و لەسێدارەدان – توانای شەقامی سەرکوت کرد و لە بۆشایی بەرنامەیەکی هاوبەشدا بەجیاتی ڕەخنە لەخۆگرتن و وردبینی

ناوخۆیی و فێربوونی بەکۆمەڵ، سووڕی لۆمەکردن، تاوانبارکردن و دژایەتیکردنی یەکتر دەستی پێ کرد. ئەو درزانەی کە سەرمایەکانی کۆمەڵایەتییان کەم کردەوە و ڕێگەی وێگەیشتوویی و هاوپەیمانی واتادارەکانیان قوڕس کرد.

لەگەڵ ئەمەش دەبێ شۆڕشی "ژینا" وەک شۆڕشی شوناسخوازی نوێ لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ببیندرێت، شۆڕشێک کە ژن لە پەراوێزەوە هاتە نێو بەستێنی سیاسی و زمانی یەکسانی و بەداخوازی مافی دیاریکردنی چارەنووس، دادپەروەری و کەرامەتی ئینسانییەوە گرێدا و لە نەوەی زێدەوە (Z) بگرە تا ئالفا (Alpha) بە کەرەسەی گێڕانەوە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێنایە سەر شانۆی شۆێندانەری. ئەم سەرمایە هێمایی، ڕەمزی و فەرهەنگییە ئەگەر بە ڕێبەری ستراتێژیک نەبەسترێتەوە وردە وردە بڵاو دەبێتەوە. ڕێبەری ستراتێژیک بەواتای گواستنەوەی "وزەی کاردانەوە" بەرەو "بنیاتنانی ئامانجی دیاریکراو، ڕێگە و پێوانەکردن". واتە بنیاتنانی دامەزراوەی سووک و چالاک کە بتوانێت جیاوازییەکان بەڕێوە ببات، فێربوونی بەکۆمەڵ چالاک بکات و تێچووی بەشداریکردن لە خەباتدا کەم بکاتەوە.

ئاسۆی دەرەکییش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە. لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ تا شەڕی دوانزدە ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل و دواتر چالاکبوونی "مکانیزمی پەلاپیتکە" لە دۆسییەی ئەتۆمی ئێراندا، ژینگەی سیاسی ناوچە وەگەڕتر (سیاڵ) و مەترسیدارتر بووە. ئەم وەگەڕخستنە هەم دەرفەتە، هەم هەڕەشە بۆ خەڵکی کوردستان. دەرفەتە، چونکە هاوپەیمانییە گۆڕاوەکان دەتوانن دەروازەیەکی نوێ بکەنەوە بۆ بیستنی دەنگی کورد و کورد ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر. هەڕەشەیە، چونکە هەر هەڵسەنگاندنێکی هەڵە دەتوانێت بزاڤی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بکاتە ئامرازێک بۆ ڕەکەبەری زلهێزەکان. هونەری ڕێبەریی ستراتێژیک لە دۆخێکی وادا "سیاسەتی سیناریۆ"یە. وێناکردن و خۆئامادە کردن بۆ چەندین ڕێگەیەکی ئەگەری – چڕکردنەوەی سەرکوتەوە تا کرانەوەی سنووردار و هاوپەیمانی لەوانەیی – بە هێڵی سووری ڕوون و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی.

خاڵی دەستپێک بریتییە لە: نووسینی "قوتبنمایەکی ستراتێژی": ئاسۆیەک کە لەودا ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێمن و ئارام، یەکسان و لەسەر بنەمای پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی وێنا بکات. ئەرکێک کە ئامانجی گۆڕینی سەرمایەی ئەخلاقی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، و بەرەو ئامانجێکی هاوبەش و خاوەنی پرۆژەیەک بێت کە هەنگاو بە هەنگاو ڕێگەکە ڕوون دەکاتەوە: لە واتاسازی چەمکەکانی هاوبەشەوە بگرە تا دەگاتە هاوپەیمانی فرە ئاستی و بەستەیەکی لانیکەمیی سیاسیی هاوبەش، بنیاتنانی دامەزراوەی چالاک، دیپلۆماسی یەکگرتوو و مافتەوەر و دواجار خۆڕاگری لە بەرانبەر لێکدابڕان و هێرش و سەرکوتەکاندا. ئاسۆ بە بێ دیاریکردنی ئەرک و ستراتێژی، دەبێتە دروشمێکی ئاواڵە. ئەرکیش (ماموریت) بەبێ تیۆریی گۆڕانکاری زۆرتر وەک چالاکی پرشوبڵاوی و بێ ئامانج دەچێت.

بەڕاستی مەبەست لە "پرۆژەی هاوبەش" چیە؟ بە زمانێکی سادە، "پرۆگرامێکی لانیکەمیی پێوانەدار" کە بتوانێت زۆرترین کۆدەنگی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها هاوپەیمانەکانی دیکەی پشتیوانی دۆزی کورد بدۆزێتەوە: ١. مافی مرۆڤ و ئاسایش-پاراستنی یاسایی بۆ زیندانییان و خێزانەکانیان، پێشگرتن لە تووندوتیژی، پرۆتۆکۆلی ئاسایشی دیجیتاڵی، بەتایبەت لەنێو ڕێزەکانی هێزە سیاسییەکان لە کەشی مەجازیدا. ٢. یەکسانیی مافی سیاسی-کولتووری و فۆرمەکانی پێشکەوتووی مافی دیاریکردنی چارەنووس، گەرەنتیکردنی زمان، کولتوور و دەسەڵاتی بەرپرس و وڵامدەرەوە. ٣. گەشەپێدانی دادپەروەرانەی نەخشەڕێگەیەکی قۆناغبەندی کراو بۆ دامەزراندن، پەروەردە و تەندروستی و پاراستنی ژینگەی کوردستان ٤. دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دادپەروەریی گواستنەوە (عدالت انتقالی)، بەڵگەیی کردن و تۆماری سیستماتیکی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دژی نەتەوەی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی جیهانی مافی مرۆڤ. پەکێجێکی لەو شێوەیە بە جیاتی حاشاکردن لە جیاوازییەکان، لەسەر لانیکەمەکانی هاوبەش پێداگری دەکات، زمانی "ماف" (حقوق) دەبێتە پردێک لە نێوان ناسنامە و سیاسەتی گشتیدا.

ئەم بەرنامەیە بەبێ بنیاتنانی دامەزراوەکانی جیددی، زۆرتر دەبێتە ئینشایەکی سەر کاغەز. پێشنیارێکی کردەوەیی بریتییە لە: پێکهێنانی "ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ستراتیژیک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان". ئەنجومەنێک کە پێکهاتەیەک بێت لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و پشکێکی پابەندکەر بۆ ژنان و گەنجان. شوێنێک کە خاوەنی بنەما و ڕێوشوێنی دروستی بڕیاردان، چارەسەری ناکۆکییەکان و گەڕانی شەفافی زانیارییەکانی نێوخۆیی بێت. شانبەشانی ئەمە پێویست بە "ژوورێکی فەرماندەیی هاوبەش" دەکات: یەکەیەکی چالاک بۆ هاوئاهەنگی چالاکییەکانی مێدیایی، یاسایی و داکۆکیکردن، بەڕێوەبەری قەیرانەکان و وڵامدانەوەی خێرا بۆ ڕووداوەکان. ئەم دوو دامەزراوە، ئەگەر لەگەڵ "کۆمیتەیەکی پێوانەکردن و فێربوون" هاوڕێ بکرێن، بۆ ئەوەی لە هەر هەنگاوێکدا هەڵسەنگاندنی دروست ئەنجام بدەن و ئەگەر پێویست بێت، گۆڕانکاری پێک بێنن و کەس سەنتری بگۆڕدرێت بە دەزگا (یاسا) سەنتەری.

ڕێبەریی ستراتیژیک هەروەها پێویستی بە "نەخشەی لایەنە پێوەندیدارە"کانیش هەیە. لەنێو ڕیزەکانی نەتەوەییدا لە حیزبەکانەوە بگرە تا ڕێکخراو و ئەنجومەنە مەدەنییەکانی ژنان، لاوان، سەندیکاکان، تۆڕەکانی فەرهەنگی و ژینگەپارێزی، هەموویان دەبێ لە بنیاتنانەوەی هاوپەیمانی بەشدار بکرێن. لە دەرەوەی کوردیش پێوەندی ستراتیژیک لەگەڵ هێزەکانی نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای سیاسی ئێران وەک بەلووچ، گەلی عەرەب، تورکمان، ئازەربایجان، گیلەکی و... هتد، لەسەر بنەمای مافی یەکسان، کەرامەتی مرۆڤی و مافی دیاریکردنی چارەنووس پێویستییەکی جیددیە. دیاسپۆرا دەبێ لە ڕۆڵی لۆجیستیکی و چاوەدێری بێدەنگەوە بەرە و "پێشڕەوێکی سازماندراو" بەرز بکرێتەوە. دانانی سندۆقێکی شەفافی پشتیوانی بۆ خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیپلۆماسی و نوێنەرایەتی فرەزمان، تۆڕی کارناس و پسپۆڕان لە بوارەکانی ئابووری،

پەروەردە، تەندروستی، مافناسی، دیپلۆماسی و پارلەمانی و مەدەنی ئامانجدار پۆتانسییەلەکانی خەڵکی کورد شکڵی ماددیان پێ دەبەخشێت.

ئاڵقەی تەواوکەری ئەو بنیاتە "ستراتیژیی پێوەندییەکان"ە. تا کاتێک کە گێڕانەوەکان پڕشوبڵاو و دژکردەوەیی بن، سیاسەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەسەر کاری بە بەرنامە زاڵ دەبێت. دەبێ چوارچێوەیەکی یەکگرتووانە پێک بێت کە بتوانێت "ژن، ژیان ئازادی" بە زمانی سیاسەتی گشتی شی بکاتەوە: "ئاسایش و ئەمنییەتی ئینسانی، یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووس". ئەمەش بەواتای پێویستی مێدیایەکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵنامەی بە نێوەڕۆک، پاکێجەکانی بابەتیانەی ڕێکوپێکی وەشان و ناوەندێکی خێرا و وڵامدەرەوەی ڕاگەیاندن دەتوانێت پێشی گۆترە و لاوازی پێوەندییەکانمان بگرێت. لەو نێوەدا ئەخلاقی دەربڕین دوو هێندە گرنگە. خۆپاراستن لە زمانی دژایەتی و سادەکردنەوەی مەترسیداری بابەتەکان، مەرجی پاراستنی متمانەی چیرۆکی نەتەوەییمانە.

بەشێک کە زۆر کەمتر لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیدا باس دەکرێت، بەڵام بەشێکی گرنگ و چارەنووسازی ڕێبەری ستراتیژیکە، ستراتیژی "تواناسازی و پەروەردەی جێنشین"ەکانە. دەبێ ڕاهێنان و پەروەردەی چڕ ڕێک بخرێت بۆ فێربوونی دانوستاندن، چارەسەری ناکۆکییەکان، ئەمنییەتی دیجیتاڵی، یاسای نێودەوڵەتی و پێوەندییەکان لە کاتی قەیراندا و لەو پێوەندیانەدا کادری پێویست پەروەردە بکرێت. هاوکات ناسین و دەستنیشانکردنی نەوەی نوێ ڕێبەران، بەتایبەت لاوان و ژنان و بەشداری ڕاستەوخۆ و کاریگەرییان لە ڕێبەریی و پرۆسەی بڕیاردانداء لە حاڵەتی ویترینی تێپەڕ دەبێت و دەبێتە نۆرم. هەروەها دەبێ تۆڕی پسپۆڕان و شارەزایان پێک بێت بۆ "ئامۆژگاری و پێشنیاری داڕشتنی سیاسی" و بەرهەمهێنانی نێوەڕۆک بە مەبەستی لکاندنی گێڕانەوەی ناسنامە و سیاسەتی گشتیی لە کردەوەدا.

لە ئاستی کردەوەدا، ناکرێت "هەڵسەنگاندن و پێوان" لەبیر بکرێت. نموونەیەک لە دانانی ئامانجی یەکسانە: سەقامگیرکردنی ئەنجومەنی ستراتیژیک و ژووری فەرمان لەگەڵ مەنشووری حوکمڕانی و کۆبوونەوەی وەرزی، بەرهەمهێنانی پاکێجی پەیامی چەند زمانە، یادداشتی هاوبەشی سیاسی، کۆبوونەوەی مێدیایی/ئاکادیمی، دامەزراندنی بانکی زانیاری بەڵگەدار بۆ مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی پارێزەرانی بە ئەزموون. ئەمانە دروشم نین، شتێک نین تەنیا دەوڵەتەکان بکەن. ئەمانە ئامرازی فێربوونی ڕێکخراوەیین و ڕێگری دەکەن لە گۆڕینی کاری پرۆژە بنەما بۆ هێندێک دروشم و چالاکی گشتی بێ ئامانج.

لە کۆتاییدا هەمووی ئەوانەی لە پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان وترا، پەیوەندی هەیە بە

بەشی دووهەم

نەتەوەکان و هێزەکانی دیکەی ئێران. ڕێبەریی ستراتیژیک ئەگەر خوازیاری ئەوەیە کە ئیرادەی نەتەوەی کورد ببێتە "هێزێکی مێژوویی" دەبێ ئاسۆیەکی مافتەوەر و لەسەر بنەمای پاراستنی شکۆی مرۆڤ بۆ لایەنەکانی دیکە پێشنیار بکات کە بۆ بەرگری ببێت. لە شکڵەکانی جۆراوجۆری مافی چارەنووسەوە بگرە – سەربەخۆیی، فیدراڵیزمی فرەنەتەوەیی تا شێوازەکانی پێشکەوتووی خۆبەڕێوەبەری کە بتوانێت شوناسی نەتەوەیی، زمانی و کولتووری نەتەوەکان بپارێزێت. نەزمێکی وا کاتێک پایەدار و مومکینە کە پارەسەنگی هێز لە بەرژەوەندی نەتەوەکانی بندەستدا بێت و ئەمەش پێویستی بە گفتگۆ و دیالۆگی پشوودرێژانە و پەیمانێکی سیاسی ئەخلاق بنەما هەیە.


ئێستا کاتی ئەوەیە بگەڕێینەوە سەر پرسیاری سەرەتایی: داخۆ ڕێبەرانی نەتەوەی کورد دەتوانن لەو پەنجەرەیە دەرفەتەی کە ئێستا بۆ نەتەوەکەمان کراوەتەوە کەلک وەرگرن و ببنە ئەکتەری دیاریکەر لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟ ولاّمەکە زۆر ڕوونە" بەڵێ! ئەگەر ئاسۆ و ئەرکێکی یەکگرتوو دابڕێژرێت و بە ئاشکرا و هاوبەش ڕابگەیەنرێت؛ ئەگەر ئەنجومەنی بەڕێوەبەری و ژووری فەرماندەیی بە ڕیسای ڕوون و بەشداری ڕاستەقینەی ژنان و لاوان پێک بهێنرێت، ئەگەر بەرنامەیەکی لانیکەمی سیاسەتی هاوبەشی پێوانەدار ببێتە تەوەری هاوپەیمانییەکان؛ ئەگەر دیپلۆماسی گشتی و یاسایی پیشەیی، فرەزمانی و دایتا - بنەما ڕەچاو بکرێت، ئەگەر خۆئامادەکردن بۆ سناریۆ جۆراوجۆرەکان و هێڵە سوورەکانی ڕەفتاری دەرەکی ڕێک بخرێن، ئەگەر ئەخلاقی کرداری، شەفافییەت و ولاّمدەری ببێتە خووی ڕۆژانەمان، و ئەگەر پێوانەکردن جێگەی دروشمدان بگرێتەوە.

سێ ساڵ دوای "ژن، ژیان، ئازادی" ئێمە جارێ لە هەنگاوەکانی یەکەمی وێگگەیشتنی نەتەوەیین. بەڵام هەر ئەو یەکەم هەنگاوە دەتوانێت ببێتە "هەنگاوی بنیاتنانەوە"؛ هەنگاوێک کە ئازارەکانی هاوبەشی ڕابردوومان بە داهاتووی هاوبەشمان گرێ بدات و ئیرادەی نەتەوەی کورد ئەمجارەیان بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و ولاّمدەرەوە، لەگەڵ ئیرادەی گەلانی دیکە هاوتەریب بکات.

ئامانج دابەزاندنی ویستی نەتەوەیی نیە، بەڵکوو بەرزکردنەوەی کوالیتی ستراتیژیکە. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئازادی لە خەونەوە دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە ئەزموونێکی نزیک لە ژیانی ڕۆژانە. ئەزموونێک کە تێیدا "ژن، ژیان، ئازادی" تەنیا دروشم نیە، بەڵکوو پێوانەیەک دەبێت بۆ هەموو سیاسەت و دەسەڵاتێک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی خەرمانانی ٢٧٢٥

د. قاسملوو، کوردبوون و ئێرانیبوون



پرسیارێک کە تا ئێستا زۆر کەس کردوویانە و لێرە و لەوێش دەگوترێ دەکەمە دەروازەی کردنەوەی باسێک: دکتۆر قاسملوو کە بڕوای بە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" هەبوو و خۆی لە هەموو ئێرانییەک بە ئێرانیتر دەزانی، داخۆ ئەگەر ئەمڕۆ زیندوو بوایە، ئەم دروشمانەی ئێستای کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەک فیدڕالیزم، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت سەربەخۆیی بۆی قبووڵ دەکرا؟

ولاّمەکەی ڕوونە: بەڵێ! چونکی بۆ دکتۆر قاسملوو پرسی نەتەوەیی پرسێکی نەگۆڕ و ڕاوەستاو نەبوو، بگرە پرسێکی سیاسیی زیندوو و لە حاڵی گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامدا بوو. قاسملوو ڕێبەرێکی ئاسۆبین بوو؛ مرۆڤێک نەبوو لە قاوغی دروشمێکی سەردەمی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵکوو بۆ دواڕۆژ خاوەنی بەرنامە و پرۆژەی ستراتیژیی گەورەتر بوو.

"کوردستان و کورد"، تێزی دکتۆراکەی دکتۆر قاسملوو باشترین بەڵگە بۆ ئەوەیە. ئەم تێزە لە دەیەی ١٩٦٠دا نووسراوە؛ سەردەمێک کە جیهان لە گەرمەی شەڕی ساردا بوو و دکتۆر قاسملووش خۆی لە چێکۆسلۆڤاکیا دەژیا، ولاّتێکی سۆسیالیستیی سەر بە پەیمانی وەرشۆ و لەژێر هێژمۆنی و سێبەری تۆندی یەکیەتیی سۆڤیەتدا. لەو سەردەمەدا کە بلۆکبەندییەکان ڕێگەیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی دەوڵەتاندا نەدەدا، قاسملوو لەو کتێبەدا پێشنیاری "کۆنفدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" دەکات، بە شێوەیەک کە فیدراسیۆنی کوردستان ببێتە بەشێک لەو یەکیەتییە گەورەیە؛ شتێک

هاوشێوەی ئەم مۆدێلەی "یەکیەتیی ئوروپا"ی ئەمڕۆ. ئەمە پێمان دەڵێت کە لە ڕوانگەی تیۆریی پێکهاتەی دەسەڵاتەوە، قاسملوو هەر لەو سەردەمەوە لە سێبەری "خودموختاری" تێپەڕیبوو و لە ئاستی ستراتیژیدا بیری لە مۆدێلی باڵاتری وەک فیدرالیزم و کۆنفدراسیۆن دەکردەوە.

لە زانستی سیاسیدا، خودموختاری مۆدێلێکی ناوەندتەوەرە کە تێیدا دەسەڵاتی سەرەکی لای ناوەندە و بەشێک لەو دەسەڵاتە بۆ گرووپێک - نەتەوەیی، ئایینی، ئیداری - جێ دەهێڵێت. بەڵام فیدرالیزم و کۆنفدراسیۆن لەسەر بنەمای هاوبەشیی لە سەروەریدا بونیاد دەنرێن. قاسملوو چل ساڵ پێش گەشەکردنی ئەم چەمکانە لە ناوچەکەدا، لەو پێویستییەی گۆڕانی پێکهاتەی هێز گەیشتبوو و چارەسەریشی بۆی هەبوو.

دوای ئەوەی دکتۆر قاسملوو بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی ١٨ ساڵ سکرتێریی خۆیدا، ستراتیژیەتێکی پشتبەستوو بە "کۆنگرە بە کۆنگرە نوێکەرایی" لەنێو حیزبدا پەیڕەو کرد. لە ڕوانگەی تیۆریی پەرەسەندنی سیاسییەوە، حیزب و ڕێکخراوەکان ئەگەر توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی سەردەمدا نەبێت، تووشی چەقبەستوویی و مەرگی سیاسی دەبن و قاسملوو ئەمەی باش دەزانی.

گرنگترین هەنگاوی ئەو لەم قۆناغەدا ئەوە بوو حیزبی دێموکرات و پرسی کوردی لە حیزبی تووەی ئێران جیا کردەوە و سەربەخۆیی سیاسیی ئەو حیزبەی مسۆگەر کرد. ئەمە تەنیا گۆڕانکارییەکی تەشکیلاتی نەبوو، بگرە لە ڕووی تیۆرییەوە بە واتای جیاکردنەوەی پرسی کورد بوو لە پرسی گشتیی ئێران. ئەو سەلماندی کە پرسی نەتەوەیی کوردستان دۆسیەیەکی تایبەت و سەربەخۆیە و نابێت بکرێتە پاشکۆی کێشە نێوخۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یان ناوەند.

هەر لەم ڕەوتی نوێگەراییەدا، ئەو لە پێوەندی لەگەڵ دواڕۆژی کوردستاندا پێشنیاری مۆدێلی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"ی کرد. کاتێک سەیری نامیلکەی "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک" دەکەین، ئەو زۆر بە جوانی و وردی شی دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکیی ئەم کورتەباسە و ئەم مۆدێلە، لە بنەڕەتدا "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"ە. ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو پڕۆژەیەکی تایبەت و سەربەخۆی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای داهاتووی کوردستان لە مێشکدا بوو.

پرسی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەو کاتەی کە دکتۆر قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی دەکرد، جاڕێ پرسی نەتەوەیی بەم شێوەیەی ئەمڕۆ نەببووە پرسێکی جەماوەریی سەرانسەری لە ناو هەموو ماڵ و کۆڵانێکی کوردستاندا. ئەوکات و بەر لە قاسملووش، پرسی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس،

زیاتر پرسێکی پێوەندیدار بە ئێلیتی سیاسی، سەرکردە حیزبییەکان و کەمایەتییەکی بچووکی ڕۆشنبیری لە نێوخۆی بژاردەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. بەڵام داینامیزمی مێژوو نەوەستا.

ئێستا بارودۆخەکە بەتەواوی گۆڕاوە. پرسی کورد بە شێوەیەکی یەکسان و هاوتەریب لە هەموو بەشەکانی کوردستان گەشەی کردووە و بووەتە پرسێکی جەماوەریی قووڵ. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی وشیاریی نەتەوەییەوە گەیشتووەتە لوتکە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕاستییە، لە نەورۆزی خاکیپۆشاندا (ساڵی ٢٧٢٥ی کوردیدا) خۆی نیشان دا؛ کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوازێکی بێوێنە، یەکگرتووانە و مەدەنی هاتنە مەیدان و نیشانیان دا کە بە شێوەیەکی گشتی خوازیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن. کاتێک خواستێک لە چوارچێوەی ئێلیت دەردەچێت و دەبێتە خواستێکی جەماوەریی سەرانسەری، سەقفی داواکارییە سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی لۆژیکی بەرز دەبێتەوە.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەرێکی لێهاتوو، هەمیشە پەیڕەوی لە ستراتیژیەتی "واقیعبینیی سیاسی" دەکرد. ئەو باش دەیزانی کە دروشمە سیاسییەکان ئامرازی جووڵەی سیاسین نەک دەقی پیرۆز و نەگۆڕ. ڕاستییە سیاسییەکان، هاوسەنگیی هێز، جیۆپۆلیتیک و دۆخی ئابووری و ناوچەیی و ناونەتەوەییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە دروشم و ئامانجی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد بەپێی سەردەم بگۆڕدرێن.

لە سەردەمی دکتۆر قاسملوودا، جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و جیهان ڕێگەی بە دروشمێکی گەورەتر لە خودموختاری نەدەدا. سیستەمی دووجەمسەری هۆشیار بوو لە پاراستنی سنوورەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هیچ جۆرە خواستێکی نەتەوەیی قبووڵ نەدەکرد. بۆیە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران" تاکە کلیل بوو بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و ناساندنی دۆسیەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

بەڵام ئەمڕۆ واقیعە جیۆپۆلیتیکییەکان گۆڕاون. پێگەی نێودەوڵەتیی کورد بەهێزتر بووە، دەوڵەتی ناوەندی لە ئێراندا شەرعیەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی لەدەست داوە، و لە سەرووی هەموشیانەوە کۆمەڵگەی کوردستان لە قۆناغی نەتەوەبوونداا پێ گەیشتووە. لە ژێر تیشکی ئەم گۆڕانکارییانەدا، گۆڕانی دروشمەکان بۆ فیدرالیزم و سەربەخۆیی، نەک لادان نییە لە ڕێبازی قاسملوو، بگرە درێژکراوەی سروشتیی فیکری پوویای ئەوە.

بۆیە ئەمڕۆ دکتۆر قاسملوو زیندوو بوایە، نەک هەر نەیار یاخود دژبەری دروشمەکانی هاوچەرخی گەلەکەمان نەدەبوو،

بەشی دووهەم


بەڵکوو بەهۆی پێگە ئەکادیمی، سیاسی و دیپلۆماسییە نـاوازەکەی خـۆیەوە، دەبـووە یەکێک لە داڕێژەرانـی سـەرەکیی تیـۆریی ڕزگاریخوازیی قۆناغی نەتەوەسازی و بەنەتەوەبوونی خەڵکی کوردستان.

ئەو دەبووە ئەندازیاری چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە یاسا و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا.

قاسملوو فێری کردین کە سیاسەت زانستی فێربوون و گۆڕانکارییە لەپێناو گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوایەتی، و ئەمڕۆش ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی یەکگرتووانە لەسەر هەمان ڕێبازی پەرەسەندوو هەنگاو دەنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

تەنیایی ستراتیژیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست



پێشەکی: میتۆووی پەراوێزخستن و سڕینەوەی سیستماتیک

کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا نەتەوەیەکی بێدەوڵەت نییە کە لە دابەشکارییە سیاسییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا مافی چارەی خۆنووسینی پێشێل کرابێت، بەڵکوو نەتەوەیەکە کە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو بەردەوام لەژێر گوشاری پلانبۆدارێژراوی سڕینەوەی سیاسی، زمانەوانی، کولتووری و جوغرافیاییدا ژیاوە. لە شوێنێک زمانەکەی قەدەغە کراوە و قسەکردن پێی بە تاوان دانراوە، لە شوێنێکی تر تەواوی ناسنامە و بوونی میتۆوویی حاشای لێ کراوە. ناوی شار، گوند، دۆڵ و چیا دێرینەکانی بەزۆری دەسەڵات گۆڕدراون، سیاسەتی کۆچی زۆرەملێ و گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافی بەسەر خاکەکەیدا سەپێنراوە تا پیادەکردنی سیاسەتی داگیرکاری ئاسانتر بێت. تەنانەت وشەی «کوردستان» لە زۆربەی نەخشە فەرمییەکان و گوتارە دەوڵەتییەکاندا بووەتە زاراوەیەکی قەدەغەکراو؛ لە جێگەیدا وشەی ناڕوونی وەک «ناوچە کوردنشینەکان» بەکار هاتووە، وەک ئەوەی ئەم گەلە کەمینەیەکی تازەهاتوو بێت بۆ ناوچەکە، نەک نەتەوەیەک کە شارستانییەت، زمان و ژیانی سیاسی بە هەزاران ساڵ لەگەڵ ئەم خاکە تێکەڵ بووە.

هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، هەرکاتێک کورد داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆی لە چوارچێوەی زمانی دایک، پاراستنی کولتوور، یان مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی کردبێت، دەسەڵاتە باڵادەستەکان دەستبەجێ بە «جیاییخواز» و «مەترسی بۆ سەر

یەکپارچەیی خاکی وڵات» ناوزەدیان کردووە. ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن تەنیا کێشەی دادپەروەری، یاسا و مافی مرۆڤ نییە. کاتێک لە گۆشەنیگای زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە لە دۆخەکە دەڕوانین، دەبینین کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە؛ ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە کورد لە دۆخێکی قووڵی «تەنیایی ستراتیژیک»دا دەژی.

چەمک و پێناسەی تەنیایی ستراتیژیک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

چەمکی تەنیایی ستراتیژیک بەو واتایە نییە کە نەتەوەیەک لە جیهان دابڕاوە یان هیچکات پەیوەندیی نێودەوڵەتی نەبووە. مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد پڕە لە دیپلۆماسی و هاوکاریی کاتی لەگەڵ زلهێزە کاریگەرەکان. کورد لە سەردەمێکدا پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ بریتانیا هەبووە، لە قۆناغێکدا هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەتی مسۆگەر کردووە و لە چەندین قۆناغی جیاوازیشدا پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوای بەدەست هێناوە. لە جەنگی دژی تیرۆریستانی داعشدا، هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی کورد لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستاندا بوونە کاریگەرترین و متمانەپێکراوترین هاوبەشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەسەر زەمین.

بەڵام ئەم هاوبەشییانە نەیانتوانی پێناسەی تەنیایی ستراتیژیک بگۆڕن، چونکە تەنیایی ستراتیژیک کاتێک دروست دەبێت کە نەتەوە یان قەوارەیەک:

- هیچ هاوپەیمانێکی فەرمی، یاسایی و هەمیشەیی لە سیستمی جیهانیدا نەبێت کە بەپێی پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی پابەند بێت لە کاتی مەترسیدا بەرگری لێ بکات.
- لەنێو هیچ هاوپەیمانێتییەکی ئەمنی، سەربازی یان ڕێککەوتننامەیەکی بەرگریی هاوبەشدا جێگەی بۆ تەرخان نەکرابێت و سەروەرییەکەی بە یاسا نەپارێزرێت.
- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تەنیا لەسەر بنەمای تاکتیکی، کاتی و بەکارهێنانی سنووردار لە قۆناغێکی کورتخایەندا دامەزرابن.
- هێزە نێودەوڵەتییەکان بە چاوی ئامرازێکی سیاسی یان ئەمنی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان تەماشای بکەن، نەک وەک هاوبەشێکی خاوەن ماف و ستراتیژیک.

کاتێک پێداویستییە ئەمنییە کاتییەکان کۆتاییان دێت، یان بەرژەوەندییە گەورەکان پێویستی بە سازش لەگەڵ پایتەختەکانی ناوچەکە دەکەن، کورد هەمیشە بە تەنیا لە بەرامبەر تۆپباران و سوپای ڕێکخراوی دەوڵەتانی بااڵدەستدا

بەشی دووهەم

بەجێ دەهێڵدرێت. ئەمە ئەو دۆخەیە کە پێی دەگوترێت تەنیایی ستراتیژیک؛ دۆخێک کە تێیدا دۆستایەتییەکان کاتین، بەڵام مەترسییەکان هەمیشەیی و چارەنووسسازن.

ڕەگی ژێئۆپۆلیتیکی و میژوویی: سیستمی دەوڵەت – نەتەوە و گەمارۆی جوغرافیا

دۆخی تەنیایی ستراتیژیکی کورد بەرهەمی ڕێکەوت یان بەدبەختییەکی کاتی نییە، بەڵکوو دەرهاویشتەی دابەشکارییە میژوویییەکان و سروشتی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە لە دوو هۆکاری بنەڕەتیدا چڕ دەبێتەوە:

یەکەم؛ سیستمی دەوڵەت – نەتەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی:

لەگەڵ هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دابەشکردنی ناوچەکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سیستمی نوێی سیاسی لەسەر چەمکی «دەوڵەت - نەتەوە» دارێژرا. دەسەڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لە تورکیا، ئێران و عێراق دەوڵەتی مۆدێرنی خۆیان لەسەر بنەمای سڕینەوەی فرەچەشنی و یەکدەستکردنی شوناس بنیات نا (تورکچێتی، پانعەرەبیزم یان ناسیۆنالیزمی فارسی). لەنێو وەها سیستمێکی ناوەندگەرا و سەپێنەردا، هەر جۆرە دانپێدانانێک بە ماف، زمان و شوناسی نەتەوەیەکی تر وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت دەبینرا. دەسەڵاتداران باوەڕیان وابوو کە هەر نەرمینواندنێک بەرامبەر بە کورد، دەبێتە سەرەتای داڕمانی تەواوی دەوڵەتەکەیان، بۆیە ستراتیژیی خۆیان لەسەر سڕینەوە و ئاساییکردنەوەی سەرکوت دامەزراند.

دووەم؛ جوغرافیای داخراو و دەورەدراو:

کوردستان لە ڕووی جوغرافیاییەوە لە نێو دڵی چوار دەوڵەتدا گیرساوەتەوە. هیچ سنووڕێکی دەریایی کراوەی نییە و بە تەواوی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە گەمارۆ دراوە. ئەم دەورەدرانە سروشتییە وای کردووە کە جووڵەی سیاسی، بازرگانی، سەربازی و گەیاندنی دەنگی کورد بە دونیا، بکەوێتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان دژی شوناسی کوردن. لە ڕوانگەی ستراتیژیکەوە، ئەم پێگە جوغرافیاییە مانۆڕی سیاسی زۆر سنووردار کردووە و کارتێکی بەهێزی خستووەتە دەستی نەیارانی. پەیمانی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠ کاتێک بۆ یەکەمجار ئاماژەی بە مافی چارەی خۆنووسینی کورد کرد، لە ماوەیەکی کەمدا لە ڕێگەی پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بە تەواوی هەڵوەشێندرایەوە، چونکە زلهێزەکان لە پێناو بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانیاندا لەگەڵ تورکیای کەمالی سازشیان کرد و پرسی کوردیان بۆ دەیان ساڵ پەراوێز خست.

پەیماننامەی ناوچەیی دژی کورد: کاتێک ڕکابەرەکان یەک دەگرن

دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستاندا لە زۆربەی پرسە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکاندا کێبڕکێی سەخت و دوژمنایەتیی مێژوویی لەنێوانیاندا هەبووە. بەڵام کاتێک پرسەکە پەیوەندیی بە ڕێگریکردن لە مافەکانی کوردەوە هەبووبێت، هەموو ناکۆکییەکانیان بەلاوە ناوە و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێناوە.

ئەم دژایەتییە هاوبەشە لە مێژوودا شێوازی فەرمیی بە خۆوە گرتووە:

– **پەیمانی سەعدئاباد** (١٩٣٧): لەنێوان ئێران، تورکیا، عێراق و ئەفغانستان بەسترا، کە ئامانجی سەرەکیی هاوئاهەنگیی ئەمنی بوو بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی کورد و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان.
– **پەیمانی بەغدا** (١٩٥٥): سەرەڕای دروشمی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم، ئامرازێک بوو بۆ ڕێگریکردن لە هەر دەرفەتێکی سیاسی بۆ نەتەوە پەراوێزخراوەکان.
– **ڕێککەوتننامەی جەزائیر** (١٩٧٥): کاتێک شای ئێران و سەددام حوسێن لەپێناو دابەشکردنی شەتولعەرەب ناکۆکییەکانیان وەلا نا، یەکەم قوربانیی ئەو مامەڵەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان بوو.

تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا، کاتێک تاران و ئەنقەرە لەسەر پرسەکانی باکووری ئەفریقا، کێشەی قەوقاز، دەسەڵات لە سووریا و قەیرانی یەمەن لە دژبەریی تەواودان، لەسەر چاودێریکردنی جووڵەی کوردی، بۆردومانکردنی چیاکان و گەمارۆدانی قەوارە کوردییەکان لە هاوئاهەنگیی بەردەوام و ئالۆگۆڕی زانیاریی هەواڵگریدان. ئەم ڕاستییە دەیسەلمێنێت کە کورد لە ناو هاوپەیمانێتییەکی نەنووسراوی چوارقۆڵیدا گەمارۆ دراوە.

مێژووی پەیوەندییە تاکتیکییەکان: مۆتەکەی کاتیبوون و پاشەکشەی زلهێزەکان

پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەتە زلهێزەکان هەمیشە بەگوێرەی هاوکێشەی «هاوبەشیی تاکتیکی و پاشەکشەی ستراتیژیک» بەڕێوە چووە. زلهێزەکان هەمیشە لە کاتی شەڕ و قەیرانەکاندا پێویستییان بە ئازایەتی و هێزی سەربازیی کورد هەبووە،

بەشی دووهەم

بەڵام لە کاتی دابەشکردنی دەستکەوتەکان و داڕشتنی نەخشەی ئاشتی، پشتیان تێکردووە:

– **ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد** (١٩٤٦): کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ حکوومەتی تاران لەسەر پشکی نەوت ڕێککەوت، دەستبەجێ هێزەکانی لە باکووری ئێران کێشایەوە و کۆمارە ساواکەی پێشەوا قازی محەممەدی لە بەرامبەر سوپای شا بە تەنیا بەجێهێشت.

– **نسکۆی ساڵی ١٩٧٥**: هێنری کیسینجەر و ئیدارەی ئەمریکا شۆڕشی ئەیلوولیان تەنیا وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر بەغدا بەکارهێنا؛ هەربۆیە پاش ڕێککەوتنی جەزائیر، هاوکارییەکان بە تەواوی بڕدران و سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون. وتەی بەناوبانگی کیسینجەر کە گوتی «ئۆپەراسیۆنی نهێنی نابێت لەگەڵ کاری خێرخوازیدا تێکەڵ بکرێت»، کڕۆکی ئەم ڕوانگە نامرۆڤانەیەیە.

– **ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کۆڕەوی ملیۆنی:** دوای جەنگی کەنداو، هێزەکانی هاوپەیمانان خەڵکیان هان دا دژی بەعس ڕاپەڕن، بەڵام کاتێک ڕژێم بە هەلیکۆپتەر و تۆپخانە کەوتە کۆمەڵکوژکردن، تا ماوەیەکی زۆر دەستەوەستان مانەوە و ملیۆنان مرۆڤ پەنایان بۆ شاخە سەختەکان برد.

– **ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی** (٢٠١٧): سەرەڕای بەخشینی هەزاران شەهید لە شەڕی دژ بە داعشدا، کاتێک خەڵکی باشووری کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بێدەنگییان هەڵبژارد و گلۆپی سەوزیان بۆ هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هەڵکرد و کەرکووکیان داگیر کردەوە.

– **ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان:** شەڕڤانانی کورد قارەمانانە پایتەختی خەلافەتی داعشیان ڕزگار کرد، بەڵام بە بڕیارێکی کتوپڕی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ڕێگە بۆ لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا و میلیشیاکانی بۆ سەر عەفرین، سەرێکانی و گرێ سپی خۆش کرا.

لەم هەموو ڕووداوانەدا، ڕەخنەگرتن لە زلهێزەکان بە بیانووی خیانەت لە ڕووی سیاسییەوە نادروستە؛ ئەوان خیانەتیان نەکردووە، بەڵکوو بە پێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان مامەڵەیان کردووە. کێشەی سەرەکی ئەوە بووە کە کورد نەیتوانیوە پەیوەندییەکان لە ئاستی کاتییەوە بەرز بکاتەوە بۆ هاوبەشیی ستراتیژیک.

ئاسایشی دەوڵەت، شەرعییەتدان بە سەرکوت و چەکی چەمکی «جیاییخوازی»

لە گوتاری فەرمیی پایتەختە دەسەڵاتدارەکاندا، دۆزی کورد هەرگیز وەک پرسێکی مرۆیی و شارستانی نەبینراوە، بەڵکوو بەردەوام وەک مەترسییەکی ئەمنی لێکدراوەتەوە.

ئەم دەسەڵاتانە چەندین میکانیزمیان بەکارهێناوە بۆ شەرعییەتدان بە سەرکوتکردن:

– بەکارهێنانی ئایین وەک ئامرازی بێدەنگکردن: لە زۆر قۆناغدا بنەما ئایینییەکان بۆ سەپاندنی ملکەچی بەکار هاتوون. بە کورد گوتراوە کە جیاییخوازی دژی برایەتیی ئیسلامییە، لە کاتێکدا مافی نەتەوە بالادەستەکان پیرۆز کراوە و ستەمی نەتەوەیی پەردەپۆش کراوە.

– گوتاری دژە ئیمپریالیزم و پیلانی بیانی: هەر جموجۆڵێکی ئازادیخوازیی کورد وەک «دەستی دەرەکی»، «پیلانی سیخوڕیی ئیسرائیل» و پیلانی دابەشکردنی وڵات لەقەڵەم دراوە تا بە ئاسانی شەرعییەت بە کوشتار و زیندانیکردنی چالاکوانان بدەن.

– مۆری جیاییخوازی بۆ داخستنی دەرگای دیالۆگ: بەکارهێنانی ئەم تۆمەتە بووەتە چەکێکی گوتاری تا هەر دەنگێکی دادپەروەری لە سەرچاوەوە دابخەن. کاتێک بابەتێک دەبێتە پرسی ئاسایشی دەوڵەت، هەموو ڕێکارێکی سەربازی و ئەمنی لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕەوا دەبێت.

ئەم ڕێکارانە وای کردووە کە تەنانەت کۆمەڵگەی دەوڵەتانی دەسەڵاتداریش بەرامبەر بە مافەکانی کورد بێهەست بن و بە چاوی نەیار سەیری هاووڵاتیی کورد بکەن، ئەمەش تەنیایی کورد لە ئاستی ناوچەکەدا قووڵتر کردووەتەوە.

هۆکار و کەموکوڕییە نێوخۆییەکان: بریندکانی نێومالّی کورد

هەڵەیە ئەگەر تەنیایی ستراتیژیک تەنیا وەک بەرهەمی پیلانی دەوروبەر و زلهێزەکان پێناسە بکرێت. بەشێکی هەرە گەورەی ئەم تەنیاییە بەهۆی کێشە، لاوازی و کەموکوڕییەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کورد خۆیەوە دروست بووە:

بەشی دووهەم

١- پەرتەوازەیی و حیزبگەرایی تەسک: بزووتنەوەی کوردی بەردەوام بەسەر دەیان حیزب، باڵ، بنەماڵە و دەڤەری جیاوازدا دابەش بووە. نەبوونی ناوەندێکی یەکگرتووی نیشتمانی بۆ بڕیاردان وای کردووە کە هەر لایەنێک بە تەنیا و لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی حیزبیی خۆیدا، پەنا بۆ هاوکاریی دەوڵەتانی داگیرکەر بەرێت.

٢- دیاردەی شەڕی نێوخۆ و پشتبەستن بە دوژمن: تاریکترین لاپەڕەکانی مێژووی کورد ئەو قۆناغانەن کە حیزبەکان بۆ شکاندنی یەکتر، هێزی سەربازیی دەوڵەتانی داگیرکەریان هێناوەتە سەر خاکی خۆیان. ئەم ڕەفتارە نەک هەر متمانەی نەتەوەیی تێکداوە، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کوردی وەک هێزێکی ناپێگەیشتوو نیشان داوە کە توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نییە.

٣- کاردانەوەییوون لە جیاتی داڕشتنی ستراتیژی: سیاسەتی کوردی بە گشتی سیاسەتی کاردانەوە بووە نەک دەستپێشخەری. کاتێک دەرفەتێک هاتووەتە پێشەوە بە شێوەژاوی جوولاوە، و کاتێک قەیرانێک ڕووی داوە تووشی شۆک بووە. هیچ پلانێکی بیست ساڵە یان پەنجا ساڵە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکان نەبووە.

٤- پشتگوێخستنی هێزی نەرم، ئابووری و تێکنۆلۆژی: ئەگەرچی چەک و پێشمەرگە پێویستن، بەڵام لەم سەردەمەدا کە جیهان لە ڕێگەی داتاسەنتەر، داهێنانی زانستی، دیپلۆماسیی مۆدێرن، تێکنۆلۆژی و لۆبیگەریی بەهێزەوە بەڕێوە دەچێت، توانای کورد لەم بوارانەدا زۆر سەرەتایی و پەراوێزخراو ماوەتەوە.

دەرس و وانەکانی تەنیایی ستراتیژێک لە ئەزموونی وڵاتانی تردا

کورد تەنیا نەتەوە نییە کە تووشی گەمارۆ و تەنیایی ستراتیژیک بووبێتەوە. چەندین میللەت لە مێژوودا هەمان بارودۆخی سەختیان تێپەڕاندووە، بەڵام بە هۆشیاریی سیاسی توانیویانە چارەنووسی خۆیان بگۆڕن:

– ئەزموونی فینلاند: لە جەنگی زستانەی ساڵی ١٩٣٩دا، کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت بە سوپایەکی گەورەوە هێرشی کردە سەری، فینلاند بە تەنیا مایەوە و هیچ کەس هاوکاریی نەکرد. بەڵام فینلاندییەکان دوای جەنگ وازیان لە دروشمی بێسوود هێنا؛ دەستیان کرد بە بەهێزکردنی پەروەردە، پیشەسازی و تێکنۆلۆژی و، هاوسەنگییەکی دیپلۆماسیی وەهایان دروست کرد کە وڵاتەکەیان کردە یەکێک لە پێشکەوتووترین و پارێزراوترین وڵاتانی جیهان و لە کۆتاییشدا چوونە نێو ناتۆ.

– ئەزموونی تایوان: لە ڕووی یاسایی نێودەوڵەتییەوە تەنیا چەند وڵاتێکی کەم دان بە سەروەرییەکەیدا دەنێن و ڕۆژانە لەژێر هەڕەشەی سوپای چین دایە؛ بەڵام تایوان چی کرد؟ بووە دڵی پیشەسازیی نیمچەگەیەنەرەکان (مایکرۆچیپ) لە هەموو جیهاندا. ئەمڕۆ ئەگەر چین هێرش بکاتە سەر تایوان، ئابووریی جیهان پەکی دەکەوێت؛ بەم پێیە تەنیایی ستراتیژیکی خۆی لە ڕێگەی تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووەوە گۆڕی بۆ پێداویستییەکی جیهانی.

– ئەزموونی ئیسرائیل: لە ساڵی ١٩٤٨ لە نێو دەریایەک لە دەوڵەتانی دژبەردا لەدایک بوو. لە جیاتی پاڵدانەوە بە سۆزی نێودەوڵەتی، هێزێکی سەربازیی پیشەیی، دەزگای هەواڵگریی بێوێنە، چەکی ئەتۆمی، ئابووریی زانستتەوەر و لۆبییەکی دیپلۆماسیی پتەوی لە ئەمریکا دامەزراند، تا وای لێهات تەنانەت نەیارەکانیشی ناچار بوون پەیمانی ئاشتیی لەگەڵدا ببەستن.

– ئەزموونی سەنگاپوور: دوورگەیەکی بچووکی بێئاوی شیرین و بێسەرچاوەی سروشتی بوو کاتێک لە مالیزیا جیا کرایەوە. بەڵام لە ڕێگەی نەهێشتنی گەندەڵی، ڕاکێشانی وەبەرهێنانی جیهانی و پەروەردەی سەردەمیانەوە، بووە ناوەندی دارایی ئاسیا و توانای بەرگریی خۆی لە دەوروبەر مسۆگەر کرد.

ئەم نموونانە پێمان دەڵێن کە تەنیایی لە ڕێگەی گریان و گازندەکردن لە بێوەفایی جیهان چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی بەهێزکردنی ژێرخانی نێوخۆیی و گۆڕینی هاوکێشەکانەوە کۆتایی پێ دێت.

نەخشەڕێگای داهاتوو: چۆن دەرباز بین لە تەنیایی ستراتیژیک؟

کورد ناتوانێت شوێنی جوغرافیای خۆی لەسەر نەخشەی گۆی زەوی بگۆڕێت، بەڵکوو دەتوانێت تێگەیشتنی خۆی بۆ هاوکێشەی هێز و ململانێ بگۆڕێت. بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە قوواڵە، پێویستە نەخشەڕێگایەکی نیشتمانی لەسەر ئەم بنەمایانە دابڕێژرێت:

١- بنیاتنانی ئەنجومەنی باڵای ستراتیژیکی نیشتمانی:

کاتی ئەوە هاتووە کە حیزبە کوردییەکان لە هەموو بەشەکاندا چوارچێوەیەکی باڵای نیشتمانی پێکبهێنن کە ستراتیژیی گشتی و هێڵە سوورەکانی نەتەوەیی دیاری بکات. تا کاتێک بڕیاری سیاسی پەرتەوازە بێت، هیچ زلهێزێک بە چاوی

هاوبەشێکی جدی لە کورد نارۆانێت.

٢- گەشەپێدانی سەربەخۆیی ستراتیژیک لە جیاتی دابڕان:

دروشمی «کورد جگە لە چیاکان هیچ دۆستێکی نییە» دەبێت لە ئەدەبیاتی سیاسی کەمڕەنگ بکرێتەوە. کورد دەبێت لە نێوخۆدا پشت بە خۆی ببەستێت لە ڕووی ئابووری، ئاسایشی خۆراک و تۆکمەیی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە دەرەوەدا تۆڕێکی فرەلایەن لە پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دروست بکات. پشتپێبەستنی نێوخۆیی بە مانای دابڕان لە جیهان نییە.

٣- دیپلۆماسیی بەرژەوەندیی هاوبەش نەک سوالکردنی سۆز:

جیهانی سیاسەت بە بەزەیی و فرمێسک بەڕێوە ناچێت. کورد دەبێت فێر بێت چۆن بەرژەوەندیی ئەمنی، ئابووری و وزەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی کاریگەر گرێ بدات، بە شێوەیەک کە مانەوە و بەهێزبوونی قەوارەی کوردی ببێتە زامنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و بەرژەوەندیی هاوبەش مسۆگەر بکات.

٤- بەهێزکردنی هێزی نەرم و داهێنانی تێکنۆلۆژی:

هێزی سەربازی پێویستە، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا بەس نییە. پێویستە وەبەرهێنان لە میدیای نێودەوڵەتی، پێگەیاندنی دیپلۆماتکاری کارامە، زمانزان، سەنتەری تۆێژینەوەی ستراتیژیک و کەرتی تێکنۆلۆژی بکرێت تا بتوانرێت ڕای گشتیی جیهانی بە لای مافەکانی کورددا ڕابکێشرێت.

٥- ڕێکخستنی توانای دیاسپۆرا وەک سەرمایەیەکی گەورە:

سەدان هەزار هاووڵاتیی کورد لە ئەورووپا، ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتوودا دەژین. لە نێویاندا زانا، ئەندازیار، دادوەر، بازرگان و سیاسەتمەداری سەرکەوتوو هەن. پێویستە ئەم وزە مرۆییە ڕێک بخرێت و ببێتە لۆبییەکی بەهێز بۆ گوشار خستنە سەر ناوەندەکانی بڕیاردان لە پایتەختە ڕۆژئاواییەکاندا.

کۆتایی و دەرەنجام: گۆڕینی هاوکێشەکان لە بەرخۆدانەوە بەرەو ستراتیژی

مێژووی سەدەی ڕابردووی کورد لە بازنەیەکی داخراودا خولاوەتەوە: چەوساندنەوە، بەرگری و شۆڕش لە چیاکان، هاوکاریی کاتیی زلهێزەکان لە قۆناغی شەڕدا، پاشەکشەی زلهێزەکان لە کاتی ڕێککەوتندا، و دووبارەبوونەوەی کۆڕەو و قڕکردن. بۆ ئەوەی ئەم مێژووە خوێناوییە دووبارە نەبێتەوە، پێویستە لە قۆناغی کاردانەوە دەربباز بین بەرەو قۆناغی دەستپێشخەری. تەنیایی ستراتیژیک بەڵایەکی ئاسمانی یان چارەنووسێکی ئەزەلی نییە کە نەتوانرێت بگۆڕدرێت؛ بەڵکوو دۆخێکی دروستکراوی ژێئۆپۆلیتیکییە کە بە دروستکردنی هێزی فرەڕەهەند، داڕشتنی سیاسەتی عەقڵانی، دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوە، کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و گۆڕینی دەرفەتە ژێئۆپۆلیتیکییەکان تێکدەشکێت.

کوردستان بۆ ئەوەی لە مێژوودا نەسڕێتەوە، پێویستی بە بەرخۆدان هەبوو؛ بەڵام بۆ ئەوەی بگاتە کەناری ئارامی، سەروەری و سەربەخۆیی شایستە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پێویستیی ڕەها و حاشاهەڵنەگری بە ستراتیژی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٦

کۆمەڵێک لێدوان لە "تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک"

ئەوەی دەبێ لە ڕێبەرانمان فێر بین



"هەرکەسێک کۆتایی بە فێربوون بێنێ – واتە بزانێ – چ تەمەنی بیست ساڵ بێ و چ ٨٠ ساڵ پیرە. ئەو کەسەی درێژە بە فێربوون دەدا گەنجە. گەورەترین شت لەژیاندا ئەوە مێشکی خۆت گەنج ڕاگری".

هێنری فۆرد

زیاتر لە سێ دەیە دوای تیرۆری ناجوانمێرانەی ڕێبەری گەلی کورد دکتوور عبدالرحمن قاسملوو، ئێستاش نەتەوەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەیتوانیوە ڕێبەرێک بە خۆیەوە ببینێ کە قەرەبووی لە دەستدانی ئەو ڕێبەرە بکات. ئەو کەسانەی دوای شەهید قاسملوو و بەتایبەت شەهید دکتۆر سەعید شەرەفکەندی هەوڵی ڕێبەری حیزبیان داوە، زەحمەتی زۆریان کێشاوە، فیداکاری زۆریان نواندووە تا بتوانن ڕێبازی ئەو شەهیدانە ون نەبێ. بەڵام ون نەبوونی ڕێبازی شەهیدان و درێژەدانی ڕێبازیان دوو چەمکی جیاوازن، کە پێویست بە گفتگۆی قوونتر و ڕاسیۆنالیستانەتر هەیە. ڕێبەری هونەری بەڕێوەبەردن، دیاری کردنی ئاسۆ، شوێندانان لە سەر خەڵک و بەدەستهێنانی سۆزی ئەو کەسانەیە کە ڕێبەر لە پێناوی خەونەکانیان کار دەکا و جۆلانەوەکە بۆ ئەو مەبەستە ڕێنوێنی دەکا. دەبێ هونەری قاسملوو لە ڕێبەری ئەو دا چی بووبێ؟

قاسملوو چ جیاوازیەکی لەگەڵ رێبەرانی هاوکات و دوای خۆی هەبووە؟ چۆن قاسملوو توانی ببێتە رێبەری دڵی میلیۆنها مرۆڤ و رێباز و بیر و هزری وەک فەلسەفە و شێوەی ژیان لە ناو کۆمەڵگای کورد و ئێرانیدا جێگای خۆی بکاتەوە. نرخەکانی ئەو ببێتە نرخی نەتەوەیی و سەرانسەری لە ئاستی خەباتی نەتەوەکانی بن دەستی ئێران و خەونەکانی ئەو لە سەدەی راگەیاندندا ببێتە بەشێک لە پلانی ناونەتەوەیی بۆ دێموکراتیزاسیۆنی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە.
ئامانجی ئەو وتارە ئەوە نیە ببێتە وتارێکی زانستی و لێکۆلینەوەیی لە پێوەندی لە گەڵ مێتۆدی رێبەری قاسملوو. کارێکی وا هەوجە بە لێکۆلینەوەیەکی ئاکادێمیک و دارشتنی تێزی تایبەتی بە "هونەری رێبەری" قاسملوو هەیە. ئەوانەی زانستی رێبەریان خوێندوە یان لەگەڵ پەرتووکەکانی رێبەری ئاشنان، دەتوانن ئەو راستیە ببینن، مێتۆدی قاسملوو لە رێبەری و بەرێوەبردنی جۆڵانەوەیەکی میللی دێموکراتیکدا مێتۆدێکە کە لە دەسپێکی ٢٠٠٠ بووە بە بەشێک لە زانستی رێبەری لە زانکۆکانی وڵاتانی پێشکەوتوو. زانستی رێبەریی ژیرانە یان رێبەری تواناکان کە قاسملوو بە پراکتیک لە ماوەی هەژدە ساڵ سکرتێری حیزبدا جێبەجێ دەکرد و ڤیزیۆنەکانی ئەو لەپێوەندی لەگەڵ دارشتنی داهاتوو کە بەشێک لە زانستی رێبەری ستراتیژیە و زۆر دوای تێزی کوردستان و کوردەکەی بووتە بابەتی زانستی رێبەری لە زانکۆکاندا جێێ تێرامان و لێکۆلینەوەن. هیوادارین خوێندکارانی کورد بتوانن ئەو سەرمایە گەورەیەی نەتەوەکەمان بکەنە بابەتی لێکۆلینەوە و لێ وردبوونەوە. باشترین چیرۆک چیرۆکی کەسانێکە، کە لە ژیانی تایبەتی، کۆمەڵایەتی سیاسی و رێکخراوەیی خۆیاندا سەرکەوتوو بوون و هەوڵیان داوە ئەو سەرکەوتنە لە گەڵ هەموو کۆمەڵگا دابەش بکەن. قاسملوو لەو بارەدا لە ناو رێبەرانی کورددا تاقانەیە و تاقانە بوون لە لایەک جێگای شانازیە و لەلایەکی دیکەوە جێگای نیگەرانی و لێگەرێکی گرنگە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤگەلی وا.

لە زانستی بەرێوەبەریدا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ رێبەر و بەرێوەبەری کراوە. بەڵام لەوانەیە هەروەک جان ماکسۆل نووسەری ئەمریکایی دەڵی باشترین شی کردنەوە بۆ پێناسەی رێبەری وتەی جەک وێڵش رێبەری هەڵبژاردەی سەدەی بیستەم لە ئەمریکایە کە دەڵێ: "خوازیاری کەسێکم، کە بتوانێ بەهێزی سەرسوڕهێنەری خۆی، خەڵکی دیکە بجوڵێنی، کەسێک کە بتوانێ بووچوونەکانی خۆی روون بکاتەوە و پشتیوانیان لێ بکات، کەسێک کە لە گۆڕان نەترسێ و لەبەرانبەریدا دانەبەزێ". لەوانەیە بەشێکی زۆر لە خوێنەران میتینگی سەدهەزار کەسی شاری مەهاباد لە ساڵی ١٩٧٩یان لە بیربێ، کاتێک کە دکتوور قاسملوو وێرای راگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێلە گشتیەکانی ئەو حیزبە، ئامانجەکانی، شێوەی خەبات و ویستی گەلی کورد لە روانگەی حیزبەکەیەوە بۆ خەڵک شی دەکردەوە. کەم رێبەر هەیە لە هەل و مەرجی شۆرشدا لە کاتێکدا کە هەستی بەشداری شۆرش لە سەر لۆژیکی دریژخایەن بووني شۆرش حاکمە، بتوانێ بەو شێوەیە لەلایەک خەڵک بجوڵێنێتەوە، هیوای دواڕۆژێکی گەشیان بۆ وێنا بکات و بۆچوونەکانی خۆی بە زمانێک شی بکاتەوە کە هەموو کەس چ ئەوەی زانکۆیان تەواو کردووە و چ ئەو جووتیارەی کە لەوانەیە قەت شانسی خوێندن و

نووسینی نەبووبێت بە قسەی دڵی خۆی بزانێ و تێدا خۆی بدۆزێتەوە. لە شی کردنەوەی جۆری دێموکراسی و دروشمی ستراتیژی و ئامانجی دوارۆژی حدکادا، کەم کەس توانیویەتی بە وێنای ئەو زانستی سیاسی بکاتە ئەدەبیاتێکی خەڵک پەسەند و ئامانجەکانی حیزبەکەی لە روانگەی ویستی گەلەکەیەوە شی بکاتەوە. فێربوون تەنیا خوێندن و ئیدعای زانین نیە، فێربوون پرۆسەیەکە کە لە هەڵوێست و کردەوەی مرۆڤدا شوێن دانەر بێ و مرۆڤ بتوانێ بە کردەوەی خۆی خەڵکانی دیکەش بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە بۆ خۆی پێی هەیەتی. گاندی لە رێپێوانی درێژی خۆیدا کاتێک هاورێیانی لە سەرکەوتنی ئەو بەگومان بوون وتی: "من ئەو رێپێوانە دەست پێدەکەم و لە کاتی رۆیشتندا سەیری دوای خۆم ناکەم".

ساڵی ١٩٨٨ کاتێک ئایەتوڵلا خومەینی جامی ژەهری خواردەوە و شەری نێوان ئێران و عێراق راگیرا. کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ سکرتێری گشتی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ هەل و مەرجی خەبات دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لە دەفتەری سیاسی حیزب لە ناوچەی قەندیل پێک هات. ئەو کات پێشمەرگەیەکی ١٦ ساڵە بووم و کەمتر لە ساڵێک بوو شانازی پێشمەرگایەتم بەدەست هێنابوو و وەک زۆربەی تازەلاوەکانی کوردستان لە دوورێیانەی دۆزینەوەی کەسایەتی خۆم و خۆ گونجاندن لە گەڵ هەل و مەرجی شۆرش بووم. ئەوانەی لەو ساڵۆنەدا بوون، لەوانەیە چاک وتەکانی قاسملوویان لە پێوەندی لە گەڵ داهاتووی خەبات و شوێندانانی بەسەر بزاڤی نەتەوایەتی کوردا لە بیر بێت و پێشبینیەکانی ناوبراو چەندی نەخایاند وەدی هاتن. تا لێرەی دەکرێ بە هونەری پێشینی قاسملوو بزانرێ. بەڵام ئەوەی قاسملوو لە هەموو ئەو کەسانەی هاوکات و دوای خۆی جیادەکاتەوە قووڵایی هومانیسم و ژیان خۆشەویستی ئەو مرۆڤە بوو. کاتێک کۆبوونەوەکە تەواو بوو و لە ساڵۆن دەرکەوتین، دەوروبەری ساڵۆن پربوو لە زبڵ و پاکەت سیگاری فرێدراوی پێشمەرگەکان و ئەو کەسانەی شوێنی کار و ژیایان لەوێ بوو. قاسملوو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی زبڵەکان و بە پێرەوی ئەو زۆربەی ئەو کەسانەی لەوێ بوون زبڵەکانیان کۆ کردەوە. رێبەرانی گەورە ئەو کەسانەن، کە بە کردەوەی خۆیان پەیامی خۆیان دەگەیەنن و وەک گاندی سەیری دوای خۆیان ناکەن و درێژە بە رێپێووانیان دەکەن. کەسایەتی قاسملوو لەو رووەوە دەکرێ بە کەسایەتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا Theodore Roosevelt بشوبهێندرێ، کە لە وتار و کردەوەیدا نموونەیەک بوو لە خەڵکی بوون و خاکی بوونی رێبەری و هەرلەو کاتەدا نموونەیەک بوو لە دانی هێز و توانا بەو کەسانەی لە کۆشکی سپیدا کاریان دەکرد. ناوبرا کەسێک بوو توانی ریفۆرمی قووڵ لە حیزبی کۆماری خوازی ئەمریکا پێک بێنێ و لە حیزبێکی کۆنسێرڤاتیڤەوە بکاتە حیزبێکی بۆ کاتی خۆی نوێخواز و پێشکەوتوو. لە پێوەندی لە گەڵ هونەری خۆشەویستی و جۆلانەوەی خەڵک بیرەوەریەک لە رۆسڤێلتی جێگری سەرۆک کۆمار ویلیام مەککینلی دەگێرنەوە، کە دەتوانێ ئامانجی ئێمە رووتر بکاتەوە: رۆژێک سەرۆک کۆمار لە سەفەر دەبێ و رۆسڤێلت سەردانی کۆشکی سپی دەکات. ئەو لە کاتی سەرداندا هەموو کارمەندان و پێرسۆنێلی کۆشکی سپی بەسەر دەکاتەوە و سڵاو و چاک و خۆشیان لە گەڵ دەکا. کاتێک سەردانی ئاشپەزخوانە دەکات، لە ئاشپەزی کۆشک دەپرسێ داخوا ئەو ئێستاش نان لە ئاردی گەنمشامی ساز دەکات یان نا؟ "ئاشپەز وەڵامدەداتەوە "جاروبار بۆ

خزمەتکارەکان ساز دەکەم بەڵام پێرسۆنێلی کۆشک ئەو نانە ناخۆن." رۆسڤێلت دەڵێ ئەوە نیشانەی کەم زەوقی ئەوانە. من سبەینێ لە گەڵ سەرۆک کۆمار لەوبارەدا قسە دەکەم.

قاسملوو سروشتی ئەوەبوو ئەوانەی کە یەک جار بینی بێت لە بیری بمێنێ و لە دیدارەکانی دیکەدا چاک و خۆشیان لە گەڵ دەکرد و بەوە کەسەکە خۆزگەکانی خۆی لەو کەسەدا دەبینیەوە و ئەو و رێبەرەکەی لە یەکتر بێگانە نەبوون.

هونەری قاسملوو تەنیا هیوا بەخشین بە خەڵک و توانای رووبەرووبوونەکانی پشتیوانی لێکردنیان نەبوو ئەو هەروەها کەسێک بوو لە گۆڕان نەدەترسا و لەبەرانبەریدا دانەدەبەزی. بە درێژایی ژیانی سیاسی دکتۆر قاسملوو لە ناو حیزبدا، هەموو جارێ هەوڵی داوە نوێکاری لە ناو حیزبەکەیدا پێک بێنێ. لە سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی لە حیزبی تووده‌وە، دەست پێشخەری لە رەت کردنەوەی سیستەمی تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی، داهێنانی وتاری دێموکراسی وەک گونجاوترین ریگای چارەسەری کێشە نەتەوایەتیەکان لە ئێران و هەروەها داڕشتنی ئامانجی دوارۆژ بۆ حیزبێک کە خەریکی خەباتی نەتەوایەتیە و دیاری کردنی ئاسۆ بۆ ئەو حیزبە، هەموو ئەو نوێکاریانە کە بەرهەمی رێبەریی قاسملوون. سی و سێ ساڵ دوای تیرۆری قاسملوو حیزبەکەی قاسملوو نەیتوانیوە تەنانەت یەک نوێکاریش لە دەرەوەی ئاسۆکانی قاسملوو پێک بێنێ و نوێگەراییەک بکات کە دکتۆر قاسملوو لەو پێوەندیەدا شتێکی نەوتبێ. رێبەری بەوەج کەسێکە کە، بە دوای خۆیدا میراتێک بەجێ بێڵی کە چەندین نەسڵ بڕ بکات. میراتێک کە قاسملوو بەجێ هێشتووە، نرخەکانی بەجێ ماو لە قاسملوو، ئەمرۆ تەنیا نرخەکانی حیزبێکی نەتەوەیی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نین، ئەو نرخانە ئەمرۆ بوونەتە نرخی نەتەوایەتی، نرخی بزاڤی نەتەوایەتی لە ناو بەشەکانی دیکەی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران. تەنانەت ئەوانەی لە سەنگەرەکانی دژ بە قاسملوو کاتی داهێنانی ئەو هزرانە و بەرەوپێش بردنی ئەواندا راوەستابوون ئەمرۆ خۆیان بە وەفادارترین کەسانێک دەزانن کە رێرەوی قاسملوون. سروشتی ئاڵ وگۆڕ لە هەموو بوارەکانی زانستیدا چ زانستی ئەزموونی بێ و چ زانستی کۆمەڵایەتی سێ قۆناغ تێپەر دەکات:

۱- دژبەرێەکی لە رادەبەدەر لە لایەن خەڵکی دیکە،
۲- هەڵوێستی ئەوە کە ئەو شتە بۆ ئێمە بە هیچ شێوەیەک نابێ و
۳- کاتێک هزرەکە بە رادەی پێویست گەشەی کرد، خۆ بە خاوەنزانینی هزرەکە تەنانەت لە لایەن دژبەرانی سەرەکی ئەوەوە. ئەمرۆ لە زۆر بواردا لە پێوەندی لە گەڵ هەموو ئەو سەردێرانەی لەو پاراگرافەدا وتران، دژبەرانی هزری قاسملوو خۆیان وەفادار و خاوەنی ئەو بیرە دەبینن.

لە یەک چاوخشاندنێکدا، گەر مەبەستی مرۆڤ رووخێنەرانەبێ ئەو کەسانە و تەنانەت رەخنەگرانی قاسملووش بە ئاسانی دەتوانن تاوانبار بکرێن. بەڵام داخوا تاوانبارکردنی خەڵک لە پێناو پەسەندکردن یان پەسەند نەکردنی هزرێکی نوێ دەتوانێ تا چەندە خزمەت بە ئاڵ و گۆڕ و وەدیهاتنی ئامانجەکانی رێبەران بکات؟ رەوتی جێ گرتنی هزری نوێ و نوێخوازی پێوەندی بە گەلێک هۆکاری تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هەستی مرۆڤەوە هەیە. هەموو هەلبژاردەیەک کە مرۆڤ دەکا و هەموو هەڵوێستێک کە خاوەن هەڵوێست دەردەبڕی هەڵە یان دروست لە روانگەی خاوەن هەڵوێستەوە راستە و جێی رێزە. بەڵام کاتێک خاوەن هەڵوێست ئاڵ و گۆڕی بەسەر هەڵوێستی پێشووی خۆی هێنا و ئەو هزرەی کە تا دوێنێ دژی بوو بە هزری ئەمرۆی خۆی بزانێ، بۆ هەموو رێبوارانی رێگای قاسملوو دەبێ جێگای شانازی بێ و لەو بارەدا پیرۆزبایی بەوان و بە رێبازی خۆیان بکەن.

قاسملوو لە ژیانی سیاسی خۆیدا، هەموو پلەکانی رێبەری لە ماوەیەکی کورتدا پێوا و توانی ببێتە رێبەرێکی تاقانە. تاقانە لەو روانگەیەو کە ئەو لە تەواوی دەورانی ژاینی خۆیدا، چ وەک کادرێکی حیزبی، چ وەک ئەندامی رێبەری حیزب و چ وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرێک بە واتای تەواو بوو. قاسملوو لە دەورانی رێبەری خۆیدا، هەڵی زۆری بۆ پەروەردەی رێبەرانی داهاتوو رەخساند، هاوڕێیانی خۆی بۆ داهێنانی هزری و رێکخراوەیی و گەیشتن بە ئامانجەهاوبەشەکانیان هاندا. قاسملوو سەرنجێکی زۆری بە سەربەخۆیی وسەرمایەکانی ئینسانی حیزبەکەی و بزاڤەکەی دەدا. بۆیە دەیگوت لەوانەیە بتوانین "چەک و تەداروکات" لە وڵاتێکی دیکەوە وەرگرین، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و پشتیوانی خەڵکی کوردستان گەورەترین سەرمایە و پشتیوانەی خەباتی ئێمەن. ئەو لە فێرکردنی هاوڕێیانی، بۆ بەرەوپێش چوون، بەرزکردنەوەی ئاستی توانای رێبەری و بەرێوەبەری ئەوان لە کاروباریاندا هانای نەدەدا. قاسملوو ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی حیزبەکەی و بزاڤی ژێر رێبەرایەتیەکەی بە جوانی دەیناسی و هەمووی ئەوان بە جوانترین شێوە بەکار دەبرد. قاسملوو بە شێوەی رێک و پێک و سیستماتیک لە هەوڵی پەروەردەی حیزبەکەیدا بوو. دامەزراندنی فێرگە و ناوەندەکانی پەروەردەی حیزبی لە دەسپێشخەریەکانی قاسملووی رێبەرن، کە لەودا بەشێکی زۆر لە رێبەرانی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد پەروەردە کراون. میراتێک کە قاسملوو بە دوای خۆی بەجێ هێشت بە ساڵان درێژتر لە تەمەنی خۆی و دوور نیتە لە تەمەنی حیزبەکەشی بێت.

رێبەری کارامە کەسێکە کە لە کاتی پێویستدا بڕیاری دژوار و چارەنووسساز بدات. هەرچەند قاسملوو بڕوای بە کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوو، هەرچەند بە ئەزموونی رابردوو دەیزانی نەیارانی نەتەوەی کورد تەنیا زمانی سەرکوت و تیرۆر دەزانن، بەڵام بە هۆی سروشتی هوومانیزمی ئەو و بۆچوونی ریالیزمی سیاسی لە پێناو چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران و کردنەوەی دەرگای دێموکراتیزاسیۆن لە ئێران، بەرەو پیری مەرگ رۆیشت و لە کاتێکدا کە دەرسی ئەخلاقی ئینسانی و

هەڵوێستی مرۆڤانە بە نارەواوانی کۆماری ئیسلامی دەدا، شەمشەمە کوێران نەیانتوانی "تەحەمولی" رووناکی بکەن و ئاسمانی رەشی ئێران سپی ببینن.

پێشکەوتن لە رێگخراودا کاتێک خێرا دەبێ، کە رێبەرەکەی گەشەی کردبێ. هەرچی مرۆڤ لە ئاستی رێبەریدا پێشکەوێ، ئاڵ و گۆرەکان ئاسانتر دەبن و رێبەر دەتوانێ هەڵی گونجاو بۆ ئاڵ و گۆر بخولقێنێ. هەر لەوکاتەدا کە رێبەر گەشە دەکا، پێوەندی بە خەڵکانی ژێر رێبەری بتەوتر دەبێ و پێرەوانی خۆیان بە رێبەرەکەیان نزیکتر دەزانن و پێ بە پێ ئەو ئاستەکانی بەرزبوون و گەشەکردن ئەزموون دەکەن. قاسملوو رێبەرێک بوو خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە.

گەر سەرکەوتن لە ژیانی تاکەکەسی رێبەریدا لە پێشکەوتنی بێ راوەستان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکان بزانین، ئەوا بوونی دیسیپلین و دیاری کردنی "ئەولەویەتەکان" مەرجی بناغەیین بۆ گەیشتن بە ئامانج. دیسیلین و تەناهی رێگخراوەیی داڕێژراو لە ژیانی تاکەکەسی و رێگخراویی قاسملوو تا چەند سانێک بە نیشانەی "بورژوازی" بوونی حیزبەکەی ببوو بە بیانوویەک بۆ دەربرینی دوژمنایەتی کەسانێک کە نەیاندەتوانی لە بەرزایی ئاسمانی کوردستاندا ئەستێرەیەکی گەشتر لە هەموو ئەستێرەکان ببینن. قاسملوو دەیزانی ئەولەویەتەکان و پێویستیەکان بە پێی کات و سەردەم ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دێ، بۆیە لە هەموو هەل و مەرجێکی ژیانی رێبەریی خۆیدا توانی ئاڵۆگۆڕ بەسەر ئەولەویەتەکاندا بێنێ و ستراتێژی و تاکتیکی پێویست بۆ ئەوان دیاری بکات. جیاوازی رێبەر و بەرێوەبەر (رهبر و مدیر) لەوەدایە کە رێبەران دوور دەبینن و هەوڵ دەدەن بە وێنەی خۆیان شوێن لە سەر خەڵک دابنێن و ئەوان بەرەو داهاتوو رێبەری بکەن. بەرێوەبەران لە پێناو مانەوەی خۆیان و پلەی خۆیان خوازیاری پاراستنی سیستەمی "مەوجوود" و بەرهەڵستکاری گۆڕانکاریەکانن. هەرچەند هەردووکیان پێویستی رێگخراوەن. رێبەران بە داهێنانی خۆیان و بەرزکردنەوەی هەست وناسنامەی هاوبەش کەرەسەی سووتەمەنی بەرەوپێش چوون و وەلامی "چۆن"ی ماشێنی رێگخراوە پێک دێنن و بەرێوەبەران وەلامی "پرسیاری چی" رێگخراوە دەدەنەوە. لەو بارەدا قاسملوو جیا لە رێبەری بەرێوەبەرێکی کارامەش بوو و تەنیا ئاسۆ بین نەبوو بەڵکوو ئەندازیارێک بوو کە توانی کۆشکی حیزبێکی دێموکرات، پێشکەوتوو و بە رۆحێکی گەنج ئاوەدان بکاتەوە کە سی و سێ ساڵ دوای تیرۆری ئێستاش تاقانە ئاڵترناتیڤی جێی هیوای کۆمەڵانی میلیۆنی خەڵکی کوردستان و دینەمۆی بزاڤی نەتەوایەتی نەتەوەکانی بندەستی ئێرانە.

یەکێک لە گرنگترین وانەکانی قاسملوو شێوەی سازکردنی بڕوایە. لە خۆرا نیە سی و سێ ساڵ دوای شەهید بوونی دکتۆر قاسملوو ئەمرۆ بزاڤی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست تەنگەژەی "بڕوا" (اعتماد) دەناڵێ و کەسایەتی و رێبەرانی ناو بزووتنەوە سەرەرای هەوڵی زۆر و دڵسۆزیان بە هۆی کەم بوونی توانای گوێگرتن لە بیروڕای

دەوروبەر نەیانتوانیوە ئەو بڕوایەی کە لە سەردەمی قاسملوود هەبوو بخوڵقێنن. جان مانسۆل یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی بواری رێبەری دەڵێ: رێبەر بۆ ئەوەی بتوانێ جێگای بڕوا بێت دەبێ خاوەنی سێ تایبەتمەندی بێ: "لێهاتوویی" (competence) "پێوەندی " (Connection) و "کاراکتێر .(Character) گەر رێبەر بە هۆیەکی تایبەتی هەڵەیەکی بچووکی هەبێ، لە لایەن هاوڕێیانیەوە دەبەخشرێن، بەڵام کەسانێ کە لە کاراکتێری خۆیاندا هەڵە دەکەن و بە پێچەوانەی کاراکتێری خۆیان دەجۆڵینەوە نابەخشێندرێن. لەوانەیە دکتۆر قاسملوو وەک هەموو مرۆڤێکی ئەو گۆیە هەڵەی کردبێ، بەڵام قاسملوو لە کاراکتێری خۆیدا بێ هەڵە بوو و قەت بڕوای هاوسەنگەران و پێرەوانی خۆی لە دەست نەدا. بۆیە یەکێک لە سەرمایە گەورەکانی دکتۆر قاسملوو "بڕوا" بوو. ژێنراڵ نۆرمێن شوارتسکۆڤ لەوبارەدا دەڵێ: "رێبەر دەبێ تێکەڵاوێک بێ لەئاسۆ نیشاندەری وکاراکتێر. بەڵام گەر قەرار بێ یەکێک لەوانە لە دەست بدەین دەبێ ئاسۆ بینی فرێبدەن و کەڕامەتی مرۆڤانی هەڵبژێین". دکتۆر قاسملوو نەتەنیا ئاسۆبینێکی بەتوانا و دوارۆژداوەرێکی بەهێز بوو، بەو حاڵەش کاراکتێری ئەو قەرەبوو نەکراو ماوەتەوە. کاراکتێر و کەسایەتی لە بەرزبوون و شکستی حیزب و بزاڤی نەتەوەییدا شوێنەواری هەیە. مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەدا جیاواز لە مێژووی زۆر حیزب و نەتەوەی دیکە نین. کەسایەتی و کاراکتێر دەبێتە هۆی بڕوا و بڕوا دەبێتە هۆی زەمینە خۆشکردنی "رێبەری". قاسملوو هەموو ئەو پلانەی پێوا بوو و ببوو بە رێبەرێک بە واتای تەواوی وشە. بڕوا تەنیا بە وشە بەدی نایە، کاتێک بڕوا دروست دەبێ کە ئاکامی هەبێ. کاتێک رێبەر کەسایەتیەکی بەهێز بێ خەڵک بڕوای پێدەکەن و بە بڕوا بە رێبەرە کە توانا و لێهاتوویان بەرزتر دەبێتەوە. بەو شێوەیە نەتەنیا رێرەوان دڵخۆش بە داهاتوو دەبن، بەڵکوو بە تەواوی بە خۆیان و رێکخراوەکەیان گرێدراو دەبن. دڵگەرمی، هەستی گرێدراوەیی بە حیزب و رێکخراوە حیزبییەکان لە سەردەمی دکتۆر قاسملوو سەرەرای هەل و مەرجی زۆر دژواری خەباتی چەکداری سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن. کەسایەتی قاسملوو ببوو هۆی ئەوەی تەنانەت نەیارانیشی رێزی لێ بگرن. ئێستاش رێز لەو رێبەرە بووتە بە رەوشتێکی نەگۆڕ لە ناو کۆمەڵگا و تەنانەت کەسانێک کە سەردەمێک دوژمنی بوون.

ئامانج یان ئاسۆ بینی، هەموو شتی رێبەرێکە. ئاسۆ بینی پێویستیەکی بنەڕەتیە. ئاسۆ رێنوێنی رێبەرە. ئامانج دەروونی مرۆڤ بەرەو گەیشتن بۆ لووتکەی سەرکەوتن دەسووتێنێ و مرۆڤ هان دەدات بۆ پێشکەوتن. بە پێی ئەویش لایەنگران و پێرەوانی رێبەر بە تینی ئەو ئاوڕە وەجۆڵە دەکەون و لە پێناو خەونی هاوبەش خۆیان ئەندامی یەک جەستە دەزانن. رێبەرانێک کە ئاسۆیەکی رێبەریان نەبێ لە کاری خۆیان سەرکەوتوو نین و ئەوپەرەکەی دەبنە پارێزەری "رەوشی مەوجوود". قاسملوو خاوەنی ئامانج و ئاسۆی درێژدەم بوو، بۆیە لە ماوەی هەژدەساڵ لە رێبەری ناوبراودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو رۆژێ تازە دەبوویەوە، گەشەی دەکرد و بەرەو بەرزترین ئاستەکانی رێکخستنی، پێوەندیە دیپلۆماتیک و کۆمەڵایەتیەکان پێش دەکەوت.

بەشی دووهەم

یەکێک لە پێوانەکانی ڕێبەری، پەروەردەکردنی جێنشینە. دکتۆر قاسملوو لە ماوەی ژیانی ڕێبەری خۆیدا توانی کەسانێکی زۆر پەروەردە بکات، کە ئەمڕۆ بەشێکیان ئەرکی ڕێبەری حیزبەکەی جێبەجێ دەکەن. بەڵام بێ گومان دکتۆر سەعید شەرەفکەندی گەورەترین و بەهێزترین نموونەی لێهاتویی ڕێبەریی دکتۆر قاسملوویە. ئەو توانی لە ماوەی ژیانی خۆیدا کەسێک پەروەردە بکات، کە دوای خۆی لە ماوەیەکی زۆر کورت دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئاستی جیددیترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەرز کردەوە و وای لێهات سەرانی ڕژێمی حاکم لە سەر ئێران، ریسکی ریسوایی خۆیان لە پێناو لەناو بردنی ناوبراو هەڵگرن.

ئەمڕۆسی و سێ ساڵ دوای تیرۆری دکتۆر قاسملوو دەتوانم بڵێم هیچ ڕێبەرێکی دیکە لە مێژووی بزاڤی نەتەوایەتی کورد دا نەیتوانیوە ببێتە سەمبۆلی جوانی، ڕازاوەیی و ئەهووڕایی ئارمانجەکانی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. قاسملوو پێی وابوو حدکا حیزبی "مومکیناتە" و لەو حیزبەدا هەموو شتێک و هەموو فرسەتێک کراوەیە. ئەو گیانی بەو خەونە بەخشی و چونکە توانای لە ڕادەبەدەری ڕێبەری هەبوو کۆمەڵانی ملیۆنی خەلکی کوردستان سی و سێ ساڵ دوای شەهید بوونی هەروا بڕوایان بە وەدی هاتنی خەونەکانی ڕێبەری شەهیدیان هەیە.

٤ی جوولای ٢٠٢٢

" ڕێبەری ئامازەیی



مرۆڤێک کە خاوەنی "هۆشمەندی هەستیی" وا بەهێز بێت کە بتوانێت دینامیزمی پێوەندیەکانی خۆی و دەوروبەر بەڕێوە ببات. لە کتێبی "ڕێبەریی ئامازەیی (The Magician Leadership) "کارۆل پیەرسۆن و شارۆن سیڤێرت مارینۆ تۆماتیز و فێردیناندۆ بووسچێما دوو مامۆستای زانکۆی ستاندفۆردی ئەمریکا، کە لە ناو کاتالۆگی مۆزەخانەی شتە سەمەرەکان جێ گرتووە باس لە ڕێبەرانی ئامازە یان سێحراوی دەکات. ئامازە شتێکە کە لە ڕێبەری سیاسیشدا دەتوانێت ڕوو بدات. ڕێبەرێک کە جیا لەوەی کە یەکێک لە هەرە گرینگ بێت لە خەباتی کردەوەیی و پێوەندیە گشتیەکاندا، ئاگاداری بنەماکان و خاوەنی کەرەسەی پێویست بۆ پەروەردەکردنی کەسانێکی دیکەش بێت بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕێبەری و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە.

دوای مەرگی ئاخیل (Achilles) دەسەڵاتداری یۆنانی سەردەمی کۆن، هەمووکەس چاوەڕوان بوون ئاژاکز(Ajax) ، کە کەسێکی شەڕقان، بالابەز، بێ بەزەیی و هەموو تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتدارێکی بەهێز و شەڕوان تێیدا بوو ببێتە دەسەڵاتداری یۆنان. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکان ئوولیاس (Ulysses) هەڵبژێردرا. ئوولیاس بەشێوەیەکی دیکە بوو بە قارەمانی خەڵک: ئەو دژی شەر و تووندوتیژی بوو و بەجیاتی شەر دەستی کرد بە گفتگۆ با ئاشتی لە گەڵ نەیارانی و لە ڕێگای پلانە زیرەکانەکانیەوە دوژمنی سەرەکی ئەوکاتیان تڕۆژانەکانیان شکست دا. لەو ساتەوە ڕێبەرانی خاوەن ژیرمەندی تایبەت بە ڕێبەرانی ئامازە یان سێحراوی ناسراون. فیشر و تۆربێت (١٩٩٥) لە کتێبی ئالۆگۆری ئالوگۆری کەسایەتی و ڕێکخراوەییدا تایبەتمەندیەکانی ڕێبەرانی ئامازە ڕیز دەکەن. ڕێبەرانێک کە نەتەینا ڕێکخراوەکانیان بەڵکوو کۆمەڵگا بەرو

بەشی دووهەم

گۆرانی بنەڕەتی ڕێبەری دەکەن.


لە چیرۆکەکاندا دەسەڵاتەکان بەسەر دوو شێوازی جیاواز دابەش دەبن: شەرکەر و ئامازەکان. شەرکارەکان هەمووکارەکان لە ئابووری، سیاسی و پرسە کۆمەڵایەتیەکاندا بگرە هەوڵ دەدەن لە ڕێگای شەر و سەرکوتەوە چارەسەر کەن. ئامازەکان کەسانێکن کە بە هەڵبژاردنی ڕێگای هۆشمەندانەوە شتێک هەڵبژێرن و مومکین بکەن کە ناممکین دیار بوو. لە سەردەمی کۆنەوە تا ئەمڕۆ ڕێبەرە تۆتالیتەرەکان لە هەوڵی لەژێر چەپۆک خستنی کۆمەڵگا مرۆڤیەکانیان داوە و لەبەرامبەردا ڕێبەرانی ئامازە لە هەوڵی نیشاندانی جیهانێکی دیکە بوون. لە سەردەمی مۆدێرندا ڕێبەرە ئامازەکان هەوڵ دەدەن بە ئێنێرژی ئەرێنی و هێزی ژیان ویستی باشترین ئاکام لە کار و چالاکی هاوبەش بەدەست بێنن. بەداخەوە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە مەیدان بۆجیهانێک کە بکرێ بە هاوکاری و هێزی هاوبەشەوە کۆمەڵگا بەرێوە بچێت زۆر تەنگە. بوونی ڕێبەرانی ئامازە پێویستی سەردمی ئێمەیە بۆ ئەوەی بتوانن ببنە هێزی هاندەرمان لە پێناو جیهانێکی سەقامگیر، کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دادپەروەر.

قاسملوو لەو ڕێبەرانە بوو کە خاوەنی هونەری ڕێبەری ئامازە بوو و توانی بە کەڵک وەرگرتن لە توانایی ئامازەیی خۆی حیزبێکی نەریتی و بەکردەوە پەراوێزخراو بە هۆیەکانی دەرەکی و ناوخۆییدا لە ماوەیەکی کورتدا بکاتە گەورەترین حیزبی کوردستانی و شۆێندانەر بێت لەسەر هەموو بزاڤی کوردستان. توانی بە داهێنانی ڕێکخراوی نوێ و هێنانەکایەی کاری سیستماتیک لە بەرێوەبردنی حیزبی و سیاسیدا بنەماکانی ئاوەدانکردنەوەی سیستمێکی کارا لە کوردستان دامەزرێنێت و بە پێشنیار کردنی سۆسیالیزمی دیموکراتیک ئاسۆی داهاتووی کۆمەڵگای کوردستان بەشێوەیەک دابڕێژێت کە گەشەکردن، دادپەروەری، یەکسانی، دێموکراسی و پێشکەوتنی بەردەوام ببێتە بەردی بناغەی دەسەڵاتداری و بەرێوەبەری لە کوردستاندا. ئاسۆیەک کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە ئامانجی سەدەی بیستەیەکەمی سۆسیالیست ئەنترناسیۆنال دیاری کرا و لە هەمانساڵدا ئامانجی پەنجا ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستی جیهانیدا دیاری کراوە.

هێزی ئامازەی قاسملوو بە رادەیەک بوو کە سەرەڕای هەستی مەترسی لە دەستدانی گیانی خۆی لە گفتگۆ لە گەل ڕژێمی ئێراندا، بە هیوای شۆێندانەری لەسەر ئەوان و بە بڕوای بەوەی کە کۆمەڵگای دوور لە شەڕ و خوێنڕێژی دەتوانێت شانسی پێشکەوتن و چارەسەری کێشەکانی زیاتر بێت، بەرەو پیری داخوازی ڕژێمی ئێران بۆ گفتگۆ و چارەسەری چوو. کەچی کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دکتۆر قاسملوو سەلماندی کە ئەو ڕژێمە لە گەڵ ئاشتی و پێکەوە ژیان ناتەبایە و ناتوانێت لە فەلسەفەی داپلۆسێنەر و مرۆڤ کوژی خۆی لا بدات. خومەینی خۆی گوتوویەتی: "ئیسلام دینی خوێنە."

١١ی جوولای ٢٠٢٢

یازدە ڕەشەمە ڕۆژێک بۆ دێموکرات، ڕۆژی دێموکرات



٤٣ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک ئایدیۆلۆژیەکانی چەپی رادیکاڵی لێنین زەدە و مائۆلێدراو لە لایەک و ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی ببوو بە سەنتەری پێناسەی حیزبە "ڕۆشنبیر" و "پێشکەوتوەکانی" ئەو سەردەمە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دکتۆر قاسملوو ئەوەی ئەمرۆ باوە پێی بوترێ هێلی سێهەمی ڕاگەیاند. هێلی دێموکراسی خوازی، خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوایەتی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی، ئاوەدانکردنەوەی بنەماکانی نەتەوەی ئازاد. کاتێک ڕێبەرە "ڕۆشنبیرە"کان ئاوازی دیکتاتۆری چینی کرێکاریان لێدەدا و تەنیا ئەو چینەیان بە ڕزگاریدەری مرۆڤ دەزانی و مافی چارەنووسی نەتەوەیەکی بە بەرژەوەندی چینی کرێکار بەستبوو، کاتێک ئەوانەی هەمیشە پشتیان بە دوژمن گەرمە و ئالترناتیڤەکان لە ئاسمانەوە دەبینن هەموو شتیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا دەدی؛ ڕێبەرێک هەڵسا خەونی گەورەتری نەتەوەکەی وێناکرد. ڕێبەرێک لە قووڵایی کێشە ئایدۆلۆژیەکان ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەی نەک بە گرێدراوی بە دیکتاتۆریەکان بەڵکوو بە هەڵبژاردنی ڕێگەی سێهەم، ڕێگەی ڕزگاری و سەرکەوتن، ڕێگەی مافی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی نووسینی نیشان دا.

٤٣ ساڵ لەمەوبەر ئەو بایەخانەی کە قاسملوو باسی دەکرد، کەمتر ڕۆشنبیر و سیاسەتڤانێک بوو کە لێی تێدەگەیشتن. ئەو خەڵکەی کە لەدەوری دروشمی قاسملوو کۆ ببوونەوە بەرلەوەی کە لەو بلیمەتە بگەن لە میراتێک کە قاسملوو نوێنەرایەتی دەکرد خاوەن دەرکەوتبوون و وەفادار بە ڕێبازێک بوون کە سەردەمانێک ١١ مانگ تەنیا ١١ مانگ هەستی مرۆڤ بوون و

بەشی دووهەم

خاوەن چارەنووسی خۆیبوونی بەوان بەخشی بوو. ئەم هەستە گەورەتر وقووڵتر لە دروشمە زریقەدارەکانی سەردەم بوو. وەفا بەو ڕێگایە ئاسانتر بوو. لەو سەردەمەدا تەنایا ٣٠٪ لە خەڵک شارنشین و کەمتر لە ١٥٪ خەڵک خوێندەواری هەبوو ئەوە قاسملوو و حیزبەکەی بوو کە بیری نەتەوایەتی بە هزری گلۆبالیزم و دێموکراسی لێبراڵ و دادپەروەر گرێدابوو و سەرەڕای هەموو پرۆپاگەندە و شەڕی ڕەوانی سەردەم بایەخەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچەیەکی بەرتەسکەوە نەتەنیا سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاند بەڵکوو ئەمڕۆ گەیشتووتە بەلووچستان و "احواز" و لە ناو گیلەکی و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی ئێرانیشدا بڵاو بووتەوە.

ئەو هزرانەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ دا لە کوردستان و کورددا نووسیبوو و لە کورتەباس و نووسراوەکانی دیکەدا وەک پێشبینی و ئاسۆی دوارۆژی ناوچەدا وێنای کردبوو، لەم ڕۆژانەدا لە ئاستی سیاسەتی ماکرۆ بە شێوەیەکی گشتی باس دەکرێت و وەک یەکێک لە جیددیترین کلیلەکانی چارەسەری پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەبیندرێن. ڕۆشنبیرانی نەتەوەی سەردەست بەرەبەرە لەوە تێدەگەن کە قاسملوو و حیزبەکەی خاوەنی چ فەلسەفە و قووڵاییەکی بیرکردنەوەن. قوتابخانەی قاسملوو بە ئیلهام وەرگرتن لە بیری گەشەکردنی پەروەردەیی ڕۆژ بەڕۆژ و قۆناغ بە قۆناغ نەوەی نوێ و تێگەیشتووتر و خۆگونجتر لە گەل جیهان پەروەردە دەکات و سەرەڕای بوونی "لێککەوتن"ی نێوان نەوەکانی بڕیاردەر و نوێی ناو شۆڕش، هەوجەیی گفتگۆ و مێنتۆریی لە هەمووکات زیاتر لە کۆمەڵگای سیاسی دا خۆی دەنوێنێت.

بایەخەکانی قاسملوو و حیزبی دێموکرات ئەمڕۆ گشتگرن، بەشێوەیەک کە ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەو بایەخە دەکەن زۆر زۆر زیاترن لە ڕادەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی قاسملوو. ئێستا لە سەردەمی شۆڕشی ژن – ژیان – ئازادی ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتی میراتگرانی قاسملوویە کە ئەو بایەخانە بکەنە سەرمایەی بەهێز بۆ قووڵترکردنی خەبات لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مەدەنی، ئێکۆلۆژیک، یەکسانی خوازی، دیاسپۆرای دەرەوەی وڵات و دیپلۆماسی. ئەو سەرمایە بەربڵاو وگەورەیە نەتەوەییە پێویستی بە ڕێبەریەک دەکات بە هۆشمەندی کۆمەڵایەتی و سیمایەکی مرۆڤیی لە ڕێبەری بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو سوپاسمەندی نەوەی ئێستا بن و خوێن نەدەن لە پێناو هەمان بایەخەکان.

٤٣ ساڵ تەمەنێکی چاکە بۆ پێگەیشتوویی و بەئێنێرژی بوون و هۆشمەندی کۆمەڵایەتی.

٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٣

قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەیی



دوای زیاتر لە سێ دەیە لە کارەساتی ویەن لە بیست و دووی پووشپەری ١٩٨٩ ئەمڕۆ دەتوانین بێژین "قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەیی"یە. بەدەر لەوەی کە ئێمە ئەندام یان لایەنگری حیزبی دێموکرات بین، یا خود ئەندامی ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی بین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئەگەر چالاکڤانی سیاسی سەربەخۆش بین، لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگای کوردستان نەبەهۆی بیروباوەڕی سیاسی بەڵکوو بەهۆی کێشەکانی یەکتر قبووڵنەکردن تووشی لێکدابڕان هاتووە قاسملوو بە هۆی داهێنانی ئەو بایەخانەی کە باجەکی زۆری لەپێناوی دا ئەمرۆ دەتوانێت ببێتە هێمای یەکگرتوویی و یەکیەتی نەتەوەیی.

ئەگەر لە سەردەمی خۆی بەهۆی دووجەمسەر بوونی جیهان و هەروەها نەبوونی یەکگەیشتنی هاوبەش لە مەڕ پرسە بنەماییەکان قاسملوو لەلایەن چەپە توندرەوەکان و لایەنگرانی ئایدیۆلۆژی "سۆسیالیزمی بێ پسوند و پیشوند" دەکەوتە بەر هێرش و لۆمە و بە سازشکار و لایەنگری ئیمپریالیزم دەناسرا، ئەمرۆ دەبینین تێزەکانی قاسملوو بوونەتە بەهای هاوبەشی هەموو ئەو هێزانە و بگرە لە زۆر بواردا لە پێوەندی لە گەل دوارۆژی نشتیمان، پشتیان لە ڕابردووی پڕ لە هەڵەی لێکدانەوەیان کردووە و ڕوویان بە داهاتوویەکی بنیاتنەرانەتر. وتار و کردەوەی ڕێبەرێک دەبێ ببێتە هۆی سارێژبوونی برینەکان، لێکتێگەیشتن و وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بە پێداچوونەوەیەکی خێرا بە وتار و نووسینەکانی دکتۆر قاسملوو لە کوردستان و کوردەوە بگرە، کە دەکرێ وەک مانیفێستی بنیاتنانەوەی نەتەوایەتی ناوی لێبنرێت تا کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم و هەروەها پێوەندی دێموکراسی و گەشەکردن و پرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی،

بەشی دووهەم

ژینگە پارێزی، بەشداری ژنان، بەناونەتەوەیی کردنی پرسی کورد و چۆنیەتی هاوبەندی نێوان هێزەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەموو ئەوانە، ئەو پرس و بایەخانەن کە ئەمڕۆ نزیک بە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەسەری کۆکن. کۆمەڵگای کوردستان بەدرێژایی مێژوو بەهۆی داگیرکراوی، سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی رژێمەداگیرکارەکان، کولتووری خێلەکی و ئابووریی نارێک و ناسیستماتیک تووشی نەخۆشی قەیرانی بڕوابووە و کۆمەڵگایەکی لێکدابڕاو لە ڕووی سیاسی و هاوکاری ستراتێژیک بووە. ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە هێزە سیاسیەکان نەتوانن نەتەنیا لە دەوری پلاتفۆرمی هاوبەش کۆبنەوە بەڵکوو لەناوخۆشیاندا تووشی لێکترازان، لێکدابڕان و جیابوونەوە و لەتبوون بن. بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست نەبوونی ڕێبەریەکی هاوبەش و ئاسۆبین دەنالێت و ئەمەش دەبێتە هۆی لەکیس چوونی هەموو ئەو دەرفەتانەی کە بەهۆی بارودۆخی ناونەتەوەیی وناوخۆیی لەناوچەدا پێک دێت.

ئەرکی ڕێبەرایەتی سیاسی سازکردنی پردی پێوەندی و هاوکاری لەنێوان هەموو چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگایە. ئاشکرایە بەبێ قبووڵکردنی پلۆرالیزمی سیاسی، کولتووری، زاراوەیی، ئایینی و فرەڕەنگی جڤاکی ناتوانرێ سیاسەتێکی گونجاو کە بتوانێت خزمەت بە وێگەیشتنی سیاسی - کۆمەڵایەتی بکات ڕەچاوبگیرێت و جێبەجێ بکرێت. پردی پێوەندی بەواتای کۆک بوون لەسەر بایەخە هاوبەشەکان، کۆکبوون لەسەر هێلەسوورەکانی ناو بزاڤی سیاسی کوردستان، ئامانجە درێژدەمەکانی نشتیمانی. هاوکات لە گەڵ شۆڕشی ژن - ژیان - ئازادی، بە خوێندنەوەیەکی خێرای بیرۆبۆچوونەکانی قاسملوو دەتوانین بێژین سیاست و ئامانجە سیاسیەکانی قاسملوو لە تەواویەتی خۆیدا کۆکەرەوەی هەموو جیاوازیەکانی جوغرافیی سیاسی کوردستانن و دەکرێت ئەو ڕێبەرە بکرێتە هێمای یەکیەتی نەتەوایەتی. ئەمەش بەواتای لەبیر کردنی جیاوازیەکان نیە بەڵکوو بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکانی ناو ریزەکانی خەباتی نەتەوایەتیمان و بنیاتنانی دیالۆگی نشتیمانیە بۆ وێگەیشتن و ئەرێنی کردنی جیاوازیەکان.

ئەو بایەخانەی کە دەتوانن ببنە کۆکەرەوەی کۆمەڵگای کوردستانی بریتین لە مافی دیاری کردنی چارەنووس، هاوبەشی نەتەوایەتی، یەکیەتیی نەتەوەیی لە چوارچێوەی قبووڵی جیاوازیەکان، بڕوابوون بە ئازادی ئایین و باوەڕەکان، سێکۆلاریزم، یەکسانی جێندەری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی – ئابووری و سیاسی. ئەوانە ئەو بنەمانەن کە دکتۆر قاسملوو لە ماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا هەوڵی داوە لە ناو کۆمەڵگادا وەدی بێت و ببێتە بایەخی گشتی کۆمەڵگا. خویایە کۆبوونەوە لە دەوری ئەو بایەخانە یەکیەتی نەتەوەیی بهێز دەکات. هەموو نەتەوەیەک لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، سەربەستی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی پێویستی بە هێمای هاوبەش و یەکیەتیی نەتەوەیی هەیە.

لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەییمانە.

٥ی جوولای ٢٠٢٣

قاسملوو؛ بەهایەک بۆ ئاشتی و خۆشەویستی



photo: archiv pamětníka وێنە: مینا قاسملوو 1950

رێبەری برِیڕەی پشتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. رێبەری بەتوانا وەک دڵی جەستەی نەتەوە شوێندانەرە بۆ گەشەکردن و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەت. رێبەری بەهێز شەپۆلی دواکەوتووی بەرەو ئاراستەی پێشکەوتن و هیوادان بە نەتەوە و کۆمەڵگا دەگۆڕیتەوە و دەبێتە هۆی بنیاتنان و گەشەکردنی ناسنامەیەکی نوێ بۆ نەتەوە و ئەندامانی کۆمەڵگا پێناسەی خۆیان بە پێی ئولگووی پێشکەوتووی خۆیان کە رێبەریان بێت دادەرێژن. رێبەر بە هەڵسوکەوت و ئاسۆبینی خۆی دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاسۆیەکی نوی لە ناو کۆمەڵگادا بنەماکانی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی دەخولقێنێت. شێوازی رێبەریەک کە قاسملوو بۆ حیزبەکەی و نەتەوەکەی رەچاو دەکرد شێوازی بەهینەیی (بەکارهێنانی ئۆپتیمال) کردنی هەموو هێزو توانای ئەندامانی کۆمەڵگا بەرەو داهێنان، کارامەیی و گەشەکردنێکی خێرای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بوو. شێوازێک کە تەنانەت لە سەردەمی سەخت و ئەستەمی خەباتی چەکداریدا کاردانەوەی هەبوو لە سەر بنەماکانی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

رێبەری یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی پێکهێنانی پەروەردەی پێوەندیەکانی ناو کۆمەڵگا و رێنوێنیی گۆڕانکاریە. لە روانگەی گەشەسەندنەوەدا، رێبەر دەتوانێت رۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبێت لە بەرێوەبەری خۆجێی یان رێکخراوەییدا. بۆیە سەرەرای بوونی رێبەری بە کۆمەڵ یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بە لە ناوبردنی دکتۆر قاسملوو، هەڵوەشاندنەوەی رەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی سیاسی لە کوردستان دا بوو.

بەشی دووهەم

قاسملوو وەک رێبەرێکی سیاسی سەرەتا لە ناو حیزبی دیموکراتەوە دەستی کرد بە گۆرانی شێوەی ئیدارە و بەڕێوەبردنی حیزبی و حیزبێکی نەریتی بەرەو حیزبێکی ئەمرۆیی و مۆدێرن بە پێی سەردەمی ژیانی خۆی گۆڕی. ئەمەش هەڕەشەیەک بوو بۆ گۆڕانی سیستەمی کۆنباوی حاکم بەسەر ئێران و شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری ناوخۆی ئێران و ناوچە نەتەوایەتیەکانی ئەو وڵاتە.


قاسملوو رێبەرێک بوو بۆ پێکهێنانی خەونە هاوبەشەکان، کەسێک بوو کە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتیەکان، پرسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و چارەسەری پرسی خاوەندارێتی زەوی لە لایەن جووتیاران و خاوەن زەویەکاندا. ئەم بایەخانە، بایەخگەلێک بوون کە بەسەدان ساڵ خەونی جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بووە و رێبەرانی پێشوو نەیانتوانیوە وەک قاسملوو فۆرموولە بکەن و بکەن بە ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵک. بە دریژایی مێژوو بێ رێبەری هیچ بزاڤێک پێک نەهاتووە و نەیتوانیوە پێک بێت و بەرەوپێش بڕوات. رێبەرانی راستی هەڵسوونەرانی چەرخی مێژوو و هاندەری شۆرشە کۆمەڵایەتیەکانن لە پێناو خەونە مرۆڤانیەکانیاندا. رێبەرانی وەک قاسملوو بە ژیری و مشووری خۆیان هەوڵ دەدەن خێرایی ببەخشنە رەوتی مێژوو. لێرەدایە کە رۆڵی رێبەران لە گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگادا جوانتر دەردەکەوێت.

جیاوازی دکتۆر قاسملوو لە گەڵ رێبەرانی دیکە، لە کاریزماتیک بوون، دیالێکتیسیەن و مرۆڤی دیالۆگ و گفتگۆ بوون نەبوو. جیاوازی دکتۆر لەگەڵ رێبەرانی سەردەمی خۆی و مەترسی ئەو بۆ کۆماری ئیسلامی، بیروباوەڕی قووڵی ئەو بوو بە دیموکراسی. هونەری قاسملوو لەوەدا بوو خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری پی باشتر بوو. ئەمەش بە واتای پێکهێنان و خوڵقاندنی لێگەڕێکی جیددی لەبەرامبەر سیستەم و ئایدیۆلۆجیەکی تەوایەتی خوازی کۆماری لە سەر بنەمای ولایەتی فەقیە و هزری یەکنەتەوە و یەکزمان و یەک ئایین دامەزراوە.

سروشتیە کە، دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و ستەمکار لە کەسایەتی رێبەرانی وەک قاسملوو بترسن و هەوڵ بدەن بە درندانەترین شێوە لە لایەک ئەوان لە ناو بەرن و لەلایەکی دیکەوە بە لەناوبردنی ئەو رێبەرانە رەوتی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە بوەستێنن. لە مێژووی کۆندا کوشتنی سپارتاکۆس، سووتاندنی جیۆردانو برونە – لە لایەن ئەنگیزاسیۆن یان دەزگای لێکۆلینەوە و سەرکوتی بیروراکان لە ئوروپای سەدەی ناوەراست، تیرۆری گاندی لە هێندوستان و لەسێدارەدانی قازی محەممەد لە لایەن رژێمی پاشایەتیدا نموونەی دیار و بەرچاون کە چۆن نەیارانی ئازادی دەیانهەوێ بە کوشتن و لەناوبردنی رێبەرانی ئازادیخواز خەونی ئازادی گەلان خاشەبەر بکەن.

۱۱ی جوولای ۲۰۲۳

لە سەر پێویستی باسکردنی مژاری ڕێبەری



ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژەی ساڵانی ڕابردوو تووشی قەیرانێکی قوڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە و بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ یەکێک لە ئەستەمترین کێشەکان کە بریتی بێت لە قەیرانی ڕێبەرایەتی و یەکریزی نەتەوایەتی دەست و پەنجە نەرم دەکات. شێرپەنجەی لێکترازانەکان و نەبوونی گوتاریکی هاوبەش بووتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان بە سەر چەندین جەمسەری جیاواز و یەکتر لاوازکار دابەش بێت و بزاڤی کورد نەتوانێت لەو بەشەی کوردستاندا ببێتە خاوەنی دەستکەوتێکی بەرچاو و دەستگر. لە ماوەی چڵ ساڵی ڕابردوودا ڕژێمی ئێران بە بێ بچووکترین نیگەرانی و بێ سەرنجدان بە دژکردەوە و ڕەخنەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی دەستی داوە بە ژێنۆسایدی نەتەوەکەمان. لە هەمووی ئەو ساڵانەدا نەبوونی ڕێبەریەک کە بتوانێت جۆڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان ڕێبەری بکات و خەباتی نەتەوایەتیمان بگەیەنێتە ئاستێکی کشتگر و سەرانسەری هەست پێ کراوە. ئەم کێماسیە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا بزاڤی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵی بەردەروویە پەرتەوازەیی و دابەشبوونی کۆمەڵگایە کە بەهۆی لێکدابڕانەکان و نەبوونی ئامادەیی و توانایی ڕێبەرانی ئێستای ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بۆ چارەسەری پرسەکان و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا هەرەشە لە داهاتووی نەتەوەکەمان و جۆڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کورد دەکات. ڕێبەرانی و بریاربەدەستانی حیزبە کوردستانیەکان کە بە هۆی کارکردە نارێکەکانیان کۆمەڵگایان تووشی لێکترازان کردووە، بەهۆی نەبوونی ئیرادەی پێکەوە ژیان و یەکگرتنەوەی سەر لە نوێ بە هەڵبژاردنی تاکتیکی هەڵاتن بەرەو پێش (فرار به جلو)، کۆمەڵگا و جۆڵانەوەیان بەردەروی تەقینەوەی ناوخۆیی کردووە. قەیرانی پێوەندیدار بە بوونی دوو

دێموکرات، چەند کۆمەڵە و دانپێدانەنان بە یەکتر و هاوکات لەژێر پێنانی ستاندارده پەسەندکراوەکانیان. ئەمە لەکاتێکدایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بازنەی گەمارۆکانی بۆسەر رژێمی ئێران تەنگتر کردووە و ئەگەر کورد یەکگرتوو بێت، دەتوانێت ببێتە یەکێک لە ئەکتەرەکان سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆرەکانی پێوەندیدار بە ئێران. بەڵام بەو پەرتەوازی و لێکدابراوانە جگە لە دۆران و پەراوێزخران دەستکەوتی دیکەیان نابێت.

لێکترازانەکان دۆخێکی نەخوازراویان بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە، دۆخی تووڕەیی، تەنگەژەدەروونیەکان، کە لەلایەن رژێمی داگیرکاری ئێرانەوە رادەی ئەو زەختانە بە پرۆپاگەندەی ژەهراویی خۆی بەکەڵک وەرگرتن لە هەموو کانالەکانی پێوەندی قورستر و بەرینتر دەکات. شمشێرێک کە کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ بە سەختکردنی هەلومەرجی ژیان، تێکدانی ئێکۆلۆژی کوردستان، کوشتاری کۆڵبەران و بەرتەسک کردنی مەیدانی ژیان لە خەلکی کوردستان، رێگەی هەناسە کێشان لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرتەسکتر دەکات. سەرکوتی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەلکی کوردستان کەمتر لە شەرێکی سەرانسەری نیە و ئەنجامی ژێنۆسایدە سیستماتیکە بۆتە هۆی نیگەرانی هەموو دڵسۆزانی چارەنووسی نەتەوەکەمان. هەر لەوکاتەدا کە ئێمە هیچکات بە رادەی ئێستا شاهیدی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و ئیرادەی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان نەبووین، وێرای ئەمەش لە مێژووی چڵ ساڵەی رابردوودا هیچ کات وەک ئەمرۆ هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لێک نەترازون و پرش وبڵاوی بەسەریدا زاڵ نەبووە، پرشوبڵاویەک کە سەرەرای بوونی باشترین زەمینەی پێشکەوتن و بەدەستهێنانی دەستکەوتی نەتەوایەتی رۆژبەرۆژ توانایی شوێندانەری هێزە سیاسیەکانی رکەبەر و بەداخەوە دژبەیەک لاوازتر دەکات. هیچ کات لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کوردا ڕووی نەداوە کە هاوکات رژێمی دەسەڵاتدار و حیزبە بەرهەڵەستکارەکان لاواز بن. ئەوەی کە کێشەکە قوڵتر دەکات، بوونی فرەجەمسەری سیاسی لە ناوچە و دابەشبوونی هێزەکانی کوردستانی بەسەر لایەنە جۆراوجۆر و جەمسەرە دژبەیەکەکانە. ئەمەش سەرەرای هەموو لاوازی رژێمی داگیرکاری ئێران دەرفەتی گەورەی بۆ خوڵقاندووە بەربەست بخاتە بەر خەباتی نەتەوەکەمان و بەکەڵک وەرگرتن لە لێکترازانەکانمان مرۆڤی کورد دژی یەکتر بەشەڕ بدات. بە جۆرێک کە هاوکات کە بە مووشەک هێرش دەکاتە سەر بنکەکانمان لەباشووری کوردستان، بە جیاتی یەکگرتوویی و پێکەوە بوون، مەودای نێوانمان زیاتر و هەستی هاوبەشمان لاوازتر دەبێت. لە ئەنجامدا ئەمرۆ بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە دەست نارێکی و قەیرانی قووڵی رێکخراوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی دەناڵێت و کەشێکی خەماوی بەسەر جڤاکدا سەپاوە.

سروشتیە لە قۆناغێکی وا هەستیار و گرینگی مێژووییدا، پێویستمان بە دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارەکان هەیە. پێویستمان بە چارەسەری کێشەکان و دارشتنەوەی پلانێکی نوێ و سەردەمیانە هەیە. رژێمی ئێران بە سەپاندنی شەرێکی نابەرامبەر و هەمەلایەنە بەسەر خەڵکی کوردستان و تیرۆر و دووبەرەکی نانەوە بەدوای دەرفەتی زۆرتر بۆ ئەوەی نەتەوە و بزاڤی

بەشی دووهەم

رزگـاریخوازانەکەی بە تەواوی لە نـاو ببـات. کەمتـرین بەرهەمـی ئەم رەوشـە نالەبـارە ئەوەیە کە لە هەلومەرجێکـدا کە دەرفەتەکانی ناوچەیی و ناونەتەوەیی یارمەتیدەری بەهێزبوونی بزاڤی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کوردستان ببێتە دۆراوی سەرەکی ئاڵوگۆڕەکان و کورد نەتوانێت لانی کەمی مافەکانی خۆی بەدەست بێنێت.

بزاڤی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک کاروانێک دەچێت کە رێگەی ون کـردووە، بەهـۆی کێشـە ناوخۆییەکـانەوە تووشی دزران و تـاڵان بران لەلایەن نەیارانەوە بووە. هەرکەسێک دەتوانێت هەرەشە لە منـاڵێکی هەتیو بکات، تەنبێی بکـا و یـاخود خۆی لێی بکاتە خاوەن. ئەمە راست ئەو شتەیە کە ئێمە ئەمرۆ شاهیدی ئەوین. رژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بەجۆرێـک خەڵکی کوردسـتانی تووشی لێکترازان کـردووە کە سروشـتیە بە هـۆی تەنگەژەی ئـابووری، هەژاری و نەبـوونی هیـوا و بـڕوا خەڵـک نەتوانێـت بیـر لە داهـاتووی خـۆی بکـاتەوە و هەمـوو هەوڵەکەی بـۆ ئەوەی بێـت، ئەمـرۆی بە سـبەینێ بگەیەنێـت. لێکترازانەکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و لەسـەرووی ئەوانەوە حیزبـی دێمـوکرات دەرفەتـی بـۆ کۆمـاری ئیسلامی ئێـران خوڵقاندووە کە بتوانێت بەئاوتەکانی لەمێژینەی خـۆی لەمەڕ پەرتەوازەترکـردن و لاوازترکردنـی کـورد بگـات. ئۆپۆزیسیۆنی چاوەدێر، بێ کردەوە و لێکدابراو و بێ بەرنامەش زۆرتـر خەڵکی کورد و نەوەی نوێی تووشی ناهومێدی کردووە.

نەتەوەی کـورد ئەمـرۆ پێویسـتی بەرێبەریەکـی یەکگرتـوو هەیە کە بتوانێـت بە لێبـراوی هەڵقـووڵاوی ویسـت و داخوازەکـانی خەڵکـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بێـت. خـاوەنی پێناسـەی هـاوبەش بێـت بتوانێـت کـورد لە دەوری مانیفیسـتێکی هـاوبەش کـۆ بکاتەوە و چارەنووسی نەتەوەکەمان بەهاوکاری ئەندامانی کۆمەڵگا دیاری بکات. رێبەریەک کە رێگە نەدات خەڵکـانی دیکە بە جیـاتی ئـێمە بریـار بـدەن. گەر قـاسملوو لە مـاوەی رێبەریـی خۆیـدا سـەرکەوتووبوو کە بتوانێـت لە باشـوور تـا بـاکووری رۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە دەوری دروشمەکانی حیزبـی دێمـوکرات کـۆ کـاتەوە و ببێـتە نمـوونەی رێبەرایەتیەکـی سـەرکەوتوو، بەهێز و هیوابەخش، ئەمرۆش نەتەوەکەمان دەتوانێت ئەو هێزە پێـک بێنیـت و لە هەلومەرجێکـدا، کە ئاسـتی تێگەیشـتووبی، دەرفەتەکـانی چـالاکی، پێوەنـدی و سـازماندان بەرفراوانتـر لە سـەردەمی قـاسـملوون خوڵقانـدنی دەرفەتـی هـاوبەش و کۆبـوونەوەی لە دەوری ئـامـانج و بەهـای هـاوبەش ئاسـانتر دەنوێنێـت. بۆشـایی گەورە لەو نێـوەدا رێبەریـی هـاوبەش و یەکگرتووە.

پرسیاری سەرەکی لەو نێوەدا ئەوەیە لە هەلومەرجێکدا کە رادەی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ بە رۆژ زیـاتر دەبـن، ئاستی لێکترازانەکـان زۆرتـر دەبـن، چ کەس و کەسانێک دەتـوانن رۆڵـی کۆکەرەوەی هێزەکـان بەدەوری یەکتـر بگێـرن و خەباتی ئازادیخوازانە و رزگاریـدەرانەی نەتەوەی کـورد لە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان رێبـەری بکەن؟

کاتێک کە باس لە رێبەریی سیاسی دەکرێت، بیر لە قەیران، کێشەکان، قەیرانە چارەسەرنەکراوەکان و چۆنیەتی

رزگاربوون لەو کێشانە بە مێشکی مرۆڤدا دێت. لە هەلومەرجێکی وەک هەلوومەرجی مێژوویی ئێستا کە بۆ نەتەوەی کورد خولقاوە، رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە ناوەندێکی بەهێز و یەکگرتووی بریاردەر هەیە بۆ کۆمەڵگا. ئێمە لە مێحوەرێکی وا کە بریتی بێت لە رێبەرایەتیەکی یەکگرتوو و گشتگر بێ بەشین. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمرۆ زیاتر لە هەموکاتێک پێویستیان بە گەمیڤانێک هەیە کە بتوانێت خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو باهۆزە تونده مێژوویانە کە هەڕەشە لە مان و نەمانمان دەکات بەرەو کەناری ئارام رێنوێنی بکات.

جێگەی داخە کە سی و پێنج ساڵ دوای تیرۆری دکتۆر قاسملوو تا ئەمرۆشی لەگەل بێت بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان نەیتوانیوە بە هاوکاری رۆشنبیران و ئازادیخوازانی دیکەی کوردستان کۆدەنگیەک لە مەڕ پرسی رێبەری و گرینگی ئەو لە روانگەی مێژوویی شی بکەنەوە و هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە رێبەریەکی وا گشتگیر پێک بێنن. زۆربەی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی لێکدابرانەکان، لەتبوون و ئینشعابەکان هەموو سەرنجیان لەسەر لەمەیدان دەرکردنی لایەنی جیابووە و سەرکوتی جیاوازیەکان و هۆی جیابوونەوەکانە، لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوکاری کورتخایەن و رواڵەتین کە ناتوانن وەڵامدەری پێویستیەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان بن و قەیرانەکانی ناو بزاڤی کورد لەو بەشەی کوردستان چارەسەر بکەن. بەداخەوە ئەو هاوپەیمانیە کاتیانەش بەو شێوەیەی کە پێویستە کار ناکەن و هاوپەیمانیەکان زۆرتر بۆ بەهێزبوون لە بەرامبەر رکەبەرە نوێ و خاوەن ئایدیۆلۆژی جیاوازەکانە تا هاوپەیمانی ستراتێژیک. لە جێدا هاوپەیمانی ستراتێژیک کاتێک دەتوانیت مسۆگەر بێت کە سێ پرسی سەرەکی لە پێوەندی لە گەڵ هێزەسیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەر بکرێت:

یەکەم پرسی یەکگرتنەوەی لایەنەکانی حیزبی دیموکرات و لایەنەکانی کۆمەڵە و هەروەها پرسی پێناسەی خەباتی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی گەشەی پرسی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵات و گۆرانکاریەکانی قەوارەیی کۆمەڵگای کوردستان و سێهەم پێناسەی بایەخ و ستراتێژی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان. نەخۆشیەکانی سێکتاریستی و خۆ ناوەندی بینی تاکەکەسان و حیزبەکانی کوردستان کە لە جۆری بیرکردنەوەی بریاردەرانی پێوەندیدارەوە سەرچاوەدەگرێت بووتە هۆی ئەوەی کە ناوەندەکانی وەک ناوەند گەلی وەک "ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران" زۆرتر وەک کلابی گفتگۆی کۆمەڵایەتی سنووردار کە نابێ جیددی بگیرێت ببینرێت، چونکە ئەو ناوەندە لە پێوەندی لە گەڵ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ٢٧١٨ی کوردیدا بێتوانایی خۆی نیشاندا و بەوە بڕوای کۆمەڵایەتی بە رێبەرایەتی مەوجوودی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوروی تەنگەژەیەکی مێژوویی بوو. رێبەرانێک کە وەڵامدەرەوە نەبن، ناتوانن تاسەر ببنە جێگەی بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

رادەی هاوکاری نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هیوای رووداوەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە

بەرامبەر ئێران داڕێژراون، ئەمەش لە هەنگاوەکان، هەڵوێست و شێوەی کار و چالاکیەکانی ئەو هێزانەوە دەبیندرێت. لە لایەکی دیکەوە هێزەکانی گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەردوو بەشی لێکدابراوی حیزبی دێموکرات بەهیوای لاوازبوونی لایەنی بەرامبەر و بەهێزەوە چوونی ناو وڵات خەونی ئەوە دەبینن، لە پێوەندی لە گەڵ یەکتر ئەو قسە و پێشبینیە رەشانەی کە لە کاتی جیابوونەوەی ساڵی ٢٠٠٦دا بۆیەکتر بینیویانە وەدی بێت و یەکێک لە لایەنەکان دۆراوی ئەو لێکدابرانە دەرکەوێت. ئەنجامی ئەم سیاسەتە هەڵەیە ماراتۆنی گفتگۆکانی "یەکگرتنەوە" و نەبوونی هیچ ئاسۆیەکی دیار لەو پێوەندیەدا، ئاشکراکردنی نهێنەیەکانی تەشکیلاتی و ناوخۆیی لە ژێر ناوی بیرەوەری و وەڵامدانەوە بە یەکتر و قووڵکردنەوەی نێواننناخۆشیەکان و لەناوبردنی کەشی بڕوا و لاوازکردنی گشتی جۆڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. لایەنەکانی لێکدابراو لە پێناو پووچەڵکردنەوەی چالاکیەکانی یەکتر بۆ دەربازبوون لە قەیرانی "ناسنامەیی" و "ئەخلاقی" کە بەهۆی سیاسەت و هەڵوێستەکانی دوای لێکدابرانەکان رەچاویان گرتووە تووشی هەڵەگەلی تاکتیکی نادروستی زۆر بوون کە ئەنجامی ئەو بەهێزبوونی داخراویی حیزبی و گەشەی کەشی تەکرەهەندی و وەڵامدەر نەبوونی بەرپرسانی پلە یەکی حیزبیە. رێبەرایەتی هەردوو بەشی حیزبی دیموکرات و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچکات وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە کە رۆڵی ئەندامان و خەڵکی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ چارەسەری پرسەکان چیە، ئەوان چۆن دەیانهەوێ بڕوای کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵکدا بەهێز بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە پۆتانسیەلی خەڵک لە پێناو تێپەڕبوون لەو قەیرانانە کەڵک وەرگرن. بەهۆی ئەوەی کە بەکردەوە لادانێکی ستراتێژیک لە ئامانجی سیاسی رێبەرانی حیزبی دا رووی داوە، ئەوان بە جیاتی خەبات بۆ رزگاری نەتەوایەتی، سەرەنج و تەمەرکوزی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە ناو حیزبدا کۆکردۆتەوە، پرسی رێبەری سیاسی و بەهێزکردن و گەشە کردنی رێبەرایەتی سیاسی کە گرێدراوە بە پێوەندی راستەوخۆ و تەنگا تەنگ لە گەڵ خەڵک و رۆڵی چارەنووس سازی ئەو لە پێوەندی لە گەڵ بەشداری کردنی بەکۆمەڵ لە پرۆسەی گەشەکردنی هەموو رەهەندەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا لەبیر کراوە. ئەمرۆ تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکان جیهانیش، رێبەریی سیاسی، شوێندانەریەکی حاشا هەڵنەگری هەیە لە رێبەری کردنی گۆرانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

کە باس لە رێبەریی دەکرێت مێشکی مرۆڤ بەرەو زیندوو بوونەوە کەسانێکی وەک لێنین، پێشەوا قازی محەمەد، ماندێلا، گاندی، قاسملوو و رێبەرانی دیکە دەروات کە هەرکام لەوان لە قۆناغێکی مێژوویی دا توانیویانە مرۆڤایەتی لە قەیرانە جیاوازەکانی بەشێواز و مێتۆدی رێبەریەتیەکی سەرکەوتوو بەرەوپێش بەرن و ببنە هۆی سەرکەوتنی شۆرش یا خەباتی نەتەوەکان و قەیران و رووداوەکان بکەنە دەرفەتی پێشڤەچوون. لێکۆلینەوە و خوێندنەوەی تایبەتمەندی و توانایەکانی ئەو کەسایەتیانە، تایبەتمەندیەکانی رێبەرایەتیەکی بەتوانە بۆ ئەمرۆی جۆڵانەوەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان شی دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەهێزی بەکۆمەڵەوە رێبەرایەتیەک بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانەکانی ئەمرۆ پێشنیار

بکرێت. لە گەڵ ئەمەش کە ئاگادارین بارودۆخی کۆمەڵایەتی و شوێنگەیی و پارامێترە میژوویییەکانی ئەو ڕێبەرانە لە گەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە زۆر جیاواز بوون و سەردەمی ئێمە سەردەمی بەکارهێنانی توانایی و شیانەکانی بە کۆمەڵ و ڕێبەرایەتی زانستیە.

لەو پێوەندیەدا ڕاوەستان لە سەر چەند پرسیاری گرینگ پێویستە:

ڕێبەری سیاسی چیە؟
دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیەک بێت؟
دەبێ کام لە بەربەستەکان لە سەر ڕێگا هەڵگرێت؟
ئەرکی سەرەکی ئەو ڕێبەریە چیە؟
و سەر ئەنجام چۆن دەتوانرێت ڕێبەریەکی بۆ بزاڤی رزگاری خوازانەی ژۆژهەڵاتی کوردستان پێک بهێنرێت؟

بۆ هەڵسوکەوتی لۆژیکی پێویست بە بیرکردنەوە دەکات. بۆ مرۆڤێک کە دەیهەوێ هەنگاوی گرینگ هەڵگرێت، پێویستە بزانێت لە چ بارودۆخێکدایە. ئەوەکە هەنگاوی ئەو سەرکەوتوو دەبێت یا نە بەوە گرێدراوە بە جۆری تێگەیشتنی ئەو لە دۆخەکە. ئەگەر مرۆڤێکی ژیر و بەمشوور بێت هیچ هەنگاوێک هەڵناگرێت تا ئەوەی کە گوێرایەڵی بۆچوونی هەموو مرۆڤەکانی دەوروبەری بێت بۆ ئەوەی بەراستی دۆخەکە وەک ئەوەی کە هەیە تێبگات، بۆ ئەوەی باشترین پلانی کاری دابڕێژێت. گەر ئەو بارودۆخەکە لەبەرچاو نەگرێت، بارودۆخ ئەوی لە بیر ناکات. بارودۆخ خودایەک نیە کە مرۆڤ سزاوەرگرتن لە ئەنجامی کردەوەی هەڵە بەجێ بێڵێت.

ژینگەی سیاسی و پێویستی پێناسەکردنی پرسی ڕێبەری

کە باس لە پرسی ڕێبەریی جۆڵانەوەی کوردستان دەکرێ، پێویستە خوێندنەوەیەک لە سەر ژینگەی سیاسی – کۆمەڵایەتیی کوردستانی ئەمڕۆ بکرێت بۆ ئەوەی دۆخی میژوویی ئەمڕۆ وەک خۆی ببینرێت، پێویستە ڕەوشی شارنشینی، گوندنشینی، لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی لە گوندو شارەکان و جۆری پێوەندیەکانیان، سیستەمی بەرهەمهێنان و بەکارهێنەری (مصرف)، بازرگانی و بەرهەمهێنانی سەرمایە، کرین و فرۆشتنی کاڵا لە ناوخۆی ژۆژهەڵاتی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی لە ناوی جوغرافیای ئێران، دیاسپۆرای کورد و ڕۆڵی ئەوان لە تەواویەتی کۆمەڵگا، شوێندانەریی ئایینی و مامۆستایانی ئایینی لە سەر کۆمەڵگا، بنەماڵە و فەرهەنگی باوکسالاری، ڕۆڵی بنەماڵە و پێوەندیەکانی نێوان نەوەکانی جۆراجۆر و هەروەها شوێندانەریی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە سەر خەڵکی کوردستان و هەڵسوکەوتی خەلک و لەو چوارچێوەیەدا ڕۆڵی ڕێبەریی بزاڤی نەتەوایەتی شی بکرێتەوە.

پووشپەڕی ٢٧٢٤

ڕژێمی ئیسلامی ئێران شکستی هێنا، بەڵام "ئۆپۆزیسیۆن" سەرکەوتوو نەبوو



هەروەک چاوەڕوان دەکرا بۆ سێهەمین جار دوا بە دوای یەک، خەڵکی ئێران شانۆی دەنگدانەکانی ئەو رژێمەیان بایکۆت کرد و لانی کەمی خەڵک بەشداریان کرد لە سیرکی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەو رژێمە. بە پێی ئاماژە فەرمییەکان تەنیا ٤٠٪ ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشداریان لە دەنگدان کردووە. لەو ئامارەدا ڕوون نیە، چەن کەس دەنگی بەتاڵیان داوە و تەنیا ڕێژەی بەربژێرەکانی دیاری کراو رژێم باس کراوە. تا لێرەی کۆماری ئیسلامی ئێران شکستێکی مێژوویی هێناوە. کاتی خۆی نزیک بە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر خامنەیی لە نوێژێکی خوتبەی هەینیدا باس لە وڵاتێکی ڕۆژاوایی دەکات کە تەنیا ٣٠٪ خەڵکەکە بەشداریان لە دەنگدان کردووە و ئەمە بە شەرم دەزانێت بۆ ئەو وڵاتە و نیشانەی نەبوونی مەشرووعیەتی ئەو رژێمانە دەزانێت لای خەڵک. بەرلە ڕێکەوتی دەنگدانیش خامنەیی یەکەمجار بوو کە لەماوەیەکی کورت دا چەندین جار داوای بەشداری خەلک کرد لەو دەنگدانەدا بۆ بەیعەت تازە کردنەوە لە گەڵ "ولایت مطلقه فقیه". بەشداری نەکردنی زیاتر لە ٦٠٪ خەڵکی ئێران لە سیرکی دەنگداندا، مشتێکی ئاسنین بوو لە لایەن خەڵکەوە لە دەمی خامنەیی و هەموو کۆماری ئیسلامی ئێران بە جیناحەکانی ناوخۆشەوە.

ئەگەر دەنگدان و دەنگنەدان بە ئەکتێکی مەدەنی بۆ دەربرینی ویستی سیاسی خەڵک و شارۆمەندان بزانین دەتوانین بێژین خەڵکەکە بە سەر چەند بەشی خوارەوە دابەش ببوون:

١- ئەو کەسانەی کە دەزانن کۆماری ئیسلامی ئێران رژێمێک نیە بۆ گۆڕانکاری و ڕێفۆرم بۆیە بایکۆت کردنی ئەو رژێمە بە

باشترین هەڵبژاردەدەزانن. هەڵبەت لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانەوە تەنانەت کەسان و ئەو رێکخراوانەی دروشمی ڕووخانی رژێمیشیان داوە، بە شێوەی تاکتیکی بەشداریان لە دەنگ کردووە یان هاندەری خەڵک بوون لە بەشداری لە دەنگداندا بە هیوای گۆڕانکاری و بەهیزکردنی هێزی گۆڕان لە ناو خودی رژێمدا.

٢- کەسانێک کە بیر لە ڕووخانی رژێم ناکەنەوە بەڵام هیوایەکیشیان بە گۆڕان لەو رژێمەدا نیە و دەزانن سەرۆک کۆمار لە نیزامی ئیسلامی دا فەرمانبەرێکی بێ دەسەڵاتی رژێمە.

٣- خەڵکانێک کە دوای سەرهەڵدانەکانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، لێدانی فڕۆکەی ئۆکراینی و شۆرشی ژینا هیوابڕبوون لە رژێم و لەو رژێمە گوزەرا نبەتایبەت نەوەی زێد Z و ئاڵفا Alpha

٤- کەسانێک کە دەستەوەستاون بەهۆی نەبوونی ئالتێرناتیڤیکی جێی بڕوا بۆ رژێم هیوایەکیان بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەماوە و بەدوای تراویلکە و سەرابی گۆڕان بە دەنگدان بە "مەسعوود پزشکیان" پێیان وایە دەتوانن پێشی ئەوە بگرن دۆخەکە لەوە کە هەیە خراپتر نەبێت و جارێ نیمچە هیوایەکیان بە ڕێفۆرمخوازەکانی ناو رژێم ماوە.

٥- کارمەند و مووچەخۆران کە بەشێکی زۆریان ناچار کراون بۆ دەنگدان و ناچارن دەنگ بدەن

٦- لایەنگرانی رژێمی کۆماری ئیسلامی.

رژێمی ئێران تا لێرەی شکستێکی مێژوویی خواردووە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنیش سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێناوە. ئەو ٦٠٪ دەنگدەرەی کە بایکۆتی دەنگدانیان کردووە تەنیا لە بزاڤێکی مەدەنیدا ناهومێدی خۆیان لەو رژێمی نیشان دا و ناتوانین بێژین تەنانەت هەموویان لایەنگری ڕووخانی رژێمی ئیسلامیش بن. بۆچی ئۆپۆزیسیۆن سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە: بایکۆتی تەنانەت بە داپێنانی رژێم ٦٠٪ی واتە سەرمایەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ پاشەکشەکردن بە رژێم و تەنانەت مانۆر دان لە ئاستی ناونەتەوەیی بۆ نیشاندانی هێز و توانای ئۆپۆزیسیۆن دژی رژێم. بەڵام ئەمە لەکاتێکدا مسۆگەر دەبێت کە رژێم خاوەنی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزی یەکگرتوو و خاوەن پلان بێت بۆ بوون بە ئالترناتیڤ. رژێمە دیکتاتۆرەکان بە دەنگدان و بایکۆتی سندوقەکانی دەنگدان ناڕووخێن، بەڵکوو بە بوونی تەشکیلاتی ریکوپێک، خاوەن بەرنامە و بەنفووز لە ناو هەموو چین و تۆژەکانی وڵات کە بتوانێت لە کاتی پێویست دا گۆڕانکاری بخولقێنێت دەڕووخێت و ناچار دەبێت هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێت. لە کاتی ئێستادا ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە ئاستی سەرانسەریدا لێکترازوتر لە

بەشی دووهەم

سااڵنی ڕابردوو و دوور لە یەکە، کەواتە رژێم مخابن نیگەرانییەکی جیددی نیە لە ئۆپۆزیسیۆنێکی وا. تەنانەت لە ئاستی کوردستانیشدا ئێمەخاوەنی تەشکیلاتێکی بەهێز و یەکگرتوو یان هاوپەیمان نین کە بتوانیت ئەو دەنگە نارەزاییانە بکاتە شەپۆڵ و سەرمایە بۆ ڕێکخستنی بزاڤێکی کۆمەاڵیەتی بەهێز و ڕاکشانی پشتیوانی ناونەتەوەیی بۆ الی خۆی. کۆمەڵگای ئێران و کوردستان کۆمەڵگایەکی قەیراناوییە، کۆمەڵگایەکە لە دەستی قەیرانی بڕوا دەناڵێت، کۆمەڵگایەکە کە بەهۆی یەکنەگرتوویی و وێکگەیشتوویی سیاسی ئاسۆیەکی ڕوون بەرەو داهاتوو بۆخۆی نابینێت. ڕێکخراوەکانی سیاسی بەتایبەت لە کوردستان مەودایەکی زۆریان هەیە لە گەڵ نەوەی نەوەی زێد Z و ئاڵفا Alpha و ڕێبەرانی سیاسی کوردستان لە گەڵ ئەو نەوەیە بێگانەن و ئەو نەوەیەش ئەوان ناناسێت. لە وەها ڕەوشێکدا بایکۆتی خەڵک تەنیا شادییەکی کاتییە کە دوای ماوەیەک بۆخۆی دەبێتە یەکێک لە هۆیەکانی بەگژ یەکتردا چوونی چاالکانی سیاسی ناوکۆمەڵگا و ڕێکخراوە سیاسییەکان.

ئەو ٦٠٪ بایکۆتە کاتێک دەتوانێت وەک سەرمایەیەکی سیاسی بەکار بێت کە تێگەیشتنێکی هاوبەش هەبێت لە بەرەو پێشبردنی تێکۆشان دژی کۆماری ئیسلامی و ستراتێژییەکی ڕوون هەبێت بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی ناونەتەوەیی.

مخابن جارێ هیچکام لەوانە دیار نین و بەو هۆیەشەوە ناتوانین بێژین هیچکام لە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانەوە سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێناوە، تەنیا رژێم شکستی خواردووە. دوور نیە بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری "کایە" رژێم لە دەوری دووەمدا تۆڵەی دەوری یەکەم بکاتەوە. ئاخر رژێم شارەزاییە لە خەڵک فریودان و بەالرێ بردنیان و سازکردنی کۆمەڵگایەکی دابەشکراو و دژ بەیەک.

٣ی جوونی ٢٠٢٤

ڕێبەری ئەخڵاقی و کاردانەوەی لە سەر ژینگەی ئەخڵاقی ڕێکخراو



کەشی ناو ڕێکخراوە لە سەر ئاستی هەڵسوکەوتی ئەندامان و پێوەندیەکانەوە زۆر شوێندانەرە. ژینگەی ئەخڵاقی حیزب بریتیە لە ئەو کردارانەی کە ئەندامان هەڵی دەبژێرین و هەروەها ئەو کردارانەی کە لە ڕێگای پێرەوی ناوخۆ و ئاییننامەکانەوە پێوەندی نێوان ئەندامان و ڕێبەری دیاری دەکەن. ئەم ژینگانە دەتوانن بە پێی هەلومەرجی جیاواز کرداری ئەخڵاقیەکانی ئەندامان و ڕێکخراوە شی بکەنەوە بۆ ئەوەی لە شوێنی کار و چالاکیەکانیان لە ڕووی پێوەندی و هەڵسوکەوتی ئەخڵاقیەوە شتێکی شاراوە نەمینێتەوە. کەوابوو ڕێبەری حیزب بە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی لە ئەندامان هەبێت بۆ چاوەڕوانی کرداری ئەخڵاقی خۆیان، بەرپرس و وەڵامدەرەوەی کەشی ئەخڵاقی ڕێکخراوە.

مەبەست لە "ژینگەی ئەخڵاقی حیزب" ئەوەیە کە چۆن کەشی ناوخۆیی ڕێکخراو کار دەکاتە سەر کردەوەکانی ئەخڵاقی و نا ئەخڵاقی ئەندامان. ژینگەی ئەخڵاقی لە حیزبدا کاردانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزب دەکات و ڕاستەخۆ شوێندانەرە لە سەر ئەنگیزە و هۆی کار و چالاکی ئەندامان. لە پێشەکی بەرنامە و پێرەوی ناوخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە: "سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بنەمایەک دارێژراوە کە کەڕامەتی مرۆڤ بە گرینگترین بەهای ژیان دەزانێ". هەروەها ماددەکانی پێنجەم و شەشەمی پێرەوی ناوخۆیی حیزب وێرای شیکردنەوەی مافەکانی ئەندام و دیسیپلینی حیزبی شیکەرەوەی ژینگەی فەرمی ئەخڵاقی حیزبی دێموکراتە. بەو پێیە ژینگەی ئەخڵاقی بریتیە لە "تێگەیشتنی هاوبەش لەوە کە چ کردارێک لە ڕوانگەی ئەخڵاقەوە دروستە و چۆن دەشێ لە گەڵ پرسە

ئەخلاقیەکان هەڵسوکەوت بکرێت." بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نێوان ئەرک و پلەی ئەندامان و کادرەکانی حیزبی لەوانەیە تێگەیشتنیان لە سەر ژینگەی ئەخلاقی حیزب وەک یەک نەبێت. ئەوە ڕێبەرانن کە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانیان باشترین وێنەی تێگەیشتن لە ژینگەی ئەخلاقی حیزبن و ژیانی ڕۆژانە، هەڵسوکەوتیان لە گەڵ خەڵک و کەسانی ژێر ڕێبەریان سیاسەتەکان و کردەوە ئەخلاقیەکانیان شی دەکاتەوە.

قاسملوو ڕێبەریک بوو کە هاندەری پێکهێنانی ژینگەیەکی خەڵکپەروەر و پەرەنسیبی و ئەرکناسی ئەخلاقی لە ناو حیزب بوو. چوارچێوەکانی ژینگەی ئەخلاقی بە سێ ڕەهەند دابەش دەکرێن: خۆخوازی و ئیگۆییزم (Egoism) خێرخوازانە (Benevolence)، پەرەنسیب (ئەرکناسی). خۆخواز یان ئیگۆیست زۆرترین سەرنجی بە قازانج و بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسی دەکات و هەوڵ دەدات لە هەموو کارو کردەوەکانی خۆیدا لە پلەی یەکەم بەرژەوەندیە تاکەکەسیەکانی خۆی یان لایەنگرانی خۆی لەبەرچاو بگرێت. خێرخوازی یان خەڵک پەروەری بە واتای ئەوە دێت کە کەسان بە لەبەرچاوگرتنی ئاکامی ئەرێنی و نەرێنی ئەو کاردانەوەی سەر خەڵکانی دیکە بڕیارەکانی خۆیان دەدەن. ئەرکناس هەوڵ دەدات کردەوەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاسا و سیاسەتەکای پەسەند کراو ڕێک بخات و هەڵسوکەوتی ئەخلاقی خۆی بە پێی پرەنسیبە پەسەندکراوەکان ڕێک بخات.

جۆری ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو پێوەندی بە هەڵسوکەوتی ڕێبەران و بەرپرسانی ڕێکخراوەکەوە هەیە. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theory) ڕوونی دەکاتەوە کە کەسان بە دیتنی ئولگوو و کردەوەکانی بڕیاردەران هەڵسوکەوتی خۆیان ڕێک دەخەن و پێرەوی لەو کەسانە دەکەن. بۆ ئەوەی کە کەسێک بتوانێت ببێتە ئولگووی خەڵکانی دیکە بۆ هەڵسوکەوت دەبێ خاوەنی تایبەتمەندی جێی بڕوا و سەرنجڕاکێش بن. ئەوان دەبێ هەروەک لە پێرەوی ناوخۆیی حیزبی دێموکراتیشدا ئاماژەی پێکراوە هەوڵ بدەن پلەی کۆمەڵایەتی و بڕوای کۆمەڵایەتی خۆیان بەرز بکەنەوە. ڕێبەران لە ناو ڕێکخراودا خاوەنی شوێنێکی کاریگەرن بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی بە هۆی پلەی تەشکیلاتی یان سیاسیانەوە خاوەنی بڕوایەکی ڕێکخراوەیین و ئەمەش بەرپرسایەتی و ڕۆڵیان قورستر دەکات. بە هۆی پلە و جێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەشکیلاتیان هەڵسوکەوتی ڕێبەران کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو و جۆری بڕوای کۆمەڵایەتی ئەوان.

تیۆری گرێدراوەیی (Dependency theory) دەسەلمێنێت کە ڕۆڵی کەسان دەتوانێت لە ڕێگای پێوەندی نێوان کەسی بەرپرس و ئەندامانی ڕێکخراوەوە کە خاوەنی دەسەڵاتن شوێندانەرە لەسەر ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو. گرێدراوەیی نێوان کەسان لە ڕێگای پێوەندی بنەماڵەیی، خزمایەتی، ناوچەیی و هەروەها بەرژەوەندی هاوبەشەوە پێک دێت، بە مەبەستی

مسۆگەرکردنی پێویستیەکانی تاکەکەسی و گرووپی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی مێژووی کێشەکانی ناوخۆیی و جیابوونەوەکان و لێکترازانەکانی رابردوو و کێشە و قەیرانەکانی ئەمرۆی رێکخراوەیی، گیرۆدەی دەستی نەخۆشی پێوەندی گرێدراوەیی بووە و تا ئەمرۆشی لە گەڵ بێت بوێری ئەوەی نەبووە خۆی لە دەستی ئەو نەخۆشیە رزگار بکات.

ئەمەش وای کردووە کە پێوەندیەکان لە ناو حیزبی دێموکرات دا بە جیاتی پێوەندی رێکخراوەیی و ئۆرگانیک زۆرتر ببنە پێوەندی تاکەکەسی و گرووپی و ناسیاوی.

گرێدراوەیی پێوەندیەکان تەنیا لایەنی نەرێنی نیە، پێوەندیەکانی ئۆرگانیکیی نێوان ئەندامان و بەرێوەبەران پێوەندیەکی گرێدراوەییە و رێبەران و بەرپرسان پێوەندیەکی گرێدراوەییان هەیە لە گەڵ ئەندامان و ئۆرگانەکانی ژێر بەرێوەبەریان. بۆیە جێ بڕوابوون و سەرنجدان بە پێوانە ئەخلاقیەکانی رێکخراوەیی شوێندانەرە لە ئاستی چالاکی و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ئەندامان بەرامبەر بە ئۆرگان و تەواویەتی حیزب. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە بەشێکە لە تایبەتمەندی رێبەری گۆرانکاری خواز.

لە روانگەی گەورەیی ئەخلاقیی رێبەر، رێبەری ئەخلاقی بۆ رێنوێنی ئەخلاقی ئەندامان و کەسانی ژێر رێبەریان، چاو لە کەسانی دەرەوەی خۆیان دەکەن. بەو واتایە ئەوان نموونەکانی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی کەسانێک هەڵدەبژێرن کە بۆ کۆمەڵگا نموونە بن و لە ئاستی جیهانی دا جێی سەرنج بن. کەوابوو هەڵسوکەوتی ئەخلاقی رێبەر شوێندانەرە لە سەر ژینگەی ئەخلاقی حیزب و تێگەیشتن و هەلسوکەوتی ئەندامان لە پێوەندی لە گەڵ ئەخلاقی حیزبی.

ئەو رێبەرانەی کە بە پێی بنەماکانی رێبەری ئەخلاقی هەلسوکەوت دەکەن دەتوانن ببنە هاندەری ئەندامانی رێکخراو بۆ بەرەوپێش بردنی ژینگەی ئەخلاقی حیزب. کرداری رێبەران ئاستی هەستی هێمنایەتی و هەومەرجی ئەخلاقی ئەندامان و ئۆرگانەکانی حیزبی دیاری دەکات و دەبێتە هۆی گەشەسەندنی راستگۆیی و بڕوای کۆمەڵایەتی. ئەمرۆ بنەماڵەی دێموکرات پێویستی بە ئۆرگانێکی تایبەت دەکات بۆ بەرێوەبەری بنەماکانی ئەخلاق لە ژینگەی حیزبی دا.

قازانجەکانی ئۆرگان یان ناوەندێکی وا بریتی دەبن لە:

۱- سەرنجدان بە ئەخلاق و ژینگەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی چاکسازی ناو کۆمەڵگای حیزبی.

٢- پلان و بەرنامەکانی ئەخلاقی دەتوانێت لەو هەلومەرجەی کە حیزب تێدایە یاریدەدەر بێت، بنەماڵەی دێموکرات لە دەوری بنەماکانی ئەخلاقی خۆی کۆ بێتەوە.
٣- بەرنامەکانی ئەخلاقی دبنە هۆی ئەوەی کە کاری گرووپ و تیمەکانی حیزبی شکڵی نوێ بەخۆیانەوە بگرن و پێوەندیەکان بتەوتر بن.

٤- بەرنامەکانی ئەخلاقی دەتوانن ببنە هۆی گەشەسەندن و پێشوەچوونی ئەندامانی حیزب.

٥- بەرنامەکانی ئەخلاقی دبنە هۆی ئەوەی ڕێبازە پەسەندکراوەکانی حیزب ببنە بنەمای کاروکردەوەکان و بڕوا بە ڕێبازی حیزبی قووڵتر بێتەوە.

٦- بەرنامەکانی ئەخلاقی دەبنە هۆی پێشگیری لە گەندەڵی ڕێکخراوەیی، تەشکیلاتی و ئیداری لە ناو حیزب دا.

٧- بەرنامەکانی ئەخلاقی یارمەتیدەری گەشەسەندنی نرخ و بەهاکانی حیزبی دەبن و بەرنامە و ستراتیژیەکانی بەهێزتر و جێ بڕواتر دەکەن.

٨- بەرنامەکانی ئەخلاقی دەبنە هۆی پێکهێنانی تێگەیشتنێکی ئەرێنی لە حیزب لەلایەن خەڵکەوە.

حیزبی دیموکرات بە پێکهێنانی بەرنامەی بەرێوەبەری ئەخلاق ژینگەکی ئەخلاقی لە ناو ڕێکخراوەکانی حیزبیدا گەشە پێبدات. ئامانجی سەرەکی بەرنامەکانی ئەخلاقی پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بنەماکانی ئەخلاقی و بایەخەکانی حیزبی و هەڵسوکەوتی ئەندامان لە هەموو ئاستەکانی ژیانی ڕێکخراوەییاندا. بەرنامەکانی ئەخلاقی لە بایەخەاکن، هێلەکان و ئەو چالاکیانە پێک دێت کە شوێندانەر بێت لە سەر چاکتر بوونی هەلسوکەوتی ڕێکخراوەیی. بەرنامەکانی ئەخلاقی دەتوانن دەورەی جۆراوجۆر و گفتگۆ و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە خۆیدا بگرێت.

لەو پێوەندیەدا پێویست بە داڕشتنەوەی کەرەسەکانی ئەخلاقی دەکات. کەرەسەی ئەخلاقی بریتیە لە کۆدەکانی ئەخلاقی، کۆدەکانی هەڵسوکەوت، هێلەگشتیەکان و شێوەکانی چارەسەری کێشەکان. لە هەلومەرجی ئەمڕۆی بزاڤی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کۆدەکانی ئەخلاقی حیزبی دەتوانن بۆ نموونە بەشێوەی خوارەوە بن:

١- پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە ناوخۆ و دەرەوەی حیزبدا.

٢- ڕێزگرتن لە یاسا و بنەماکانی پێرەوی ناوخۆیی حیزب.
٣- راستگۆیی لە وتە، کردە و هەڵسوکەوت.

٤- پاراستنی نهێنیەکان و بەکارنەهێنانی نهێنیەکانی حیزبی بۆ مەبەستی شەخسی و تاکەکەسی.

٥- بەشداری چالاکانە لە بەرەوپێشبردنی کاروباری حیزبی و دەروەستبوون بە چالاکیەکانی بەکۆمەڵ، یارمەتی کەسانی دیکە و دوورەپەرێزی لە خۆسەپاندن و تاکڕەوی.

٦- وەفاداری وهەستی بەرپرسایەتی بەرامبەر بە حیزب، بەرزراگرتنی بەرژەوەندیەکانی بالای نەتەوایەتی و بەرژەوەندیەگشتیەکانی حیزبی بەسەر بەرژەوەندی تاکەکەسی، جیناحی و گرووپی و بەرگری لە بایەخەکانی پەسەندکراوی هاوبەشی بنەماڵەی دێموکرات.

٧- هەبوونی ویژدانی کاری و سیاسی و وەگەڕخستنی هەموو تواناکانی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە پەسەندکراوەکان.

٨- خۆپاراستن لە پاڵپێوەنان و هەلاواردنی جیابیران و خۆپاراستن لە سووکایەتی و شکاندنی کەسایەتی ئەندامان و کەسانی جیابیر.

٩- لەبەرچاوگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و خۆپاراستن لە زمانی سووک لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا.

١٠- لەبەرچاوگرتنی دیسیپلینی حیزبی و جێبەجێ کردنی یەکسانی دیسیپلین لە هەموو ئاستەکانی حیزبیدا
١١- راگرتنی تەندوروستی ڕێکخراویی و ژینگەیی.

١٢- خۆبواردن لە هەرجۆرە هەڵاواردنێک بە هۆی ڕەگەز، ناوچە، زمان و زاراوە و بیرورا و ڕەوشی فیزیکی کەسان.

١٣- خۆپاراستن لە ڕشوەدان و خەڵاتێک کە لە سەر بنەمای پێوەندی تاکەکەسیەوە بێت.

١٤- جیاکردنەوەی چالاکی تاکەکەسی، کات بەسەربردن و کاتی بنەماڵە و کارەکانی حیزبی و پێکهێنانی پارەسەنگ لە نێوانیان.

بەشی دووهەم

١٥- بەکارنەهێنانی کەرەسە و دامەدەزگاکانی حیزبی بۆ مەبەستی تاکەکەسی و بنەماڵەیی.

١٦- ڕێزگرتن و بڕوای بەرامبەر لە نێوان ئەندامان.

١٧- خۆپاراستن لە جگەرەکێشان و مادەهۆشبەرەکان لە شوێنی کارو چالاکی.

١٨- ژینگەپارێزی و پاکوخاوینی شوێنی کار و ژیان.

١٩- بەرپرسبوون و وەلامدەربوون لە هەموو ئاستەکاندا.

٢٠- پاراستن و ڕێزگرتن لە سنوور و حورمەتی ژیانی تایبەتی خەڵک.

٢١- قەدەغەبوونی دانوئەستاندنی تایبەتی لە کاتی کارو چالاکیدا.

٢٢- هەوڵدان بۆ خۆفێرکردن و گەشەسەندن.

٢٣- هەوڵدان لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕازی بوونی خەڵک.

٢٤- ڕێزگرتن لە پلۆرالیزم و فرەچەشنی کۆمەڵگا و ریزەکانی حیزب.

٢٥- لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ئەخلاقی و ڕەوشتی ئینسانی لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیاروکارەکان.

٢٢ی جوونی ٢٠٢٤

پێشەکی بۆ نامیلکەی

قاسملوو هەروا ڕێبەری ڕووداوەکانی کوردستانە



پێشەکی و سپاسی فراوان لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا، کوردستان یەکپارچە هاواری دەکرد:

"قاسملوو قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە".

بە بێ زیادەگۆیی دەتوانم بێژم هیچ ڕێبەرێک لە مێژووی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەی قاسملوو تەنانەت دوای نەمانی لە ژیان ئەوەندە نفووزی هەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ ناو و بایەخەکانی لەناو کۆمەڵگا دا قووڵتر بێتەوە. ئێمە هەرچی لە ڕێکەوتی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ دوورتر دەکەوینەوە بایەخەکانی "ڕێبەریی" قاسملوو زۆرتر تێدەگەین. قاسملووش وەک هەموو مرۆڤێک خاوەنی کەموکۆڕی خۆی بووە. هەڵەی هەبووە. لەوانەیە هەڵوێستی هەڵەی گرتبێت و زۆرجار تووشی بڕیاری نابەجێ بووبێت کە گەورەترین و کارەساتبارترینیان بڕیاری گفتگۆی نهێنی لە گەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی رژێمی ئێرانە کە، تیرۆری ناجوامێرانەی بوو بە هۆی خوڵقاندنی تراومایەکی نەتەوەی بۆ جۆڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی. لەوانەیە یەکەم کۆمەڵە لای خوێنەری ئەو بابەتانی دروست بێ ئەوە بێ کە مەبەست لە نووسینی ئەم زنجیرە وتارانە لە سەر دکتۆر قاسملوو چییە؟ ڕەنگە خوێنەر پاشان لە زنجیرە وتارەکاندا بە دوای ژیاننامە، یان بیرەوەرییەکانی د. قاسملووda بگەڕێ.

لەو رۆژەوە کە دوکتۆر قاسملوو بە سکرتێریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا، رێبەرایەتی لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەکێک لە جوانترین و پڕواتاترین قۆناغەکانی خۆی دەست پێ کرد. قاسملوو لە سەردەمی رێبەرایەتیی خۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگی لە ئاستی سیاسی، رێکخراوەیی و پەیوەندییەکانی جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە جیهانی دەرەوە و ناوچەکەدا پێک هێنا. ڕەمزی سەرکەوتنی قاسملوو، پێکهێنانی هەلومەرجی گونجاو بۆ پاراستنی پرەنسیپەکان و پێکهێنانی زەمینەی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناو بزاڤی نەتەوایەتیدا بەگشتی و لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی بوو. قاسملوو رێبەری سەردەمێک بوو کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە شۆرشی پێشەسازییەوە بەرەو شۆرشی زانیاری و سەدەی ڕاگەیاندن دەگواستەوە. زانست، زانیاری و ئاسۆبینیی ئەو، بووبوونە هۆی ئەوە کە پێش سەردەمەکەی خۆی، پێشبینیی قۆناغی دیموکراسیی زانستی بکا. **بۆیە ئێستاش ٣٥ ساڵ دوای تیرۆرکردنی، سەرەڕای ئەوەی کە بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەرەو پێشەوە چووە، بەو حاڵەش رێبەرانی بزاڤی سیاسی لە ڕووی پێویستیی هەڵگرتنی هەنگاوێکی دیکە لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا، نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە پێویستەی زانست و رێبەری تاکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە دیسکۆرسی سیاسی و ستراتێژیی بزاڤی کورد لەو بەشەی کوردستاندا پێک بێنن.** قاسملوو بزوێنەری شەپۆلی فەرهەنگی رێبەرایەتی بوو لە کوردستاندا و توانیی حیزبێکی نەریتی و گرێدراوبکاتە حیزبێکی مۆدێرن، پێشکەوتوو، سەربەخۆ و خاوەن ستراتێژی، بە بەرنامە، بنەما ئەخلاقی، بایەخەکانی سەردەم و رێبەریی بەکۆمەڵ، رێبەری لە ناو خەڵک وهەروەها پرەنسیپەکانی رێبەریی بەکردەوە بکاتە رۆژەڤی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد. ئەم زنجیرە وتارە بۆ هێنانە بەرباسی مێتۆدی رێبەریی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و هەروەها بەرزکردنەوەی گرینگیی رۆڵی رێبەری (Leadership) نەمازە رێبەریی ئاڵوگۆڕخواز و رێبەریی ٣٦٠ پلە لە هەلومەرجی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتیدا. لەم زنجیرە وتارانەدا گرینگترین خاڵگەلی پەیوەندیدار بە هونەری رێبەری و مێتۆدی رێبەریی دوکتۆر قاسملوو بە کەڵکوەرگرتن لە دواییین تیوریەکانی زانستی رێبەری باس کراون. لەژێر تیشکی دەرسەکانی رێبەرایەتیی د. قاسملوودا، ئەو تایبەتمەندییانەی کە رێبەرێک دەبێ هەیبن، خراونەتە بەر باس وکاریگەریی رێبەری لە سەر ژیانی خەڵک و ئەوانەی کە لە گەڵ رێبەر کار دەکەن، نیشان دراون .هەر مرۆڤێک لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا، دەتوانێ لەسەر ژیانی هەزاران کەس شوێن دابنێ. پرسەکە لەوەدا نییە کە داخوا لەسەر کەسانی دیکە شوێن دادەنێین یا نە، بەڵکوئەوەی گرینگە چۆنیەتیی شوێندانانەکەمانە. ئامانجی ئەو بەرهەمە هاوکاریکردنی خوێنەرانە بۆ بەهێزکردنی توانای رێبەرییان وهەروەها سەرکەوتنیانە لە کاروباری تایبەتی و رێکخراوەییاندا. ئەگەر بمانەوێ نەوەکانی دوارۆژمان سەرکەوتوو بن و قوربانیی کەمتر بدەن، گەر بمانەوێ لە خەبات و کاری رێکخراوەیی خۆماندا سەرکەوتوو بین، یەکەم هەنگاو بەهێزکردنی ئاستی رێبەریی خۆمانە. پوختەی پەیامی پەرتووکەکە ئەمەیە: خەبات لەپێناو رزگاریی نەتەوایەتی و بەرەوپێشبردنی بزاڤی دیموکراتیکی گەلی کورد لە هەر هەلومەرج و قۆناغێکدا،زێدەباری هەرجۆرە کێشە و قەیرانێک؛ بۆ تێپەربوون لێیان پێویستی بە رێبەرایەتییەک هەیە کە وەڵامی سەردەم بداتەوە و بە کەرەستەی پێویستی

بەشی دووهەم


ڕێبەری و چارەسەری و بەڕێوەبردنی کێشەکان ئەرکی مێژوویی ڕێبەرایەتیی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپەڕێنێ، قاسملوو ڕچەشکێنی خەبات دژی خەباتی نەریتی بوو. ڕێبازی قاسملوو نوێگەرا، پێشکەوتنخواز، دیموکرات و خاوەن بنەماکانی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزییە .ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە هەموو ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان. ٣٥ ساڵ دوای کارەساتی تیرۆری قاسملوو، ئاستی وشیاری و بەربڵاویی خەباتی نەتەوایەتی ئاسۆیەکی نوێی خولقاندووە. ئاسۆیەکی جیاواز، ئاسۆیەکی بەهێزتر بەڵام، نەرمتر. بەرینیی ئەو ئاسۆیەش پڕە لە ئاشتی، نەرمی و خۆشەویستی. بەو هیوایە توانییێتم بەرامبەر بە شەهیدان و خەباتکارانی ڕزگاری نەتەوەکەم ئەمەگناس بووبم. هیوادارم خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەڵامی خاڵانەی سەرەوەی دەست بکەوێ و زیاتر و مەدوای ئەوسەرەداوانە بڕوا کە ئاماژەم پێ کردوون. کاک ڕەحمان نەقشی لە کۆکردنەوە و بڵاو کردنەوەی ئەو زنجیرە وتارەدا ئەرکی سەرەکی گێڕاوە. لە سەردەمی مێژووی بێ مێژووییدا و لە کاتێکدا کە مرۆڤەکان بە تەواوی سەرقاڵی ژیانی خێرا و بگۆڕی خۆیانن لە رکەبەری لە گەڵ جیهانی دیجیتال و ئاڵۆگۆرە خێراکان، کەم کەس هەن بتوانن سەرنج بدەنە کۆکردنەوەی بەرهەمی کەسانێکی بچووکی وەک من. کاک ڕەحمان نەقشی ئەو ئەرک و ئینیسیاتیڤەی بە ئەستۆ گرتووە و گەورەییەکی مەزنی بەمن بەخشیوە بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارەکان بە شێوەی پەرتووکێکی ئەلەکترۆنی. نایشارمەوە بۆ من قاسملوو لە تەمەنی دوانزدە - سێزدە ساڵیەوە ئەوکاتەی کە قوتابی دواناوەندی لە شاری ورمێ بووم وەک ئولگوو و هێمایەک بووە کە هەمیشە هەوڵم داوە بە هەموو شێوەیەک کە بۆم بگونجێت ڕێگەی بپێوم. لە ڕوانگەی دەروونناسی مرۆڤیشەوە بێت، مرۆڤ دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێوێت کە هێماکەی پێوایەتی بۆ ئەوەی بە لووتکەی سەرکەوتن بگات. دەزانم ئەوەی لێرەدا نووسراوە بەشێکی زۆری ڕوانگەی سوبجێکتیڤی هەیە. خۆزگە دەخوازم دەرفەتێک بخوڵقێت بۆ نووسینی بەرهەمێکی زانستی لە سەر پرسی ڕێبەری لە ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی دا.

قاسملوو دەکرێ بێژین "ڕێبەرێکی بنەماتەوەر" بوو، کە مخابن ڕێبەرانی دوای ئەو نەیانتوانی ئەو بنەمایانەی ڕێبەری ڕەچاو بکەن.

سەرچاوە: نامیلکەی قاسملوو هەروا ڕێبەری ڕووداوەکانی کوردستانە

پووشپەری ٢٧٢٤ی کوردی

پێشەکی و سپاسی فراوان



لە گەرمەی شۆرشی ژینادا، کوردستان یەکپارچە هاواری دەکرد: "قاسملوو قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە". بە بێ زیادەگۆیی دەتوانم بێژم هیچ ڕێبەرێک لە مێژووی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پادەی قاسملوو تەنانەت دوای نەمانی لە ژیان ئەوەندە نفووزی هەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ ناو و بایەخەکانی لەناو کۆمەڵگا دا قووڵتر بێتەوە. ئێمە هەرچی لە ڕێکەوتی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ دوورتر دەکەوینەوە بایەخەکانی "ڕێبەریی" قاسملوو زۆرتر تێدەگەین. قاسملووش وەک هەموو مرۆڤێک خاوەنی کەموکۆری خۆی بووە. هەڵەی هەبووە. لەوانەیە هەڵوێستی هەڵەی گرتبێت و زۆرجار تووشی بڕیاری نابەجێ بووبێت کە گەورەترین و کارەساتبارترینیان بڕیاری گفتگۆی نهێنی لە گەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی رژێمی ئێرانە کە، تیرۆری ناجوامێرانەی بوو بە هۆی خوڵقاندنی تراومایەکی نەتەوەی بۆ جۆڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی.

لەوانەیە یەکەم پرسیار لای خوێنەری ئەو بابەتانی دروست بێ ئەمەبێ، کە مەبەست لە نووسینی ئەم زنجیرە وتارانە لە سەر دکتۆر قاسملوو چییە؟ ڕەنگە خوێنەر پاشان لە زنجیرە وتارەکاندا بە دوای ژیاننامە، یان بیرەوەرییەکانی د. قاسملوودا بگەڕێ. لەو ڕۆژەوە کە دوکتۆر قاسملوو بە سکرتێریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا، ڕێبەرایەتی لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەکێک لە جوانترین و پڕواتاترین قۆناغەکانی خۆی دەست پێ کرد.

قاسملوو لە سەردەمی رێبەرایەتیی خۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگی لە ئاستی سیاسی، رێکخراوەیی و پەیوەندییەکانی جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە جیهانی دەرەوە و ناوچەکەدا پێک هێنا.

ڕەمزی سەرکەوتنی قاسملوو، پێکهێنانی هەلومەرجی گونجاو بۆ پاراستنی پرەنسیپەکان و پێکهێنانی زەمینەی گونجاو بۆ ئاڵوگۆر لە ناو بزاڤی نەتەوایەتیدا بەگشتی و لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بەتایبەتی بوو. قاسملوو رێبەری سەردەمێک بوو کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە شۆرشی پێشەسازییەوە بەرەو شۆرشی زانیاری و سەدەی ڕاگەیاندن دەگواستەوە. زانست، زانیاری و ئاسۆبینیی ئەو، ببوونە هۆی ئەوە کە پێش سەردەمەکەی خۆی، پێشبینیی قۆناغی دیموکراسیی زانستی بکا. بۆیە ئێستاش ٣٥ ساڵ دوای تیرۆرکردنی، سەرەرای ئەوەی کە بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەرەو پێشەوە چووە، بەو حاڵەش رێبەرانی بزاڤی سیاسی لە رووی پێویستیی هەڵگرتنی هەنگاوێکی دیکە لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆردا، نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە پێویستەی زانست و رێبەری تاکو گۆرانکارییەکی بنەڕەتی لە دیسکۆرسی سیاسی و ستراتێژیی بزاڤی کورد لەو بەشەی کوردستاندا پێک بێنن.

قاسملوو بزوێنەری شەپۆلی فەرهەنگی رێبەرایەتی بوو لە کوردستاندا و توانیی حیزبێکی نەریتی و گرێدراوبکاتە حیزبێکی مۆدێرن، پێشکەوتوو، سەربەخۆ و خاوەن ستراتێژی، بە بەرنامە، بنەما ئەخلاقی، بایەخەکانی سەردەم و رێبەریی بەکۆمەڵ، رێبەری لە ناو خەڵک وهەروەها پرەنسیپەکانی رێبەریی بەکردەوە بکاتە رۆژەڤی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد. ئەم زنجیرە وتارە بۆ هێنانە بەرباسی مێتۆدی رێبەریی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا و هەروەها بەرزکردنەوەی گرینگیی رۆڵی رێبەری (Leadership)، نەمازە رێبەریی ئاڵوگۆرخواز و رێبەریی ٣٦٠ پلە لە هەلومەرجی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتیدا. لەم زنجیرە وتارانەدا گرینگترین خاڵگەلی پەیوەندیدار بە هونەری رێبەری و مێتۆدی رێبەریی دوکتۆر قاسملوو بە کەڵکوەرگرتن لە دواییین تیورییەکانی زانستی رێبەری باس کراون. لەژێر تیشکی دەرسەکانی رێبەرایەتیی د. قاسملوودا، ئەو تایبەتمەندییانەی کە رێبەرێک دەبێ هەیبێ، خراونەتە بەر باس وکاریگەریی رێبەری لە سەر ژیانی خەڵک و ئەوانەی کە لە گەڵ رێبەر کار دەکەن، نیشان دراون.
هەر مرۆڤێک لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا، دەتوانێ لەسەر ژیانی هەزاران کەس شوێن دابنێ. پرسەکە لەوەدا نییە کە داخوا لەسەر کەسانی دیکە شوێن دادەنێین یا نە، بەڵکوئەوەی گرینگە چۆنیەتیی شوێندانانەکەمانە. ئامانجی ئەو بەرهەمە هاوکاریکردنی خوێنەرانە بۆ بەهێزکردنی توانای رێبەرییان وهەروەها سەرکەوتنیانە لە کاروباری تایبەتی و رێکخراوەییاندا. ئەگەر بمانەوێ نەوەکانی دوارۆژمان سەرکەوتوو بن و قوربانیی کەمتر بدەن، گەر بمانەوێ لە خەبات و کاری رێکخراوەیی خۆماندا سەرکەوتوو بین، یەکەم هەنگاو بەهێزکردنی ئاستی رێبەریی خۆمانە. پوختەی پەیامی پەرتووکەکە ئەمەیە: خەبات لەپێناو رزگاریی نەتەوایەتی و بەرەوپێشبردنی بزاڤی دیموکراتیکی گەلی کورد لە هەر

هەلومەرج و قۆناغێکدا،زێدەباری هەرجۆرە کێشە و قەیرانێک؛ بۆ تێپەربوون لێیان پێویستی بە ڕێبەرایەتییەک هەیە کە وەڵامی سەردەم بداتەوە و بە کەرەستەی پێویستی ڕێبەری و چارەسەری و بەڕێوەبردنی کێشەکان ئەرکی مێژوویی ڕێبەرایەتیی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپەڕێنێ.

قاسملوو ڕچەشکێنی خەبات دژی خەباتی نەریتی بوو. ڕێبازی قاسملوو نوێگەرا، پێشکەوتنخواز، دیموکرات و خاوەن بنەماکانی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزییە. ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە هەموو ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کورد و کوردستان.

نایشارمەوە بۆ من قاسملوو لە تەمەنی دوانزدە - سێزدە ساڵییەوە ئەوکاتەی کە قوتابی دواناوەندی لە شاری ورمێ بووم وەک ئولگوو و هێمایەک بووە کە هەمیشە هەوڵم داوە بە هەموو شێوەیەک کە بۆم بگونجێت ڕێگەی بپێوم. لە ڕوانگەی دەروونناسی مرۆڤیشەوە بێت، مرۆڤ دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێوێت کە هێماکەی پێوایەتی بۆ ئەوەی بە لووتکەی سەرکەوتن بگات. دەزانم ئەوەی لێرەدا نووسراوە بەشێکی زۆری ڕوانگەی سوبجێکتیڤی هەیە. خۆزگە دەخوازم دەرفەتێک بخوڵقێت بۆ نووسینی بەرهەمێکی زانستی لە سەر پرسی ڕێبەری لە ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی دا. قاسملوو دەکرێ بێژین "ڕێبەرێکی بنەماتەوەر" بوو، کە مخابن ڕێبەرانی دوای ئەو نەیانتوانی ئەو بنەمایانەی ڕێبەری ڕەچاو بکەن. کاک ڕەحمان نەقشی لە کۆکردنەوە و بڵاو کردنەوەی ئەو زنجیرە وتارەدا ئەرکی سەرەکی گێراوە. لە سەردەمی مێژووی بێ مێژووییدا و لە کاتێکدا کە مرۆڤەکان بە تەواوی سەرقاڵی ژیانی خێرا و بگۆڕی خۆیانن لە رکەبەری لە گەڵ جیهانی دیجیتاڵ و ئاڵۆگۆڕە خێراکان، کەم کەس هەن بتوانن سەرنج بدەنە کۆکردنەوەی بەرهەمی کەسانێکی بچووکی وەک من. کاک ڕەحمان نەقشی ئەو ئەرک و ئینیسیاتیڤەی بە ئەستۆ گرتووە و گەورەییەکی مەزنی بەمن بەخشیوە بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارەکان بە شێوەی پەرتووکێکی ئەلەکترۆنی. سپاسی بێ کۆتا بۆ کاک ڕەحمان نەقشی بۆ ئەم ئەرکە قورس و یادگارە بەنرخە.

٣٥ ساڵ دوای کارەساتی تیرۆری قاسملوو، ئاستی وشیاری و بەربڵاویی خەباتی نەتەوایەتی ئاسۆیەکی نوێی خولقاندووە. ئاسۆیەکی جیاواز، ئاسۆیەکی بەهێزتر بەڵام، نەرمتر.بەرینیی ئەو ئاسۆیەش پڕە لە ئاشتی، نەرمی و خۆشەویستی. بەو هیوایە توانیبێتم بەرامبەر بە شەهیدان و خەباتکارانی رزگاری نەتەوەکەم ئەمەگناس بووبم. هیوادارم خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەڵامی خاڵانەی سەرەوەی دەست بکەوێ و زیاتر وەدوای ئەوسەرەداوانە بڕوا کە ئاماژەم پێ کردوون.

٢٣ی جوولای ٢٠٢٤

دەردی دڵێکی هاوڕێیانە لە گەڵ بەڕێزانی ڕێبەری حیزبی دێموکرات



لە پێشەکی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هاتووە: "حیزبی دێموکرات، وەکوو حیزبێکی پێشەنگی کۆمەڵگا، ئەرکی هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بارهێنان و جێگرتنی پەروەردەیەکی ئەمرۆیی لە نێو ئەندامان و لایەنگرانی لە سەر شانە.(بنەما گشتییەکانی سیاسەتی حیزب، ل ٨)، لە هەمان لاپەرەدا لە بڕگەی هەشتم حیزبی دێموکرات بڕوای خۆی بە پلۆرالیزمو فرەچەشنی کۆمەڵگای کوردستان ڕادەگەیەنێت و لە بڕگەی ٩ی هەمان لاپەرەدا حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی خاوەن میژوویی و جەماوەری کوردستان ئەرک بۆ خۆی دیاری دەکات".

لە مادەی چواردەمی پێڕەوی ناوخۆیی حیزبی دێموکرات دا هاتووە: ئەرکی ئەندامی حیزب بریتیە لە "بردنە سەری ئاستی زانیاری سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی" و هەروەها "بردنەوەی سیاسەتی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندیان لە گەڵ بەهێز بکات و لە بیروڕا و ئەزموونەکانیان کەڵک وەرگرێت."

بۆ ئەوەی مەبەستەکانی سەرەوە جێبەجێ بن، پێویستە حیزب و ئەندامانی لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا بوونیان هەبێت و یەکێک لە ڕێگەکانی هەرەکاریگەر حزووری چالاکانە و بەردەوام لە ناو کۆمەڵەمەدەنیەکان و ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکانە. لەوەتی لە بیرم دێت لە دەیەی ١٩٩٠ەوە تا ئێستە مخابن حیزبی دێموکرات هەمیشە بە شێوەیەکی نەرێنی و زۆرجاریش تا ئاستی دژایەتی لە گەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەڵسوکەوتی کردووە. زۆرجار ئەندامی حیزب بە هۆی

بەشداری لە چالاکی ڕێکخراوی مەدەنی یان ئەندامەتی لەو ڕێکخراوانەدا سزا دراوە و تەنانەت دەر کراوە. ئەو هەڵسوکەوتە ئەو وێنەیە لە ناو خەڵک دا دەخوڵقێنێت کە؛

یەکەم: حیزبی دێموکرات سەرەرای دروشمەکانی بڕوای بە کۆمەڵگای مەدەنی و پرۆسە دێموکراسییەکان نیە و
دووەم: حیزبی دێموکرات حیزبێکی تەاویەتخوازە و هەمووشت تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی وشکی ڕێکخراوەیی خۆیدا کە حاڵەتی ئایدیۆلۆژیکی لێهاتووە دەبینێت. بۆخۆم لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە لە ناو حیزبی دێموکرات بووم، ئەندام، پێشمەرگە و کادر و تەنانەت ماوەیەکیش ئەندامی ڕێبەریی ئەو حیزبە بووم، نوێنەرایەتی ئەو حیزبەم کردووە لە کۆر و کۆمەڵە ناونەتەوەییەکان و بە هیچ شێوەیەک بڕوام بە دوو خاڵەی سەرەوە نیە، بەڵکوو بڕوام وایە لە نەبوونی تێگەیشتنی یەکدەنگ و هاوشێوە لە کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەتایبەت لە دیاسپۆرادایە و لە نەبوونی بڕوا بە هێزی سەربەخۆی بڕیاردانی ئەندامەکانیانە کە ڕێبەرانی حیزب هەست بە مەترسی دەکەن و ڕێگە نادەن سەرەرای پێرەوی ناوخۆ "پێوەندییان لە گەڵ خەڵک بەهێز بکەن و لە بیرۆڕا و ئەزموونەکانیان کەڵک وەرگرن."

کۆمەڵە مەدەنیەکان و NGO و ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکان ئاڵقەی پێوەندی ئۆرگانیکی نێوان چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و بڕیاری سیاسین، ئەوان کۆکەرەوەی شارەزایی، پسپۆری و ئەزموونی جۆراوجۆرن کە دەتوانن ببنە سەرچاوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی هێزە سیاسیەکان و توانایی و شارەزایی ئەوان دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزبوونی توانایی و شارەزایی ئەندامانی حیزبیش لەو ڕێگەیەدا ڕێکخراوەکانی حیزبی هەم بەڕۆژ دەبن و هەمیش هێز و تواناکانیان گەشە دەکات.

ڕێکخراو وەک ژینگەیەکی سروشتیە، کاتێک هاتوچۆی زانیاری، ئەزموون و پسپۆری لە گەڵ دەوروبەری و ژینگە تێدا نەبێت، بەردەوام وەک گۆمێک لێی دێت کە بەرەو وشکایی دەڕوات و لە ئاکامدا لە کۆمەڵگا دوا دەمێنێتەوە بەرە بەرە کۆمەڵگای سیاسی ڕێکخراوەکە بەجێ دێڵن و بیر لە ئالترناتیڤی دیکە دەکەنەوە. حیزبێکی دێموکرات و بەرپرس لە بەرامبەر هەموو تاک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بەرپرسە و ناشێ سیاسەت و هەڵوێستی سیاسی ئەو وەک هەڵوێستی مەزهەبی و ئایینی بێت و هەر جیاوبیرکەرەوەیەک وەک "خوارج" و "دژبەری پۆتانسیەلی" ببیندرێت.

چەند ڕۆژی دیکە ٣٥ مین ساڵڤەگەری کارەساتی ٢٢ پووشپەرە، ڕۆژی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو. قاسملوویەک کە هەموو هەوڵی ئەوە بوو بازنەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات بەرفراوانتر بێت و سەرمایەی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەو حیزبە ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر بێت، ئەو کاتێک بۆ ئەم مەبەستە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا ڕەچەشکێنییەکی زۆری کرد. ئێستا ڕێبوارانی قاسملوو دەبێ لەو ڕێبەرە بلیمەتە فێر بن و ئەگەر بەڕاستی خۆیان بە ڕێبواری ڕێگەی ئەو ڕێبەرە و شەهیدانی

بەشی دووهەم

کوردستان دەزانن، بەچاوێکی ڕەخنەگرانە بڕوانێنە سیاسەت و هەڵوێستەکانی رابردووی خۆیان.

حەز دەکەم ئەوە بڵێژم، بۆ من گەورەیی حیزبی دێموکرات شانازیە، کاتێک دەبینم بەهۆی هەندیک هەڵوێستی ناڕاسیۆنال ئەو حیزبە بچووک دەکرێتەوە فرمێسکی گریان بە چاوەکانم دەباڕێت، چونکە ئەو حیزبە حیزبی ڕێبەرانێکی وەک قازی محەمەد، قاسملوو و شەرەفکەندی بووە کە هەموو هەوڵیان ئەوە بوو حیزبێک پەروەردە بێت بە پانتایی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆی بەرامبەر هەموو تاکەکانی کوردستان بەرپرس بزانێت و حیزبێک بێت دێموکرات وەک ئەوەی لە سیمای دێموکرات دا هاتووە.

دڵسۆزتان

مەجید حەقی

٢٢ی جوونی ٢٠٢٤

بوێری لە هیوادا



لە یەکەم بیست و پێنجی گەلاوێژێک کە حیزبی دێموکرات دامەزراو و خەباتی رزگاری خوازانەی کورد قۆناغێکی نوێی دەستپێکرد ٧٩ ساڵ تێپەڕ دەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە رەوتی شارنشینی تازە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردبوو، ئاستی خوێندەواری خەڵک لە خوارەوە و کەمتر لە یەک لەسەدی ژنانی شار توانای خوێندن و نووسینیان هەبوو. کۆمەڵگای کورد بەسەر عەشیرە و خێلەکاندا دابەش ببوو و ئەوە خێل وعەشیرەبوو کە چارەنووسی وڵاتیانی دیار دەکرد و شوێن و پێگەی ژیانیانی پێ دەبەخشی.

لە سەردەمی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، کۆمەڵگای کورد، کۆمەڵگایەکی پەروەردەنەکراو بوو کە لە هەرچی ر یکخراو و ڕێکخستنی خاوەن سیستەم بوایە ترسی هەبوو. لەو ساتەوە تا ئەمرۆ، حیزبی دێموکرات وێرای خەباتی بێ پسانەوە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک قوتابخانەیەکی پان و بەرینی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی پێکەوە ژیانی سیستەماتیک رۆڵی گێراوە.

لە ئەنجامدا کۆمەڵگای کوردستان لە رۆژهەڵات ئەمرۆ ڕێکخراوترین کۆمەڵگاکانی ئێرانە، خۆنەویستی و ژیان ویستی لە ناو خەڵکی کوردستان سەرەرای جەهاد و شەڕەکانی رژێمی ئاخوندی دژی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی ئێران بەرزترە.

کوردستان تەنیا شوێنێکە کە کۆماری ئیسلامی بەبێ هیچ پۆشتەوپەردا‌ختی سەربازی و هیچ چەکدارەکانی هەست بە هێمنایەتی ناکات و بەکردەوە لە سێبەری خۆشی دەترسێت. کوردستانی ئەمرۆ لە رووی کولتوور، وشیاری نەتەوایەتی، هەستی یەکگرتوویی خوازی و جۆشی بەرخودان لە بەرامبەر سیاسەتەکانی توانەدنەوەی نەتەوەی کورد بە کردەوە بووتە سەنگەری هیوا و ئاواتەکانی هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی دیکەی ئێرانی.

فەلسەفەی هەبوونی حیزبی دێموکرات بە چالشکێشانی هەموو نەریتە کۆنەکانی دەسەڵاتداری لە ئیران، دژایەتی لە گەڵ ناوەندگەرایی و سیستەمی بەرێوەبەری یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئایین، یەک ئاڵا و یەک پادشایە. فەلسەفەی ئەو حیزبە بریتیە لە بەرێوەچوونی دێموکراسی لە ئاستی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگا تا بەرزترین ئاستەکانی بڕیاردان، دابەشکردنی دەسەڵات، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، لەناو بردنی چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، پابەندبوون بە ژینگەپارێزی و ژیانێکی ئێکۆلۆژیک. سیستەم و بیروباوەرە کۆنباوەکان ئەو فەلسەفەیە بە مەترسیەک لە دژی خۆیان و فەلسەفەی بوونی خۆیان دەبینن. بۆیە ترس و رقی نەیارانی کوردستان تەنیا لە پێشمەرگە نیە بەهۆی ئەوەی چەکی هەڵگرتبێت، ترسی لە باوەرێکە کە لەوانەیە بۆ دەرەوەی سنووورەکانی کوردستانیش تەشەنە بکات و ببێتە بایەخی گشتگر. لەوەها رەوشێکدا کۆشکی ستەم و چەوسانەوەی چەندین هەزار ساڵە دەروخێت و جیهانێکی نوێ دەبێ ئاوەدان بکرێتەوە.

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ هاوکاتە لە گەڵ دەسپێکی سێهەمین ساڵی شۆرشی - ژینا شۆرشێک کە دەنگی" ژن - ژیان - ئازادی " بە هەموو جیهان گەیاند و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نیشانی دا ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان سادە، جوان و ئەوەندە مرۆڤین کە هەموو کەس دەتوانێت خۆی تێدا ببینێتەوە. رژێمێک کە تا ئێستا بە خەباتی کلاسیک راهاتبوو و بەشێوەی کلاسیک خەباتکارانی رۆژهەڵاتی سەرکووت دەکرد، لەنەکاو لە گەڵ شێواز و خەباتێکی هەمەگر و هەمەلایانەی نوێ بەرەوروو بوو کە بەکاربردنی شیوازە کۆنەکان ناتوانن یارمەتیدەری بن. ئەم دەسپێکە درێژەی پەیامی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ بوو کە لەودا مزگێنی دیاری کردنی مافی چارەنووس و ئازادی و سەربەستی بە نەتەوەی کورد درابوو.

ویست و دروشمەکانی حیزبی دێموکرات سادەن و هیواکانی خەڵکی کوردستان، کە لەوداهەموو ئایین، زمان، کولتوور و چینێک مافی ژیانی بۆ مسۆگەر کرابێت و لە ماوەی حەفتا و نۆ ساڵی رابردوودا نیشانی داوە کە گەلێکی شایانی ئازادیە و لە دڵی هەر کوردێکدا ریزە ئامانج و خەونێک حەشار دراوە کە پێویستی وێژدانی گشتی ئێمە بجۆڵێنێت. ئامانجگەلێک لە سەر بنەمای بایەخە مرۆڤیەکان و سەرەرای ئەزموونە تاڵەکانی جیابوونەوە و لێکدابرانەکان هیوا بۆ یەکگرتنەوە و وەسەریەک خستنی رێزەکانمان بۆ بەدەست هێنانی ئەزموونێکی جیاواز لە هەرکات بەرزتر و داواکان راشکاناوەترن. سەرەرای

بەشی دووهەم

ئەمانە، مخابن حیزبی دێموکرات لە ڕووی ڕێکخراوەیی و پێوەندییە کۆمەڵاتییەکانەوە نەیتوانیوە بە شێوەی گونجاو و پێویست سەرمایە مرۆڤیی و کۆمەڵایەتییەکان بەکار بێنێت و لە دەوری دروشم و ئامانجەکانی خۆی کۆ بکاتەوە. هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ لە ڕادەبەدەر نەریتی بووونی ڕێبەران و بڕیاردەرانی حیزب کە پێچەوانەی دامەزرێنەران و ڕێبەرانی گەنجی سەردەمی خۆی لە کۆمەڵگا دوا ماونەتەوە.

ئەمرۆژە لە هەموو ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەموو هۆگرانی مافی دیاری کردنی چارەنووس پیرۆز بێت.

١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٤

شەرەفکەندی ڕێبەری هەلومەرجەکان



ڕێبەرییی هەلومەرج (Situational Leadership) ڕوانگەیەکی ڕێبەرییە کە لەودا ڕێبەر کارامەیی خۆی لە بوارەجۆراوجۆرەکانی ڕێکخراودا نیشان دەدات. ڕێبەری هەلومەرجەکان لە هەلومەرجی جیاوازدا هەڵسوکەوتی جیاوازی هەیە. کاتی دکتۆر قاسملووی ڕێبەر لە ساڵی ١٩٨٩ دا تیرۆر کرا، دکتۆر سەعید - شەرەفکەندی لە بەرامبەر ئەزموونێکی پێشتر نەبینراو و هەلومەرجێکی پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ نەکراو بەرەوروو بوو، هەلومەرجێک کەلەودا لەلایەک دەبوایە لە یەکیەتی سیاسی حیزبی قاسملوو بپارێزێت، لەلایەکی دیکەوە ڕێبەریی حیزبەکەی بکات بۆ درێژەدانی دۆزی حیزب و لەولاشەوە ببێتە هاندەر و وروبەخشی ئەندامان و پێشمەرگەکانی کوردستان کە لەبەرەی بەرخودانێکی سەخت بوون لە گەڵ داگیرکاری

دەوڵەتی ئێران.

ئەگەر لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخ و دیاسپۆرا داهێنەرێکی هەبێت، ئەوا دکتۆر سەعید شەرەفکەندیە. ئەمەش لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بۆ کۆنگرەی نۆ دا خویانی دەکات. رێبەری هەلومەرج خاوەنی چوار تایبەتمەندین: رووراست، پشتیوان، بەئیرادە و کارامە. هەرکام لەو تایبەتمەندیانە بوون بە هۆی ئەوەی کە دکتۆر سەعید لە ماوەیەکی زۆر کورتی دوای تیرۆری دکتۆر قاسملوو، بێ قاسملوویی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا هەست نەکرێ و جگەلەوە پێڤاژۆی پرسی مافی چارەی خۆ نووسین و بەهێزبوونی بڕوابەخۆ بوون و نووژەن بوونەوە رووی کردە ناو رێکخراوەکانی حیزبی. خاوەن بەرنامەبوون و بیری ستراتێژیک لەو تایبەتمەنیانەن کە بەداخەوە دوای شەهید بوونی دکتۆر سەعید زۆر ماوەدار نەماوە.

قۆناغی سێ سالّ رێبەریی دکتۆر سەعید و شوێندانەریی ئەو لەسەر بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەلّات، پێویست بە وردبوونەوە و خوێندنەوەیەکی قوولّتر لە چەند وشەی سالّڤەگەری تیرۆری ناجوانمێرانەی ئەو رێبەرەن.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤

ڕۆژی کەمئەندامانی کوردستان پیرۆز بێت



ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز (٧ - ١٢) لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری کراوە. من پێموایە جێی خۆیەتی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی کەمئەندامان و قوربانیانی تیرۆریزم لە سەرانسەری کوردستان دیاری بکریت. لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ (٧ - ١٢ - ١٩٨٧)، فەرماندەی بەوەج و یەکێک لە ڕێبەرانی هەرە دیاری خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: مامۆستا حەسەن_شیوەسەڵی بە پلانێکی تیرۆریستی هەردوو دەست و چاوەکانی خۆی لە دەست دا. سەرەڕای کەم ئەندام بوونی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی و بۆ ساتێکیش لە خەبات و وریەبەخشی، حزووری چالاکانەی لە ریزەکانی خەباتکاراندا نەوەستاوە. مامۆستا چ بە پەیامەکانی، چ بە بەشداری لە بۆنە و چالاکییە سیاسیەکاندا تا ئەمرۆش لە گەڵ بێت، هێمای خۆڕاگری، وریەبەرزی و سیمای ڕاستەقینەی خەبات و بەرخۆدانی نەوەکانی پێشووی کوردستان بووە لە پێناو مافی دیاری کردنی چارەنووسدا.

بێگومان لە هەموو بەشەکانی کوردستان کەسانی بەوەج و خۆڕاگری زۆر هەبوون کە کەم ئەندام بوون، قارەمانگەلی زۆر بەشێک لە جەستەی خۆیان فیدای ڕزگاری کوردستان کراوە. ژمارەیەکی زۆر لەو قارەمانانە بە هەر هۆیەک بن، وازیان لە هەموو پێوەندییەکانی سیاسی و ڕێکخراوەیی هێناوە و بەداخەوە ژمارەیەکی زۆریش لە نێو ئێمەدا نەماون. ئەوەی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی تایبەتی تر دەکات، بیر بەرزی و ئاسۆ بینی و ڕۆلی ڕێبەرێکی ڕۆحی دەگێڕێت بۆ نەوەکانی دوای خۆی.

بەشی دووهەم

چ ئەوانەی لایەنگر و ئەندامی حیزبەکەی مامۆستان و چ ئەوانەی هیچ پێوەندییەکیان بە حیزبی ئەووە نیە و تەنانەت "رکەبەری" حیزبەکەی ئەون.

بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لەو کەمئەندام و قارەمانانەی کوردستان کە سەردەمانێک وەک هەڵۆی بەرزەفڕ شاخەکانی کوردستان نەویتر لە قامەتیان بوو، ئێستا بەتایبەت لە هەندەران تاک تاک لە نێو ئێمەدا نامێنن. بۆیە لێرەدا پێشنیارێک ڕاستەی ڕێکخراوە سیاسیەکان بەتایبەت ئەوانەی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا خەباتی چەکداریان دەکرد، دەکەم: بێنن پێکەوە مێهرەجانێکی تایبەت بە ڕێزگرتن و کۆکردنەوەی ئەو هێما نەتەوەییانە بگرن.

سالّی ٢٠١٢ بەتەما بووین ئەو ئەرکە لە فینلاند بەڕێوە بەرین، بەداخەوە بەهۆی کێشەکانی ناوخۆیی حیزبی نەمانتوانی ئەو خەونە وەدی بێین و هیوادارم کەسانی دیکە هەبن بەو ئەرکە هەڵسن و ڕێز لە ڕۆڵەکانی بێنازی نەتەوەکەمان بگرن.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەسەر کانالّی The Amargi



لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٦، لەسەر کانالّی The Amargi و لە بەرنامەی ئامارگی مۆزایک (The Amargi Mosaic) بلاّوکرایەوە، ئەلیف ساریجان میواندارى عەمبەرین زەمان، ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری باڵای ماڵپەڕی(Al-Monitor) ی کرد. چاوپێکەوتنەکە تیشکی خستە سەر پێشهاتە تازەکانی پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیا و بزووتنەوەی کورد، هەروەها پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەم پرۆسەیە بە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و سەربازیی سووریا لە قۆناغی پاش ئەسەددا.

عەمبەرین زەمان لە وەڵامی پرسیارێکی ئەلیف ساریجاندا سەبارەت بە بەراوردی پرۆسەی ئێستا لەگەڵ هەوڵەکانی ڕابردوو (بەتایبەت پرۆسەی ٢٠١٣ – ٢٠١٥)، ئاماژەی بەوە کرد کە دیارترین جیاوازی لە ڕووی «پێکهاتەیی و بارودۆخی مەیدانی»یەوەیە. لە کاتێکدا هەوڵەکانی پێشوو لە ناوەڕۆکی مەلانێیەکی چەکداریی چالاک و تەقینەوەی ئاڵۆزییەکانی سووریادا بەڕێوەدەچوون، قۆناغی ئێستا ئاڕاستەیەکی ڕوونی بەرەو «هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەیی» بەخۆیەوە بینیوە.

سەبارەت بە ئاستی ناوچەیی، زەمان ئاماژەی بە کشانەوە و دووبارە جێگیرکردنەوەی کەلوپەلە بەرگرییەکانی ئەمریکا (وەک باتریەکانی پاتریۆت) لە هەولێر کرد، کە ئەمەش نیگەرانیی جدی لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) دروستکردووە بەرامبەر هێرشی بێفڕۆکەوان و مووشەکیی هێزە وەکالەتکارەکان.

بەشی دووهەم

زەمان ئاماژەی بەوەش کرد کە تورکیا هەوڵدەدات کۆنترۆڵی ئاسایشی سنوورەکانی باشووری بکات تا بتوانێت زیاتر تەرکیز بکاتە سەر رۆڵی ناوچەیی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی وەک قەتەر، سعودیە، پاکستان، و چاودێریکردنی ئاڵۆزییە ئەگەرییەکان لەگەڵ ئیسرائیل.

بەهۆی گرینگی بابەتەکە دەقی وەرگێردراوی گفتگۆکە لە خوارەوە پێشکەش دەکرێت.

ئەلیف ساریجان: عەمبەرین، بەخێر بێیت بۆ پۆدکاستی ئامارگی مۆزایک .(The Amargi Mosaic) دوای زیاتر لە دوو دەیە لە ڕووماڵکردنی بابەتەکانی تورکیا، کورد، و جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆسەی ئاشتیی ئێستای نێوان ئانکارا و بزووتنەوەی کورد چۆن بەراورد دەکرێت بە هەوڵەکانی پێشوو، وەک پرۆسەی ساڵانی ٢٠١٣ — ٢٠١٥؟

عەمبەرین زەمان: سوپاس ئەلیف. دیارترین جیاوازی، ئەو بارودۆخە پێکهاتەییەیە کە ئەم پرۆسەیەی تێدا بەڕێوە دەچێت. هەوڵەکانی پێشووی ئاشتی - بە تایبەتی گفتوگۆکانی ئۆسلۆ یان پرۆسەی ٢٠١٣ - ٢٠١٥ - لە کاتێکدا ڕوویان دا کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پێکهاتە و چالاکییە چەکدارییەکانی بەردەوام بوون و ململانێی سووریاش بە خێرایی لە گەشەکردندا بوو.

ئەوەی لەم قۆناغەدا دەبینیشینین، هەنگاوێکی ئاشکرایە بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەیی. ڕێنماییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە چوارچێوەیەکی بۆ پەکەکە دیاری کرد بۆ کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری، بەستنی کۆنگرە و چەکدانانی فەرمی. ئێمە ساتەوەختی هێماییمان بینی وەک سووتاندنی چەک لەلایەن گەریلاکانەوە لە پارێزگای سلێمانی لە عێراق. بەڵام خاڵی سەرەکیی کێشمەکێشمەکە ڕێزبەندیی هەنگاوەکان و دەستەبەرکردنەکانە: ئانکارا داوای چەکدانانی پشتڕاستکراوە و چۆڵکردنی ئەشکەوتەکان دەکات پێش دەرکردنی یاسای گشتگیر، لەکاتێکدا لایەنی سیاسیی کوردی - کە لەلایەن پارتی دەم (DEM Party) نوێنەرایەتی دەکرێت - پێداگری لەسەر گەرەنتیی یاسایی و چوارچێوەی یاسایی هاوکات دەکات بۆ تێکەڵبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئەلیف ساریجان: سەبارەت بە پرسی گەرەنتییە یاساییەکان، چی ئانکارای ڕاگرتووە و لە ئێستادا چ میکانیزمێکی یاسایی لە پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت؟

عەمبەرین زەمان: دووەڵی و دووەپەرێزیی ئانکارا سەرچاوەی لە سیاستە ناوخۆییەکان و بێپێزەییی بەجێماوی ساڵی ٢٠١٥وە گرتووە. هاوپەیمانیی دەسەڵاتدار داوای بەڵگەی ڕوون و بێگەڕانەوە بۆ چەکدانان دەکات - بە تایبەتی چۆڵکردنی

تەواوەتی بنکە سەرەکییەکانی پەکەکە لە چیاکانی خواکورک و گارا لە باکووری عێراق - پێش ئەوەی خۆی بخاتە بەر ڕەخنەی سیاسیی لایەنە نەتەوەپەرستەکان.
لە هەمان کاتدا، پەرلەمان و کۆمیسیۆنێکی تایبەت ڕەشنووسی چوارچێوەی تێکەڵبوونەوەیان تاوتوێ کردووە. لایەنی کوردی داوای یاسایەکی تایبەت بە پرۆسەکە دەکات لە شوێنی لێبووردنی گشتیی ئاسایی. ئەوان داوای بڕگەی ڕوون دەکەن بۆ چۆنیەتی گەڕانەوە یان پەنابردنی چەکدارانی پێشوو، چاکسازیی پێکهاتەیی لە یاساکانی دژە-تێرۆر، و کۆتاییهێنان بە سیستەمی قەیوم (تەعینکردنی وەسی) کە بە شێوەیەکی بەردەوام سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوە کوردەکان بە بەرپرسانی دەوڵەت جێگە دەگرێتەوە.

ئەلیف ساریجان: ئەگەر لە سنوورەکان بپەڕینەوە بەرەو دیمەشق و باکووری ڕۆژهەڵات، ئەم داینامیکە ناوخۆییەی تورکیا چۆن لەگەڵ داڕشتنەوەی سووریا لەژێر دەسەڵاتی ئەحمەد ئەلشەرع بەیەک دەگەن؟

عەبدەرین زەمان: ئەم دوو مەیدانە بە شێوەیەکی لێک دانەبڕاو بە یەکەوە بەستراونەتەوە. دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و قۆناغی گواستنەوە لەژێر دەسەڵاتی ئەحمەد ئەلشەرع، دیمەشق گوشار دەکات بۆ چەسپاندنی سەروەریی دەوڵەت و هێنانی هەموو گرووپە چەکدارەکان، لەوانەش هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە(SDF - ، بۆ ناو یەک پێکهاتەی سەربازیی نیشتمانی.

بۆ ئانکارا، ئامادەیی فەرماندەکانی پەیوەندیدار بە پەکەکە لەناو هەسەدەدا هەمیشە هێڵی سووری سەرەکی بووە. ئێمە ئێستا دەبینین پەیوەندی دیپلۆماسی لە ئاستی بەرزدا هەیە - وەک سەردانی ئاساد ئەلشیبانی، وەزیری دەرەوەی سووریا بۆ ئانکارا بۆ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی تورکیا و ئیبراهیم کالن، سەرۆکی هەواڵگری - سەبارەت بە پرۆسەی تێکەڵبوونەوە. خاڵی سەرەکیی ململانێکە لە دیمەشق بریتییە لە تۆمارکردن و ڕادەستکردنی چەکە قورسەکان، و دیاریکردنی ڕۆڵی داهاتووی کەسایەتییە سەرەکییە کوردەکان وەک مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هەسەدە. لەکاتێکدا هەسەدە داوای لامەرکەزییەت و گەرەنتی بۆ حکومڕانیی خۆجێیی و مافەکانی کورد دەکات، ئانکارا و دیمەشق لەسەر ئەوە هاوڕان کە نابێت هیچ پێکهاتەیەکی سەربازیی سەربەخۆ لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بمێنێتەوە.

ئەلیف ساریجان: لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە، گۆڕانکارییە ناوچەییە بەرفراوانەکان – وەک هەڵوێستە نوێیەکانی ئەمریکا و ڕێکخستنەوە ناوچەییەکان – چۆن کاریگەری لەسەر هەڵسەنگاندنەکانی تورکیا دادەنێن؟

عەبدەرین زەمان: نەخشەی ئاسایشی بەرفراوانتر بە شێوەیەکی بەرچاو لە گۆڕاندایە. لە کوردستانی عێراق، کشانەوە و

بەشی دووهەم

دووبارە جێگیرکردنەوەی هێزەکان و کەلوپەلی بەرگریی ئەمریکا، وەک باتریی‌یەکانی بەرگریی ئاسمانیی پاتریۆت لە هەولێر، نیگەرانیی جدیی لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) دروستکردووە. هەولێر هەست دەکات زیاتر کەوتووەتە بەر مەترسیی ئاڵۆزیی ناوچەییەکان و هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یان مووشەکی لەلایەن هێزە وەکالەتکارە ناوچەییەکانەوە.

بۆ تورکیا، ستراتیژییەکەی زۆر لە سنووری ڕاستەوخۆکانی تێدەپەڕێت. ئانکارا خۆی وەک ناوبژیوانێکی سەرەکیی دیپلۆماسی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەسەلمێنێت، هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوبەشە سوننەکانی وەک قەتەر، عەرەبستانی سعودیە و پاکستان ڕادەگرێت، لە هەمان کاتدا بە وردی چاودێری سووریای پاش ئەسەد دەکات و چاوێکی وریای لەسەر ئاڵۆزییە ئەگەرییەکان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. دەستەبەرکردنی ئاسایشی سنووری باشووری لە ڕێگەی چارەسەرێکی کۆتاییی کێشەی کوردەوە، دەرفەتی سیاسی و سەربازیی زیاتر بە تورکیا دەبەخشێت بۆ ئەنجامدانی ئەم جوولە گەورەترەی شەترەنجی ناوچەیی.

نەلیف ساریجان: ئەگەر سەیری داهاتوو بکەین، ئاست و بەربەستی یەکلاکەرەوە چییە کە دەبێت لە مانگەکانی داهاتوودا چاودێری بکرێت؟

نەلیف ساریجان / عەمبەرین زەمان: پشتڕاستکردنەوە و هاوکاتی (بە یەکەوە بوون). ئەگەر پەرلەمان یاسایەکی تێکەڵبوونەوەی تایبەت بە پرۆسەکە و بە مەرجدار پەسەند بکات کە هاوشانی کشانەوەی پشتڕاستکراوەی پەکەکە بچێتە بوار جێبەجێکردنەوە، ئەوا خاڵی بێگەڕانەوە تۆمار دەکات. بەپێچەوانەوە، ئەگەر تێکەڵبوونەوە لە سووریا ڕابووەستێت یان ئەگەر گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئانکارا ڕێگری لە پەسەندکردنی کۆمەڵە یاسا سەرەکییەکان بکان، پرۆسەکە ڕووبەڕووی مەترسیی بەستن و سڕبوونی نادیار دەبێتەوە.

ئامادە کردن وەرگێران: مەجید حەقی

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

حیزبی دێموکرات لە دوێنێوە بۆ سبەی



بە بۆنەی ٨١ سالّڤەگەری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە زریانی سەرکوت و داپلۆسینی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، دەیان حیزب و رێکخراو لەناو چوون یا کەنارگیر بوون. لەم نێوەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ٢٥ی گەلاوێژی ٢٤٣٤ (١٩٤٥) بە رێبەری پێشەوا قازی محەمەد دامەزرا، هەشت دەیە بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ دەبێ و هەروا راوەستاوە. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا ئەم حیزبە دەتوانێ لەگەڵ گۆڕانی نەوەکان، تەکنۆلۆژی و هۆشی دەستکرد خۆی بگونجێنێ؟

فەلسەفەی دامەزراندنی حیزب، چارەسەری پرسی کورد بووە. بەپێی تیۆری "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لە جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، خەباتی حیزب ڕەوایی مێژوویی هەیە. بەڵام ڕەوایی بەتەنیا بەس نییە بۆ مانەوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا، پشت بەستن بە میراتی ڕابردوو بەبێ نۆێبوونەوە، مەترسی خستنە پەراوێزی لێ دەکەوێتەوە.

بەپێی تیۆری گۆڕانی نەوەکانی (شتراوس - هاو)، کۆمەڵگەکان هەر ٢٠ تا ٢٥ ساڵ دەچنە قۆناغێکی نوێوە. نەوەی یەکەم تا سێهەمی حیزب (لە قازی محەمەدەوە تا د. قاسملوو و رێبەرانی دواتر)، نەوەیەکی "دیسیپلینتەوەر" بوون کە لە جیهانی دووجەمسەریدا گەورە ببڕابوون؛ بۆ ئەوان حیزب ماڵی دووەم و ناسنامەی ڕەها بوو. بەڵام ئەمڕۆ حیزب ڕووبەڕووی نەوەی

زێد (Z) و ئاڵفایە.(α)

ئەم نەوە نوێیە بەرهەمی شۆڕشی دیجیتاڵ و هۆشی دەستکردن. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانیان بریتین لە:

– لەدایکبووی دیجیتاڵ: ڕاستییە سیاسییەکان لە شاشەی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینن، نەک لە بڵاوکراوە کاغەزییەکان.

– تاکگەرا: ناسنامەی سەیاڵیان هەیە و کەمتر پێبەندی چوارچێوەی ڕەقی تەشکیلاتین.

– شەفافیەتخواز: دژی پێ structureی بەساڵداچوو و بڕیاری ناڕوونن؛ بەدوای ڕێبەرێکدا دەگەڕێن کە ڕاهێنەر (mentor) بێت.

– جیهانی و یەکسانیخواز: لایەنگری دادپەروەری جێندەری، پاراستنی ژینگە و ئازادی دیجیتاڵین.

بەپێی تیۆری "ڕێکخراوە فێربووەکان" (پیتەر سێنگێ)، ئەو دامەزراوانەی خۆیان لەگەڵ پێویستییەکانی نەوەی نوێ نەگونجێنن، مەحکومن بە شکست. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە حیزبی دێموکرات پێداچوونەوە لە سیستەمی بڕیاردانداو بکات و دەسەڵات بە نەوەی نوێ بسپێرێت.

تێپەڕبوون لە "حیزبی دوێنێ"وە بۆ "حیزبی سبەی" پێویستییەکی مێژوویییە. نەوەی ئەمڕۆ (نەوەی شۆڕشی ژینا) بەدوای قارەمانی ئەفسانەییدا ناگەڕێ، بەڵکوو بەدوای ڕایەڵکەیەک لە هاوڕێیان و ئاسانکاراندا دەگەڕێت. ئەگەر حیزبی دێموکرات ئەم ڕاستییە قبووڵ نەکات، دەبێتە بەشێک لە بیرەوەری مێژوویی، نەک داهاتووی کوردستان.

١٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

٢٨ی گەلاوێژ رۆژێک کە کورد بە "کافر" ڕاگەیەنرا



هاوینی ١٩٨٣ برازام "هیوا" تەمەنی دووسااڵە بوو کە لە گەڵ دایکی لە گوندی خرێی ناوچەی دەشتی ورمێ لە سەر کانیاوی نزیک ماڵیانەوە ئاویان دەهێنا. لەنەکاو دوو هەلیکۆپتێری کۆماری ئیسلامی لە گوند نزیک بوونەوە و هەرکە بڕاژنم و هیوایان بینی ئەوانیان وەبەر ڕەگباری کالیبری پەنجا دا و ئەگەر ئەوکات دارەکان کە بەهۆی گولەبارانەوە شکان و لەسەریان نەکەوتبا هەم بڕاژنم و هەم برازای دووسااڵەم دابێژدابێژ دەکران. هەلیکۆپتێرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەجێ گەیاندنی فەرمانی جەهادی خومەینی لە گوندەکانی کوردستان دەگەڕان و زۆرجار گەر منااڵێکیشیان لە بەر دەرگا بدیا دەیانگرتە ژێر رکێفی ڕەگبار و گوللەبارانی خۆیان.

٢٨ی گەلاوێژ لە مێژووی کوردستان و ئێران دا وەبیرهێنەرەوەی دوو ڕووداوی مێژوویی تاڵ و سێبەری ڕەشی دیکتاتۆری لە سەر گەلانی ئێرانن. لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٣دا محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی بە هاوکاری هێزە ئیمپریالیستیەکانی سەردەم کۆدیتایەکی دژی دەوڵەتی نەتەوەیی دکتۆر محەمەد مسەدق کرد و سێبەری ڕەشی دیکتاتۆری بە سەر ئێراندا سەپاند. محەمەد مسەدق نەتەوەگەرایەک بوو کە باوەڕی بە جۆری کۆماری بەڕێوەبەری ولات هەبوو و نیمچە ئازادیەک لە سەردەمی سەرۆک وەزیری ئەودا لە ئێران پێک هاتبوو. بە جۆرێک کە حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) لەو سەردەمەدا چالاکانە خەباتیان دەکرد. کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٣ خەباتی سیاسی لە ناو شار و پەرلەمانەوە بۆ ناو مزگەوت برد و کۆماری ئیسلامی ئێرانی لێ کەوتەوە.

بەشی دووهەم

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٧٩دا دوای بە تاڵان بردنی شۆرشی گەلانی ئێران، ئایەتوڵلا خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فەرمانی جەهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بەوە شەڕێکی نەخوازراو بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپا. لە ئاکامی ئەو فەرمانە ئاییینی – سەرکوتکەرانەدا هێزەکانی ئێران کوردستانیان کردە مەکۆی قەڵاچۆ، گوندو شارەکانی کوردستان کەوتنە بەر بۆردمان و وێرانی. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)ی ئێستا بەزەیی بە منالەکانیش نەدەهات و ئەوان دەدا بەر دەستدرێژی خۆیان .لەوساوە تا ئەمڕۆ شەڕی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی کورد بە هەموو شێوەکانی نیزامی، ئابووری، ڕەوانی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و پەروەردەیی بەردەوامە.

فەرمانی جەهاد کە فەتوایەکی ئاییینیە و لەلایەن ئایەتوڵلایەکی دەسەڵاتدارەوە دەرچووە تا ئەمڕۆشی لە گەڵ بێت هەڵنەوەشاوەتەوە و بە پێی ئاییینی شیعەش ئەو فەرمانەی کە لەلایەن ڕێبەرێکی ئاییینیەوە دەدرێت تەنیا دەتوانێت لەلایەن کەسێکی بەرزتر لەو هەڵوەشێنرێتەوە. خومەینی کە سەردەمێک جێگری "ئیمامی زەمان" لە سەر گۆی زەوی بووە تا ئێستاش لە گەڵ بووبێت کەسێکی هاوشانی نەدۆزراوەتەوە، بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەفادار بەو فەتوایە لە تەنگ کردنی گەمارۆکانی سەر خەڵکی کوردستان، بە گۆرینی ناسنامەی نەتەوایەتیان و قەدەغەکردنی هێما کولتووری و نەتەوایەتیەکانیان، بە زیندانی کردن، ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و بڵاوکردنەوەی تۆری جاسووسی و دووبەرەکی خستنەوە لە ناو ریزەکانی خەباتگێرانی ڕزگاری کوردستان هەروا درێژە بەو فەرمانە دەدەن و بۆ ئەوان کوشت وبڕ و لەناوبردنی گەلی کورد بەجێ هێنانی ئەرکێکی ئاییینیە.

تەنیا ڕێگای ڕزگاری لەو فەرمانە ئاییینیە ڕزگاری لە کۆماری ئیسلامی و ڕزگاری نەتەوایەتی لە زیندانیکدایە بە ناوی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. لەو سەردەمەدا کە ئاستی وشیاری، خۆڕێکخەری و داخوازە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرزتر لە هەموو میژووی چەندین دەیەی خەباتی خۆیدایە،

ئەرکی ڕزگاری خوازانی کورد و هێزە سیاسیەکانی کوردستان یەکیەتی نەتەوایەتی و بەدەست هێنانی دەنگێکی هاوبەشە بۆ بەرەوروبوونەوە لە گەڵ ئەو بەرپرسایەتیە میژوویەی لە سەر شانیانە. تەنانەت گەر بڕیار بێت ڕێگا چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بێت، بەبێ یەکگرتوویی و یەک دەنگی بزاڤی کورد داخوازەکانی نەتەوەکەمان لە لایەن کاربەدەستانی ئەمڕۆ و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەجیدی وەرناگیرێن و کورد هەروا بە "ئێرانیانی ئەسیڵ" دەناسرێن کە لە گەڵ کۆمەڵگای ئێرانی تێکەڵ بوون و هەروا برابچووکی نەتەوەی سەردەست دەمێننەوە.

١٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی نوێ لە پەرتووکی تەمەنم هەڵدەمەوە



لە گەرمەی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٢ی کۆچی هەتاوی (١٩٨٣ی زایینی)دا، کاتێک دڵم لێوانلێو بوو لە خولیای ئازادی، بوومە هاوڕێ و لایەنگر و پاشانیش بەوپەڕی شانازییەوە چوومە ڕیزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەو ساتە پیرۆزەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، چ لە کۆڵانە تاریک و پڕمەترسییەکانی شاردا وەک ئەندامێکی نهێنی، چ لە لووتکە و چیا سەختەکاندا وەک پێشمەرگەیەک، و چ لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە کە ژیانی تاراوگەنشینیم پێ بڕا؛ هەموو هەناسەیەکم تەنیا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانم بووە وەک تاکێکی کورد بەرامبەر بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەم.

سەردەمانێک ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکرات بووم؛ لە وڵاتی فینلاند شانازیی نوێنەرایەتیکردنی ئەو حیزبەم پێ بڕا، ئەندامی کۆمیتە بووم و بۆ ماوەیەکیش قورسایی بەرپرسیارێتیی کۆمیتەم لەئەستۆ گرت. دواتریش بەهۆی پێداگری لەسەر باوەڕ و پرەنسیپەکان لەو حیزبە دەرکرام. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم: حیزبی دێموکرات تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو لانکە و مەکۆی گەشەکردن و پێگەیشتنی ڕۆحی، فیکری، سیاسی و کۆمەڵایەتیم بوو. ئەو ئازیزانەی لەو کاروانە دوورودرێژەدا هاوڕێ و هاوسەنگەرم بوون، گەورەترین و پیرۆزترین زانکۆی ژیانیان پێ بەخشیم.
لە پاڵ خەباتی سیاسیشدا، وەک مرۆڤێک کە هەمیشە بڕوایەکی قووڵی بە "کارایی و ئیرادە"ی مرۆڤ هەبووە بۆ خوڵقاندنی گۆڕانکاری، خۆم خستە نێو دەریای کاری مەدەنی و ڕاگەیاندنەوە. هەموو ئەمانەش تەنیا بۆ ئەوە بوو کە لە بەردەم

ویژدانی خۆم و مەزنیی خوێنی شەهیدانماندا شەرمەزار نەبم. بەو عەشق و خولیایەوە، یەکەمین گۆڤاری کوردیم بە ناوی "دەنگی کورد"(١٩٩٣ - ٢٠٠٣) "لە فینلاند چاپ و بڵاو کردەوە. پاشانیش لەسەر حسابی قووتی ڕۆژانە و داهاتی سادەی خوێندکاریی خۆم، یەکەمین گۆڤاری منداڵانم بە ناوی "گۆچەر" (١٩٩٤) "بۆ ماوەی ساڵێک دەرکرد، تا ببمە پردێکی بچووک لە نێوان نەوەی تاراوگە و نیشتمانە دابڕاوەکەمدا.

شەرەفی ئەوەشم هەبوو کاتێک لە لەندەن خوێندکار بووم، سەرەڕای ئەوەی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانم ناچار بووم لە سێ شوێنی جیاواز کار بکەم، بەڵام عەشقی نیشتمان ڕێگەی پێ نەدام بحەوێمەوە؛ شەوم دەخستە سەر ڕۆژ بۆ بەشداریکردن لە دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "ژینی نوێ"، کە ئەو سەردەمە پرشنگدارترین و پڕخوێنەرترین ڕۆژنامەی کوردی بوو لە ئەورووپا.

من بە قەڵەمەکەم جەنگام؛ بە نووسینی دەیان ڕاپۆرت و وتار لەسەر دۆخی تراژیدیی مافی مرۆڤ و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵم دا پەردە لەسەر ڕووی ڕەشی ئاپارتایدی سیستماتیکی ڕژێمی ئێران هەڵماڵم و ئازارەکانی نەتەوەکەم وەک پرسی "تاوان دژی مرۆڤایەتی" بە جیهان بناسێنم. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی شکۆداری "ژن - ژیان - ئازادی"، لە ڕێگەی ناوەندی نەتەوەییەوە وێستم میدیای "ژینامێدیا" بخوڵقێنم؛ خەونم ئەوە بوو ببێتە سەکۆیەکی میدیایی نەتەوەیی و پردێکی ئۆرگانیک لە نێوان دیاسپۆرا و دڵی نیشتماندا بونیاد بنێت. بەڵام داخی گرانم بۆ بێدەسەڵاتی، کە سنووردارییی دەرفەتە داراییەکان باڵەکانی ئەو خەونەیان قرتاند و نەیانهێشت بگەمە ئامانج.

لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە هەموو هەوڵ و وزەی خۆم خستە سەر پرسی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، چ لەسەر ئاستی فینلاند و چ لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. من هەمیشە بڕوام وابووە و هەیە کە بە بێ یەکگرتوویی لە دەرەوە، ناتوانین پشتیوانییەکی کاریگەر بۆ دۆزی نەتەوەیی بەدەست بهێنین؛ بە بێ ئامانجی هاوبەش و دیاریکراویش ناتوانین ببینە لایەنی گفتوگۆ (مخاتەب)ی هێزە نێودەوڵەتییەکان و دەنگمان ناگاتە هیچ کوێ. تەنانەت ئەگەر بەهۆی هەڵومەرجی ناوخۆییەوە، دروشم و ئامانجە سیاسییەکانی ئێمە جیاواز بن، لە ئاستی جیهانیدا پرسی کورد یەک پرسە و پێویستی بە چارەسەری سیاسی و نێودەوڵەتی هەیە. مخابن لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، حیزبەکانی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵات، نەیانتوانیوە سوود لە تواناییەکانی کۆمەڵگای دیاسپۆرا وەرگرن. ڕێکخراوە حیزبییەکان داخراون و تەنیا بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیی کۆمەڵایەتی و دەروونیی نەوەی یەکەمی کۆچبەران و پێشمەرگەکانی پێشوون؛ چونکە ڕێبەرانی حیزبەکان دیاسپۆرایان وەک "یەدەک" بینیوە نەک ستراتیژی! لەو شوێنانەی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەکان لێی دەژین، کەمترین و لاوازترین ڕێکخراوەییان هەیە. بۆیە بە دووری نازانم ڕۆژگارێک دیاسپۆرا ڕێگەی خۆی لە حیزبەکان جیا بکاتەوە. هیوادارم بڕیاردەرانی حیزبی ئەم کێماسییە بە جیددی بگرن و شێوازی چالاکییەکانیان لەگەڵ پێویستییەکانی دیاسپۆرادا

بگونجێنن.
ئێستا، کە ڕێک ٤٣ ساڵ بەسەر ئەو خەباتە بێوچانەدا تێدەپەڕێت، کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانمدا بکەمەوە. هەمیشە ئاواتێکی گەورە لە دڵمدا بوو کە بە تەواوی خۆم بۆ نووسین و کاری وەرگێڕان تەرخان بکەم، بەڵام کەلەپچەی ئەرکە ڕێکخراوەیی و سیاسییەکان هەرگیز ئەو دەرفەتەیان پێ نەبەخشیم. ئێستا کە هەنگاو دەنێمە نێو دەیەی حەفتەمی تەمەنمەوە، کاتیەتی ئەم مەیدانە پڕ لە شانازییە بۆ نەوەی نوێ چۆڵ بکەم.

نەوەی نوێ (نەوەکانی Z و Alpha)، زۆر لە ئێمە باشتر زمان و ڕێگاکانی خەباتی سەردەم دەناسن. ئەوان دەزانن چۆن خۆیان لەگەڵ زریانی گۆڕانکارییەکانی چەرخی تەکنەلۆجیادا بگونجێنن و چەکی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەدەست بهێنن. ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە، تەنیا گێڕانەوەی یادگاری و گواستنەوەی ئەزموونەکانمانە، تا ئەوان ئەو هەڵانە دووبارە نەکەنەوە کە نەوەی ئێمەی تێدا سووتا.
نەوەی ئێمە گیانی خۆی خستە سەر دەستی و هەوڵێکی بێسنووری دا تا نەوەکانی داهاتوو ناچار نەبن لە پێناو ئازادیدا قوربانی بدەن و خوێن بڕێژن، بەڵام بە ئازارێکی قوونڵەوە دەڵێم: لەو ڕێگەیەدا وەک پێویست سەرکەوتوو نەبووین. بەش بە حاڵی خۆم، لە ناخی دڵمەوە داوای لێبوردن لەم نەوە نوێیە دەکەم کە نەمانتوانی ئەرکەکانمان وەک ئەوەی شایستەی ئەوان بوو بەجێ بگەیەنین و ئاڵای سەرکەوتنیان پێ بسپێرین. چەندە ئاواتم بوو لەبری چەکی خەبات، کلیلەکانی وڵاتێکی ئاوەدان و ئازادمان ڕادەست بکردنایە! بەڵام نەتەوەی کورد گیرۆدەی زیندانێکی دڵڕەقی جوگرافی و سیاسییە، کە شکاندنی دیوارەکانی، هزر و بیرکردنەوەیەکی نوێی دەوێت؛ فۆرمۆلێک کە نەوەی ئێمە نەیتوانی بیدۆزێتەوە. بەڵام دڵنیام نەوەی نوێ ئەو کلیلە ونبووە دەدۆزێتەوە و ڕێگەی ژیرانە بۆ چارەسەری پرسی خۆی دەگرێتە بەر.

بەو وشانەم، کە لە قوواڵایی ڕۆحێکی ماندوو بەڵام پڕ لە هیوایەوە هەڵدەقوڵێن، دەمەوێت ماڵئاوایی لە سەرجەم هاوڕێ، هاوسەنگەر و دۆستانم بکەم و بە فەرمی ڕایبگەیەنم؛ لەمەودوا بەشداریی هیچ چالاکییەکی فەرمی پێکهاتە سیاسی، میدیایی و ڕێکخراوەییەکان ناکەم. بە قەولی هونەرمەندی نەمر ئەحمەد کایا:

"کات هاتووە، بەجێت دەهێڵم...
بەرەو ئەودیوی سەرجەم خووبوون و ڕاهاتنەکان...
ژیانێکی بێ لێکدانەوە و سادە هەڵدەبژێرم...
بڕوا بکە، تێر نەبووم لە خۆشەویستیت..." ئەی نیشتمان!

@highlight

٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

چیرۆکی پیرەمێرد و مار



لە گوندێکی دوورەدەستدا، پیرەمێردێکی هەژار دەژیا. هەموو سامانەکەی کێڵگەیەکی بچووک بوو کە بە ڕەنجی دەستی خۆی کاری تێدا دەکرد و لە بەرهەمە کەمەکەی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین دەکرد.

ڕۆژێک، کاتێک پیرەمێردەکە لە کێڵگەکەیدا خەریکی کارکردن بوو، مارێکی بینی کە لە کونێکی نزیک داریەکی کۆنەوە هاتە دەرەوە. پیرەمێردەکە نەیتوقاند و زیانی پێ نەگەیاند. بەڵکوو لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئەم مارەش دروستکراوێکی خودایە و لەوانەیە برسێتی و تینوێتی بێت.

ڕۆژی دواتر، دەفرێک شیری برد و لەبەردەم کونەکەی دانا. مارەکە بە هێمنی هاتە دەرەوە و لە شیرەکەی خواردەوە. ئەوە بوو پیرەمێردەکە هەموو ڕۆژێک دەفرێک شیری بۆ دەبرد.

مارەکەش، وەک پاداشتێک بۆ میهرەبانیی پیرەمێردەکە، هەر بەیانییەک سکەیەکی زێڕی لەناو دەفری بەتاڵدا بەجێ دەهێشت. بەو شێوەیە، لەنێوان پیرەمێرد و مارەکەدا پەیوەندییەکی سەیر، بەڵام پڕ لە متمانە و ڕێز دروست بوو.

ڕۆژێک پیرەمێردەکە ناچار بوو بۆ ماوەیەک بچێتە سەفەر. پێش ڕۆیشتنی، کوڕەکەی بانگ کرد و پێی گوت:

- کوڕم، تا دەگەڕێمەوە، هەموو ڕۆژێک ئەم دەفرە شیرە بۆ مارەکە ببە و لەبەردەم کونەکەی دایبنێ.

کوڕەکە بەڵێنی دا کە داواکاریی باوکی جێبەجێ بکات.

ڕۆژی یەکەم، کاتێک شیری بۆ مارەکە برد، بینی دوای خواردنەوەی شیرەکە سکەیەکی زێڕی لەناو دەفرەکەدا دانا. چاوی کوڕەکە لە دەرەوشانەوەی زێڕەکە بریسکەی هات و ئاگرێکی چاوچنۆکی لە دڵیدا هەڵگیرسا.

لەگەڵ خۆیدا گوتی:

- ئەگەر ئەم مارە هەموو ڕۆژێک سکەیەکی زێڕ دەهێنێت، دەبێت لەناو هێلانەکەیدا گەنجینەیەکی گەورەی شاردبێتەوە. بۆچی هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی تەنها یەک سکە بکەم؟ مارەکە دەکوژم و هەموو گەنجینەکە بە یەکجار دەکەمە هی خۆم!

ڕۆژی دواتر، کوڕەکە چەکێکی هەڵگرت و لە تەنیشت کونەکە خۆی حەشار دا. کاتێک مارەکە بۆ خواردنەوەی شیرەکە هاتە دەرەوە، کوڕەکە بە هەموو هێزی خۆی پەلاماری دا. بەڵام لێدانەکەی بە سەری مارەکە نەکەوت و تەنها کلۆکی بڕی.

مارە بریندارەکەش، بۆ بەرگری لە خۆی، گازی لە کوڕەکە گرت. ژەهرەکە بە خێرایی لە جەستەیدا بڵاو بووەوە و کوڕەکە گیانی لەدەست دا.

کاتێک پیرەمێردەکە لە سەفەر گەڕایەوە، بە مەرگی کوڕەکەی زۆر خەمبار بوو. دڵی پڕ بوو لە ئازار؛ بەڵام دەیزانی چاوچنۆکی و خیانەتی کوڕەکەی ئەم کارەساتەی بەدوای خۆیدا هێناوە.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک، پیرەمێردەکە دیسان دەفرێک شیری بردە لای کونەکە. مارەکەی بانگ کرد و پێی گوت:

- با ڕابردوو لەبیر بکەین و وەک جاران ببینەوە بە دۆستی یەکتر.

مارەکە بە هێمنی سەری لە کونەکە هێنایە دەرەوە و وەڵامی دایەوە:

بەشی دووهەم

- پیرەمێرد، لەوانەیە تۆ بتوانیت بە زمان بڵێیت ڕابردوو لەبیر دەکەیت؛ بەڵام هەر جارێک گۆڕی کوڕەکەت ببینیت، مەرگەکەی بەبیرت دێتەوە. منیش هەر جارێک سەیری کڵۆکە بڕاوەکەم بکەم، خیانەتی کوڕەکەت لەبیر ناکەم.

پاشان گوتی:

تا من کڵۆکی بڕاوم لەبیرە
و تۆش کوڕی لەدەستچووت،
دۆستایەتیی نێوانمان
لەگەڵ با ڕۆیشتووە.

مارەکە گەڕایەوە ناو کونەکەی و پیرەمێردەکەش بە دڵێکی پڕ لە خەم، دەفرە شیرەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت.

پەندی چیرۆک

چاوچنۆکی دەتوانێت نیعمەت بگۆڕێت بە کارەسات؛ بەڵام لە هەمووی سەختتر، شکاندنی متمانەیە. بریندی جەستە لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات ساڕێژ بێتەوە، بەڵام بریندی خیانەت لە ناخی مرۆڤدا دەمێنێتەوە. کاتێک متمانە جارێک بشکێت، دروستکردنەوەی هەرگیز وەک جاری یەکەم ئاسان نابێت.

٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

لەژێر سێبەری بێدەنگیدا؛



لە نێو هۆڵێکی پڕ لە هاتوهاواری ژیاندا، لە کەنارێک دانیشتبووم کە دوور بوو لە گێژەلووکەی ڕۆژانە. ژنێک لەبەرامبەرم بوو، تەمەنی تەنیا چل بەهار بوو، بەڵام ڕووخساری نەخشەیەک بوو لە ماندوێتی و بێدەنگییەکی قوڵ. ئەو نەهاتبوو بۆ گفتوگۆ، هاتبوو تا ئەو بارە گرانەی سەر شانی دابنێت کە چیتر توانای هەڵگرتنی نەبوو.

چیرۆکی ژیان، وەک دڵۆپە بارانێک بوو لە دەریایەکی بێکەناری غوربەتدا. هاوسەرەکەی، ئەو کەسەی دەبوو کۆڵەکەی ژیانی بێت، ئێستا لە بەرامبەر مەرگدا، دەستەوەستان دانیشتووە و ڕۆژەکانی بۆ هەژمار کراوە. خۆیشی بە دەست نەخۆشییەکی بێدەرمانەوە دەناڵاند. لەولاشەوە، منداڵە گەورەکەی بە ناچاری و لە ئاستەنگییەوە دەژیا و پێویستی بە چاودێرییەکی ورد بوو، منداڵە بچووکەکەیشی هێشتا ساوا بوو و نەیدەزانی چ کارەساتێک بەسەر ماڵەکەیاندا کێشاوە.

کاتێک پرسیاری پشتیوان لێ کرا، وشەکان لە قورگیدا وەک پارچە شووشە دەهاتنە دەرەوە. نە خزمێکی دڵسۆز لەو وڵاتە ساردوسڕەدا، نە زمانێک کە بتوانێت بەو ڕێگەیەوە هاواری بگەیەنێت، نە دڵێک کە بە ئازارەکەیانەوە بلەرێتەوە. ئەوەی جەرگبڕ بوو، ئەوە بوو کە خزمەکانیشی لەو وڵاتە، بێگانەیەک بوون لە جلوبەرگی خزمدا کە تەنانەت سڵاویشیان لێ نەدەکرد.

کاتێک لێیان پرسی: «کێ کارەکانتان بۆ دەکات؟» بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: «تەنیا خۆم... دەستە نەخۆشەکەی کچم دەگرم و دەیبەمە قوتابخانە، نانی هاوسەرەکەم ئامادە دەکەم. زۆر ماندووم، حەزم دەکرد بمرم و لەم هەموو ڕەنجە ڕزگار بم، بەڵام بەرپرسیارێتی ئەم منداڵانە وەک زنجیرێک بە ژیانەوە بەستوومیانەوە. نازانم چی بکەم! »

لەو ساتەدا، کات وەستا. وشەکان لەبەردەم ڕەهەندەکانی ئەو ئازارەدا بێدەسەڵات بوون. تێگەیشتم مرۆڤ هەندێک جار کاتێک لەبەردەم لافاوی چارەنووسێکی ئاوا ڕووت و ڕەقدا دادەنیشێت، هەست بە جۆرێک لە کزی و داڕمانی ڕۆحی دەکات؛ وەک ئەوەی کەشتییەک لە ناوەڕاستی زەریایەکدا، بەبێکۆنترۆڵ و بەبێئاراستە، بەردەوام بە چەقۆکانی شەپۆل بریندار ببێت. کاتێک مرۆڤ بەردەوام ڕووبەڕووی لێدانی بێوەستان دەبێتەوە و هیچ دەرچەیەک بۆ ڕزگاری نابینێت، وردە وردە ئەو باوەڕەی لا دروست دەبێت کە چیتر هیچ شتێک لە دەستی ئەو نییە و ئەو تەنیا وەک داریکی وشک لە بەرامبەر گەردەلوولدا، چاوەڕوانی کەوتنی خۆی دەکات.

لەوێدا، لە نێوان ئەو ڕاستییە تاڵانە، هەستم بە بێهێزی خۆم کرد. ژنێک لە پەراوێزی ژیاندا، بەتەنیا خەریکی ناشتنی هیوای خۆی و ڕاگرتنی ڕووخانی بنەماڵەکەیەتی. هیچ وەڵامێک نەبوو. تەنیا نیگایەکی پڕ لە ماتەم، و بێدەنگییەک کە وەک تەمێکی ئەستوور بەسەر ژوورەکەدا پەیتا بوو. زانیم کە مرۆڤایەتی لە کوێدا تووشی شکست دەبێت؛ لەو جێگایەی کە ئازار ئەوەندە گەورەیە، وشەکان تەنیا دەبنە پیتگەلێکی بێمانا و ئەوەی مرۆڤ پێویستییەتی، نەک ڕستەی جوان، بەڵکو دەستێکە کە بە بێدەنگی بڕوات و ئەو بارە قورسەی سەر شانی لەگەڵ هەڵگرێت.

ئەو ژوورە وێنەیەکی بچووککراوەی دۆخی مرۆڤی کۆچبەر بوو؛ بڕانی ڕەگ و ڕیشە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستەمێکی بێگانە، و داڕمانی جەستەیی و ڕۆحی لە هەمان ئەو ساتەدا کە هیچ پەناگەیەک لە نزیکدا نییە.

١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

جەژنی خاوەنکار پیرۆز بێت



بە بۆنەی هاتنی جەژنی پیرۆزی «خاوەنکار»، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەرجەم باوەڕمەندی ئایینی یاری لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەکەم. ئەم جەژنە، کە هێمایەکی دێرینی کولتوور و مێژووی ڕەسەنی کوردەوارییە، دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جەخت لەسەر یەکڕیزی و پاراستنی ناسنامەی فرەڕەنگی کۆمەڵگەی کوردی بکرێتەوە.

هاونیشتمانانی یاری، لە هەر کوێی ئەم نیشتمانە بن، بەشێکی دانەبڕاو و بنەڕەتیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گەلی کوردن. ئەوان بە درێژایی مێژوو، بە پاراستنی دابونەریت و بەهاکانیان، ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری کوردی و سەلماندنی گیانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەدا هەبووە.

مایەی داخە کە بەشێکی زۆری ئەم پێکهاتە ڕەسەنە، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێڕوانینی جیاواز و زەبروزەنگ و هەڵاواردنی ئایینییان بەرامبەر دەکرێت. سنووردارکردنی ئازادییەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکان و گوشارە بەردەوامەکانی دەسەڵات، پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە کوردستان لە بنەڕەتدا لانکەی ئاشتی و پێکەوەژیانی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانە، هەر بۆیە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ پەراوێزخستنی یارسانییەکان، بەشێکە لە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی گەلەکەمان.

بەشی دووهەم

ئازادیی ڕاستەقینەی ئایینی و کەرامەتی مرۆیی بۆ هاونیشتمانانی یاری تەنیا لە سایەی بەدەست هێنانی سەروەری نەتەوەیی وسیستمێکی دیموکراتیک و دادپەروەردا مسۆگەر دەبێت کە تیایدا مافی مرۆڤ و کەرامەتی تاک، بێ جیاوازیی ئایینی و مەزهەبی پارێزراو بێت. هیوام وایە لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە کوردستانێکی ئازاد و خاوەن بڕیار، هەموو نەتەوە و ئایینەکان بتوانن بەبێ ترس و بە شکۆوە، ڕێوڕەسمەکانیان بەڕێوە ببەن و بەشدارییەکی کارایان لە بەڕێوەبردنی کاروباری نیشتمانەکەیاندا هەبێت.

جارێکی دیکە "جەژنی خاوەنکار" لە هەموو یارسانییەکانی کوردستان و ناوچەکە پیرۆز بێت. هیوادارین ئەم جەژنە ببێتە مایەی شادی، خۆشگوزەرانی و هەنگاونانی زیاتر بەرەو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

یادکردنەوەی تێکۆشەر و ژنە پێشمەرگەی کوردستان خاتوو حەڵیمە قادری



بۆ ساڵڤەگەڕی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خاتوو حەڵیمە قادری، هاوسەری بەڕێزی "دارا ناتق"، پەرتۆکێکی یادنامە بە ناوی "ئەو خۆرەی قەت ئاوا نابێ" بڵاو کرایەوە .

ئەم کتێبە کە کۆکراوەی وتار، نووسراو و یادەوەریی هاوسەنگەران، هاوڕێیان و ئاشنایانی خاتوو حەڵیمە قادرییە، تیشک دەخاتە سەر وێستگەکانی خەبات، خۆڕاگری، و قوربانییدانی ژنان لە ڕێبازی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا و داکۆکیکردنیان لە مافە نەتەوەیی و یەکسانیخوازەکان.

کورتەیەک لە ژیان و خەباتی خاتوو حەڵیمە قادری

خاتوو حەڵیمە قادری لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری خەڵکی پیرانشار لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە. بنەماڵەکەیان بەخشندەی قوربانییەکی گەورە بوون لە پێناو دۆزی ڕەوای کورددا؛ چەندین خاڵ، برا و زاوایان لە ڕێبازی خەباتدا گیانیان بەخشیوە و چوار خوشکی تریشی ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب پێکهێناوە.

بەشی دووهەم

ناوبراو دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە لە پەروەردە و کۆمەڵایەتیدا، لە ساڵی ٢٠٠٥ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کاک دارا ناتق پێکهێنا و وەک ژنێکی هۆشیار، تێکۆشەر و خاوەن باوەڕ شانبەشانی ئەرکە خێزانییەکان، لە ئۆرگانە حیزبییەکان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. ئەو چەندین ساڵ بەرپرسیارەتیی بەڕێوەبەری لە کۆمیتەی ژاگرۆس، یەکیەتیی ژنان، یەکیەتیی لاوان و کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بلژیک بە دەستەوە بوو.

ناوەڕۆک و پەیامی کتێبی "ئەو خۆرەی قەت ئاوا نابێ"

کتێبی یادنامەکە کە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی لە لایەن دارا ناتقەوە بۆ کراوە و لە هاوینی ٢٠٢٦دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، چەندین وتە، نووسین و یادەوەریی کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی وەکو مامۆستا ئەبدوڵڵا حەسەنزادە، د. قادر وریا، د. مەجید حەقی، د. خسرو ئەبدوڵڵاهی، ڕووناک فەتحی، عەبدوڵڵا حیجاب و چەندین هاوسەنگەری تری لە خۆ گرتووە.


لەو یادنامەیەدا، نووسەران و هاوڕێیانی خاتوو حەڵیمە جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکەنەوە:

- ژنە پێشەنگ و فیمینیزمی نەتەوەیی: چۆنیەتیی تێکەڵکردنی خەباتی رزگاریی نەتەوەیی و مافەکانی ژنان لەلایەن ناوبراوەوە، بە جۆرێک کە باوەڕی وابوو ژنی کورد دەبێت لە ناوەندی بڕیارە سیاسییەکاندا ئامادە بێت.
- خۆڕاگری و ئیرادەی پۆڵایین: سەرەڕای تووشبوونی بە نەخۆشیی شێرپەنجە و چەندین ساڵ بەرەنگاربوونەوەی ژان و ئازار لە وڵاتی بلژیک، هیچ کات دەستی لە خەبات و ئەرکە حیزبییەکانی هەڵنەگرت و تا دواپین ساتەکان بە بڕوا و هیوایەکی بەرزەوە ژیا.
- ڕەوشت و مرۆڤدۆستی: وەسفکردنی وەک کەسایەتییەکی هێمن، ڕووخۆش، دەستپاک، دڵسۆز و متمانەپێکراو کە ماڵەکەی هەمیشە پەناگە و مەکۆی پێشمەرگە و دۆستان بووە.

خاتوو حەڵیمە قادری دوای چەندین ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێپشووانە، لە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥ لە وڵاتی بلژیک دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ شێرپەنجە، ماڵاوایی لە ژیان کرد و یادی وەک چرایەکی نەکوژاوە لە دڵی هاوسەنگەران و دۆستانیدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

کوردستان لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەکانی فینلاندا



کوردستان لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەکانی فینلاندا بەرهەمێکی بەنرخ و مێژوویی کە لە ئەنجامی هەوڵێکی ماندوونەناسانە و وردبینانەی کاک تاهیر قاسمی لە ساڵی ٢٠٢٥دا ئامادە کراوە. بنەمای سەرەکیی ئەم پەرتووکە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەشی دیجیتالی کتێبخانەی نیشتمانیی فینلاند لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥دا، کە تیایدا زیاتر لە ٣ ملیۆن پەڕە لە ڕۆژنامە، گۆڤار و کتێبە مێژوویییەکانی ئەو وڵاتەی خستە بەردەست.

لە ناو ئەم ئەرشیفە دەوڵەمەندەدا، نووسەر توانیویەتی مۆرکی ناوی «کوردستان» و هەواڵە پەیوەندیدارەکانی لە سەرەتای مێژووی چاپەمەنیی فینلاندەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم (زیاتر لە ٢٠٥٢ ئاماژە، کە لەم پەرتووکەدا ٦٠٢ بابەتی گرنگ ساغ کراونەتەوە و وەرگێڕراون) کۆبکاتەوە. سەرەڕای دووریی جوگرافیای نێوان کوردستان و فینلاند و کەمیی ئامرازەکانی پەیوەندی لەو سەردەمەدا، بەڵام ڕۆژنامەکانی فینلاند وێنەیەکی باڵانوێن و سەرنجڕاکێشی مێژووی گەلی کوردیان لە بواره جۆراوجۆرەکاندا تۆمار کردووە.

لەبەشێکی پێشەکیی پەرتووکەکەدا، نووسەر ئاماژە بە بارودۆخی سیاسی و مێژوویی فینلاند دەکات؛ کە چۆن تا ساڵی ١٨٠٩ بەشێک بووە لە شانشینی سوید (هەر بۆیە زمانی سویدی زمانی زاڵ و بەڕێوەبەری بووە)، و پاشان تا ساڵی ١٩١٨ بۆ ماوەی نزیکەی ١٠٩ ساڵ بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریی ڕووسیا. یەکەم ڕۆژنامەی فینلاند لە ساڵی ١٧٧١ بە زمانی سویدی دەستی بەکار کردووە و یەکەم هەواڵیش کە ناوی کوردستانی تێدا هاتبێت، دەگەڕێتەوە ساڵی ١٨١١ لە ڕۆژنامەی گشتیی شاری

«تورکو» کە باسی ویلایەتی بەغدا و ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کردووە.

ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی لەم ئەرشیفەدا لەسەر کوردستان هاتوون، بە سەر چەند بەشێکی سەرەکیدا دابەش دەکرێن:

– الف) بزووتنەوە و شۆڕشەکانی کورد: ئەم بەشە زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامە فینلاندییەکاندا هەبووە. باس لە هەڵسان و شکان و وردەکاریی شۆڕشەکانی کورد دەکات؛ لە شۆڕشی میر محەمەدی ڕەواندز (میرە کورە) و شەڕەکانەوە بگرە تا ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە ڕووخانی کۆماری کوردستان. هەروەها هەواڵەکان زۆر جار لە سەرچاوە داگیرکەرەکانەوە وەرگیراون، بەڵام وردەکاریی گرنگ لەبارەی سەرکردە و قەڵاکانی کورد دەخەنە ڕوو.

– ب) ئایین و مەلەلانی ئایینی: پشکێکی گەورەی ڕۆژنامەکان تەرخان کراوە بۆ باسی سەلاحەدینی ئەیووبی، چالاکیی مژدەدەر و بانگخوازە مەسیحییەکان لە کوردستان (وەک ئینگلیش، گرانت و لایارد)، هەروەها سەرنجدان بە ئایینی ئێزدی و مەلانێ ئایینی و نەتەوەییەکانی ناوچەکە (وەک پەیوەندیی کورد لەگەڵ ئەحمەن و ئاشوورییەکان).

– ج) پتا و نەخۆشییەگیرەکان: بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان لەسەر ڕێگای زیارەتکاران، نەخۆشییە مەترسیدارەکانی وەک تاعوون (چاوقوڵکە)، کۆلیرا (وەبا) و تیفووس بە فراوانی لە ڕۆژنامەکاندا باس کراون و کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە نیشان دراوە.

– د) میران و میرنشینەکانی کوردستان: پەیوەندیی میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ پایتەختەکانی عوسمانی و فارس، و باسی کەسایەتییە کاریگەرەکان و چیرۆکی سەرنجڕاکێشی میرنشینەکان بەشێکی تری ئەم ئەرشیفەن.

-هـ) ئازایەتیی ژنان و پیاوانی شەڕڤانی کورد: ڕۆژی مێژوویی و ئازایەتیی چەکدارانی کورد لە سوپای عوسمانیدا ناوبانگی جیهانی هەبووە. لەم پەرتووکەدا باس لە ئازایەتیی هەندێک ژنی سەرکردە و شەڕڤانی کوردیش کراوە (وەک حەل میهی کانتیمیری لە مەندەلی و فاتمە قەرەخانم لە مەڕەش) کە لە شەڕەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.

– و) سەردانی گەڕیدە و سیاحە بیانییەکان: ڕاپۆرتی گەڕیدە و فینلاندی و ئەورووپییەکان لەسەر بارودۆخی کوردستان، ژیان، کشتوکاڵ، و هەروەها ناوبانگی هونەری وەک مافۆور و فەرشی کوردی (بەتایبەت فەرشی سنە) بە جوانی لە ئەرشیفەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

٤ گرنگی و تایبەتمەندییەکانی پەرتووکەکە:

١- دۆزینەوەی سەرچاوەی نەبینراو: ئەم پەرتووکە دەروازەیەکی نوێ بۆ خوێنەری کورد کردۆتەوە تا بزانێت میدیای باکووری ئەورووپا (فینلاند) سەدەیەک و نیو لە جاران چۆن ڕووبداو و هەواڵەکانی کوردستانیان بڵاو کردووەتەوە.

٢- شیکردنەوە و پەراوێزنووسی پڕزانیاری: وەرگێڕ و ئامادەکار (تاهیر قاسمی) بۆ هەر بابەت و هەواڵێک، پەراوێز و ڕوونکردنەوەی زانستیی لەسەر بنەمای سەرچاوە مێژووییەکان و ویکیپیدیا دابین کردووە تا خوێنەر بە تەواوی لە کەشوهەوای سەردەمەکە تێبگات.

٣- ئاشکراکردنی ڕوانگەی ڕۆژئاواییەکان: خوێنەر لە ڕێگەی ئەم پەرتووکەوە هەم خاڵە بەهێزەکان و ئازایەتیی کورد دەبینێت، و هەمیش ئاگاداری ئەو چەواشەکاری و تێڕوانینە نادروستانە دەبێت کە میدیای جیهانی لەژێر کاریگەریی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا سەبارەت بە کوردی بڵاو کردووەتەوە.

پەرتوکی «کوردستان لە ئەرشیڤی ڕۆژنامەکانی فینلانددا» سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند، زانستی و پێویستە بۆ هەموو لێکۆڵەر، مێژوونووس و خوێنەرێکی کورد کە حەز بکات مێژووی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ی کورد لە پەنجەرەی میدیای فینلاندەوە ببینێت و بخوێنێتەوە.

سپاس بۆ ماندووبوون و کۆڵنەدانت.

٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

وانەیەک لە ئەزموونی نەتەوەیەکی خاوەن ئیرادە



لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە تەنگژە سیاسییەکان و دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆر ناوچەی جیهاندا پەرەی سەندووە، چەمکی «نیشتمانپەروەری» وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی بۆ بەردەوامی و مانەوەی هەر نەتەوەیەک دەردەکەوێتەوە. یەکێک لەو ئەزموونانەی کە لەم بوارەدا دەکرێ وەک سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە سەیر بکرێت، ئەو ئاستە بەرزەی وەفاداری و پابەندبوونەیە کە خەڵکی ئیسرائیل بەرامبەر بە چارەنووسی نیشتمانەکەیان نیشانی دەدەن.

کاتێک باس لە بەشداریی سیاسی و گرنگیدان بە داهاتووی وڵات دەکرێت، ئاستی بەرپرسیارێتیی تاکەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێت. گەڕانەوەی بەکۆمەڵی هەزاران هاووڵاتیی ئیسرائیلی لە دەرەوەی سنوورەکان، بەتایبەت لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپاوە، بۆ بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان و دیاریکردنی چارەنووسی نیشتمانەکەیان، دیمەنێکی پڕ لە وانەی نەتەوەییە. ئەوان نەک تەنها تێچووی گەشتەکەیان لە ئەستۆ دەگرن، بەڵکو کات و وزەی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی دەنگەکەیان کاریگەریی هەبێت لەسەر ئاراستەی داهاتووی وڵاتەکەیان.

ئەم جووڵەیە تەنها گوزارشتێک نییە لە بەشداریکردنی سادەی سیاسی؛ بەڵکو بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەوەی کە «نیشتمان» لە هزری ئەواندا شوێنێکی پیرۆز و نەگۆڕی هەیە. کاتێک تاکێک، سەرباری دوورەدەستی و تێکەڵبوونی بە کۆمەڵگەی دیکە، هێشتا خۆی بە بەرپرس دەزانێت بەرامبەر بەو وڵاتەی کە بڕیارە بڕیاری سیاسیی تێدا بدرێت، ئەمە

ئەوپەڕی هۆشیاریی نیشتمانییە.

وانەی سەرەکیی ئەم ڕووداوانە ئەوەیە کە نیشتمانپەروەری بە دروشم ناگاتە ئاکام، بەڵکو بە کردەوە و هەستکردن بە «بەشداربوونی ڕاستەقینە» دەردەکەوێت. کاتێک کۆمەڵگەیەک دەگاتە ئەو ئاستەی کە تاکەکانی لەسەر ئاستی تاکەکەسی و بە ویستی خۆیان، لەپێناو بەرزڕاگرتنی مافی دەنگدان و دیاریکردنی داهاتوو، ڕێگای دوورودرێژ دەبڕن، ئەوا ئەو نەتەوەیە خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵاینە کە بە ئاسانی هەڕەس ناهێنێت.

ئەمە وانەیەکە کە بۆ هەر نەتەوە و گەلێکی خاوەن تێکۆشان گرنگە. فێربوون لەم ئەزموونە، بە واتای چاوەڕێکردن یان لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە «نیشتمان» پڕۆژەی هاوبەشی هەموو تاکەکانە. هەر کاتێک تاک هەستی کرد کە دەنگی ئەو، بوونی ئەو و ئامادەیی ئەو خاوەنی کاریگەرییە لەسەر چارەنووسی وڵات، ئەوکاتە بنەماکانی وڵاتپارێزی لە هزر و ڕەفتاریدا دەچەسپێت.

گەشەکردنی هەر وڵاتێک پەیوەستە بەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان تاک و نیشتمان. ئیسرائیلییەکان بەم هەڵوێستەیان سەلماندیان کە وەفاداری، تەنها لە وتاردا نییە، بەڵکو لە ئامادەیی بۆ قوربانیدان بە کات و سامان و ژیانی ڕۆژانە لەپێناو داهاتوویەکی گەشتر بۆ نەوەکانی داهاتوویانە. ئەمە ئەو وانە گەورەیەیە کە هەر نەتەوەیەک دەتوانێت بە لێوردبوونەوە تێیدا، دەرگایەکی نوێ بۆ خۆبەهێزکردن و پاراستنی شکۆی نیشتمانیی خۆی بکاتەوە.

٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

«ئینتگراسیۆنی - دێموکراتیک نامۆ» لە گەڵ مافی دیاری کردنی - چارەنووس



لە گوتاری "هیلالی ئۆجەلانیست" هاوتەریب لە گەڵ سیاسەتی دەوڵەت - نەتەوەکانی ناوچەکەدا، زاراوەی «ئینتگراسیۆنی دێموکراتیک» یان تێکەڵکردنی دێموکراتیک، وەک چارەسەرێکی گشتگیر بۆ کێشەی نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەت پرسی کورد دەخرێتە ڕوو. بانگەشەکارانی ئەم چەمکە پێیان وایە کە بە گەشەپێدانی بەهاکانی دێموکراسی و هاوڵاتیبوون لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندید ئێستادا، پێویستی بە جیاکاری یان سەربەخۆیی نامێنێت. بەڵام کاتێک ئەم بابەتە لە ڕوانگەی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و یاسای نێودەوڵەتیدا هەڵدەسەنگێنین، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەم چەمکە نەک هەر لەگەڵ بنەما ڕەسەنەکانی مافی مرۆڤ نایەتەوە، بەڵکو دەکرێت وەک ئامرازێک بۆ بەردەوامکردنی ئاسیمیلیاسیۆن (تۆێکردنەوەی نەتەوەیی) بەکار بهێنرێت.

١- نامۆیی «ئینتگراسیۆنی دێموکراتیک» لە یاسای نێودەوڵەتیدا

لە یاسای نێودەوڵەتیدا، مافی دیاریکردنی چارەنووس (Right to Self-Determination) مافێکی ڕەها و بنەڕەتییە کە لە بڕگە سەرەکییەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا جێگیر کراوە.

ئەم مافە بریتییە لە توانای گەلان بۆ دیاریکردنی پێگەی سیاسی و گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیان بە ئازادی.
چەمکی «ئینتگراسیۆنی دێموکراتیک» لە بنەڕەتدا لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگەی نییە. یاسای نێودەوڵەتی جەخت لەسەر «سەروەریی گەلان» دەکات، نەک لەسەر «چۆنیەتیی تێکەڵبوون لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بێگانەدا». کاتێک دەوڵەتێک باس لە ئینتگراسیۆن دەکات، ڕاستەوخۆ دەیەوێت سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە «مافی چارەنووس» (کە هەڵگری ناوەرۆکی سیاسی و سەربەخۆییە) بگوازێتەوە بۆ «مافی کەمینەکان» (کە تەنها بریتییە لە پاراستنی هەندێک مافی کولتووری لە چوارچێوەی سیستەمی باڵادەستدا). ئەمە گۆڕینی مافی نەتەوەیەک بۆ مافی کەمینەیەک، پێشێلکارییەکی ئاشکرایە لە ڕێچکەی مافی نێودەوڵەتیدا.

٢- مەترسییەکانی بەسەر پرسی کوردەوە

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، پرسێکی نەتەوەییە کە بەهۆی دابەشکردنی نادادپەروەرانەی خاکەکەیەوە دروست بووە.

بەکارهێنانی چەمکی ئینتگراسیۆن بۆ کورد، چەند مەترسییەکی گەورەی هەیە:

– **هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی:** ئینتگراسیۆن بە مانای ئەوەیە کورد دەبێت لە ناو ناسنامەی سەردەستدا بتوێتەوە. ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات، دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی و لەدەستدانی زمان و کەلتووری تایبەت، کە سەرەنجام ئامانجی سەرەکیی داگیرکەرانە.
– **بەلاڕێدابردنی خەباتی سیاسی:** کاتێک ئینتگراسیۆن وەک ئامانج دەستنیشان دەکرێت، ڕەوایەتیی خەباتی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە دەوڵەت یان ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە وەک گەڕانەوەیەک بۆ چوارگۆشەی یەکەم و بەستنەوەی چارەنووسی کورد بە بڕیار و ویستی دەوڵەتی مەرکەزییەوە دەبینرێت.
– **خەڵەتاندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی:** بەرزکردنەوەی دروشمی هەڵخەڵەتێنەری "ئینتگراسیۆنی دێموکراتیک" دۆسیەی کورد لە ڕووی یاساییەوە دەکاتە «بابەتێکی ناوخۆیی» دەوڵەتان . ئەمە دەبێتە بەربەست لە بەردەم لۆبییەتی نێودەوڵەتی و پشتیوانیی دەرەکی بۆ مافە ڕەواکانی کورد.

٣- ئەرکی میژوویی و یاسایی

مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێکی نەگۆڕە و بە هیچ چەشنە دێموکراسیخوازییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەی تردا

بەشی دووهەم

هەڵناوەشێتەوە. ئینتگراسیۆنی دێموکراتیک ئەگەر لەسەر بنەمای داننان بە سەروەری و مافی نەتەوەیی کورد نەبێت، تەنها ڕواڵەتێکی جوانە بۆ قووڵکردنەوەی هەژموونی دەوڵەتی مەرکەزی.

دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە «دێموکراسی» ئامرازێکە بۆ باشتر بەڕێوەبردن، نەک جێگرەوەیەک بۆ «مافی نەتەوەیی». کورد پێویستی بە سەروەریی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت وەک هاوبەشێکی یەکسان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەشداری بکات، نەک وەک گرووپێکی تێکەڵکراو و توانراوە لە ناو دەوڵەتێکی بێگانەدا. هەر دەنگێک کە داوای ئینتگراسیۆن دەکات بێ ئەوەی باسی مافی چارەنووس بکات، لە ڕاستیدا دریژەکێشانی پرۆسەی بەنەتەوەسازیی زۆرەملێیە.

۱ی نۆڤەمبەری ۲۰۲٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ۲۷۲٦ی کوردی = نۆڤەمبەری ۲۰۲٦ زایینی





سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ مەجید حەقی بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە، وتارو لێدوانەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

